# ئەلف و بێی ئەنارکیزم

## ئالێکساندەر بێرکمان

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان

**زاهیر باهیر**

پەڕتووک: ئەلف و بێی ئەنارکیزم

نووسەر : ئالێکساندەر بێرکمان

وەرگێڕ : زاهیر باهیر

دێزاین : هەژێن

چاپکردن: چاپخانەی بینایی

تیراژ : ٢٥٠ دانە

نرخ : ٢٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن :

چاپی یەکەم : ئابی 2021

# پێشەکییەکی پێویست

بە بۆچوونی من لە وەرگێڕانی کتێبدا ئەو برادەرانەی کە هاوکاریت دەکەن لە پێداچوونەوەیدا ، ئەرکێکی گەورە دەگرنە ئەستۆ نەک هەر لە هەڵەچنین و کاری زمانەوانی و ڕێزمانیدا ، بەڵکو لە تێگەیشتنی سەراپای بابەتەکان و تێکستەکانا، لە پەیوەستبوونەی بڕگەکانا، لە مانای وشەکانا و وەرگێڕان و لێکچوونی مەسەل و نموونەکانا بۆ سەر زمانی وەرگێڕراو و زۆری تر. لە وەها حاڵەتێکدا ئەوان دەبنە شاهیدحاڵی وەرگێڕ سەبارەت بە تێگەیشتنی خوێنەر لە بابەتی وەرگێڕراو.

هەر بەم هۆکارەوەیە کە من وەکو هەمیشە ماندووبوون و ئەرککێشانی هاوڕێیان و برادەرانم لە پێداچوونەوەی بابەتە وەرگێڕراوەکانم دەناسم و بە مەزنیی دەینرخێنم. لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا سوپاسی بێ پایانی هاوڕێیانی ئازیز و نزیکم : هاوڕێ چرۆ عومەر، ئاواز سامان، ستاری چیمەنتۆ ، دەکەم. بێ هاوکاری و یارمەتی ئەم هاوڕێ ئازیزانەم ئەم کتێبە بە کوڵێ هەڵە و بڕگەی ناحاڵییەوە دەکەوتە بەردەست خوێنەر.

سوپاسگوزاری هاوڕێی زۆر ئازیز و دێرینم هاوڕێ عادل شێخ موحەمەد-م کە هەمو وەخت لە وەرگێڕانی کتێبەکانما وەکو قەڵایەکە لە پشتمەوە و مەترسی شکستم لە دوودڵی وەرگێڕانی وشە و بڕگەدا نییە، هەمیشە بە پشکنینی یەکێک لە زمانەکان: عەرەبیی، ئینگلیزیی، فەرەنسیی دەیگەیەنێتە سەر ڕەگ و ڕیشەکەی.

جگە لەم هاڕێیانەی سەرەوەش هاوڕێیەکی دیکە کە ئەو هەموو وەخت دەستی هاریکاریی و یارمەتیم لە دیزاینکردنی کتێبەکاندا بە شێوەیەکی نایاب، بۆ ڕادەکێشێت ، ئەویش هاوڕێی هەمیشە ئازیز و دێرینمە ، هاوڕێ هەژێن پیزە قەرەجە، کە هاوکاری و دەستگرتنم لە لایەن ئەوەوە مایەی پێ زانین و سوپاسمە.

زاهیر باهیر

٣ /٨/ ٢٠٢١

هەواڵنامەی کتێب

# ئەلف و بێی ئەنارکیزم

## ئەلێکسەندەر بێرکمان

Freedom Press, 1977

**ئەلێکسەندەر بێرکمان و پێشەکییەک بۆ ناساندنی**

ABC ، ئەلف و بێی ئەنارکیزم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٩ لە لایەن Vanguard Press لە نیو وێرک لەژێر ناوی کۆمۆنیست ئەنارکیزم چییە؟ بڵاوکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لە سێ بەش پێکهاتبوو، لەژێر ناوی " **ئێستا/ هەنووکە**" ، " **ئەنارکیزم**" و " **شۆڕشی کۆمەڵایەتیی**". لە ساڵی ١٩٣٦دا جارێکی دیکە لە لایەن Freie Arbeiter Stimme لە ژێر ناوێکی نوێ: **ئێستا و دواتر** ، لە نیو وێرک بڵاوکرایەوە. ABC کۆمۆنیست ئەنارکیزم بۆ یەکەم جار لە بریتانیا لە مانگی ئایاری ١٩٤٢ دا بە ناویABC لە ئەنارکیزم –دا لە لایەن Freedom Press وە بڵاوکرایەوە، بەڵام بە بێ بەشی یەکەمی کتێبەکە. هەر لە لایەن ئەم دەزگەیەوە چوار جار بڵاوکراوەتەوە. ئەم کۆپییە تەواو هەر وەکو ئەوانی پێشووە و هیچ جیاوازییەکی نییە وێڕای ڕوونی بەرواری هەندێک وشە و بڕگەی، نەبێت. ئێستا ABC لە ئەنارکیزم –دا دۆکۆمێنتێکی مێژووییە و لە ڕاستیدا جۆن ستۆکوود دەڵێت ئەمە بە دووهەم ئەدەبی کلاسیکی ئازادیخواز دەژمێررێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هۆکاری لە چاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی نییە، بەڵکو هۆکارەکە ئەوەیە دوای ئەم ماوە درێژەش هێشتا یەکێکە لە باشترین نوسینەکان لە ناساندنی ئایدیای ئەنارکیزم کە لە ڕوانگەی کۆمۆنیست–

ئەنارکیستە وە لە زمانی ئینگلیزییدا نوسراوە. نوسەرەکەی، ئەلێکسەندەر بێرکمان تەنها بیرمەندێک یا " ئینتەلەکچوێلێک – ڕۆشنبیرێک" نەبووە، بەڵکو ئەو لە بەشی زۆری ژیانیا جەنگاوەرێک، تێکۆشەرێکی چالاکیش بووە.

ئەلێکسەندەر بێرکمان لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٧٠ دا لە ( Wlno Vilnius) هاتۆتە ژیانەوە، کە ئەو کاتە بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی ڕوسیا کە پایتەختی کۆنی Duchy لە Lithuania کە ئێستا لە سنورەکانی Lithuania کۆماری ڕوسیای " سۆشیالیست". ئەو کاتەی کە ئەلێکسەندەر بێڕکمان لە دایکبووە ڕوسیا بە یەکێک لە سەردەمە ڕەشەکانی کۆنەپەرستییدا تێپەڕیوە. لەمەش زیاتر گۆڕانێکی بەرچاو لەناو خودی ئەنتی تەزار [ قەیسەر] و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیدا، هەبووە. بە زۆری ئەرستۆکراتە نهێلیستییەکان کە وەختی زۆری خۆیانیان بە هەژاندن و ورووژاندن لە نێوان جوتیارەکانا بەسەردەبرد، ئەمەش بەرەو زیادبوونی بێ هیواییانی دەبرد و چالاکانە چاویان لەسەر شار و شارۆچکەکان، بوو.

ساڵانی ١٨٧٠ ساڵانی هەڵکشانی تیرۆریزم دژ بە تەزاریزم و پیاوە فەرمییەکانی بوو، هەر ئاواش زۆرێک لە کرێکاران و پیشەگەرانیش کە هەندێکیان جوولەکە بوون، تێکەڵبیبوون. بە هاتنی ساڵی ١٨٨٠ تەزار دەسەڵاتی تەواوی خۆی خستەکار و چەند هەزار شۆڕشگێڕێکی لە سێدارە دا، یاخود لە بەندیخانەی توندکردن، یا بۆ سیبریا دووری خستننەوە. لەو سەردەمەدا ئەلێکسەندەری لاو بە قورسی کەوتە ژێر هەژموونی ئایدیالیزم و خودقوربانیدان لە پێناوی

تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەدا نەک هەر بە تەنها لە لەیەن برادەرەکانی مامی–یەو، مەکسیم، کە بۆ سیبریا دوورخرابووەوە.

ئەلێکسەندەر بێرکمان کاتێ کە پێی نایە تەمەنی ١٥ ساڵیەوە چووە گروپێکەوە کە سەرقاڵی دیراسەی نوسینی شۆڕشگێڕانە بوون کە لە خۆیدا چالاکی خیانەتکارانە بوو. هەر لەو سەردەمەدا لە قوتابخانە دەرکرا و ئەوەی پێیدرا، پێیدەوترا " پەساپۆرتە گورگانە" یا پەساپۆرتی سەفەری گورک. ئەمەش بۆ خۆی یانی داخستنی هەموو دەروازەیەکی دەستکەوتنی کار و پیشە و مامەڵەکردن لەسەری. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا ناچارکرا کە ڕوسیا بەجێبهێڵێت و لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٨ دا گەیشتە ئەمەریکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا بەهەشتێک نەبوو کە زۆرێک لە کۆچبەران پێشبینییان، لێدەکرد.

لە ساڵی ١٨٨٢ دا Johann Most ی ئەڵمانی کە لایەنگری توندووتیژی شۆڕشگێڕانە بوو، گەیشتە نیو وێرک، یەکسەر کەوتە سەفەر بۆ ئەو شارانەی کە گروپە ئەنارکستەکان و شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکانی لێبو بۆ قسەکردن لەگەڵیانا. لەو هەموو شارانەی ئەمەریکادا شیکاگۆ شارێکی بوو کە بۆ پاگەندەی شۆڕشگێڕانە زۆر بە پیت بوو. لە ساڵی ١٨٨٣ دا ٣٠٠٠ ئەنارکستی لێبوو لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەزمانی ئەڵمانی، دوو ڕۆژنامەی هەفتانە بە هەمان زمان لەگەڵ هەفتە ڕۆژنامەی Bohemian [بوهەمێمییەکان] و ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزیی دووهەفتە جارێک.

لە ساڵی ١٨٨٣ دا نقابەی مەرکەزی دامەزرا و لە ساڵی ١٨٨٦ لە لایەن ئەو کرێکارانەی کە خۆیان ڕێکخستبوو لە شارەکەدا پشتگیریی لێکرا.

داخوازیی کردنی کاری ڕۆژانە بە ٨ کاتژمێر بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت، لە سەرەتای مانگی ئایاردا نزیکەی ٧٠ هەزار کرێکار یا لە مانگرتندا بوون یاخود لە لایەن خاوەنکارەوە ڕێگایان پێنەدەدرا بچنەوە سەر کارەکانیان. لە چەقی ململانێکەدا کارەکانی McCormick Harvester هەبوون کە ئەمانی لە کار دوورخستبووەوە و کرێکارانی شکێنەری مانگرتوانی [ ئیزرابشکێن ] ڕاگرتبوو لەگەڵ ٣٠٠ Pinkerton ی چەکدارادا بۆ پارێزگاری لەو کرێکارە ئیزرابشکێنەرانە.

لەم بارودۆخەدا کرێکاران سەرقاڵی کۆبونەوە بوون، بەڵام لە لایەن پۆلیسەوە کۆبوونەوەکان بە بەردەوامی بڵاوەیان پێدەکرا. لە ڕۆژی ٣ ی مانگی ئایاردا پۆلیس تەقەی لە گردبوونەوەی خەڵکی کرد و ژمارەیەکی لێکوشتن. ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەی نارەزایی لە مەیدانی حەی مارکێت بەسترا بەڵام باران دەستی پێکرد و قەرەباڵغیەکەش ڕەوییەوە، هەر لەو کاتەدا ٢٠٠ پۆلیس خۆیان گەیاندە مەیدانەکە. ئا لەو چرکەیەدا لە شەقامێکی لاوەکییەوە بۆمبێک هاوێژرایە پۆلیسەکان، ئیتر پۆلیسیش لەناو خۆیان دەستیان بە تەقە لە قەرەباڵغییەکە کرد، هاوکاتیش چەند گولەیەک لە قەرەباڵغییەکەوە بەرەو پۆلیسەکان تەقێنران و ٧ پۆلیس کوژران، یاخود بە هۆی زامەکانیانەوە لە دوایدا مردن و ٢٠ بۆ ٣٠ کەس لە کرێکارەکانیش هەر لەوێدا کوژران.

دوای ئەم ڕووداوە زۆرێک لە ئەنارکستەکانی شیکاگۆ ڕاونران و گیران، لەمانە ٨ لە شۆڕشگێڕە دەرکەوتووەکان، کوژران. لە ناو ئەو ئەنارکستانەدا Parson و Spies ، دران بە دادگا. لەگەڵ ئەوەشدا

له دادگاییکردنیانا هەرگیز هەوڵنەدرا کە بسەلمێنرێت کە هیچ کام لەمانە بۆمبەکەی هاویشتووە، بەڵکو تەنها بەدووی بیر و باوەڕی ئەنارکستەکان و ڕاگەیاندنی توندووتیژانەی هەندێک لەوانەوە، بوون. حەوت لەمانە بە سزای مردن دادگایی کران و چواریان لە ١٩٨٧/١١/١١ دا هەڵواسران. ئەوانی دیکەیان لە بەندیخانە توونددکران. چەند ساڵێک دواتر بەدووچوونی کەیسەکەیان کرا و بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە کە هیچ کام لەم ئەنارکستانە لەو کارەدا دەستیان هەبووبێت بۆیە بەرەلاکران، بەلام دووان لە هاوڕێکانیان: Parsons وSpies ، لە لایەن دەوڵەتەوە کوژران.

چەند مانگێک دوای ئەم ڕووداوە بوو کە ئەلێکسەندەر بێرکمانی لاو گەیشتە ئەمەریکا و لەژێر هەژمووونی Johann Most پەیوەندی بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەنارکستەوە کرد، لە یەکەم جاردا لە قسەکردنی گروپی Yiddish ، پێشەنگی ئازادیی، بەشداربوو. هەر لەو کاتەشدا بووە برادەری ئەنارکستێکی بزێو بەناوی ئێما گۆڵدمان کە هەر دوای تراجیدیاکەی شیکاگۆ گەیشتبووە ئەمەریکا، دواتر بوونە دۆستی یەکدی. لەو سەروبەرەدا بوو کە مانگرتنی کرێکارانی پۆڵای کارگەی Homestead لە ئارادا بوو لە ڕاستیشدا ئەمەش چالاکی بێرکمان-ی گەشەپێدا. ئێما گۆلدمان ڕووداوە بەدوایەکەکانی ئاوا باسدەکرد:

"ساڵی ١٨٩٢ بوو، ئەو کاتەی کە کرێکارانی کارگەی پۆڵای Homestead لە مانگرتنا بوون، بۆ یەکەمجار بوو کە گەوەترین خەباتی مردن و ژیانەوەی کرێکارانی مانگرتوی پۆڵای هەرێمی [ویلایەتی] Pennsylvania دژ بە بە لۆردە دەرەبەگەکانیان،

دەستپێکردبوو که هەموو کۆیله و Andrew Carnegie ، چەوساوانی کارگەی پۆڵای هەموو وڵاتی هێنایه سەرپێ. ئەم خەباته مەزنه له لایەن ئەلێکسەندەر بێرکمانەوه له یادەوەرییەکانی بەندیخانەیدا زۆر بەهێز باسیاندەکات لەوێشەوه باس لەوه دەکات که چۆن چەقۆ وەشێنەکانی Pinkerton [1] که ١١ کرێکاری مانگرتوی کوشت که له نێویانا منداڵێکی ١٠ ساڵەی تیادا بوو. ئەو کەسەشی که بەرپرس بوو لەو تاوانه Henry C. Frick بوو ، که نوێنەر و شەریکه بزنسی Andrew Carnegie ، بوو. هەڵوێستی دڵڕەقانەی Frick بەرانبەر مانگرتووەکان، ئەوەنده گەوره بوو له ڕاگەیاندنه گشتییەکەدا وتی لای ئەو باشتره هەموو مانگرتوییەک بکوژرێت، نەک سازش بۆ تاکه داخوازیەک بکات. کوشتنی ئەو ١١ کرێکاره بێ چەکانه له ٦ی تەموزی ١٨٩٢ دا ئەمەریکای بەرەو تورەیی و نارەزایی برد تا ئەو ڕادەیەی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی کۆنەپارێزیش بۆ ماوەیەکی کەم سەرزەنشت و سەرەکۆنەی کارەکەی Frick کرد. له سەرانسەری ئەمەریکادا کرێکاران له کۆبوونەوەی نارەزاییەکانیانا هەست و هەناسەی خەمبارییان، هەڵدەکێشا. بەڵام تەنها یەکێک هەبوو که تورەیی و غەزەبی چەوساوانی بۆ کارێک، چالاکییەکی پاڵەوانانه وەرگێڕا، ئەو کەسەش ئەلێکسەندەر بێرکمان بوو. ئەو له ڕۆژی ٢٢ ی تەموزی ١٨٩٢ چووه ناو ئۆفیسەکەی Henry C. Frick وه ویستی کۆتایی به ژیانی بهێنێت. سێ گولەی پێوەنا بەڵام فریسک نەمرد، لەسەر ئەمەش ٢٢ ساڵ سزای بەندیکردنی بێرکمان-یان دا،

---

[1] لێکۆڵەره و بەرگرییکەر له پۆلیس و چینی سەروەری ئەمەریکەییەکانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر

گەرچی بە گوێرەی یاسای ویلایەتی Pennsylvania سزاکەی ئەو دەبوایە هەر ٧ ساڵ بوایە. بۆ ئەوەی ئەم سزا قورسەی ئەم هاوڕێیەمان بدەن ٦ تاوانیان بۆ هۆنییەوە هەر لەبەر ئەوەی کە ئەو بوێریی ئەوەی هەبوو دەست لە جەرگەی پیشەسازی سەرەوەرانی ئەمەریکا بوەشێنێت."

ئێما گۆڵدمان کاتێک کە باسی ئەمەی کردووە ئەوەی پەڕاندووە کە ئەو خۆشی ئامادەکاری لە هاوکاری بێرکمان-دا کردوە بۆ کوشتنی Frick. بێرکمان ١٤ ساڵی لە بەندیخانەی Allegheny لە Pennsylvania بەڕێکرد کە زیاتر لە ١٢ مانگیان لە ژوری تاکەکەسیی [ئینفرادیدا] بووە. Richard Drinnon دەڵێت توانای بەرگریی بێرکمان لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانا کە دەیانویست خواست و ئامانجەکانی تێکبشکێنن هیچ کەمتر نەبوو لە پاڵەوانێک. بێرکمان دوای دەرچونی لە بەندیخانە دەستیکرد بە نوسینەوەی یادەوەرییە بەناوبانگەکەی نێو بەندیخانەی ئەنارکستێک، پاشانیش جارێکی تر خۆی هاویشتەوە ناو مەیدانی خەباتی شۆڕشگێرانە. ئەو دەستی کرد بە جەولەی وانەبێژیی ( موحازەرەدان) و یارمەتی بەڕێخستنی خۆڕایی قوتابخانەی Ferrer ، لە نیویۆرک ، ئەو یەکێک بوو لە مامۆستاکان.

بێرکمان ماوەیەک لەگەڵ ئێما گۆڵدمانا **' دایکە زەوی'** کە بڵاوکراوەیەکی ئەنارکستیانەی مانگانە بوو، بەیەکەوە دەردەکرد. لە ساڵی ١٩١٤ دا جەنگەکەی کە لە ئەوروپا ڕوویدا کە بە جەنگە مەزنەکە ناسراوە، بێرکمان لەئەمەریکا کەمپەینی ئەنتی میلیتەریی ڕێکخست و هەر زووش لە کیشوەری ئەمەریکادا تەشەنەی کرد،

بەیەکەوە لەگەڵ ئێما گۆڵدمانا دەستەی **نا** بۆ ناونوسکردنی پەیوەستبوونەوە بە سەربازییەوە [ ئیجباری] دروستکرد. لە ساڵی ١٩١٥ دا ئەو چووە سان فرانسیسکۆ لەوێش دەستیکرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ئەنارکستیانە بە ناوی، Blast ( تەقینەوە) ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوامبوو تاکو مانگی تەموزی ١٩١٦. هەر زوو دوای ئەوەی کە جەنگەکە لە ئەوروپا دەستیپێکرد ژمارەیەک لە " سۆشیالیستەکان" و " ئەنارکستەکان" خۆیان جیاکردەوە و لۆمەی ئەڵمانیایان لەدەستپێکردنی شەڕەکە، کرد و دەنگی هاوکارییان بە هاوپەیمانان [Entente ] ڕاگەیاند. هاوکاتیش زۆربەی زۆری ئەنارکستەکان، لەوانە گۆلدمان، مالاتێستا، ڕۆکەر، Faure و بێرکمان نموونەی دروستی نێونەتەوەیی و ئەنتی میلیتەرییان، نیشاندا و پابەندبوون بە پرنسیەکانیانەوە. بێرکمان جەنگەکەی بە جەنگی ململانێی کاپیتاڵیستەکان بۆ قازانج، بۆ مامەڵە و بازرگانی، بۆ دەسەڵات بە بەکارهێنانی جەماوەر وەکو گولە تۆپی مەدفەعییە، ناودەبرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا لە ساڵی ١٩١٦ دا بەشداری لە شەڕەکەدا کرد، لە کاتی نمایشی ئامادەکارییدا بۆ ئەم مەبەستە، بۆمبێک هاوڕێژرا، ئەمەش بەسەر ئەنارکستە مییلیتانتەکانی وەکوMooney و Billings نرا. بۆ بەرگریکردن لەم دوو کەسە ئەوانەی کە ئێستا سوپەر- قەومین " سۆشیالیستەکان" و دۆستەکانی کرێکاران، پاشکەوتووەکانی حیزبی کرێکاران، نەک ئەنارکیستەکان، ڕەتیانکردەوە کە ئەوە کاری ئەوان بێت و ئەو دوانەیان بۆ چارەنوسی خۆیان بەجێهێڵا. بێرکمان بۆ بەرگریی لەم دوانە لە هەموو ویلایەتەکانا کۆبونەوەی ڕێکخست، بەلام سوودێکی نەبوو.

کەمپەینی دژە جەنگ و دژ ناونوسکردنی زۆرەملێی گەنجان بۆ جەنگ لە لایەن بێرکمانەوە، وردە وردە دەسەڵاتی نیگەراندەکرد و بە مەترسییەکی جددی وەرگیرا. بۆ ئەمەش بێرکمان و گۆلدمان دەبوایە وانەیەک لە لە لایەن دەسەڵاتەوە فێرکرێن. لە ساڵی ١٩١٧ دەسەڵات کەمپەینی **نا** بۆ ناونوسی زۆرەملێیی، سەرکوتکرد و بێرکمان و گۆڵدمان و زۆرێک لە ئەنارکستەکان لە نیو وێرک گیران. گۆڵدمان و بێرکمان یەکی دوو ساڵ بەندییان بۆ بڕایەوە لەگەڵ سزای ١٠،٠٠٠ دۆلار و هەر کە بەرەڵاش بوون دەبێت بنێررێنەوە ( دیپۆرتبکرێنەوە.)

ئا لەو کاتەدا دەسەڵات لە سان فرانسیسکۆ بێرکمانیان بە هاوکاری تاوانی بۆمبەکەی ئامادەکاری نمایشەکە، تاوانبارکرد. دەسەڵاتەکانی نیو وێرک نیّتیان وابوو کە بێرکمان ڕادەستی سان فرانسیسکۆ بکەنەوە، بەڵام حکومەتی فیدراڵ لە واشنگتۆن، بیرکردنەوەیەکی دیکە، یاخود پلانی دووهەمیان هەبوو. نقابە چەند جارێک نوێنەری جیا جیایان ڕەوانەی حکومەتی ویلایەتی نیو وێرک کرد بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە ناردنەوەی بێرکمان بۆ کالیفۆڕنیا، بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوە بوو کە کرێکارە ئەنارکستەکانی پیترۆگراد و دەریاوانەکانی کرۆنشتاد خۆپیشاندانی گەورەیان ڕێکخست و هەڕەشەی ژیانی باڵوێزی ئەمەریکایان لە ڕوسیادا، کرد. حکومەتی ئەمەریکی لەمە ترسا و لە پلانەکەی کشایەوە و بێرکمان–ی بە دوو ساڵ لە بەندیخانەی ئەتلانتا، جۆرجیا، بەندکرد کە لەو دوو ساڵە، حەوت مانگی بەندی تاککەسیی [ئینفرادی] بوو. لەمەش زیاتر بێرکمان لە بەدسومعەیی J Edgar Hoover ئاگەدارکرا، کە یاساکان هەرچۆن مامەڵەی بکەن بەڵام ئەو هەر دووی سەروەری ویژدانی

خۆی دەکەوێت. کاتێک کە بەربوو، گۆڵدمان و بێرکمان دیپۆرتکرانەوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩ دا گەیشتنە ڕوسیا و وەکو پاڵەوانێک پێشوازییان لێکرا. ئا لەو سەردەمەدا هەموو شتێک لە " سۆڤێتدا" ڕوسیا، خراپبوو.

لە مانگی ئازاری ١٩١٧ دا کاتێک شۆڕش لە ڕوسیادا پریشکی خۆی سەند، هێزی سەربازیی فرمانی پێکرا کە دژ بەکرێکاران بوەستنەوە و جوتیارانیش پاڵیان پێوەدان. هاوکاتیش یاخیبوون لەو بەرەیەی دژ بە کرێکاران هەبوو، دەرکەوت و سەدەها هەزار سەرباز لە سوپا ڕایانکرد و گەڕانەوە ماڵەکانیان. لە هاویندا کرێکاران دەستیان بەسەر کارگەکانیانا گرت و کۆنترۆڵیان کردن هەر ئاواش جوتیاران دەستیان بەسەر زەوی خاوەنزەوییەکاندا گرت. حکومەتی لیبراڵ- کرێکاران، حکومەتی ئەمیر Lvov دواتر حکومەتی ئەلێکسەندەر کیرینسکی هەوڵی بەردەوامیدانی جەنگیان دا، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەر حکومەت بە تەواوی متمانەی لەدەست دا. لەوەش زیاتر بەلشەفیکەکان، کۆمۆنیستەکان کە ناوی خۆیان ئاوا نابوو، دوای ١٩١٨ کۆنترۆڵی ژمارەیەکی سەرەکی سۆڤێتاتەکانیان کردبوو بە دیاریکراوی لە پیترۆگرادا. لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر ( ٧ی نۆڤەمبەر بە مانگژمێرە نوێیەکە) بەلشەفیکەکان کۆنترۆڵی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سۆڤێتاتی پیترۆگرادیان کرد، ئەمەش کودەتایەک بوو لە پایتەختدا و بەلشەفیکەکان ئەنجوومەنی مفەوزی گەلیان دامەزراند، ئیتر ئەوان بوون بە حکومەت لەوێ.

ئەنارکستەکان لە شۆڕشی یەکەمدا لە بەدەستهێنانی ئازادیی دا بەشدارییانکرد، هەر ئاوا ئەوان هاوپشت و بەشداربوون لە

دەستبەسەراگرتنی زەوی خاوەنزەوییەکانا هاوکاتیش لە دەستبەسەراگرتنی کارگەکانیشا. ئەندامانی فیدراسوێنی ئەنارکستەکانی مۆسکۆ، ئەوانیش بەشدارییان لە یاخیبون و ڕاپەڕینی شارەکەدا کرد بەڵام ئەنارکستەکان هاوکاریی بەلشەفیکەکانیان لە دامەزراندنی حکومەتدا، نەکرد. پەیوەندی نێوانی ئەنارکستەکان و بەلشەفیکەکان هەر زوو گرژی تێکەوت. لە نێو چەند مانگێکدا ئەنارکستەکان و شۆڕشگێرە کۆمەڵایەتییەکان دەستگیرکران و هەندێک جاریش لە لایەن ' چێکا ' ، پۆلیسی نهێنی ڕوسیياوە ، تەقەیان لیدەکرا. هەر دوای پەیمانەکەی برێست لیتتوڤسک [ Brest–Litovsk] و دەستێوەردانی بەدوایەکی لە لایەن دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە، ئا لەم کاتەدا بوو هەندێک ئەنارکست بە مەرج هاوکارییان بە ڕژێم کرد هەتا هەندێکیشیان جوونە ناو سووپای سوورەوە. بەڵام پەیوەندی بەلشەفیکەکان لە لایەک لەگەڵ ئەنارکستەکان، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ شۆڕشگێرە کۆمەڵایەتیەکانا لە خراپەوە بەرەو خراپتر، چوو. لە ئۆکرانیا نێسترۆ ماخنۆ و سوپا پارتیزانەکەی لە سەرەتادا لەگەڵ ئاڵمان–نەمساوییەکانا پاشانیش لەگەڵ سوپای سپی Denikin لە شەڕدا بوو، ئەمە دوای ئەوەی پەیمانێکی زۆر شلۆق لەگەڵ سوپای سووردا، لەگەڵ خودی بەلشەفیکەکانا، بەسترا.

لە لایەکی دیکەوە بەرهەم لە بواری پیشەسازی و کشتیارییدا تا ڕادەیەک لە وەستانا بوو ملیۆنان لە برسا دەمردن. ئەمەش ئەو زەمینە و بارودۆخە بوو کە گۆڵدمان و بێرکمان بە گەیشتنیان کەوتن بەسەریدا. لە دوژمنایەتی حکومەت و دەوڵەتا، بێرکمان، لە سەرەتادا

له بێ ئاگابوونی له بارودۆخەکه بەزەیی بۆ بەلشەفیکەکان زیاتر له ئەو ئەنارکستانەی که له ڕوسیا بوون و له شۆڕشدابوون، له ماوەی دوو ساڵی یەکەمی دەسەلاتی کۆمۆنیستەکانا، دەجووڵا. بێ گومان ئەو دژ بەدەستتێوەردانی وڵاتانی ئیمپریالیستی و هەروەها سوپای سپییەکانیش بوو. له سەرەتادا گۆڵدمانی رازیکرد که کار لەگەڵ بەڵشەفیکەکانا بکەن، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت که ئەمه مەحاڵە.

له مانگی نیسانی ١٩١٨وه ئەو کاتەی که دەزگەی ' چێکا' یەکەم هەڵکوتانی کردە سەر فیدراسوێنی مۆسکۆ هەراسانکردنی ئەنارکستەکان له لایەن بۆلشەفیکەکانەوە، ئەمه به بارتەقای شاخێک بوو. به هاتنی هاوینی ١٩٢٠ هەزاران له ئەنارکستەکان و مەنشیفکەکان و شۆڕشگێڕه کۆمەڵایەتییەکان کەوتنه بەندیخانەکان و کەمپه زۆرەملێیەکان، یاخود دوورخراوه بوون له سیبریا. هەر ئەو هاوینه گۆڵدمان و بێرکمان زۆر به توندی ناڕەزاییان دەربڕی سەبارەت به هەراسانکردنی هاوڕێکانیان لەبەرانبەر کۆنگرەی دووهەمی نیونەتەوەی کۆمۆنیست که له مۆسکۆ کۆبوبوونەوه. لینین هەوڵی ئەوەی دەدا که دڵنیایان بکاتەوه به جەختکردن لەسەر ئەوەی که هیچ ئەنارکستێک لەسەر بیروباوەڕی هەراسان ناکرێت، تەنها ڕێگر و جەردەکان "باندەکان" و یاخبووه ئەنارکستەکانی ماخنۆ سەرکوتکراون. بەڵام دوا هێرشی وردوخاشکردن له ساڵی ١٩٢١دا هات، دوای ئەوەی که سوپای سپی کۆلاکەکان و Denikin و Wringle لەگەڵ دەستتێوەردەران هەمویان تێشکان. بەلشەڤیکەکان سەرەنجام ئاگربەستی شەڕیان لەگەڵ حکومەتی پۆڵەنده و حکومەتی مەنشەفیکی جۆرجیادا کرد، بەڵام به درێژایی ساڵی ١٩٢٠

چەندجارێک یاخیبوونی جوتیارانی یاخیبوو ڕویدا. بەهاتنی مانگی شوباتی ١٩٢١ دوای ئەوەی لە حکومەت بانگەشەی کەمکردنەوەی کۆپینی نانی بە سێیەکی بڕی پێشتری، کرد، ئیتر لە مۆسکۆ و پیترۆگراد مانگرتنی خۆڕسکی و کۆبونەوەکان دەستیانپێکرد. لە بەرانبەر ئەمەدا حکومەت هەوڵی دا کە کۆبونەوە و مانگرتنەکانی پیترۆگراد تێکبشکێنێت بە هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و چەکدار، هەروەها هەڕەشەی بڕینی کۆپینی هەر کرێکارێک، دەکرا گەر نەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیش. بارودۆخەکە لە لایەن دەریاوانی ئوسوتولی بەلتیقەوە کە لە دەریای کرۆنشتادتەوە چاودێریدەکرا، لە ڕۆژی ٢٤ ی مانگی شوباتا یاخیبووان و داوای ناسینی ئازادیی شووراکان سەبارەت بە ئازادیی قسە و ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی بۆ هەموو کرێکاران و جوتیاران و سۆشیالیستە چەپەکان و ئەنارکستەکان، کرا. حکومەتی بەلشەفیک بەتایبەتی ترۆتسکی و زەینۆفیڤ وەڵامیان بۆ ئەمان بۆردمانکردنی بنکەی دەریاوانەکان بوو دوایی بە یەکینەکانی سوپای سوور و دەزگەی 'چێکە' هێرشیان کردەسەریان. ئێما گۆڵدمان و ئەلێکسەندەر بێرکمان و Perkus ی سکرتێری نقابەکانی کرێکارانی ئەمەریکا ویستیان بکەونە بەینیانەوە. بۆ ئەمەش ڕاگەیاندنێکیان [ ستەیتمێنت] نوسی و ناردیان بۆ سەرۆک زەینۆڤیڤ بە ئاگاییەوە داوای کردنی ڕیککەوتنیان، کردبوو. لە ڕاگەیاندنەکەدا، نوسیبوویان:

" بی دەنگی لە ئێستادا نەک هەر مەحاڵە بەڵکو تاوانیشە، ئەوەی کە ڕوودەدات ئێمەی ئەنارکستی ناچارکردووە کە بە ڕاشکاوانە، بێ

پێچوپەنا قسەبکەین و هەڵوێستی خۆمان هەر لەو بارەوە لە بەرانبەر ئەم بارودۆخە هەنووکەییە، وەرگرین.

گیانی ئەم ناڕەزایی و بێزاری و پشێوییە لە لایەن کرێکاران و دەریاوانەکانەوە سەرەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە داخوازیی، گوێپێدانی جددی دەوێت. سەرما و برسێتی بواری بەم ناڕەزایی و پشێوییە داوە، بزربوونی [ غائیب] لانیکەمی ئەگەری گفتوگۆ و لێدوان و ڕەخنەکردن، کرێکاران و دەریاوانەکانی ناچارکردوە بە فەرمیکردنی دەربڕینی دەنگی گلەیی و ناڕەزاییەکانیان.

جەردە و ڕێگرە گاردە سپییەکان حەزدەکەن و دەتوانن ئەم ناڕەزایی و بێزارییە بۆ بەرژەوندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاربهێنن. شاردنەوەی خۆیان لە پشتی دەریاوانەکانەوە داوای ئەنجوومەنی دەستوریی، ئازادیی مامەڵە و بازرگانی و لەم شێوە داخوازیانە، دەکەن و بارودۆخەکە دەقۆزنەوە. ئێمەی ئەنارکست دەمێکە هەڵەی بنەڕەتی ئەم داخوازیانەمان ئاشکراکردووە و ئێمە لە پێش هەموو کەسێکەوە بانگەشەی شەڕ لە هاوشانی یەکدییەوە دژ بە بەهەر هەوڵێکی دژە شۆڕشێک بەیەکەوە دەکەین لەتەک هەموو برادەرانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەتا لە لاشانی بەلشەفیکەکانیشەوە.

ئێمە ڕامان وایە کە بەیەکادانی نێوانی حکومەتی سۆڤییەت و کرێکاران و دەریاوانەکان دەبێت لابەلابکرێتەوە نەک بە چەک، بەڵکو بە ڕێگای شۆڕشگێڕانە، برایانە و ڕێکەوتن بە گیانی هاوڕێیانەوە. گەر حکومەتی سۆڤییەت بییەوێت پەنا بۆ خوێنڕشتن بەرێت لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەوە نە هەڕەشە دەبێت لەسەر کرێکاران و نە

ئارامكردنەوەشيان، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەمە تەنها خزمەتی خەستبوونەوەی قەیرانەکە و بەهێزکردنی کار و هەوڵی هاوپەیمانان و دژە شۆڕشگێڕەکان دەبێت.

چی تر لەوە خراپترە؟ کە هێز لە لایەن حکومەتی کریکاران و جوتیارانەوە بەکاربهێنرێت دژ بە کرێکاران و جوتیاران کە کارەساتێکی پێچەوانە هاندەدات لە بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی نێونەتەوەییدا، کە ئەنجامەکەی زامیکی قووڵدەبێت بۆ شۆڕشە کۆمەلایاتییەکە. هاوڕێیانی بەلشەفیک پێشئەوەی کە درەنگ بکات با کاردانەوەتان هەبێت، ئێوە دەتوانن لێرەدا هەنگاوی کاربڕانە بنێن.

ئێمە ئەم پێشنیارەتان دەخەینە بەردەم : هەڵبژاردنی کۆمۆسوێنێکی پێنج ئەندامیی کە ئەنارکستەکانیشی تێدا بێت. ئەم کۆمۆسوێنە دەتوانێت بچێت بۆ کرۆنشتادت بۆ لابەلاکردنەوەی بەرکەوتنەکان لە ڕێگای ئاشتییانەوە. لە بارودۆخی هەنووکەییدا ئەمە زیاترین چارەسەرێکی ڕادیکالانەیە کە گرنگی خۆی هەیە بۆ شۆڕشگێڕە نێونەتەوەییەکان."

بۆ بەدبەختی بێرکمان، بەلشەفیکەکان داخوازییەکەیان فەرامۆشکرد. گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو لەوەدەکات کە ئەو و ئێما گۆڵدمان کەمێک ساویلکە و زۆریش باوەڕیان بە ڕێکەوتن بووە. لینین و ترۆتسکی و زەینۆڤیف ئەوان سیاسییەکی ڕەق و پێداگربوون کە هیچ مەترسییەکیان، یاخود دڵەڕاوکێیان لە لەدەستدانی دەسەڵاتا نەبووە، ئەگەر هاوکاری ئەو پەیامەی ئەوان بوونایە. لەو لاشەوە بێرکمان بە گوێرەی قسەی Victor Serge ، ئەو نوێنەرایەتی ئایدیای نەوەیەکی

کردووه که به تەواوی لەناوچوون لە ڕوسیادا. ئەو دەڵێت بێرکمان ئەوەی وەکو گرژییەکی ناوخۆ دەبینی کە لە ئایدیالیزمی سەردەمی گەنجێتی، سەرنجامیگرتووە، بەڵام کاتێک کە گرژییەکە بەو شێوەیە نەبوو، ئەو دڵگران و غەمگین بوو. لە ڕۆژی ٧ ی ئازاردا بە تەواوی مەدفەعییە دوورهاوێژەکان بەڕێکران، لەم ڕۆژەدا بێرکمان لە ڕۆژژمێرەکەیدا نوسی " ڕۆژانی عەزاب و بۆردومان.." دڵم بێ هۆشە و بی ئومیدە، شتێک لە مندا مردووە، خەڵک لە شەقامەکانا ملکەچ و خەمناکن، سەرسام و ونن، هیچ کەس باوەڕی بە خۆی نییە قسە بکات، هەورەتریشقەی ڕێژنەی گولە، ئاسمان کوندەکات." سەرکوتکردنی کرۆنشتادت کارایی تا ڕادەی تێشکان لەسەر بێرکمان، دروستکرد، بێ ئومێدانە، بێ هوودە بە شەقامەکانی پیترۆگراددا دەهاتو و دەچوو. ئەنارکستە ڕوسییەکان بۆ جارێکی دیکەش هەوڵیاندا جیهان بە گشتی و بزوتنەوەی کرێکارانی نیونەتەوەیی بەتایبەتی بەئاگابهێنن لەو زروفەی کە لە سۆڤێتی روسیا، دەگوزەرا. ئەلێکسەندەر بێرکمان و ئێما گۆڵدمان ناوی خۆیان لەسەر ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە لایەن دەستەی پڕۆپاگەندەی ئەنارکست، دەستەی ئەنارکۆ-سەندیکالیست (Golos Truda) و کۆنفیدراسوێنی ئەنارکۆ-سەندیکالیستی ڕوسیا، دانا. ئەم ڕاگەیاندنە لە مانگی تەموزی ١٩٢١دا نێردرا بۆ لینین و پارتی کۆمۆنیست و نێونەتەوەیی کۆمۆنیست و ئەنجوومەنی ناوەندی نقابەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی تری هەموو ڕوسیا. دۆکۆمێنتێکی دریژ و چڕ بوو تەواوی ژمارەی ئەنارکستەکانی کە سەرکوتکرابوون و ڕاونرابوون

له لایەن حکومەتی بەلشەڤیکەوە، بەخۆوە گرتبوو. ئەم هەوڵەش هیچ سوودی نەبوو.

"ڕۆژەکان خۆڵەمێشیانە تێدەپەڕن" تێبینی بێرکمان بوو له ڕۆژژمێرەکەیدا"پشکۆکانی ئومێد یەک بەدوای یەکدا له گەشانەوە کەوتون، ترس و تیرۆر و دیکتاتۆریەت و دەسەلاتدارێتی ڕەها ئەو ژیانەی کە لە ئۆکتۆبەردا لە دایکبوو، تێشکان. دروشمەکانی شۆڕش بە فیرۆچوون، هەناسەکانی دوێنی ملیۆنانی بە هیلاکەتی مردن، برد، سێبەری ئەمڕۆش وەکو پۆشاکێکی ڕەش وڵاتی داپۆشیوە، دیکتاتۆرییەت جەماوەری لەژێر پێدا پلیشاندۆتەوە. شۆڕش مرد ، ڕۆحی کێویی و یاخیی هاواردەکات.....من بڕیارمدا ڕوسیا بەجێبهێڵم " له ڕاستیدا ترۆتسکی بە شانازیکردن بە حکومەتی سۆفێتەوە توانی بە گسکێکی پۆڵایین ڕوسیا لە ئەنارکیزم پاکبکاتەوە. بێرکمان و گۆڵدمانیش بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئەنارکستەکان لە ئەڵمانیا، پەساپۆرتیان پێدرا.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی ئەڵمانیا چوونی ئەوانی ڕەتکردەوە، بەڵام حکومەتی سویدی ڕێگای پێدان بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ بمێننەوە. پاشان بێرکمان بە دزییەوە خۆی کرد بە ئەڵمانیا و لەوێ بۆ ماوەی ساڵێک یا دوان مایەوە و هەر لەوێ نامیلکەکانی سەبارەت بە ڕووسیا و یاخیبوونەکەی کرۆنشتادت نووسی. دوای ئەوە ڕۆیشت بۆ فەرەنسا، لەم ماوەیەدا یارمەتی ڕێکخستنی لیژنەکانی دا بۆ یارمەتی ئەنارکستەکان و سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان کە لە ڕوسیا بەندکرابوون. ئەو وەکو ئیما گۆڵدامان نەبوو، ڕێگای پێنەدەدرا بگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا و ئیدی لە پاریس نیشتەجێ بوو. لە ساڵی

١٩٢٥ ئەفسانەی بەلشەفیک ( ڕۆژژمێری ١٩٢٠-١٩٢٢ ) نوسی و لە نیو وێرک بڵاوبووەوە. هەروەها بێرکمان لەگەڵ Peter Archinov و Nester Makhno سەبارەت بە ڕێکخراوی ئەنارکستانە، لە جەدەلێکی ناکۆکیانەدا بوو Peter Archinov یش بە هەمان شێوە وەکو بێرکمان و گۆڵدمان.

ماخنۆ و ئەوانی دیکە ئەوییان بەجێهێشت، بە گەیشتنیان بە بەرلین لە ١٩٢٢ گروپێکیان لە کۆمۆنیست- ئەنارکست ڕوسییەکان کە لە دەرەوەبوون، دروستکرد، دوای سێ ساڵ بەرەو پاریس جولان. Archinov تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی لە دارمانی ئەنارکستە ڕوسییەکانا بۆ حاڵەتێکی پشێوی دایم هەبوو، کە ئەنجامەکەی بێتوانایی بوو کە بتوانێت کە کۆمەکی باشتری ڕێکخستنی کۆمۆنیستەکان بکات. ئەو لە ساڵی ١٩٢٦ دا کاتێک کە ڕێکخستنێکی بە ناوی " organisational Platform" دروستکرد، وتی تاکە ڕێگای ژیانەوەیە، پلانی پێکهێنانی نقابەیەکی گشتی ئەنارکستەکان لەگەڵ کۆمیتەیەکی بەهێز بۆ هاوکاری چالاکی و سیاسەتەکانی، کێشا، ماخنۆش کۆمەکی پێدەکرد. بەڵام بێرکمان و گۆڵدمان و Volin ئەوانی دیکە دژ بەوان بوون. بێرکمان بە لایەنگرانی کۆمۆنیست- ئەنارکست پارتی تاوانباری کردن. ئەو وتی " گرفتی زۆربەی خەڵکەکەمان ئەوەیە کە ئەوان مێتودەکانی بەلشەفیکەکان نابینن کە ناتوانێت بەرەو ئازادیی بڕوات، ئەو مێتودانە و پرسەکان لەجەوهەر و کارایيانا وەکو یەکن، موتابیقن "

ئیتر وەختی ئەوەش هاتبوو کە بێرکمان و گۆڵدمان بیرێکی تریشیان دەربارەی تیرۆریزم و توندووتیژی دەکردەوە " من ئێستا بە گشتی

لەگەڵ تاکتیکی تیرۆریستیانەدا نیم، مەگەر لە حاڵەتێکی زۆر جیادا بێت" بێرکمان لە نۆڤەمبەری ١٩٢٨دا ئاوای بۆ گۆڵدمان نوسی. گۆڵدمانیش لە وەڵامدا بۆی نوسییەوە " کاری توندووتیژیانە، جگە لە دەربڕینی ڕۆحی مرۆڤێکی هەستیار، سەلماندویەتی کە بە ڕەهایی بێ کەڵکە.....من وا هەستدەکەم کە توندووتیژی لە هەر شێوەیەکدا بێت هەرگیز، ڕەنگە قەتیش ئەنجامێکی دروست و دروستکەری نەبێت" لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامیان نەبوونە ئاشتیخوازێکی ڕەها.

لە ABC ئەنارکیزمدا، بێرکمان بەندێکی تەواوی بەناوی " ئایا ئەنارکیزم توندووتیژییە" بۆ ئەوە تەرخانکردووە، لە دوا بەندی کتێبەکەیشیدا دەگەڕێتەوە بۆ توندووتیژی کە " بەرگریی لە شۆڕش"ە. لە ١٩٢٩دا کاتێک کە کاری لەسەر ئەو بەندە دەکرد، نامەیەکی بۆ گۆڵدمان نوسی "لە هەندێک چرکەدا ئاوا هەستدەکەم کە پرنسپڵەکانی ئەنارکیست بۆ شۆڕش دەستنادەن، هەر ئاوا کاتێک کە مێتوودە کۆنەکان ڕێگایان پێدەدرێت هەرگیز بەرەو ئەنارکیزم ناڕوات".

بێرکمان ئەو کاتەی هێشتا ٦٠ ساڵ بووە، بەڵام پیاوێکی نەخۆش بووە. لە ڕاستیدا ئەو کاتێک کە لە خەمۆکیدا بووە لە مانگی ئابی ١٩٣٥بۆ Pierre Ramus نوسی " گاردە بەتەمەنەکان بەرەو مردن دەڕۆن و تا ڕادەیەکیش نەوەی لاو/ گەنج بزرن تاکو جێگایان بگرنەوە، یا لانی کەم کارەکان بکەن کە دەبێت بکرێن ئەگەر دونیا ڕۆژێکی باشتر ببینێت". لە سەرەتای ١٩٣٦دا بە نەشتەرگەرییەکی مەترسیداری نەخۆشی پرۆستاتا تێپەڕی و لە مانگی مارتدا بۆ جاری دووهەم نەشتەرگەری کرایەوە، بەڵام هەردوو نەشتەرگەرییەکە

سەرکەوتوو نەبوون. ئیتر ئەو لە سەروبەری مردنێکی هێواشدا بە ئازارێکی زۆرەوە، بەجێما و دەینالآند. لە ڕۆژی ١٩٣٦/٠٦/٢٨ دا بە دەمانچەکەی، خۆی کوشت. مردنەکەی تەنها ٣ هەفتە پێش ئەوە بوو کە ئەنارکستەکانی ئیسپانیا و Durruti لە ڕوی جێنڕاڵ فرانکۆ و کۆنەپەرستی فاشستا بوەستنەوە. ئەگەر تۆزێک درێژتر بژیایە ڕەنگبوایە ئەوەندە بێ ئومێد لە نەوەی نوێ نەبوایە، هەمیشە نەوەیەکی نوێ دەبێت کە جێگەی نەوەی کۆن بگرێتەوە. ئیما گۆڵدمان دەربارەی بێرکمان نوسیوێتی:

" ئەگەر تەنها تەمەنێکی درێژتر بژیایە! بەڵام ساڵانێکی زۆر لە مەنفا نەژیایە لەگەڵ ئەو هەموو سوکایەتییەی کە پێیکرا بە جۆرێک کە باوەڕهێنان بەوانە زەحمەت بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ مافی دانی هەناسەیەک لە بەرپرسانی ترسناک بپاڕێتەوە، بێ وزەیی و ململانێیەکی بە فەلاکەت بۆ مانەوە هەروەها نەخۆشییە جددیەکەشی، هەموو ئەمانە وایانکردبوو کە چی تر تەحەمولی ژیانی نەمابوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەلێکسەندەر ڕقی لە پاشکۆیی بوو، ئەو هەمیشە ڕقی لەوە بوو کە ببێت بە بار بەسەر ئازیزانییەوە، هەر لەبەر ئەوەش ئەو ئەوەی کرد کە هەمووکات دەیوت دەیکەم : ئەو کۆتایی بە خۆی هێنا بە دەستی خۆی"

Peter E Newell

December 1970

## پێشەکی نوسەر

من وایدەبینم کە ئەنارکیزم لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادیی و گونجان و بەیەکەوەی ژیانا [هارمۆنیی].چەمکێکی زۆر لۆژیکانە و کردەییە [عەمەلی]. من قەناعەتم وایە بەدەستهێنانی لە ڕێڕەوی گەشەکردنی بەشەرییەتا ئەمرێکی حەتمییە.

وەختی تێگەیشتن و پێگەیشتن بە ئەنارکیزم پابەندە بە دوو هۆکارەوە: یەکەم: چەند زوو هەل و مەرجە مەوجوودەکان فیزکیانە و ڕۆحیانە گەشەدەکەن تا ئەو ڕادەیەی کە چی تر لای بەشێکی زۆری بەشەریەت بەتایبەت چینی کرێکاران، قەبوڵناکرێت. دووەم: تا چ ڕادەیەک دید و ڕوانگەی ئەنارکیستی مانا دەدات و قەبوڵدەکرێت.

دەزگە کۆمەڵایەتییەکانمان لەسەر بناخەی ئایدیایەکی بەرچاو دامەزراوە، ئەوەندەشی باوەڕ وابێت کە لەسەر ڕێساو و بناخەی سەلامەتی دامەزراون، ئیتر حکومەت بە بەهێزی دەمێنێتەوە، چونکە خەڵک باوەڕی وایە دەسەڵاتی سیاسیی لەگەڵ یاسای زۆرە ملێ و زۆرلێکردن زەروورییین. ئەوەندەشی واباوەڕ بهێنرێت کە ئەم سیستەمی ئابوورییە تەواو و دادپەروارانەیە، ئیتر کاپیاڵیزم بەردەوامدەبێت. لاوازکردنی ئایدیاکان کە کۆمەک بە زروفی نالەباری ڕۆژانی ئێستا و سەرکوتکردن دەکات یانی تێکشکانی تەواوی حکومەت و سەرمایەدارییە، ئەویش لەسەر گەشەکردنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بارودۆخە ڕاوەستاوە کە مرۆڤ تێیدا دەژی و دەیگۆڕێت بە ژینگەیەکی زۆر گونجاو.

تەنانەت بۆ ئەوانەشی سەرزارەکی چاودێری ئەو کۆمەڵە دەکەن لەبەرچاوە کە بەڵگەی تێپەڕینێکی ڕادیکالانە لە چەمکە بناغەییەکانا هەیە، کە ئەم جەنگە جیهانییە و شۆڕشی روسیا هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوە. جەنگەکە دەمامکی لە ڕوی کاراکتەری دڕندانەی ململانێی سەرمایەدارەکان، لابرد، لەگەڵ بێ توانایی حکومەتە بکوژەکان بۆ لابەلاکردنەوەی دوژمنایەتی نێوانی نەتەوەکان، یا ڕاستتر لە نێوانی دەستەی دەسەڵاتدارانی دارایی. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە خەڵک باوەڕی بە مێتوودە کۆنەکان نامێنێت کە دەسەڵاتی مەزن لە ئێستادا ناچارکراوە بە گفتوگۆ و لێدوان لەسەر سنوردارکردنی چەکدارێتی و تەنانەت یاساخکردنی جەنگیش. زۆر لەمەوبەر نەبوو، کە پێشنیارکردنی ئەم جۆرە گریمانانە بە ئەو پەڕی ڕق و گاڵتەپێکردنەوە رەتدەکرانەوە.

هەر ئاواش باوەڕهێنان بە دەزگە دامەزراوەکانی دیکەش لە ڕماندایە. کاپیتالیزم هێشتا " لە کاردایە" بەڵام گومان لە سوودی و قەناعەتکردن بە باشی و عەدالەتی ئەو، لەناو جەرگەی فراوانترین بازنەی کۆمەڵایەتیدا لە کەمبوون و تەسسکبونەوەدایە. شۆڕشەکەی ڕوسیا بانگەشەی ئایدیاکان و هەستەکانی لە بەکەمگرتنی کۆمەڵی سەرمایەداریی، بەتایبەتی لەسەر بناخەی ئابووریی و پیرۆزێتی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بوونی کۆمەڵایەتیی، دەکرد. ئەوەی کە لە ڕوسیا لە ئۆکتۆبەردا ڕوویدا تەنها ڕوسیای نەگۆڕی، بەڵکو هەژموونی خۆی لەسەر جەماوەر لە سەراپای جیهاندا، دانا. دەستخۆشیکردن یاخود پیاهەڵدانی ئەفسانەیەک وەکو ئەوەی کە هەیە هەمیشەییە، لەرزەیەکی بەدەری لە سنوری ژیانەوەوە، دروستکرد.

جەنگەکە و شۆڕشەکەی ڕوسیا و هەروەها گەشەسەندنی دوای جەنگ هەموویان بە یەکەوە بی ئومێدیی بە ژمارەیەکی زۆر، سەبارەت بە سۆشیالیزم، دا. ئەوە ڕاسستییەکی تەواوە وەکو مەسیحییەت، سۆشیالیزمیش بە بەزینی خۆی جیهانی داگیرکرد. ئێستا پارتە سۆشیالیستەکان بە خۆیان یاخود بە هاوکاریی، زۆربەی حکومەتەکانی ئەوروپا دەبەن بەڕێوە، بەڵام خەڵکی چی تر باوەڕی بەوە نییە کە جیاوازییان لەگەڵ ڕژێمە بورجوازییەکانا هەیە، ئەوان وا هەستدەکەن کە سۆشیالیزم شکستیهێنا و نابووت بوو.

هەر بەم شێوەیەش بەلشەڤیکەکان سەلماندیان مارکسییە دۆگماکان و پرنسیپڵەکانی لینینییست تەنها بەرەو دیکتاتۆرییەت و گەڕانەوە، ملدەنێت، ئەمەش بۆ ئەنارکستەکان هیچ سەرسوڕمانێکی تیادا نییە. ئەوان هەمیشە باوەریان وابووە کە دەوڵەت ئازادیی تاک و گونجان و بەیەکەوەیی [هارمۆنی] کۆمەڵایەتی تێکدەشکێنێت، تەنها هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی زۆردار و زۆرەملێ و نا یەکسانییە مەتریاڵەکانن کە دەتوانن گرفتە سیاسی و ئابووریی و نەتەوەییەکانمان لابەلابکاتەوە. جەدەلی ئەنارکیستەکان گەرچی لەسەر بناغەی تەمەنێکی درێژی ئەزموونگەریی مرۆڤە، وا دەردەکەوێت بۆ نەوەی ئێستا زیاتر تئیورییە، تاکو ڕووداوەکانی ئەم دوو دەیەی دوایی کە لە خودی ژیاندا ڕاستی هەڵوێست و پێگەی ئەنارکستەکانی سەلماند.

دارِمانی سۆشیالیزم و بەلشەفیکزم، ڕێگایان بۆ ئەنارکیزم پاککردەوە. ئەدەبیاتێکی زۆری بەرچاو لەسەر ئەنارکیزم هەیە، بەڵام زۆربەی ئەم کارانە پێش جەنگ نوسراون. ئەزموونی ڕووداوە نزیکەکانی ئەم

دوایە یەکالاکەرەوەن و چەند پیاداچوونەوەیەک لە هەڵوێستی جەدەلی ئەنارکستیانەوە، زەروورن. من ئاوا تێدەفکرم کە پێشنیار و جەدەلە سەرەتاییەکان، ئەساسییەکان، وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام هەندێک دەستکاریکردن [مۆدیفاییکردن] لە بەجێگەیاندنی کردەییانا، دەکرێت بە هۆکاری مێژویی ئێستاوە، بەرچاو بگیرێت. وانەکانی شۆڕشی ڕوسی بە تایبەت داواکردنی بەرخوردێکی نوێ بۆ کێشە گرنگە جیاوازەکان، پێویستە، لە هەرە سەرەکییەکان لە ناو ئەوانەدا کاراکەتەر و چالاکییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە.

سەرەڕای ئەمانەش کتێبە ئەنارکستییەکان جگە لە چەند دانەیەکیان، نەبێت، بۆ تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی، دەسست پیایانا ڕاناگات، ئەمەش لە زۆربەی کارەکانا کە مامەڵەی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکانا، دەکرد، شکستێکی باوە. ئەمانە لەسەر ئەساسی ئەو گریمانە دانراون کە خودی خوێنەر خۆیان لە بوارێکی بەرچاودا بە بابەتەکان، ئاشنایە. ئەم بۆچوونەش بە گشتی بە هیچ شێوەیەک ئاوا نییە. سەرنجامیش تەنها چەند کتێبێکی کەم مامەڵەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بە شێوەیەکی نمونەیانەی ڕۆشنبیرانە، کردووە.

بەو هۆکارانەی سەرەوە من وایدەبینم پیاداچوونەوەی هەڵوێست و پێگەی ئەنارکستیی ئا لەم کاتەدا زۆر پێویستە – پیاداچوونەوەیان لە سادەترین و دەقیقترین چەمکدا کە هەموو کەس بتوانێت لێیان تێبگات. ئەوەش ABC ی ئەنارکیزمە، سەبارەت بەو بابەتەش لەو دیدەیەوە ئەم چەند لاپەڕەیەی خوارەوە نوسراون.

**پاریس، ۱۹۲۸**

## پێشەکی

ئەمەوێت سەبارەت بە ئەنارکیزم لەگەڵت بدوێم.

ئەمەوێت پێتبڵێم ئەنارکیزم چییە، چونکە وادەزانم کارێکی باشە کە تۆ بیزانیت. هەروەها لەبەر ئەوەی زۆر کەم لەسەری زانراوە، ئەوەشی کە دەزانرێت دەربارەی، بە گشتی پاگەندە و وتی وتییە، بە زۆریش درۆیە، ساختەیە.

بۆیە دەمەوێت لەبارەیەوە قسەت بۆ بکەم چونکە باوەڕم وایە ئەنارکیزم باشترین و گەورەترین شتێکە کە مرۆڤ هەمیشە بە بیریا هاتووە، ئەنارکیزم تاکە شتێکە کە ئازادیی و خۆشگوزەرانیت بداتێ، هەروەها ئاشتی و خۆشی بۆ دونیا بهێنێت.

دەمەوێت بە زمانێکی سادە و ئاسان سەبارەت بە ئەنارکیزم لەگەڵتا بدوێم کە هیچ جۆرە ناڕوونیەک و تێنەگەیشتنێکی تیادا نەبێت. وشەی قەبە و برگەی بریقەدار تەنها خزمەتی سەرلێشێواندن دەکات. دەمەوێت بێ پێچ و پەنا ڕێک و ڕاست، بە سادەیی، لەگەڵتا بدوێم. بەڵام پێشئەوەی کە پێتبڵێم ئەنارکیزم چییە، دەمەوێت ئەوەی کە ئەنارکیزم نییە پێتبڵێم.

ئەمەش زەرووریيە چونکە زۆر درۆ و بوختان دەربارەی ئەنارکیزم بڵاوکراوەتەوە، کەسێکی ڕۆشنبیریش زۆر جار بەتەواوی ئایدیای هەڵەی بەرانبەر ئەنارکیزم هەیە. هەندێک قسە لەسەر ئەنارکیزم دەکەن بێ ئەوەی هیچی لەسەر بزانن، هەندێکیش درۆ دەربارەی دەکەن چونکە نایانەوێت تۆ ڕاستییەکان دەربارەی ئەنارکیزم بزانیت.

ئەنارکیزم دوژمنێکی زۆری هەیە، ئەوان دەربارەی ئەنارکیزم ڕاستیت پێنالێن. بۆچی ئەنارکیزم دوژمنی هەیە و کێن ئەوانە؟ ئەمانە دواتر لە درێژەی ئەم چیرۆکەدا دەیزانیت. لە ئێستادا تەنها دەتوانم ئەوەت پێبلێم نە سەرۆکە سیاسییەکەت و نە خاوەنکارەکەت، نە سەمایەداران و نە پۆلیس، هیچیان ڕاستگۆیانە لەسەر ئەنارکیزم قسەت لەگەڵ ناکەن. زۆربەی ئەوان هیچ دەربارەی نازانن و هەمووشیان ڕقیان لێیەتی. ڕۆژنامەکانیان و بڵاوکراوەکانیان- ڕاگەیاندن و چاپەمەنی- ئەوانیش دژن پێی.

تەنانەت زۆرێک لە سۆشیالیستەکان و بەلشەفیکەکان بە هەڵە پێناسەی ئەنارکیزم دەکەن. ڕاستییەکەی زۆربەیان شتێکی باشتر نازانن، بەڵام ئەوانەی کە باشتری دەزانن، ئەوانیش بە دەم ئەنارکیزمەوە درۆ دەکەن. کە قسە دەکەن دەڵێن" **بێ نیزامیی و بەرەڵایی و پشێوییە**" ، تۆ بۆ خۆت دەتوانیت ببینی کە چەندێک ئەمانە بێ مۆراڵن لەمەدا. مەزنترین مامۆستای سۆشیالیزم کارل مارکس و فێردریک ئەنجلسە وتویانە کە ئەنارکیزم لە سۆشیالیزمەوە دێت. ئەمەیان بەو واتایە وتووە کە دەبێت لە پێشدا سۆشیالیزممان هەبێت دواتر ئەنارکیزم، کە ئەوەش ئازادتر و جوانترین بارودۆخی کۆمەڵە کە تێیدا بژیت، کە باشترە لە سۆشیالیزم. لەگەڵ ئەوەشدا سۆشیالیستەکان کە سوێن بە مارکس و ئینگلس دەخۆن، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەنارکیزم" **بێ نیزامیی و بەرەڵایی و پشێوییە**" ئەمەش نیشانت دەدات کە ئەوانە چەند کەمتەرخەم و ناشەریفن.

بەلشەفیکەکانیش هەمان شت دەکەن، گەرچی مامۆستای گەورەیان، لینین، وتوویەتی کە ئەنارکیزم بە دوای بەلشەفیکیزم دێت، کە لە کۆتاییدا ژیان تێیدا باشتر و ئازادانەترە.

لەبەر ئەمانە لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەی کە ئەنارکیزم نییە دەبێت پێتبڵێم:

بۆمب و بێ نیزامیی و بەرەلایی و پشێوی، نییە.

جەنگی هەموو کەس و دژ بە هەموان، نییە.

دزی و جەردەیی و کوشتن، نییە.

گەڕانەوە بۆ بارباریزم یاخود حاڵەتی وەحشیانەی پیاو، نییە.

ئەنارکیزم زۆر دژ بە هەموو ئەوانەیە.

ئەنارکیزم یانی دەبێت تۆ ئازاد بیت، هیچکەس نابێت بتکاتە کۆیلە یاخود ببێتە بەڕیوەبەرت، دزیت لێبکات، خۆی بەسەرتا بسەپێنێت یا بەسەرتا بسەپێنرێت.

یانی دەبێت تۆ لە کردنی شتەکانی خۆتدا ئازاد بیت کە دەتەوێت و نابێت ناچاربکرێیت بەوەی کە ناتەوێت بیکەیت، بیکەیت.

یانی تۆ دەبێت شانس و بژاردەی ئەو ژیانەت هەبێت کە دەتەوێت، هەروەها بێ دەستتێوەردان بژیت.

یانی کەسەکەکانی دیکەش هەمان ئازادییان وەکو تۆ هەبێت، هەموو کەسێک دەبێت هەمان ماف و هەمان ئازادیی هەبێت.

یانی هەموو پیاوان بران و دەبێت وەکو برا بە ئاشتی و پێکەوە بسازێین و بگونجێین.

دەبێت ئەوەش بوترێت کە نابێت نە جەنگ و نە توندووتیژی لە لایەن یەکێکەوە دژ بەوی تر، هەبێت، نابێت نەخاوەنکار و نە برسێتی نە پاوانەکردن و نە سەرکوتکردن و نە سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی کەسانی دیکە، ببێت.

بە کورتی ئەنارکیزم یانی بوونی بارودۆخێک لە کۆمەڵدا هەموو پیاوان و ژنان ئازادن هەمووشیان تامی یەکسانییێتی لە سوودەکانی ژیانێک کە ڕێکخراوە، کە شایستەیانە، بکەن.

"تۆ پرسیار دەکەیت ؟" "**ئایا دەتوانرێت ئەوە بکرێت؟**" برادەرەکەشت دەڵێت" **نەک پێشئەوەی هەموومان ببینە فریشتە**" لێگەڕێ با قسەی لەسەر بکەین، ڕەنگە من بتوانم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە دەتوانین وەکو خەڵکێکی ماقوڵ ژیانێکی شایستە بە خۆمان بژین تەنانەت بێ ئەوەی کە باڵمان لێ بڕوێت.

# بەندی یەک

## ئایا ئەنارکیزم توندوو و تیژییە؟

تۆ ئەوەت بیستووە کە ئەنارکستەکان بۆمبیان هاویسشتووە و باوەڕیان بە توندووتیژی هەیە و ئەنارکی یانی بێ نیزامیی و پشێوی. کەواتە مایەی سەرسورمان نییە کە ئەوە باوەڕت بێت. چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکان، مینبەرەکان هەموو کەسێک لە دەسەڵاتا بە بەردەوامی ئەوەت بە گوێدا دەدات. بەڵام زۆربەیان لەوە باشتر دەزانن تەنانەت هۆکاریشیان پێیە کە ڕاستیت پێنەڵێن.

دەمەوێت راستگۆیانە و بە ڕاشکاوییەوە قسەت لەگەڵدا بکەم دەتوانیت لە بەرانبەر ئەم قسانەمدا بەرپرسیارم بکەیت، چونکە ئەمە لە من ڕوویداوە و یەکێکم لەو ئەنارکستانە کە پەنجەم وەکو کەسێکی توندووتیژ و وێرانکەر بۆ رادەکێشرێت. هاوکاتیش دەبێت ئەوەش بزانم و ئەوە شتێک نییە بیشارمەوە.

باشە بەڕاستی ئەنارکیزم یانی پشێوی ،[ فەوزا] و توندووتیژیی؟ تۆ دەبێت سەرسام بیت. نا برادەرانم، ئەوە کاپیتاڵیزم و حکومەتن بەرگری لە پشێوی و توندوتیژی دەکەن. ئەنارکیزم تەواو پێچەوانەی ئەوانەیە، یانی نیزام، ڕێکخراوبوون بەدەر لە حکومەت و لە دەرەوەی حکومەت، یانی ئاشتی نەک توندوتیژیی. تۆ پرسیار دەکەیت " **بەڵام ئایا ئەوانە ئەگەری کردنیان هەیە؟**. ئەوانە ئەو شتانەن کە ئێستا قسەیان لەسەر دەکەین. بەڵام برادەرەکەت داوات لێدەکات کە بزانێت ئایا ئەنارکستەکان هەرگیز بۆمبیان هاویشتووە، یاخود هیچ کات

توندووتیژییان بەکارهێناوە. لە وەڵامتا دەڵێم بەڵێ بۆمبیان هاویشتووە هەندێک جاریش گەڕاونەتەوە بۆ توندووتیژیی. ئەو کاتە برادەرەکەشت گەشکە دەیگرێ و دەڵێت" **کەواتە وایە، ئەی پێمنەوتی، " منیش هەر ئاوا بیرمکردەوە".** بەڵام پەلەم لێمەکەن. منیش دەڵێم ئەگەر ئەنارکستەکان هەندێک جار پەنایان بۆ توندووتیژی بردبێت، ئایا ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنارکستەکان توندووتیژییان بەکارهێناوە؟ تۆ پرسیار لەخۆت بکە و هەوڵبدە ڕاستگۆیانە وەڵامبدەرەوە.

کاتێک کە هاووڵاتییەک پۆشاکی سەربازی لەبەردەکات، ڕەنگە بۆمب بهاوێژێت و توندووتیژی بەکاربهێنیت. ئایا لەم بارەیەدا دەڵێیت کە هاووڵاتیی پەنا بۆ بۆمب و توندووتیژی دەبات؟

تۆ بەبێزاری و توڕەییەوە تاوانباری کەسەکە دەکەیت. تۆ وەڵام دەدەیتەوە هەر بە سادەیی دەڵێیت **لە بارودۆخێکی دیاریکراودا** مرۆڤ پەنا بۆ توندووتیژی دەبات. ئەو کەسەش کە پەنا دەبات بۆ ئەوە، دەکرێت کە دیمۆکراتێک، مەلیکییەک، سۆشیالیستێک، بەلشەفیکێک یاخود ئەنارکیستێک بیت. ئیتر تۆ ئەوەت بۆدەردەکەوێت کە ئەمە بەسەر هەموو کەسێکدا لە هەموو کاتێکدا دێت. Brutus قەیسەری کوشت چونکە ئەو ترسی ئەوەی هەبوو برادەرەکەی خیانەت لە کۆماریی بکات و بییەوێت ببێتە پاشا. ئەوەش ئەوەی نەدەگەیاند کە Brutus " قەیسەری کەمتر خۆشویستبێت و ڕۆم-ی زیاتر." بۆ زانیاریش Brutus ئەنارکیست نەبوو، بەڵکو دڵسۆزێکی کۆماریی بوو.

ولییەم تێڵ،Tell William، وەکو فۆلکلۆرێک پێماندەڵێت، ستەمکارێک بکوژە تاکو وڵات لە سەرکوتکردن ڕزگاری ببێت. Tell هەرگیز ئەنارکیزمی نەبیستبوو. من ئەمەم وەک نموونەیەک باسکرد بۆ ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکە کە کاتێک ستەمکارە گەندەڵ و بێ مۆراڵەکان لەسەر دەستی دۆستەکانی ئازادیی کە زۆر توڕەن لێیان، بە چارەنوسی خۆیانی دەسپێرن. ئەم کەسانە یاخیین و دژ بە ستەمکاریین، بە گشتی ئەوانە نیشتمانپەروەر، دیمۆکرات یاخود کۆماریی و ناو بە ناویش سۆشیالیست یان ئەنارکستیش بوون. چالاکیەکانیان دژ بە هەڵە و نادادپەروەریی بە هۆی تاکە یاخییەکانەوە بووە. ئەوە لەگەڵ ئەنارکیزم دا نایەتەوە.

وەختی ئاوا هەبووە لە نێو یۆنانیە کۆنەکانا کوژرانی ستەمکارێک چاکەیەکی باڵابووە. یاسای مۆدیرن سەرزەنشتی ئەم کارانە دەکات، بەڵام هەستی مرۆیانە لەم کارانەدا وادەبینرێت وەکو سەردەمی کۆن دمێنێتەوە ویژدانی دونیا بە کارەکانی ستەمکاریی، هەست بە توڕەیی ئاشکرا ناکات، تەنانەت ئەگەر بڵاوکراوەکان بە ئاشکراش دڵی بەشەرییەت پەسەند نەکەن، زۆر وەخت بە نهێنی خۆشحاڵن بەم جۆرە چالاکییانە. ئایا بە هەزارەها لە گەنجە ئەمەریکییە نیشتمانپەروەرەکان ئارەزوویان لە کوشتنی قەیسەری ئەڵمانی کە بەرپرسی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی بوو، نەبوو؟ ئەی دادگای فەرەنسی نەبوو لەم ماوەی پێشووەدا ئەو پیاوەی بەرەڵاکرد کە Petlura ی کوشت لە سەندنەوەی تۆڵەی کوژرانی هەزاران پیاو و ژن و منداڵدا لە قەسابخانەکەی Petlura دژ بە جولەکەکانی خوارووی ڕوسیا؟

لە هەموو پارچە زەوییەکدا و لە هەموو تەمەنێکدا، کوشتنی ستمەکار هەبووە، ژنان، پیاوان ئەوەندە وڵاتەکەیان خۆشویستووە تەنانەت ژیانی خۆیان کردووە بە قوربانی. ئەو کەسانە کەسانی ئاسایی بوون سەر بە پارتییە سیاسییەکان و ئایدیایەک نەبوون، بەڵکو ڕقیان لە ستەمکاریی بووە، جاری واش هەبووە ئەوانە ئاینداری توندووتیژ بوون وەکو کاسۆلیکی دیندار Kullman کە ویستی بیسمارک بکوژێت[٢] یاخود Charlotte Corday دڵگەرمی بێ ئاگا کە Marat ی لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، کوشت.

لە ئەمەریکا سێ سەرۆک لە لایەن کاری تاکەکانەوە کوژراونLincoln لە ساڵی ١٨٦٥ لە لایەن John Wilkes Booth وە کوژرا کە دیمۆکراتێکی باشوور بوو. لە ساڵی ١٨٨٨ Garfield لە لایەن Charles Jules Guiteau وە کوژرا کە کۆماریی بوو هەروەها لە ساڵی ١٩٠١ McKinley لە لایەن Leon Czolgosz کوژرا، لەم سێ کەسە تەنها یەکێکیان ئەنارکیست بوو.

ئەو وڵاتەی کە خراپترین سەرکوتکەری هەبێت ژمارەیەکی گەورە لە بکوژانی ستەمکاریی، بەرهەمدەهێنێت کە ئەمەش سروشتییە. وەکو نموونەیەک تەماشای ڕوسیا بکە لەگەڵ تەواوی کپکردنی قسە و خیتاب و چاپەمەنی و ڕاگەیاندن لەسای ڕژێمی تەزاردا جگە لە " ترسی خودا" چوونە دڵی ستەمکارەوە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ سووککرنی، تەخفیفکردنی نیزامی ستەمکار.

---

[٢] ڕووداوەکە ١٣ی تەموزی ١٨٧٤ بوو.

ئەوانەی کە تۆڵە دەکەنەوە بە زۆری کوڕان و کچانی خانەوادانی [نوبەلای] باڵان، لەناویشیان گەنجانێکن کە ئازادیی و خەڵکیان خۆشویستووە، لەگەڵ هەموو ڕێگا داخراوەکانی دیکەدا هەستدەکەن کە ناچارن پەنا بۆ دەمانچە و دینامیت بەرن لەو ڕێگایەوە بە هیوای خاوکردنەوە یا ساکنبوونەوەی بارودۆخە بێ هیوا و خراپەکەی وڵاتەکەیان، بوون. ئەو کەسانە وەکو نەهلیستەکان و بە تیرۆریست ناسراون، ئەوانە ئەنارکست نەبوون.

لەم سەردەمە مۆدیرینەدا چالاکییەکانی تاک لە توندوتیژی سیاسیانە تەنانەت زیاتر لە ڕابووردوو ڕوودەدات. بۆ نموونە مافی دەنگدانی ژنان لە ئینگلەند زۆر جار پەنای بردۆتە بەر پاگەندە و جێ بەجێکردنی داخوازییەکانیان بۆ یەکسانی لە مافەکاندا. لە ئەڵمانیا لە کاتی جەنگەوە پیاوان بە هۆکاری هەبوونی دیدی سیاسیانەی کۆنەپارێز بە هیوای دامەزراندنەوەی ڕژێمی پاشایەتی/ مەلیکییەت، ئەم مێتودانەیان بەکارهێناوە. ئەوە مەلیکییەکان بوون کە Karl Erzberger ، وەزیری دارایی بروسیا، هەرروەها Walter Rathenau وەزیری کاروباری دەرەوە هەر ئاوا لە لایەن پیاوێکەوە کە لە هەمان پارتی سیاسیدا بوو کوژران.

هەموو ئەمانە بۆچی؟ هۆکاری بنچینەیی یاخود لانی کەم پاساوی خودی جەنگە گەورەکە کوژرانی جێنشینی تەختی پادشایی نەمسا بوو لە لایەن نیشتمانپەروەرێکی سێربییەوە کە هەرگیز ئەنارکیزمی نەبیستبوو. لە ئەڵمانیا و هەنگاریا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا و پورتوغال و هەروەها لە هەر یەکێک لە وڵاتە ئەوروپییەکانی دیکە پیاوەکانی پارتە بۆچوون و دیدە جیاوازەکان پەنایان بۆ کاری

توندووتیژی بردووە، ئەوە با هەر قسە لەسەر سەراپای تیرۆری سیاسیانە نەکەین کە لە لایەن لایەنە فاشییەکان لە ئیتالیا و Ku Klux Klan لە ئەمەریکا یاخود کاسۆلیکی کەنیسە لە مەکسیکۆ، دەکران.

ئێستا تۆ دەبینیت کە ئەنارکستەکان ڕۆڵیان پاوانەکردنی [مۆنۆپۆل] توندووتیژی سیاسیانە نییە، ژمارەی ئەم جۆرە کارانە لە لایەن ئەنارکستەکانەوە بە بەراورد بە کەسەکانی دیکە لە قەناعەتپێکردنی سیاسیانەدا، زۆر زۆر کەمبووە.

ئەوەی ڕاستیە لە هەموو وڵاتێکدا، لە هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی توندووتیژی هەر لە سەرەدەمی کۆنەوە بەشێک بووە لەو تێکۆشانە. تەنانەت Nazarene کە هات بۆ بڵاوکردنەوەی کریستینێتی ئاشتی پەنای بۆ توندووتیژی برد لە دەرکردنی پارەگۆڕەوەکانی نێو پەرستگا، لە بڵاوکردنەوەی ئەنجیل-ی ئاشتی لەوێ.

وەکو وتم ئەنارکستەکان پاوانەی توندووتیژییان نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەروەردەی ئەنارکیزمیانە ئاشتی و بەیەکەوە گونجان و بەیەکەوە ژیانە لە ژینگەی ناتوندووتیژیدا، لە قودسییەتی ژیان و ئازادییدا. بەڵام ئەنارکستەکانیش وەکو باقی مرۆڤەکانی دیکە و ڕەنگە زیاتریش، مرۆڤن. ئەوان هەستیارترن بە ڕووبەڕووبونەوەی هەڵە و نادادوەری و خێراتر بێزاریی لە سەرکوتکردن دەردەبڕن، هەر بەم هۆکارەشە ئەمانیش جیا نین لە دەنگ هەڵبڕنینی ناڕەزایی بە

دەگمەنی کاری توندووتیژیشەوە. بەڵام ئەم کارە، چالاکیە دەربڕینی مەزاجی تاکە، نەک تیئۆریێکی تایبەت.

رەنگە پرسیاری ئەوە بکەیت ئایا پەروەردەی ئایدیای شۆڕشگێڕانە، بە سروشتی هەژموونی لەسەر ئاراستەی کاری توندووتیژی کەسەکە، ناکات؟. لە وەڵامدا دەڵێم باوەڕ ناکەم کە ئاوابێت، چونکە ئەوەمان بینیوە کە مێتودەکانی توندووتیژی هەر ئاوا لە لایەن کەسەکانەوە کە زۆر بۆچونی کۆنەپارێز و کۆنەپرستانەیان هەبووە، بەکارهێنراوە. ئەگەر کەسەکە لە ئاراستەی ڕاستەوخۆی دیدی نەیارەوە کاری هاوشێوەی ئاوای کرد، ماقوڵێتی ئەمە دەگمەنە کە بڵێیت کە ئایدیاکانیان بەرپرسیارن بۆ ئەم کارانە.

ئەنجامی وەک یەک هۆکاری وەک یەکیان هەیە، بەڵام ئەو هۆکارە لە قەناعەتی سیاسیەوە، نییە، بەڵکو لە مەزاج و هەستی کەسەکە و هەستی گشتی سەبارەت بە توندووتیژی، دەردەکەوێت.

تۆ دەڵێیت " **ڕەنگە تۆ ڕاستبیت سەبارەت بە مەزاجی کەسەکە" دەتوانم ئەوە ببینم کە ئەو ئایدیا شۆڕشگێڕانە هۆکاری کارە توندووتیژییەکە نییە لە سیاسەتدا، بە شێوەیەکی تر هەموو شۆڕشگێڕێک ئەم کارە دەکات. بەڵام ئایا ئەم دیدەیە تا ڕادەیەک پاساوی ئەوانەی کە ئەم جۆرە چالاکیانە دەکەن دەداتەوە؟** ڕەنگە لە یەکەم بینینا ئاوا دەرکەوێت. بەلام ئەگەر تۆ بیری لێبکەیتەوە ئەوە بە تەواوی ئایدیایەکی هەڵەیە. باشترین سەلماندنی ئەوەش ئەنارکستەکان کە بە تەواوی هەمان دید و بۆچوونیان سەبارەت بە حکومەت و پێویستی هەڵوەشاندنەوەیان هەیە، زۆر جار بە تەواوی

دەربارەی پرسی توندووتیژی ناکۆکییان هەیە. ئەنارکستە تۆلستۆیەکان و زۆربەی ئەنارکستە تاکگەراییەکان سەرزەنشتی توندووتیژی سیاسیانە دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەنارکستەکانی تر یا پەسەندی دەکەن یاخو لانی کەم پاساوی دەدەن.

سەرەڕای ئەمەش زۆرێک لە ئەنارکستەکان لە وەختێکدا باوەڕیان بە توندووتیژی وەکو ئامرازێکی پاگەندە هەبووە و ڕایان دەربارەی گۆڕاوە و چی تر خوازیاری ئەم جۆرە مێتودە نین. بۆ نموونە سەردەم، کات هەبووە کە ئەنارکستەکان لایەنگری چالاکی لە ئەنجامدانی توندووتیژیدا بوون کە بە " پاگەندە لە ڕێگای مردنەوە" ناسراوە. ئەوان پێشبینی ئەوەیان نەکردووە کە بەم چەشنە کارانە حکومەت و کاپیتاڵیزم بە ئەنارکیزم، بگۆڕن، هەر ئاواش باوەڕیان ئاوا نەبووە بە لابردنی یا لەناوبردنی ستەمکارێک، ستەمکاریی هەڵدەوەشێنێتەوە، نا، تیرۆریزم وەکو تۆڵەیەک لە هەڵەی گەل ڕەچاوکراوە و کراوە، ترس دەخاتە دڵی دوژمنەوە، هەروەها سەرنجی خەڵکی بە ئاگادەهێنێت بۆ شەیتانەکە، کە کارە تیرۆرەکەی ئاڕاستەکراوە. بەڵام زۆربەی ئەنارکستەکان لە ئەمڕۆدا باوەڕیان بە " پاگەندە لە ڕێگای مردنەوە" چی دی نییە و هەروەها خوازیاری هیچ چالاکیەکی ئاواش نین.

ئەزموونەکان فێریکردن بیرکردنەوە لەو جۆرە مێتودە ڕەنگە لە ڕابوردوودا پاساوی هەبووبێت و بەسوود بووبێت، بەڵام مەرجە مۆدیرینەکانی ژیان ئەو چالاکیانە بە پێویست نازانێت، بەڵکو تەنانەت زیانیش بە پەخشکردنی ئایدیاکە دەگەیەنێت. دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئایدیاکەیان هەر هەمان ئایدیایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە

ئەنارکیزم نەبوو کە هەڵوێستیانی سەبارەت بە توندوتیژیی تیژکردەوە. ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئایدیایەک بەدیاریکراوی یاخود " isms " نییە کە بەرەو توندووتیژیت بەرێت، بەڵکو هۆکاری دیکە هەیە بۆ ڕوودانی ئەوە. لەبەر ئەمە پێویستە کە لە شوێنی دیکە بۆ ڕاڤەکردنی دروست، بگەڕێین.

هەر وەکو بینیمان چالاکی توندووتیژی سیاسیانە تەنها لە لایەن ئەنارکستەکان و سۆشیالیستەکان و هەموو جۆرە شۆڕشگێڕەکانەوە ڕوینەداوە، بەڵکو لە لایەن کەسانی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەر و دیمۆکراتەکان و کۆمارییەکان و لە لایەن چالاکوانانی مافی ژنان و کۆنەپارێز و کۆنەپەرستەکان و مەلیکییەکان و لایەنگرانیان و تەنانەت لە لایەن ئایندااران وکاسۆلیکە دڵسۆزەکانیشەوە ڕوویداوە.

کەواتە ئێستا دەزانین کە ناتوانرێت بڵێین هیچ ئایدیەکی دیاریکرا و یا خود " ism " هەژموونی خۆی لەسەر ئەو کارەیان، چالاکییەیان، داناوە، چونکە زۆرترین جۆرەکانی ئایدیاکان و " isms " ئایدیای هاوشێوە، چالاکی بەرهەمدەهێنن. من هۆکارەکانی مەزاجی تاک هەروەها هەستە گشتییەکان کە پاڵ بە کردنی توندووتیژییەوە دەنێت، کە ڕوودەدات، ئەوە جەوهەری کێشەکەیە. باشە ئەم هەستە گشتییە دەربارەی توندووتیژی چییە؟ ئەگەر بتوانیین وەڵامی ئەم پرسیارە بە دروستی بدەینەوە، هەموو گرفتەکەمان بۆ ڕوون و ئاشکرادەبێت.

ئەگەر ڕاستگۆیانە قسەبکەین، ئەوە دەبێت پێ لەوەبنێین کە هەموو کەس باوەڕی بە توندوواتیژی و بەکارهێنانی هەیە، وێڕای ئەوەی کە کەسەکە ڕەنگە سەرزەنشت وسەرەکۆنەی توندووتیژی ئەوانی تر

بکات. لە ڕاستیدا هەموو ئەو دەزگایانەی کە یارمەتییان دەدەین و تەواوی ژیانی کۆمەڵی هەنووکەیی، لەسەر بناخەی توندووتیژی دامەزاراوە.

ئەوە چییە کە ئێمە پێیدەڵێین حکومەت؟ ئایا شتێکی ترە، جگە لە توندووتیژییەکی ڕێکخراو؟ نیزامیی، کە یاسا بەڕێوەی دەبات یاخود نا، ئەگەر تۆ وەلات بۆ نەبرد، ئەوە تۆ بە زۆر ناچاردەکرێیت، واتە بەزۆر بەسەرتا دەسەپێنرێت. ئێمە لە ئێستادا گفتوگۆی ئەوە ناکەین کە ڕاستە یا هەڵەیە، یاخود دەبێت ببێت یا نا. ئێستا ئیمە ئارەزوومان بینینی فاکتەکانمانە، کە هەر ئاوایە کە هەموو حکومەتەکان، هەموو یاساکان و دەسەڵاتەکان لەدوا ساتدا پەنا بۆ زۆر و توندوتیژی دەبەن بۆ سزادان یاخود مەترسی سزادان.

بۆچی ئەوە؟ تەنانەت دەسەڵاتە ڕۆحانیەکانیش، دەسەڵاتەکانی کەنیسە و خوداوەند لەسەر بناخەی هێز و توندووتیژی ڕاوەستاون، چونکە ئەوە ترسە لە غەزەبی ئیلاهی و تۆڵە سەندنەوە کە دەسەڵاتی بەسەر تۆدا هەیە، ناچارت دەکات کە وەلای بۆ بەریت، تەنانەت گەر باوەڕت دژ بە هۆکارەکانت بێت.

تۆ خۆت هەرچۆن بجوڵێنیت و خۆت بگۆڕیت ئەوە دەبینیت کە تەواوی ژینمان کە لە سەر بناخەی توندووتیژی یاخود مەترسیی، بنیاتنراوە. لە سەرەتای قۆناخی منداڵیتەوە تۆ ملکەچکراویت بۆ توندووتیژی دایک و باوک یاخود بەتەمەنەکان. لە ماڵەوە، لە قوتابخانە، لە ئۆفیس، لە کارگە، سەر کێڵگە یاخود لە دووکان هەر ئاوا هەمیشە دەسەڵاتی کەسێک وایلێکردویت کە گوێڕایەڵ و ناچار

بیت بە ئارەزو و ویستی ئەو. مافی ناچارکردنی تۆ بۆ ئەو و دەسەڵاتی پێیدەوترێت، ترس لە سزا، کراوە بە ئەرک و وەزیفەی تۆ، بەڵام بە گوێڕایەڵی ناودەبرێت.

بێ گومان لە سای ئەم ژینگەیەدا لەتەک توندووتیژی دەسەڵات و گوێڕایەڵی و فرمان و ئەرک و ترس و لە سزا گەورەدەبین و لە ژیانا هەناسەی پیدەدەین. ئێمە بە جۆرێک ملدەنێین بەرەو ڕۆحی توندووتیژی، هەرگیز هەڵویستەیەک ناکەین و پرسیاری ئەوە بکەین ئایا توندووتیژی ڕاستە یا هەڵەیە، تەنها پرسیاری ئەوە دەکەین یاساییە، یاسا ڕێگادەدات.

تۆ پرسیار لە مافی حکومەت ناکەیت لە کوشتنا، لە داگیرکردنا، لە بەندیکردنی خەڵکدا، خۆ ئەگەر کەسێک تاوانبار بێت لەکردنی شتێکدا، کە حکومەت بە بەردەوامی دەیکات، تۆ کەسەکە بە بکوژ بە دز بە دڵڕەق، دادەنێیت، بەڵام هەر ئەوەندەی کە توندووتیژییەکە بە " یاسایی" کرا تۆ دەیسەلمێنیت و ملکەچیت بۆی. کەواتە بەڕاستی ئەوە توندووتیژی نییە کە تۆ ڕەتیدەکەیتەوە، چونکە خەڵکی توندووتیژی " نایاسایانە" بەکاردەهێنێت. ئەم توندووتیژییە یاساییە و ترس لەوەی کە قۆرخی هەموو بوونمان وەکو تاک کۆمەڵ، دەکات، دەسەڵات کۆنترۆڵی ژیانمان لە بوونەوە تاکو قەبر دەکات : دەسەڵاتی باوک و دایک، قەشەکان و ئیلاهییەکان، سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتیی و مۆراڵ، بەڵام کاراکتەری ئەو دەسەڵاتە هەرچۆن بێت، هەمیشە هەمان بەجێگەیەنەرە کە دەسەڵاتی بەسەر تۆدا لە ڕێگای ترستەوە لە سزا لە فۆرمێکا یا شێوەیەکی تردا، هەیە. تۆ لە خودا و لە شەیتان و قەشە و دراوسێ و لە خاوەنکارەکەت و بەڕێوەبەرەکەت، لە سیاسییەکان

و له پۆلیس و له دادەوەر و پاسەوانی بەندیخانەکان و له یاسا و له حکومەت، دەترسیت. هەموو ژیانت زنجیرەیەکی درێژه له ترس.. له ترس و ترس که جەستەت بریندارەدەکات، ڕۆحت دەخوات. هەموو ئەو ترسانەش بناغەی لەسەر دەسەڵاتی خودا و کەنیسه و دایک و باوک و سەرمایەدار و فرماندارن، ڕاگیراوه.

تۆ چاوێک به خۆتدا بگێڕەوه و بزانه ئایا من ڕاستیی دەڵێم؟ بۆچی تەنانەت له نێوانی منداڵانی دەساڵانا Johnny بەسەر برا یا خوشکه بچوکەکەیدا به هۆکاری توانا و هێزیی جەستەیەوه، دەخوڕێت، هەر وەک چۆن باوکی Johnny بەسەر ئەودا بەهۆی باڵادەستی و توانایی و پاشکۆیی Johnny یەوه به کۆمەکی باوکی، به سەریدا دەخوڕێت. تۆ لەبەرانبەر دەسەڵاتی قەشه و واعیزدادەرەکانا ملکەچیت، چونکه باوەڕت وایه ئەوان دەتوانن " **غەزەبی خودات بەسەردا برژێنن**" ، تۆ ملکەچی بۆ باڵادەستی بەڕێوەبەر و دادوەر و حکومەت لەبەر دەسەڵاتیان که دەتوانن تۆ له کار بێ بەش بکەن، بزنسەکەت تێکبشکێنن، دەتوانن بتخەنه بەندیخانەوه. تۆ ملکەچی ئەو دەسەڵاتەی به هۆکارێک، تۆ خۆت داوتەته دەستیان.

کەواته دەسەڵات پەلی بەسەر هەموو ژیانتا کێشاوه، دەسەڵاتی ڕابوردوو و دەسەڵاتی ئێستا، دەسەڵاتی مردوان و ئەوانەشی که له ژیاندان، بوونت له ژیاندا بەردەوامیپێدانی داگیرکردن و لاقەکردنه له خۆتەوەیه، کرنووشبردنی بەردەوامییه بۆ فکر و ئارەزوی کەسێکی دیکه. هەر ئاوا که تۆ داگیرکرایت و لاقەکرایت ئیتر تۆ بێ ئاگایانه تۆڵەی خۆت دەکەیتەوه له ڕێگەی داگیرکردن و لاقەی ئەوانی ترەوه ئەوانەی که دەسەڵاتت بەسەریاندا هەیه یاخود له ڕێگای توانای

جەستەیی و مۆراڵەوە، ناچاریان دەکەیت. ئا لەم ڕێگایەوە ژیان هەمووی لیفەیەکی شێتانەی دەسەڵاتە و بەسەرتادراوە، بۆ پاوانەکردن و کڕنوشبردن، لە فرمانپێکردن و گوێڕایەڵی، لە زۆرلێکردن و ملکەچێتی، لە فرمانپێدان و فرماندارن و بەجێهێنەران، هەر ئاوا هێز لە هەزار و یەک فۆرمدا.

ئایا سەرسامیت کە بزانیت تەنانەت کەسە نموونەیەکانیش هێشتا دەستبەسەرن لەناو تۆڕەکانی ئەم ڕۆحەی دەسەڵات و توندووتیژیی و زۆر جاریش هەست و ژینگەکەیان ناچاریان بە کاری دەستدرێژی دەکات کە بە تەواوی ناکۆکە بە فکریان؟

ئێمە هێشتا دڕندەین پەنا بۆ هێز و توندووتیژی دەبەین بۆ لابەلاکردنەوەی گومانەکانمان، گرفت و کێشەکانمان. توندووتیژی مێتودێکە لە کەمتەرخەمی، چەکی لاوازییە. خاوەن دڵ و مێشکی بەهێز پێویستیان بە توندووتیژی نییە، بەرگری ناکەن چونکە لە هۆشیارییانەوە دەزانن کە ئەوان لەسەر حەقن. هەتا لە مرۆڤی سەرەتایی و چەرخی زۆر کۆن تێدەپەڕێنین، کەمتر پەنا بۆ هێز و توندووتیژی دەبەین. تا زیاتر پیاو ڕۆشنبیرتر بێت، کەمتر ڕک و زۆرلێکردن دەبێت. ئیتر ئەو لە زەوییەوە بەرزدەبێتەوە و لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێت، ئەو چی تر چۆک بۆ تەزار [قەیسەر] نە لەسەر زەوی و نەلە بەهەشتدا دانادات، ئەو بە تەواوی دەبێتە مرۆڤ ئەو کاتەی کە فرمانداریی و فرمانپێکراویی ڕەتدەکاتەوە. ئەو بە ڕاستی ئازاددەبێت لە کاتێکدا کە چی تر سەروەرەکان نامێنن.

ئەنارکیزم بۆ ئەم هەل و مەرجە نموونەییە، بۆ کۆمەڵێکی بەتاڵ لە هەبوونی زۆر و هێز و ڕک و کینە کە لەوێدا هەموان یەکسان دەبن و لە ئازادیی و ئاشتیی و بە یەکەوەبوون و پێکەوەژیاندا، دەژین.

وشەی ئەنارکی لە یۆنانییەکانەوە هاتووە، یانی کۆمەڵێک بێ هەبوونی پاوەر، هێز، دەسەڵات، بێ توندووتیژی، بێ حکومەتیی، چونکە حکومەت سەرچاوەی توندووتیژیی و بەستنەوە و بەربەست و زۆرلێکردنە.

لەبەرئەوە ئەنارکی یانی بێ نیزامی و پشێوی نییە، وەکو ئەوەی کە پێشتر تێگەیشتبوی. لە ڕاستیدا زۆر تەواو پێچەوانەکەیەتی، یانی بێ حکومەتی لە ئازادیی و سەربەستیی. بێ نیزامیی و پشێوی منداڵی دەسەڵات و ڕک و بەزۆرکردنە. ئازادیی دایکی نیزامە " تۆش دەڵێیت **" ئایدیایەکی، نموونەیەکی جوانە " بەڵام تەنها فریشە تێیدا خۆی دەبینێتەوە"**

کەواتە با لێگەڕێین و ببینین ئایا دەتوانین باڵەکان پەیدابکەین کە پێویستمان پێیەتی بۆ ئەو قۆناخە نموونەییەی کۆمەڵ.

## بەندی دوو

# ئەنارکیزم چییە؟

برادەرەکەت پرسیار دەکات " **دەتوانیت بە کورتی پێمانبڵێیت؟" "بەڕاستی ئەنارکیزم چییە؟"** هەوڵدەدەم. تەنها لە چەند وشەیەکدا، ئەنارکیزم فێرماندەکات کە دەتوانین لە کۆمەڵێکدا بژین کە بەدەربێت لە هەر جۆرێکی ناچارکردن و زۆرەملێ. ژیانێکی سروشتی و سەربەستانە کە ناچار نەکرابیت بەکردنی، یانی ئازادیی لەبری زۆر و زۆرکاریی، کە بوونی بەختی ژیانێکە، کە باشترین شایستەتە.

تۆ ناتوانیت ئەم ژیانەی کە لە سەرەوە باسمکرد بژیت مەگەر خۆت بە دوور بگریت لە دەزگەکانی، کە ئازادیی تۆ دەستەمۆ دەکەن و دەستوەردان لە ژیانتا دەکەن. هەل و مەرجێکی بۆ دروستکردویت کە تۆ ناچاردەکات کە کاردانەوەی جیاوازت هەبێت لەبری ئەوەی کە لە ڕاستیدا ئارەزوی دەکەیت.

ئەو دەزگایانە و هەل و مەرجەکانی کامانەن، چین؟ با پێش هەمووشتێک لێگەڕێین و بزانین دەبێت چی بکەین تاکو لەو شتانە بەدوور بین بۆ ئەوەی ژیانێکی ئازاد و پێکەوەسازان و گونجاو دەستەبەر بکەین. کاتێک کە دەزانین ئەو شتە کامەیە کە دەبێت هەڵوەشێتەوە و چی لە جێگەیدا دابنێینەوە، ئەو کاتە ڕێگاکە بۆ کردنی ئەو کارە دەدۆزینەوە.

کەواتە دەبێت چی هەڵوەشێتەوە تاکو ئازادیی دابینبکەین؟ بێ گومان یەکەم شت دەرگیرییەکانی ژیانتە کە بەربەستن و دەرفەتیان بۆ

نەهێڵاویتەوە، یاخود دەتوەستێنێت لە کردنی چالاکییەکانتا، کە ئازادانە دەتەوێت بیکەیت. هەروەها ئەو شتانەی دەستوەردانە لە ئازادیی و ناچارت بەوە دەکات کە جیاواز بژیت لەوەی کە بژاردەی خودی خۆتە. ئەو شتەش حکومەتە.

ئێستا بە باشی تەماشای بکە کە دەبینیت حکومەت گەورەترین داگیرکەرە، لەوەش زیاتر تاوانبارترین کەسە کە هەرگیز زانیبێتت. ئەوە کە دونیا پڕ لە توندووتیژی، لە ساختە و گەندەڵی، لە خەڵەتاندن لەگەڵ سەرکوتکردن و نائومێدیی، دەکات، وەکو بیرمەندێکی گەورە وتویەتی " **هەڵمژینی هەواکەی ژەهرە**" حکومەت دەستکاری هەر شتێک بکات گەندەڵی دەکات.

تۆش دەیسەلمێنیت " **بەڵێ حکومەت یانی توندووتیژی، هەرەوەها شەیتانە" بەڵام ئایا بێ ئەو دەتوانین؟"**

" ئەوە ئەوەیە کە تەنها دەتەوێت قسەی لەسەر بکەیت. ئەگەر ئێستا من پرسیار لە تۆ بکەم، ئایا حکومەتت دەوێت؟ من دڵنیام کە تۆ لە وەڵامدا دەڵێیت ناتەوێت، بەڵام ئەوانی تر حکومەتیان پێویستە. بەڵام ئەگەر تۆ پرسیار لە هەر یەکێک لەوانەی تر بکەیت، ئەوانیش وەڵامی تۆیان دەبێت، ئەویش دەڵێت نا پێویست نییە بەڵام" **بۆ ئەوانەی دیکە**" پێویستە.

بۆچی هەموو کەسێک وابیر دەکاتەوە کە دەتوانێت ئەوەندە ماقوڵ بێت کە بە بێ پۆلیس، ژیان بەرێتە سەر بەڵام کوتەک بۆ " **ئەوانی تر**" پێویستە؟. تۆ دەڵێیت" **خەڵکی دزی و ڕاووڕوت لە یەکدی دەکەن و یەکدی دەکوژن ئەگەر حکومەت و یاسا نەبێت؟** خۆ ئەگەر ئەوە

بکەن، بۆچی ئاوادەکەن؟ ئایا ئەوە هەر بۆ خۆشی دەیکەن، یاخود بە هۆکاری دیاریکراو دەیکەن؟ ئەگەر هۆکارەکانیان بپشکنین، ئەوە چارەسەری هۆکارەکان دەدۆزینەوە. با وایدابنێین تۆ و من و ئەوانی تر لە پاپۆڕێکدا نوقم بوین دواتر خۆمان لە دوورگەیەکی دەوڵەمەند بە میوە و خواردنی هەمە جۆر دۆزییەوە، بێ گومان دەبێت هەمومان پێکەوە بۆ کۆکردنەوەی میوەکان و خواردنەکان کاربکەین. بەڵام وایدابنێ یەکێکمان بڵێ ئەوە هەمووی هی ئەوە و هیچ کەسمان دەمی بۆ نابەین پێشئەوەی شتێکی بدەینێ. ئەو کاتە ئێمە توڕە دەبین، ئاوا نییە؟ تۆ پێکەنینت بە تەماحەکەی، خۆپەرستییەکەی، دێت. ئەگەر ویستیشی بیکاتە گرفت لەسەری، ڕەنگە ئێمەش فڕێی بدەینە ناو دەریاکەوە تاکو بە هەقی خۆی بگات، ئایا وا نابێت؟ لەوەش زیاتر، با وایدابنێین خودی خۆمان و باوک و باپیرانمان ئەم دوورگەیەیان کێڵاوە و خۆشکردووە و پڕمانکردووە لە هەموو شتێک کە بۆ ژیان و خۆشی خۆمان پێویستمانە و بەڵام یەکێک دەگاتە ئێرە و دەڵێت هەمووی هی ئەوە، باشە ئێمە چی دەڵێین؟ ئێمە ئەو فەرامۆشدەکەین و گوێی پێنادەین، وا نییە؟ ڕەنگە پێی بڵێین دەتوانێت بەشداریمان بکات و بە یەکەوە کاربکەین. بەڵام تۆ وایدابنێ کە ئەو پێداگریی لەسەر خاوەندارێتی دوورگەکە دەکات و پارچەیەک کاغەزیش دەردەهێنێت و دەڵێت ئەوەش بەڵگەنامە کە هەموو شتێک هی ئەوە؟ ئێمەش پێی دەڵێین ئەو کەسێکی شێتە و لێیدەگەڕێین و سەرقاڵی کاری خۆمان دەبین. بەڵام ئەگەر حکومەتی لە پشت بوو، ئەو داوا لە حکومەت دەکات تاکو "**مافەکانی**" بپارێزێت، ئەو کاتەش حکومەت

پۆلیس و سەرباز دەنێرێت و ئێمە دەردەکەن ئەو کاتە " **بە یاسا خاوەندارێتی دەسەپێنرێت**"

ئەوە وەزیفەی حکومەتە، ئەوە هۆکاری بوونی حکومەتە و هەمیشەش ئەوە دەکات.. ئایا ئێستاش هەر ئاوا بیردەکەیتەوە کە بێ ئەم شتەی کە ناوی حکومەتە دەبێت دزی لەیەکدی بکەین و یەکتر بکوژین. ئایا ڕاستتر نییە کە بە هەبوونی حکومەت ئێمە دزی لە یەکدی دەکەین و یەکتر دەکوژین؟ چونکە حکومەت ئاسایش و ئازادیی ئێمە لە مافی خاوەندارێتیمانا، ناپارێزێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیبات بۆ ئەوانەی کە مافیان نییە هەر وەکو لە بەندەکانی پێشتر بینیمان. ئەگەر بەیانی کە لە خەو هەڵسایت هەواڵت زانی کە چی دی حکومەت نەماوە، ئایا یەکسەر بە پەلە دەچیتە سەر شەقام و یەکێک دەکوژیت؟ بێ گومان نایکەیت، چونکە دەزانیت ئەوە کارێکی بێ مانایە. ئێمە قسە بە ژیرییەوە دەکەین، لەگەڵ مرۆڤەکانا، پیاوانی ناژیر [کاڵفام] لە داڵدەی دکتۆرەکان و ئەوانەن کە سەرپەرشتی کەسانی دەرون نەخۆش، دەکەن. ئەوانە دەبێت لە خەستەخانە بن بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشییەکەیان.

بژاردەکە ئەوەیە ئەگەر تۆ یا 'جۆنسۆن' کە خەبەرتان بووەوە کە حکومەت نەماوە، ئێوە دانانیشن و پاڵی لێبدەنەوە، بەڵکو لەو بارودۆخە نوێیەدا سەرقاڵی ڕێکخستنی ژیانی خۆتان دەبن.

بی گومان گریمانی زۆر هەیە کە تۆ خەڵک ببینیت خۆیان لە خواردن مڕکردووە و تۆش بە برسێتی ژیاندەکەیت. ئەو کاتە تۆش داوای ئەوە دەکەیت کە ماف یا بەختی خواردنت هەبێت، کە ئەوەش مافی

تەواوی خۆتە، هەروەها هەموو کەسێکی دیکەش. کەواتە ئەمەش یانی ئەوەیە کە خەڵکی هەر ئاوا دانانیشێت لە بەشی خۆی زیاتر لە شتە باشەکانی ژیان بۆ خۆی بەرێت، بەڵکو دەیانەوێت هەمویان بەشدار بن لەوەدا. لەمەش زیاتر مانای ئەوەیە کە هەژاران ڕەتیدەکەنەوە کە بە هەژاری بمێننەوە و ئەوانی تر لەو پەڕی ناز و خۆشیدا پاڵی لێبدەنەوە. ئەمە یانی ئەوەی کە کرێکار ئامادە نابێت کە بەرهەمەکەی بداتە بەڕێوەبەرەکەی کە ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئەو " خاوەنێتی" خاوەنی کارگەکە و هەموو شتێک کە لەوێ دروستدەکرێت. یانی ئەوەی کە کێڵگەوانێک مۆڵەتی ئەوە نادات کە هەزاران دۆنم ئاوا بە بەیاریی [ نەکێڵراو] بمێنێتەوە کاتێک کە ئەو پارچەیەک زەوی نییە کە کۆمەکی خۆی و خێزانەکەی پێبکات. یانی ئەوەی کە هیچ کەسێک مۆڵەتی ئەوە نادات کە پاوانەی زەوی یاخود ماشێن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ، بکات. یانی ئەوەی کە خاوەندارێتی تایبەتی سەرچاوەکانی ژیان، چی تر قەبوڵناکرێت. ئەمانە بە گەورە تاوان دادەنرێن بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی زیاترن لەوەی کە دەتوانن لە دەرزەنێک تەمەنی [ماوەی] ژیاندا بەکاریبهێنن، لە کاتێکدا دراوسێکانیان نانی تەواویان بۆ منداڵەکانیان، نییە. یانی ئەوەی کە هەموو پیاوان هاوبەشیی لە سامانی کۆمەڵایەتیدا دەکەن و هەمووان یارمەتی بەرهەمهێنانی ئەو سامانە دەکەن.

بە کورتی یانی بۆ یەکەم جار لە مێژودا ماف و دادوەریی و یەکسانیی، لەبری یاسا سەردەکەوێت.

تۆ ئیتر دەبینیت ڕزگاربوون لە حکومەت هەر ئاوا یانی هەڵوەشاندەنەوەی پاوانەکردن و خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی

بەرهەمهێنان و دابەشکردن.

ئەمانە بەدووی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتدا دێن، ئیتر کرێی کۆیلایەتی و کاپیتالیزم دەبێت لەگەڵیدا بڕوات و نەمێنێت، چونکە هیچ کام لەمانە بە بێ یارمەتی و کۆمەک و پاراستنیان لە لایەن حکومەتەوە، ناتوانن ببن. هەر وەکو کابرای کە پێشتر باسمکرد، ئیدیعای پاوانە و خاوەنداریێتی دوورگەکەی دەکرد، نەیدەتوانی داخوازییە شێتانەکەی بە بێ یارمەتی حکومەت، بکات.

کاتێک بە بێ حکومەت ئازادیی دەبێت، ئیتر کردنی هەل و مەرجی ئەم شتانە دەبێت، ئەمە ئەنارکییە. کاتێکیش کە یەکسانی دەخرێتە جێگای موڵکییەتی تایبەتییەوە، ئەوە شیوعییەتە، دەبێتە کۆمۆنیست ئەنارکیزم. برادەرەکەت هاواردەکات " **بەڵێ بەڵێ، کۆمۆنیزمە " بەڵام تۆ وتت تۆ بەلشەفیک نیت!** " نا، من بەلشەفیک نیم چونکە بەلشەفیکەکان حکومەتێکی بەهێزیان دەوێت یاخود دەوڵەت، لە کاتێکدا ئەنارکیزم یانی ڕزگاربوون لە دەوڵەت، یاخود حکومەت بە یەکەوە. تۆ داوادەکەیت و دەڵێیت " **بەڵام ئەی بەلشەفیکەکان کۆمۆنیست نین؟** بەڵێ بەلشەفیکەکان کۆمۆنیستن، بەڵام ئەوان دیکتاتۆرییەتیان دەوێت، حکومەتی خۆیان دەوێت بۆ زۆرکردن لە خەڵک تاکو لە کۆمۆنیزمدا بژین. بە پێچەوانەوە کۆمۆنیست ئەنارکیزم، خۆبەخشانە کۆمۆنیزمی دەوێت، کۆمۆنیزمی دەوێت بەڵام لە بژاردەی ئازادییەوە.

برادەرەکەت دەیسەلمێنێت و **دەڵێت " ئێستا جیاوازییەکە دەبینم. بێ گومان باشە. بەڵام بەڕاستی تۆ وابیردەکەیتەوە کە گریمانی بوونی هەیە؟**

## بەندی سێ

# ئایا ئەنارکیی گریمانی کردنی هەیە؟

تۆ دەڵێیت ″ **ڕەنگە ئەگەری کردنی هەبێت″ ″ ئەگەر بتوانین بە بێ حکومەت بیکەین، بەڵام ئایە دەتوانین ؟**″ باشترین وەڵامێک بۆ پرسیارەکە ڕەنگە پشکنینی یاخود چاوگێڕانەوەیەک بە ژیانی خۆتدا بێت. حکومەت چ ڕۆلێکی لە بوونی تۆدا هەیە؟ باشە یارمەتی ژیانت دەدات؟ ئایا خواردن و پۆشاک و جێگات دەداتێ؟ ئایا لە کار و یارییدا پێویستت بە یارمەتی ئەو هەیە؟ ئەگەر تۆ نەخۆش بیت، تۆ داوای دکتۆر دەکەیت یاخود پۆلیس؟ ئایا حکومەت دەتوانێت توانایەکی باشترت لەوەی کە سروشت پێی بەخشیوی، بداتێ؟ ئایا دەتوانێت لە نەخۆشی و پیریتی یاخود مردن بتپارێزێت؟

گەر چاوێک بە ژیانی ڕۆژانەتا بگێڕیت لە ڕاستیدا دەبینیت کە حکومەت هیچ ڕۆڵێکی لە ژیانتا نییە مەگەر ئەو کاتانەی کە دەست لە کاروبارەکانت وەردەدات، ئەو کاتەی کە بەکردنی شتێکی دیاریکراو ناچارت دەکات، یاخود لە کردنی کاروبارەکانی دیکەدا ڕێگرتە. بۆ نمونە بتەوێت و نەتەوێت زۆرت لێدەکات کە باج بدەیت و کۆمەکی پێبکەیت. زۆرت لێدەکات کە پۆشاکی سەربازی بپۆشیت و بچیتە ڕیزی سووپاوە. حکومەت ژیانی تایبەتیت زەوتدەکات، زۆرت بەسەردا دەکات، فرمانت بەسەردا دەکات، هەڵسوکەوتت دیاریدەکات، بەگشتی ئاوا مامەڵەت دەکات وەکو ئەوەی ڕازیت بکات و گرفتت بۆ چارەسەر بکات. تەنات پێتدەڵێت کە بە چی باوەڕت هەبێت، ئەگەر پێچەوانەی ئەوەی کە ئەو دەیڵێت بیکەیت، سزات دەدات. ڕێنمایت دەکات کە چی بخۆیت وچی بخۆیتەوە، لەسەر گوێناڕایەڵیت و

وەلانەبردنت بۆی دەتخاتە بەندیخانە یاخود دەتکوژێت، لە هەموو هەنگاوێکی ژیانتا فرمانت بەسەردا دەکات و پاوانەت دەکات، وەکو منداڵێکی خراپ یاخود منداڵێکی نابەرپرس کە پێویستی بە دەستێکی بەهێزی لە ئەستۆگر [واریس] هەیە، ئەگەر فرمانەکەت بەجێنەهێنا زۆر یا کەم بەرپرسیارت دەکات.

ئەمە ئاوایە دواتریش دەڕوانینە وردەکاری ژیان لە سای ئەنارکیدا و هەروەها ئەو هەل ومەرج و دەزگەیانەی کە لەو کۆمەڵەدا بوونیان دەبێت: چۆن کاردەکەن و چ هەژموونێکیان لەسەر مرۆڤ دەبێت. بەڵام لە ئێستادا دەمانەوێت دڵنییابین لە باری یەکەمدا ئایا ئەو هەل ومەرجە ئەگەریی ڕوودانی هەیە، ئەنارکییەت کاری کردەیە.

تۆی کەسی ئاسایی لە ئەمڕۆدا ڕۆژەکەت چۆن لێدەڕوات؟ نزیکەی هەموو وەختەکەت لە دەسکەوتنی دەرامەتی ژیانت بەسەردەبەیت. تۆ ئەوەندە سەرقاڵی پەیداکردنی پارویەک نانیت بە دەگمەن وەختت بۆ لەزەتوەرگرتن لە ژیانت بۆ دەمێنێتەوە، لەو بارەشدا نە پارەت هەیە و نە ژیان. تۆ بەختەوەری ئەگەر سەرچاوەیەکی کۆمەکی ژیانت، یاخود کارێکت هەبێت. لە ئێستا و ئایندەشت سەردەمی سستی ئابووریی یەخەت دەگرێت: بەتاڵەیی سەرهەڵدەدات کە ساڵانە، لە هەر وڵاتێکدا بە هەزاران کەس، لە کارەکانیان دەردەکرێن. ئەو کاتەش یانی نەبوونی داهات ، نەبوونی مووچە و کرێی سەر کار، دڵەڕاوکێ و پشێوی دەرونیی، مەحرومبوون، نەخۆشیی، بێ ئومێدیی و خۆکوشتن، ئەنجامەکەیەتی. هەر ئاواش برسێتی و تاوانیش بڵاودەکاتەوە، بۆ کەمکردنەوە و سوککردنی باری هەژاریش خانو و بەخێر و پەناگا و شێڵتەر و خەستەخانەی خۆڕایی دروستدەکەین کە هەموو ئەمانەش بە پارەی باجی تۆ دەکرێت. بۆ بەربەستگرتن لە تاوان و سزادانی تاوانبارانیش، دووبارە هەر تۆ دەبێت کۆمەکی

دارایی بە پۆلیس، لێکۆڵەرەوە، هێزەکانی دەوڵەت، داداگا، پارێزەر، بەندیخانە و پاسەوانانی بەندیخانە، بکەیت. ئایا دەتوانیت بیر لە شتێک لەمانە زیاتر بێ مانا و ناکردەنی بکەیتەوە؟ لیژنەی یاسادانەر یاساکان دادەنێن، دادوەرەکان ڕاڤەی بۆ دەکەن، کارمەندانی جیا جیا جێبەجێی دەکەن، پۆلیس تاوانبار دەدۆزێتەوە و دەیگرێت دوای ئەمانەش یاساوڵەکانی بەندیخانە لە بەندیخانەی توندەکەن. بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان و دەزگەکان بەدزیکردن و سزادانی کابرای دزەوە سەرقاڵدەبن. دوایش پێداویستییەکانی بوونی پێدەدرێت، ئەوانەی کە وای لەو کرد کە لەیەکەم جاردا یاسای بۆ بشکێنێت. پاش ماوەیەکی کورت یا درێژ، ئەگەر کابرا نەتوانێت کاری دەستبکەوێت، سەر لەنوێ تێدەشکێت و ناژی و دەستدەکاتەوە بە دزیی، ئیتر سووڕی گرتن و دادگاییکردن و نێونانی بەندیخانەی دەستپێدەکاتەوە.

ئەمەی کە دەکرێت دڵڕەقییە بەڵام نموونەیەکی ڕوونی ئەحمەقانەی کاراکتەری سیستەمەکەمانە، بێ دەماخیی و نەتوانایی نیشاندەدات کە یاسا و حکومەت پاڵپشتیدەکەن. ئایا ئەمە مایەی سەرسامی و پرسیار نییە کە زۆرینەی خەڵک ئاوا خەیاڵدەکەن کە ناتوانین بێ حکومەت بژین، لە کاتێکدا کە لە ڕاستیدا واقیعی ژیانمان بە هیچ شێوەیەک بە حکومەتەوە بەند نییە، پێویست بەو نییە ، تەنها و تەنها کاتێک لە شوێنێکدا کە یاسا و حکومەت دەستتێوەردان دەکەن؟

بەڵام تۆ ڕەتیدەکەیتەوە و دەڵێیت" **بەلام ئەی ئاسایش و کاروباری گشتی، دەکرێت ئەوانەمان هەبێت بێ هەبوونی یاسا و حکومەت، کێ لە تاوانباران دەمانپارێزێت"**

ئەوەی کە ناوی " یاسا و نیزامی" لێنراوە، ڕاستییەکەی لەخۆیدا خراپترین پشێوی و بێ نیزامییە هەر وەکو لە بەندەکانی پێشتردا بینیمان. ئەو کەمە ئاشتی و نیزامییەی کە هەمانە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەست و ژیریی باش و هەوڵی هاوبەشیی خەڵکی، وێرای هەبوونی حکومەت. ئایا پێویستت بەوە هەیە کە حکومەت پێتبڵێت مەچۆرە بەردەم سەیارەیەکەوە کە لە بزوتندایە؟ ئایا پێویستت بەوە هەیە کە حکومەت فرمانت پێبکات کە لە پردی Brooklyn یاخود بورجی ئیفیڵی پاریسەوە باز مەدە؟

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بە تەنهایی ناتوانێت بوونی هەبێت، ئەو لە نێو کۆمۆنێتییەکان و کۆمەڵەکانا دەژی، پێویستی هاوبەش و بەرژەوەندی ناوکۆیی بەرەنجامی ڕێکخستنە دیاریکراوەکانە کە زەمانەتی ئاسایش و حەوانەوە و دڵدانەوەمان، دەکات. ئەم هاوبەشی کارکردنە ئازاد و خۆبەخشانەیە، پێویستی بە زۆر و سەپاندنی لە لایەن هیچ حکومەتێکەوە نییە. تۆ دەچیتە یانەیەکی وەرزشەوە، یاخود تیپێکی گۆرانییەوە لەبەر ئەوەی حەز و خولیات ئەوەیە، لەوێ کۆمەک بە ئەوانی دیکە دەکەیت بێ ئەوەی کەسێک بۆ ئەوە ناچارت بکات. زاناکان، نوسەرەکان، هونەرمەندەکان و داهێنەران بەدوای هاندان و بەهرە و کارکردنی هاوبەشدا دەگەڕێن. هۆکارەکان و پێویستییەکانیان باشترین پاڵنەرن، دەستتێوەردانی هەر حکومەت و دەسەڵاتێک تەنها هەوڵەکەیان بەربەستدەکات.

لە ڕاستیدا لە ڕێرەوی ژیاندا پێویستییەکان و حەز و مەیلەکانی خەڵک و کۆمەکی هاوبەشیان لە پاراستنی یەکدیدا، گردبوونەوەیان و یەککەوتنیان دروستدەکات، ئەوەش جیاوازیی نێوانی بەڕێوەبردنی شتەکان و حوکمکردنی مرۆڤەکانە، جیاوازییە لە نێوانی کردنی شتێک لە هەڵبژاردنی خۆت بە ئازادیی و لە نێوانی زۆرلێکردن و بەزۆر

پێکردن. ئەوە جیاوازی نێوانی ئازادیی و زۆرلێکردن و ناچاریکردنە، جیاوازی نێوانی ئەنارکیزم و حکومەت، چونکە ئەنارکیزم یانی هاوکاریی خۆبەخشانە لەبری بەشداریکردنی بەزۆر، یانی گونجان و پێکەوەهەڵکردن و نیزام لە جێگای دەستتێوردان و پشێوی.

تۆ دەڵێیت" **بەڵام ئەی کێ لە تاوان و تاوانکاران دەمانپارێزێت؟**

باشترە کە تۆ پرسیار لە خۆت بکەیت ئایا بەڕاستی حکومەت دەمانپارێزێت لەوان، حکومەت خۆی خولقێنەری هەل و مەرجی تاوان و پاریزەری ئەو هەل و مەرجانە، نییە؟ ئایا داگیرکاری و توندووتیژی کە هەموو حکومەتەکان پەنای بۆدەبەن ڕۆح و هەستی ڕک و کینە و بێ پشوویی [بێ تەحەمولیی] و چەوساندنەوە و تووندوتیژی زیاتر، ناچێنێت؟ ئایا لەتەک گەشەکردنی برسێتی و نادادوەری کە حکومەت دەیانژێنێتەوە تاوان زیاتر نابێت؟ ئایا خودی حکومەت خۆی گەورەترین ناعەدالەتی و تاوان نییە؟ تاوان سەرەنجامی بارودۆخەکانی ئابووریی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و هەڵە و خراپەکارییە کە حکومەت و قۆرخکردن دایک و باوکیەتی. حکومەت و یاسا تەنها دەتوانێت سزای تاوانبار بدات، نە حکومەت و نە یاسا نە چارەسەری تاوان دەکەن و نە دەشتوانن بیوەستێنن. تەنها چارەسەری حەقیقی تاوان، هەڵوەشاندنەوەی هۆکاری بوونی ئەو هەل و مەرجەیە، حکومەتیش هەرگیز ئەمە ناکات چونکە خودی حکومەت بۆ پاراستنی ئەوانە لەوێیە و بوونی هەیە. بنەبڕکردنی تاوان بێ لەباربردنی ئەو زروف و ژینگەیەی ئافراندویەتی، ناکرێت، ئەمەش حکومەت ناتوانێت بیکات.

ئەنارکیزم یانی ڕزگاربوون لەو هەل و مەرجانە. تاوان لە حکومەتەوە سەرچاوە دەگرێت، لەسەرکوتکردن و نادادوەرییەکەی ئەوەوەیە، لە

نایەکسانی و هەژارییەوە ، کە لە سای ئەنارکیدا ئەوانە نامێنن. ئەمانە تا ڕادیەکی زۆر ڕێژەیەکی گەوەرە سەرهەڵدانی تاوان، دروستدەکەن.

هەندێک لە تاوانەکانی دیکە هەتا ماوەیەک بەردەوامدەبن، وەکو ئەوانەی کە لە ئیرەییەوە، سۆزەوە و لە گیانی زۆرلێکردن و توندووتیژی کە تاکو ئەمڕۆ دونیای داگیرکردووە. بەڵام ئەوانەی تر وەکو وەچەی دەسەڵات و موڵکداریێتی وردە وردە لە سای زروفێکی لەباردا و بە لەناوچوونی ژینگەی نشوونمایان، ئەوانیش لەناودەچن.

لەبەر ئەوە ئەنارکی نە تاوان بەرهەمدەهێنیت و نە زەمینەی بە پیت بۆ گەشەی تاوان دروستدەکات. ناو بەناو کاری دژە کۆمەڵایەتی دەبینرێت کە پاشماوەی هەل و مەرجە نەخۆشییەکان و هەڵوێستەکانی پێشوون، ئەمەش لە ڕێگای حاڵەتی ناتەندروستی حاڵەتی مێشکییەوە، چارەسەر دەکرێت ، نەک وەکو تاوان.

ئەنارکی هەوڵی دابینکردنی خواردن بۆ " تاوانبار" دەدات و کاری بۆ زامندەکات، لە بری چاوەڕوانکردنی و دادگاییکردنی و بەند کردنی، لە کۆتایشدا خواردن بۆ ئەو و زۆرێک لەوانی دیکە، دابیندەکات. تەنانەت ئەم نموونەیە تەواوی ئەوەش نیشاندەدات کە چەندێک ژیان بە بەراورد بە ئێستا هەستیارتر و ژیرانەتر و سادەترە لە سای ئەنارکیدا.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژیانی هەنووکە کردەیی نییە، ئاڵۆز و شێواو و پەشێوییە، هەروەها لە هیچ دیدێکی ژیانەوە مایەی ڕازیبوون نییە، هەر بۆیەش پڕە لە هەژاریی و نائومێدیی و بێزاریی. کرێکار ناڕازییە، خاوەنکار دڵخۆش نییە و بەردەوام لە نیگەرانیدایە سەبارەت بە " کاتە خراپەکان" کە موڵک و دەسەڵات لەدەستدەدا. لەم بارەدا دەوڵەمەند و

هەژار وەکو یەک دەترسن سەبارەت بە ئاینده، کە چی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

بە گۆڕینی حکومەت و سەرمایەداریی بۆ دۆخی بێ حکومەتی، واتە ئەنارکیی، بە دڵنیاییەوە کرێکاران هیچیان نییە لە دەستیبدەن. چینی مامناوەندیش وەکو کرێکاران لە بوون و مانەوەیان، دڵنیا نین، ئەوان پاشکۆ و پابەندی نێتباشی و کاری باشی کارگە و بازرگانانی جوملەفرۆش و پەیوەستبوونەوەی پیشەسازی و سەرمایەن، ئەوان هەمیشە لە مەترسی نابوتبوون و داڕماندان.

تەنانەت سەرمایەداری گەورەش بە گۆڕینی سیستەمی هەنووکە بۆ ئەنارکی کەمتر خەسارمەند دەبێت، چونکە لە سای ئەنارکییدا هەموو کەس زەمانەتی ژیانی حەساوە و خۆشیی هەیە، مەترسی کێبڕکێ بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی، لەناودەچێت. هەموو کەس دەرفەتی تەواوی بێ هیچ ڕێگرییەک دەبێت کە لەزەت لەژیانی بەو پەڕی توانایەوە، ببینێت. ئەوەشی بۆ زیاددەکەم کە لە کۆمەڵی ئەنارکیدا هۆشیاریبوونە بە ژیان، بە ئاشتیانە و پێکەوەیی و گونجانە، هەستی ڕزگاربوونە لە نیگەرانی دارایی و ماتریاڵەکان. تێگەیشتنە لەوەی کە تۆ لە دونیای دۆستانەدایت کە هیچ ئیرەییەک یاخود ململانێی بزنس مێشکت جەنجاڵ ناکات، لە دونیای برایانا، لە ژینگەیەکی ئازادیی و خۆشگوزەرانی گشتیدا ژیان بەسەردەبەیت.

تا ڕادەیەکی زۆر ئەوە بە مەحاڵ دەبینیت یاخود پێشبینیی ئەوە بکەیت کە لە کۆمەڵی کۆمۆنیست ئەنارکیزمدا دەرفەتێکی ئاوا باش و جوان بۆ مرۆڤ، بڕەخسێت، زانا بتوانێت بە تەواوی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوەی بایاخی پێدەدات بێ ئەوەی لەسەر پەیداکردنی نانی ڕۆژانەی هەراسان بکرێت. یاخود داهێنەر هەموو ئاسانکارییەکی وەهای لە

بەردەمیدابیت تا بتوانێت بۆ سوودی بەشەرییەت لە ڕێگای ئاشکراکردن و داهێنانەکانییەوە، بدۆزێتەوە. لات زەحمەتدەبێت نوسەر، شاعیر، هونەرمەند، هەموویان ڕێگایان پێبدرێت کە لەژێر باڵی ئازادیی و گونجان و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی تا ئاستێکی گەورە و باڵا، ئەوەی دەیانەوێت بەدەستیبهێنن و گەشە بکەن.

لە ڕاستیدا تەنها کاتێک و سەردەمێک کات و سەردەمی ئەنارکییە کە ماف و دادوەریی دابیندەبیت. ڕۆڵی هەست و سۆز لە ژیانی مرۆڤ یاخود نەتەوەدا بە کەم مەگرە، چونکە ئێمە بە تەنها هەر بە نان ناژین، ڕاستە ئەگەری خودی بوون و مانەوە نییە بێ بوونی بواری تێرکردنی پێویستیە جەسەدەییەکانمان. لەگەڵ ئەوەشدا تێربوون بە ئەوانەش بەڵگەی دەستەبەرکردنی هەموو ژیان نییە. سیستەمی مەدەنی هەنووکەییمان بە مەحرومکردنی ملیۆنەها لە مافەکانیان، سکی بەتاڵ و و زمانی بەستراوی چەقی گەردوون بە قسە دەهێنێت. بەڵام لە کۆمەڵێکی ماقوڵدا لەگەڵ هەبوونی زۆر شت بۆ هەموان پرسی بوون و مانەوە، زامنکردنی ژیان، بەڵگە نەویستە وەکو هەوا بۆ هەموان. هەست و سۆزی مرۆڤ سەبارەت بە ماف و دادوەری هەلی پێشکەوتن و ڕەزامەندی بۆ فراوانبوون و گەشەی مرۆڤ، دەڕەخسێنێت، تەنانەت هەتا ئەمڕۆش ئەو هەست و سۆزە بۆ دادوەرریی و ویژدان تا ئێستاش ڕۆڵێکی زیندوانە لە دڵی مرۆڤدا دەگێڕێت، سەرەڕای چەند چەرخێک لە سەرکەوتکردن و خراپەکاریی. ئەو هەست و سۆزە هێشتا بنەبڕ نەکراوە و ناتوانرێت بنەبڕبکرێت چونکە شتێکە لە بووندایە زکماکییە و هەستێکی غەریزەییە لە مرۆڤدا و بەهێزە وەکو غەریزەی بەرگریی لە مانەوە، هەر ئاوا زەروویشە بۆ بەختەوەریمان. هەموو ئەو هەژارییە کە هەمانە لە دونیادا ئەمڕۆ، لە کەمی ماتریاڵە خۆشگوزەرانێکانەوە کە پێویستن، نایەن. مرۆڤ

لەتەک برسێتیدا باشتر هەڵدەکات، پشوودرێژترە تاکو لەتەک زوڵم و نادادوەریی. ئەو هەست و بە ئاگاییەی کە مامەڵەیەکی نارەوایانەت لە بەرانبەریدا پێدەکرێت، ئەوە پاڵت پێوەدەنێت بۆ دەربڕین و کردنی نارەزایی و یاخیبون هەر بەو خێراییەی کە برسێتی پێتدەکات، کە رەنگە خێراتریش بێت. ڕەنگە برسێتی هۆکاری ڕاستەوخۆ بێت بۆ هەموو یاخیبون یاخود ڕاپەڕینێک، بەڵام لە پەنای برسێتییەکەوە دژایەتی و ڕک و کینیەی جەماوەر دژ بەوانەی کە لەسەر دەسستیانا زوڵم زۆر و نادادوەری، دروستدەبێت، خۆی مەڵاسداوە. ڕاستییەکە ئەوەیە ماف و دادوەریی ڕۆلێکی گرنگی زیاتر لە ژیانمانا دەگێڕن زیاتر لەوەی کە زۆر کەس بە ئاگان لەم ڕاستییە. ئەوانەی کە نکوڵی ئەمە دەکەن، لە سروشتی مرۆڤ و مێژوو کەم دەزانن. لە ژیانی ڕۆژانەدا تۆ بە بەردەوامی دەبینیت کە خەڵک غەزەبیان لێدەبارێت دەربارەی ئەوەی کە بە زوڵمی دەزانن. "ئەوە ڕاست و دروست نییە" بۆیە مرۆڤ بە غەریزە نارازییە کاتێک کە هەست بەوە دەکات کە شتێک هەڵەیە، بەرەنگاری دەبێتەوە. بێ گومان چەمکی ڕاست و ناڕاست لای هەر کەسێک دەکەوێتە سەر نەریت و ژینگەی چونێتی پەروەردە و گەورەبوونی کەسەکە، بەڵام تێگەیشتن لەو چەمکە و سروشتی کەسەکە هەرچۆن بێت، هۆکاری سروشتیانەی بێزارییە لە کارەکە، کە باوەڕی وایە هەڵەیە و دادپەروەری تیادا نییە.

لە ڕوی مێژوویشەوە هەر ئەوە ڕاستە، زۆرێک لە یاخیبوون و جەنگەکان لەسەر ئایدیای ڕاست و هەڵە، دروستی و نادرروستی، بووە، زیاتر لەوەی لەسەر هۆکاری ماتیریاڵ بیت. ڕەنگە مارکسیستەکان بۆچونەکەمان سەبارەت بە ڕاستی و هەڵەی ئەمە ڕەتبکەنەوە کە بەستراوە بە هەل و مەرجەکانی ئابوورییەوە، بەڵام ئەوە هیچ لە حەقیقەتەکە ناگۆڕێت کە هەست و نەستی دادوەریی و

ماف هەموو کاتەکان هانی خەڵکی داوە بۆ پاڵەوانێتی و گیانبەختکردن لە پێناوی نموونەیەکی باشترا.

مەسیحی و بووزییەکان لە هەموو تەمەنەکانا بە هۆکاری ماتیریاڵەکانەوە ناوبانگیان دەرنەکردووە، بەڵکو بە هۆی خۆتەرخانکردنیانەوە بۆ پرسی ماف و دادوەریی. ڕابەر و کەسە دیارەکان لە هەموو هەوڵە بەشەرییەکانا بەدناوکراون و چەوساندوەی زۆر و هەتا مردنیشیان چێشتوە، نەک بە هۆکاری کەسایەتییانەوە، بەڵکو بە هۆی باوەڕبوونیانەوە بە دادوەری پرسەکانیان. John Husses، Luthers، Brunos، Savonarolas، Gallileos ژمارەیەکی زۆرری تر لە ئیمانداران و نموونە باڵاکانی تر لە پێناوی پرسی هەق و مافدا، جەنگاونن و پاڵەوانانە مردون.

هەر ئاواش لە مەیدانی زانست و فەلسەفە و هونەر و هەڵبەست و هەروەها پەروەردەدا پیاوان لەسەردەمی سوقراتەوە تا ئەم چەرخە نوێیە ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی حەقیقەت و دادوەری تەرخانکردووە. لە بواری تەشەنەکردنی سیاسەت و کۆمەلایەتیدا لە Moses و سپارتاکۆسەوە دەستی پێکردووە و کەسە شەریفەکانی بەشەرییەت ژیانی خۆیان بۆ نمونەی باڵای ئازادیی و یەکسانی بەسەربردووە. ئەم هێزە پاڵپێوەنەرە لە نمونەی باڵا بە تەنها بۆ چەند تاکێک نەبووە، بەڵکو جەماوەر هەمیشە بەهرەی لێوەرگرتووە. بۆ نموونە شەڕی ئەمەریکا بۆ سەربەخۆیی بە بێزاری جەماوەری لە کۆلۆنیاکان دژ بە زوڵم و زۆری سیستەمی باج کە بە بی پرس و نوێنەرایەتیبوونی خەڵکەکە، دەستپێکرد. جەنگی صەلیبی بۆ دووسەد ساڵ لە هەوڵی دەستەبەرکردنی زەوی پیرۆز بۆ مەسیحییەکان، بەردەوام بوو. ئەم نموونە دینییە هانی شەش ملیۆن کەسی دا تەنانەت منداڵانیشی

چەکدار کرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو پرسە قورسە، ئەو پەتا و مردنەی کە باسی لێنەدەکرا، بەناوی ماف و دادوەرییەوە. تەنانەت ئەم جە نگە جیهانییەی دوایی کە جەنگی سەرمایەداریی بوو هەم لە هۆکاری ڕوودانی و هەم سەرەنجامەکەشی، کە بە چەندەها ملیوێن مرۆڤ کراوە کە دڵسۆزبوون و باوەڕیان وابووە کە بۆ پرسی دادپەروەری و دیمۆکراتی و کۆتاییهێنان بە هەموو جەنگەکانە.

لە ڕێڕەوی مێژوودا لە ڕابووردوو لە چەرخی مۆدیرەنەشدا جوڵانی هەست بۆ ماف و دادوەریی، خەڵکی چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵیش خرۆشاندووە بەرەو کاری خۆبەختکردن و خۆتەرخانکردن و بۆ بەهێزبوونی و باڵادەستی بۆ ڕزگاربوونی لە خەمۆکی و بەرەو ژیانێکی باشتر لە ڕۆژانی ئێستای. بێ گومان تراژیدیایە کە ئەم نموونانە بە چەوساندنەوە و توندووتیژی و سەربڕینەوە، دەربڕینیان لە خۆیان کردووە. دڕندەیی و خۆپەرستی مەلیک و پیاوەدینییەکان [کاهینەکان] و پیاوانی کەنسیەو سەییدەکان، جەهل و تووندڕەوییەتی ئەو فۆرمانەیان بڕیارداوە. بەڵام ئەو ڕۆح و بەهرەیەیەی کە ئەوانی پڕ کردبوو ئەوانە پرسی ماف و دادوەری بوون، هەموو ئەزموونە پێشینەکان سەلماندیان کە ئەم ڕۆح و بەهرەیە زیندووە و بەهێزە و هێزێکی باڵادەستە لە سەراپای ژیانی بەشەرییەتدا.

هەل و مەرجەکانی بوونی هەنوکەییمان وردە وردە لاواز دەکات و هەڵیدەوەشێنێتەوە ئیدی مرۆڤە شەریفەکان و چالاکیەکان و ئامانجەکانی دەگۆڕێت بە هێزێک کە چی دی ناتوانێت بە پشوو بێت دەیکاتە بەشێک لە هێزی قەبوڵنەکردن و هاندان و ڕک و کینە و هەروەها تێکۆشان. کاتێک کە مرۆڤ لە هەژموونی بۆگەنی سوودە ماتریاڵەکان ئازاد دەبێت و لە جەهالەت و دوژمنایەتی چینایەتی ڕزگاریدەبێت ، ئەو کاتە ڕۆحە سروشتییەکەی بۆ ماف و

دادپەروەریی شێوەیەکی نوێ لە گۆڕانکاری دەدۆزێتەوە لەتەک فۆرمێک کە بەرەو برایەتییەکی گەورە و نێتباشی دەچێت، بەرەو ئاشتەوایی تاک و گونجان و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی دەڕوات.

تەنها لەسای ئەنارکیدا بە ئەم ڕۆحیەتە ئەم سروشە گەشەی خۆی بە تەواوی دەگات، خۆی لە سوکایەتی و بەکەمگرتن و ملاملانێی سەخت بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژانە، ئازاد دەکات، ئەو کاتە هەموان هاوبەشی کار و خزمەتگوزارییەکان دەبن، باشترین کواڵەتیەکانی دڵ و مێشکی مرۆڤ دەرفەتی گەشە و جێ بەجێکردنێکی بە سوودیان ، دەبێت، لە ڕاستیدا مرۆڤ کار و کاردانەوەی لە سروشتدا بە شێوەیەک دەبیت کە هەتا ئێستا مەگەر لە خەویدا بینیبێتی.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە ئەنارکی نموونەییە نەک بە تەنها بۆ توخمێک یا خود چینێکی تایبەت، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی، چونکە بە مانای هەست و وشە سوودمەندە بۆ هەموومان، چونکە ئەنارکیزم فۆرمیلەیەکی ئارەزوومەندی گلۆبەڵی و هەمیشەیی مرۆڤایەتییە.

لەبەر ئەوە هەموو ژن و پیاوێک بەو پەڕی وزەوە دەبێت ئارەزوویان لە بەدەستهێنانی کۆمەڵی ئەنارکی هەبێت. گەر جوانی و عەدالەتی ئەم ژیانە نوێیە بزانن، بە دڵنیاییەوە ئەمە دەکەن، ئەگەر هەموو کەسێک بەتاڵ نەبێت لە هەستی و هەستکردنێکی تەندروستیانە مەیلی بۆ ئەنارکیزم هەیە. هەر ئاواش هەموو کەسێک کە لە دەستی هەڵە و نادادوەریی و خراپەکاری و گەندەڵی و هەروەها و پیسی و پۆخڵێتی ژیانی ئێستامان، ڕزگاری دەبێت ئیتر بە غەریزەی سروشیانەی خۆی سۆزی بۆ ئەنارکیزم دەبێت، هەر کەسێک کە دڵی مردوو نەبێت بەرانبەر بەزەیی و بەڕەحمی و سۆز و هەروەها بە بەتەنگەوەهاتنی هاوەڵەکانی، دەبێت ئارەزوی لە فێربوونی ئەنارکیزم هەبێت. هەر

یەکێک کە هەژاریی و نائومێدیی و زوڵم و زۆر و سەرکوتکردن دەچێژێت دەبێت بەخێرهاتن لە ئەنارکیزم بکات. هەموو ئازادیخوازێک دادخوازێک لە ژنان و پیاوان پێویستە کار لەسەر تیگەیشتنی بکەن.

لە یەکەم پلەداو لەوەش گرنگتر، ملکەچپێکراوان و غەرقبووان لەم دونیایەدا دەبێت ئارزوومەندی بن. هەر ئاواش ئەوانەی کە کۆشکەکان دروستدەکەن و خۆیان لە کوخەکانا دەژین، کە مێزی ژیان دەڕازێننەوە بەڵام مۆڵەتی هاوبەشیکردنی نانیان پێنادرێت، ئەوانەی کە سامانی دونیا دروستدەکەن و لەمیراتەکەی حەرامن و ژیان پڕ خۆشی و تیشک وزەی ڕۆژدەکەن و خۆیان لە قوڵایی سێبەری تاریکیدا دەژین سامسۆنی ژیانیان لە وزە و توانایانا لەلایەن دەستی ترس و بێ دەربەستیەوە، زەوتکراوە، پاڵەوانانی، زەبەلاحانی بێ دەسەلاتی کار، پڕۆلیتاریەکانی عەقڵ و ماسولکە، جەماوەری پیشەسازی و کشتوکاڵ - هەموو ئەمانە دەبێت بە خۆشییەوە باوەش بۆ ئەنارکی بکەنەوە.

ئەنارکیزم بۆ ئەوانەیە کە هێزێکی گەوەرەی سەرنجڕاکێش و کارای هەیە، ئەوە ئەوانن کە یەکەم و پێش هەمووشتێک دەبێت کار بۆ ڕۆژێکی نوێ بکەن کە میراتییان بۆ بگەڕێنرێتەوە، هەروەها ئازادیی و خۆشگوزەرانیان بۆ بهێنێت لەگەڵ خۆشی و زەوق و پرشنگی هەتاو بۆ هەموو مرۆڤایەتیی.

تۆ دەڵێی ″ **شتێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئایا سەرکەوتوو دەبێت ؟ چۆن دەتوانین بەدەستیبهێنین؟**

# بەندی چوار

## ئایا کۆمۆنیست ئەنارکیزم، سەرکەوتوو دەبێت؟

وەکو لە بەندی پێشترا بینیمان ، ژیانێک نییە کە ئازاد و زەمانەتی هەبێت، گونجان و بەیەکەوە هەڵکردن و جێی ڕەزامەندی بێت، مەگەر لەسەر پرنسیپەکانی دادوەریی و نەبوونی جیاوازیی، دروستکرابێت. مەرجی یەکەم بۆ عەدالەت یەکسانییە لە ئازادیی و لە بوونی هەل و دەرفەتا. لە سای حکومەت و چەوساندنەوەدا نە ئازادیی یەکسانی هەیە و نە یەکسانی هەل و دەرفەت، هەموو شەڕەنگێزی و گرفتەکانی هەنووکەیی کۆمەڵ لێرەوەیە.

کۆمۆنیست ئەنارکیزم لەسەر بناخەی تێگەیشتنی ئەم ڕاستیەیە کە جەدەل هەڵناگرێت، لەسەر پرنسپەکانی دەستتێوەرنەدان و داگیرنەکردن و بەکارنەهێنانی زۆرەملێ و زۆرلێکردن، دروستدەبێت، بە واتایەکی دیکە بناخەکەی ئازادیی و بوونی هەل و مەرجە. ژیانی ئاواش لەسەر ئەم ئەساسە تەواوی داخوازییەکانی سەبارەت بە عەدالەت پەسەند دەکات، تۆ دەبێت بە تەواوی ئازاد بیت ، هەر ئاواش هەموو کەسێکی دیکەش لەزەت لە ئازادیی یەکسانی ببینێت، ئەمەش یانی هیچ کەس مافی ناچارکردن و زۆرکردنی لە ئەوی تری نییە، چونکە زۆرکردن هەر جۆرێک بێت دەستوەردانە لە ئازادیت.

هەر بەم چەشنەش بوونی هەل و مەرجی یەکسانی میراتییەکە بۆ هەموان. لەبەینبردنی قۆرخکردن و خاوەنداریێتی تایبەتیی لە ئامرازەکان کە هەن، پێویستە، چونکە بەربەستن لە یەکسانی هەل و مەرجەکان کە بۆ هەموانە. ئەگەر ئێمە ئەم پرنسپە سادەیەی

یەکسانیمان لە ئازادیی دا هەروەها لە هەل و دەرفەتدا، لە بەرچاوبێت، دەکرێت کە بتوانین پرس و کێشەکانی بینای کۆمەڵی کۆمۆنیست ئەنارکیزم، لابەلابکەینەوە.

کەواتە لە ڕوی سیاسییەوە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێک ناناسێت، قەبوڵ ناکات، کە زۆر و زۆرکردن لەو بکات. ئەو کاتە حکومەت هەڵدەوەشێتەوە. لە ڕووی ئابووریشەوە ڕێگە بە هیچ خاوەندارێتیەک لە سەرچاوەکانی ژیان نادات بۆ ئەوەی دەرفەتی ئازادانەی پێگەیشتنی بپارێزێت.

لە سای ئەنارکیدا پاوانەکردنی زەوی و خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازو ماشێنی بەرهەمهێنان و دابەشکردنیی و هەروەها پەیوەندییەکان و هاتۆچۆ ڕێگای پێنادرێت. دەرفەتی بەکارهێننانی بۆ هەر کەس دەیەوێت بژی پێویستە، دەبێت بۆ هەموان بەلاش بێت.

بە کورتی مانای کۆمۆنیست ئەنارکیزم ئەمەیە: هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و دەسەڵاتی زۆردار لەتەک هەموو بریکار [وەکیل] و نوسینگەکانی، هاوبەشیبوون لە خاوەندارێتی گشتی/ هەموان ئەمەش یانی ئازادیی و بەشداری یەکسانیانە لە کارە گشتی و خۆشگوزەرانییەکاندا.

برادەرەکەت دەڵێت" **تۆ دەڵێیت کە ئەنارکیی زەمانەتی یەکسانی ئابووریانە دەکات. ئایا ئەمە یانی یەکسانی کرێ، موچە بۆ هەموان؟**

بەڵێ ئەوە وایە. یاخود بە هەمان بڕی وەک یەک، بەشداری یەکسانیانە لە خۆشگوزەرانییە گشتییەکان، چونکە هەر وەکو دەیزانین کار و کارکردن کۆمەڵایەتییە. هیچ کەس بە تەنها یاخود بە هەوڵی تاکی خۆی ناتوانێت شتێک ئافرینده بکات. باشە ئێستا ئەگەر کار کۆمەڵایەتی بیت، ئەمەش لۆژکانەیە کە بەرەنجامی سامانی

بەرهەمهێنراویش دەبێت کۆمەڵایەتی بێت، بگەڕێتەوە بۆ خەڵک، لەبەر ئەوەش هیچ کەسێک ناتوانێت داوای خاوەندارێتی سامانی کۆمەڵایەتی بکات. دەبێت هەموویان وەکو یەک لەزەتی لێ‌ببینن.

تۆ پرسیار دەکەیت" **بۆچی هەر کەس بە گوێرەی بەهای کارەکەی نەدرێتێ؟**

لەبەر ئەوەی هیچ پێوەرێک نییە کە بەهای کارەکەی پێ هەڵسەنگێنرێت، ئەوەش جیاوازی نێوانی بەها و نرخە. بەها قیمەتی یا بەهای شتەکەیە، بەڵام نرخ ئەو پێوەرەیە کە لە بازاڕا دەیکڕیت یا دەیفرۆشیت. بەهای شتێک چەندە، لە راستیدا کەس نازانێت. ئابووریناسە سیاسەییەکان گشتیان دەڵێن کە بەهای کاڵا ئەو ماوەی کارەیە کە کار لە " کاری پێویستی کۆمەڵایەتی" بەرهەمیدەهێنێت وەکو مارکس دەلێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بە تەنها پێوەرێکی ستاندەر نییە. گریمان کە دارتاش سێ سەعات کار بۆ دروستکردنی کورسییەکی مەتبەخ دەکات، لە کاتێکدا دکتۆرێکی نەشتەرگەریی تەنها نیو سەعاتی دەوێت لە نەشتەرگەرییەکدا بۆ ڕزگارکردنی ژیانت. ئەگەر وەختی کارکردنەکە بڕیاری بەهای کارەکە بدات، ئەوە کورسییەک لە ژیانت زیاتر بەنرخترە. بێ گومان ئاشکرایە ئەمە قسەیەکی بێ مانایە. تەنانەت ئەگەر تۆ ساڵانی ئەو خوێندن و کارکردنە بژمێریت کە دکتۆری نەشتەرگەرییەکە بەسەری بردووە تاکو بتوانێت کە نەشتەرگەری بکات تۆ چۆن دەتوانیت بڕیار بدەیت بەهای " سەعاتێکی کارەکەی" چەندە؟ ئاشکرایە کە دارتاشەکە و بەناکەش ئەوانیش دەبێت ڕاهێنان بکەن پێشئەوەی بتوانن کارەکەیان بە ڕێکوپێکی بکەن، بەڵام تۆ ئەو ساڵانەی کە ئەوان ڕاهێنانیان کردوە کاتێک گرێبەستێکی هەندێک کار، لەگەڵ ئەواندا دەکەیت، ناکرێت. سەرەڕای ئەمەش هەمیشە دەبێت تایبەتمەندی توانا لە هەموو کارێکدا

که هەموو کرێکارێک، نوسەرێک، هونەرمەندێک، دکتۆرێک، ڕەچاو بکەیت کە دەبێت راهێنانی سەر کارەکەی بکات. ئەمەش بە تەواوی تایبەتمەندی و هۆکارێکی کەسییە. ئیدی تۆ چۆن هەڵسەنگاندنی بەهاکەی، دەکەیت؟

بەم هۆکارەیە کە بەها ناتوانرێت بنرخێنرێت یا دیارییبکرێت، هاوکاتیش هەمان شت ڕەنگە زۆر بە نرخ بێت بۆ کەسێک بەڵام بێ نرخ بێت یاخود کەم نرخ بێت بۆ کەسێکی دیکە. تەنانەت ڕەنگە بۆ هەمان کەسیش لە کاتی جیاوازدا بەهاکەی بەرز و نزم بێت. پارچەیەک ئەڵماس، تابلۆیەک یاخود کتێبێک ڕەنگە زۆر بە نرخ بێت بۆ کەسێک بەڵام کەمتر بۆ ئەوی دیکە. کیسەیەک نان زۆر بە نرخە بۆ تۆ کاتێک کە برسیت، بەڵام کە تۆ برسی نیت کەمتر بەنرخە. لەبەر ئەمە ناتوانین لە بەهای حەقیقی شتەکە دڵنیابین، چەندایەتییەکی نەزانراوە.

بەڵام بە ئاسانی نرخەکەی دەزانرێت. ئەگەر پێنج کیس نان هەبێت و دە کڕیاری لەسەر بێت و هەر یەکەشیان کیسەیەکی بوێت، نرخی نانەکە بەرزدەبێتەوە. بەڵام ئەگەر دە کیسە نان هەبێت و تەنهاش پێنج کڕیار هەبێت ئەو کاتە نرخی نانەکە دادەبەزێت. کەواتە نرخ دەکەوێتە سەر داخوازی و بوونی لە بازاڕدا.

گۆڕینەوەی کاڵا لە ڕێگای نرخەوە بە سوودوەرگرتن لە چەوساندنەوە قازانج دروستدەکات، بە کورتی لە فۆرمیکەوە بۆ فۆرمێکی دیکەی سەرمایەدارییە. ئەگەر قازانج نەبێت ناتوانیت سیستەمی نرخت هەبێت تەنانەت سیستەمی کرێ و موچەشت نابێت. کەواتە گۆڕینەوە دەبیت بە گوێرەی بەهاکە بێت. بەڵام کاتێک کە بەهاش نادیارە یاخود ناتوانرێت دیارییبکرێت، لەو بارەدا ئیتر

گۆڕینەوە دەبێت بە بێ بەهای " یەکسان" ئازادبێت لە کاتێکدا کە ئەمە بوونی نییە. بە وشەیەکی دیکە ئەم کار و بەرهەمهێنانە دەبێت بە بێ دانانی نرخ بە بێ قازانج ئازادانە و بە گوێرەی پێویستێتی، بگۆڕرێتەوە. ئەمەش لۆژکانە بەرەو خاوەندارێتی هاوبەش و هەرەوها بەشداریکردنی هاوبەش لە بەکارهێنانیا، دەڕوات، ئەمەش سیستەمێکی ژیرانەیە و عادیلانەیە هەر وەکو سیستەمێک کە بە کۆمۆنیزم ناسراوە.

تۆ زیاترت دەوێت و دەڵێیت" **ئەگەر ئەمە ئاوابێت دەبێت هەموی وەکو یەک شەیری بکات؟ پیاوانی خاوەنمێشک، ئەوانەی کە کارەکانیان کاری زهنییە و نەک ماسولکەیی و جەسەدیی، لەگەڵ ئەوانەی کاری جەسەدی دەکەن، بەتوانا و بێ توانا هەموویان وەکو یەک؟ ئایا نابێت هیچ جیاوازییەک هەبێت ، هیچ پێزانینێکی تایبەت بۆ ئەوانەی کە بەتوانان، هەبێت؟"**

لێمگەڕێ برادەر نۆرەی منە پرسیارت لێبکەم: ئایا سزای پیاوێک دەدەین کە سروشت هاویاری نەبووە، سروشت ئەوەندە بەخشندە نەبووە وەکو لەگەڵ دراوسێکەیدا بووە، کە ئەو بەهێزترە و بەهرەدارترە؟ ئایا دەتەوێت زوڵمی زیاتر بۆ ئەو کەمئەندامە لە سەروو ئەوەشەوە کە سروشت داوێتی، زیادبکەین؟ ئەوەی کە دەتوانین لە هەر کەس چاوەڕوان بین بە شێوەیەکی ماقوڵ، هەوڵدانی جددی خۆیەتی – ئایا کەسێک دەتوانێت زیاتر لەوەی بۆیبکرێت، بیکات؟ ئەگەر باشترین هەوڵی 'جۆن' وەکو 'جیمی' برای نەبێت ، ئەوە بەدبەختیی کەمئەندامێکەی 'جۆن' ە، کەواتە لێرەدا هەڵەیەک نییە بۆ سزادان.

شتێک نییه له هەڵاواردن، [جیاوازی] مەترسیدارتر بێت ، لەو چرکەیەوە کە لەگەڵتا دەست بە هەڵاواردن دەکرێت لەبەر ئەوەی کە کەمئەندامیت، ئیتر زەمینەی ناڕەزایی و بێزاریت لا دەخولّقێت، ئیتر ئەوە دەعوەتی ئیرەیی و ناکۆکی و فتنەت دەکات. ئایا تۆ بیرناکەیتەوە کە گرتنەوەی ئاو و هەوا لە کەسانی کەمتوانا کە پێویستیانە، دڕندەییە؟ ئایا ناکرێت هەمان پرنسپڵ بەسەر پێویستیەکانی کەسانی دیکەدا جێ بەجێبکرێت؟ دوای هەموو شتێکیش مەسەلەی خواردن و پۆشاک و پەناگا و شوێنی حەوانەوە بۆ ئابووریی جیهان کەمترین ئەرکە، خەرجییە.

باشترین ڕێگا کە مرۆڤ ئەو پەڕی توانای خۆی بەکابهێنێت، نەکردنی جوداکارییە، بەڵکو مامەڵەیانە بەگوێرەی پێویستییان، یەکسانبوونیان لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەمە هاندان و پاڵنەرێکی کاریگەرانەی زیاترە کە ڕەوایانەیە و مرۆڤانەیە.

برادەرەکەت پرسیار دەکات" **ئەی چی دەکەیت لەگەڵ پیاوی تەمەڵدا، ئەوەی کە نایەوێت کاربکات؟**

ئەوە پرسیارێکی گرنگە، ڕەنگە تۆ زۆر سەرسام بیت کاتێک کە دەڵێم شتی وانییە بە ناوی تەمەڵییەوە. ئەوەی کە ئێمە ناوی پیاوی تەمەڵمان لێناوە بە گشتی، ئەوە باسی پیاوێکی چوارگۆشەیە کە لە چاڵێکی بازنەییدایە. ئەوە پیاوێکی گونجاو و چالاکە بەڵام لە شوێنێکی هەڵەدا. تۆ هەمیشە دەتوانیت هاوەڵێک بدۆزیتەوە کە لە شوێنێکی هەڵەدایە کە کاریگەر نییە، بێ توانایە و بێ جووڵەیە. ئەوەی کە پێی دەوترێت تەمەڵی و بێ توانایی، لە ڕاستیدا ئەوانە بەدەگمەن چابوک نیین، چونکە لە شوێنی خراپ نراون. ئەگەر تۆ ناچاربکرێیت بەکردنی شتێک، تۆ بە هۆی بێ مەیلی و ویستت چابووک نابیت بۆ ئەو شتە،

ئیتر تۆ بێ توانا دەبێت گونجاو نیت بۆ ئەو کارە، ئەگەر تۆ زۆرت لێبکرێت بۆ کردنی کارێک کە خۆت ئارەزووت لەو کارە نییە، ئەوە تۆ تەمەڵی لە ئەنجامدانیدا.

هەموو ئەوانەی کە ئەو کارانە بەڕێوەدەبەن کە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان کاری تیادادەکەن دەتوانن ئەوە بسەلمێنن. بە تایبەتی ژیانی ناو بەندیخانە بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە، پاش هەموو شتیش ژیانی ئێستا بۆ زۆرینەی خەڵک هیچ نییە جگە لە بەندیخانەیەکی گەورە، نەبێت. یاساوڵەکانی بەندیخانە پێتدەلێن کە کارێک بە بەندییەکان دەسپێررێت کە توانای کردنیان نییە یاخود ئارەزوومەندی نیین، هەمیشە تەمەڵن و ئەم تەمەڵیەش بەرەو سزایەکی بەردەوام دەیانبات. بەڵام هەر زوو کە کارێک بۆ ئەم " بەندییە حوکمدراوانە" دادەنرێت کە مەیلیان لێی هەیە، ئیتر وەکو یاساوڵەکان ناویان دەنێن دەبنە " پیاوانی نموونەیی/ مۆدێل".

روسیاش ئەوەی زۆر بە ڕوونی سەلماندووە، نیشانی داوە کە ئێمە لە توانای شاراوەی مرۆڤ هەروەها هەژموونی بارودۆخەکە لەسەریان- چەند کەمدەزانین چۆن بە هەڵە زروفە نادروستەکان و هەڵسوکەوتە خراپەکان تێکەڵدەکەین. پەنابەرە ڕوسییەکان کە ژیانێکی پڕ لە نائومێدی و بێ کەڵکیان لە خاکی بێیانەدا دەبردەسەر، لە گەڕانەوەیاندا بۆ وڵاتەکەیان لە کاتی شۆڕشدا، مەیدانی دروستیان بۆ چالاکییەکانیان، دۆزییەوە، کە جوانترین کاریان لە بوارە دروستەکانی کە ئیشیان تێدا دەکرد، ئەنجامدەدا، وەکو باشترین ڕێکخەرێک لە دروستکردنی ڕێگای ئاسنینی شەمەنەفەرەکانا هەوەها بیناکردنی پیشەسازیی، دەرکەوتن و پێشکەوتن. لە نێوان ئەم ڕوسیانەدا کە گەڕابوونەوە، لەناویاندابوو مەشوور و ناسراوبوون بە بێ توانا و

بێ جووڵە لە سای ئەو زروفانەی کە نەیاندەتوانی توانا و وزەیان بدۆزنەوە و بەکاریبهێنن.

ئەوە سروشتی مرۆڤە: بەتوانایی لە ئاڕاستەیەکی دیاریکراوەوە یانی بوونی مەیل و ئارەزوومەندی و توانا بۆ پیشەسازیی و بەجێگەیاندنی، ئەمانە بەڵگەی بایەخ پێدانن. ئەمەیە هۆکاری زۆری بێ توانایی و تەممەڵیی لە دونیای ئەمڕۆمانا. کێن ئەوانەی کە لە ئێستادا لە شوێنی گونجاو و دروستی خۆیاندان؟ کێیە ئەوەی کە کاردەکات و بە ڕاستی کارەکەی خۆشدەوێت ئارەزووی لێی هەیە؟

لەسای بارودۆخی هەنووکەییدا بژاردەیەکی کەم هەیە بۆ مرۆڤی ئاسایی کە خۆی بۆ ئەو کارەی کە زەوق و ئازەزوویەتی، تەرخان بکات. ئاساییە کە ڕێکەوتی لە دایکبوونت و پێگەی کۆمەڵایەتیت بە گشتی کە پێشوەخت بڕیاری پیشە و کارو بارت یاخود کارامەیت بۆ دەدات. کوڕی ژمێریارێک، کەسێک کە کاری دارایی بانق دەکات، نابێتە داربڕ و تەختە وردکەر، گەر چی ڕەنگە ئەو لەوەدا باشتربێت، زیاتر لە کارکردنی ژمێریاریی لە بانقێکدا. چینی ناوەڕاست منداڵەکانیان دەنێرن بۆ زانکۆ تاکو ببنە دکتۆر، پارێزەر، یاخود ئەندازیار، بەڵام ئەگەر دایک و باوکت کرێکار بن کە ناتوانن بتخەنە بەرخوێندن، بەختی تۆ کردنی هەر کارێکە کە بۆت دێتە پێشەوە یاخود لە ڕێگای ڕاهێنانەوە، شاگردییەوە، بچیتە پیشەیەکەوە. بارودۆخە تایبەتییەکەت بڕیاری کارەکەت یاخود پیشەکەت دەدات، نەک توانا و سەلیقەی سروشتیانەت یاخود مەیل و ئارەزووت. ئایا جێگای سەرسامییە کە زۆربەی خەڵک لە ڕاستیدا لە شوێنی هەڵبژاردەی کاری خۆیان نەنراون؟ پرسیار لەو سەد کەسە بکە کە یەکەمجار دەیانبینیت ئایا بژاردەی ئەو کارانەیان هەبووە کە ئێستا دەیکەن، یاخود ئایا بەردەوامدەبن لە کردنیا ئەگەر ئازاد بن لە

هەڵبژاردنیا، دەبینیت لە سەدا ٩٩ یان پێ لەوە دەنێن کە ئارەزووی کارێکی دیکەیان هەیە ئەوە، زەرووڕەی ژیان و پێداویستییەکانێتی یاخود بۆ دەستکەوتنی ئەوانەیە کە لە کارەکانیانا ماونەتەوە. زۆربەی خەڵکی کە کاردەکەن لە شوێنی بژاردەی خۆیان نیین.

ئەمە لۆژکە و هۆکاریشە چونکە کەسێک ناکرێت تەواوی توانای بخاتەکار مەگەر ئارەزووی لە کارەکە بێت، کاتێک کە هەست بە ئارەزوومەندییەکی سروشتی دەکات و حەزی لێیەتی، ئەو کاتە بۆ کارەکە کارا و کافی دەبێت. ئەو شتانەی کە پیشەوەرێک لە ڕۆژانی پێش سەرمایەداری مۆدێریندا بەرهەمیدەهێنان جێگای سەرنج و خۆشی و جوانی بوون، چونکە ئەو کارەکەی خۆشدەویست. ئایا دەتوانیت پێشبینی لە چەوساوەیەکی مۆدیرین لە کارگەیەکی زلی ناشیریندا بکەیت شتی جوان دروستبکات؟ ئەو بەشێکە لە ماشینەکە، کەسێکی لاوەکییە لە پیشەسازییەک کە بێ ڕۆحە، کارەکەی میکانیکیانەیە و بە زۆرە. دەتوانیت ئەوەشی بۆ زیاد بکەیت کە ئەو کار بۆ خۆی ناکات، کار بۆ بە سوودگەیاندنی کەسێکی دیکە دەکات کە ئەوەش هەستی ڕقبوونەوەی لە کارەکەی لا دروستدەکات، یا لە باشترین حاڵەتدا هیچ ئازەزوویەکی لە کردنی نییە، نابێت، بەڵکو ئەوەی لای گرنگە ئەوەیە کە هەفتانە کرێکەی مسۆگەر دەکات. سەرەنجامی ئەمەش ڕاکردنە، بێ کەفائەتییە، تەمەڵییە.

پێویستی چالاکبوون پاڵنەرێکی سەرەکی مرۆڤە. تەماشای منداڵێک بکە بزانە چ غەریزەیەکی بەهێزی بۆ کردنی چالاکییەک، جوڵەیەک، لە کردنی شتێکدا هەیە. ئەو بەهێزی و بەردەوامییە لە منداڵەکەدا هەمان شتە بۆ کابرایەکی تەندروست، کە وزە و هێزی داخوازی دەربڕینی لێدەکەن، تاکو بیکاتە چالاکییەک. تۆ بەو هێز و چالاکیەوە مۆڵەتی بدەرێ کە کار لە بژاردەکەی خۆیدا بکات، لەوەی کە خۆی حەزی

پێدەکات، لە بەجێگەیاندنیا نە ڕاکردن و خۆدوورخستنەوە و خۆدزینەوە، نە هیلاکبوون هیچیان نازانێت. دەتوانیت تێبینی نێوانی کارکردن لە کارگەیەک و کارکردن لە باخچەیەکدا یاخود کەمێک زەوی بۆ رواندنی گوڵ و خواردنی رووەکیی [ ڤیجتەبڵ] بکەیت کە بژاردەی خۆیەتی، دەبینیت ئەو هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە کار و زۆر بە باشی کاری تێدا دەکات سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە پێشتر بە هۆی کارکردنیەوە لە کارگەدا زۆر هیلاک و ماندوش بووبێت. ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئەو لەزەت لە کارێکی ناڕەحەتتر دەبینێت بۆ سوودی خۆی کە لە هەڵبژاردنی خۆیەوەیە.

لە سای ئەنارکیزم –داهەرکەس هەل و دەرفەتی هەر پیشەیەک کە مەیل و ئارەزوی سروشتیانەی بۆی هەیە، بۆ دەڕەخسێت. کارکردن لەبری کاری وزەپڕوکێنەر و هیلاکەتی کە ئەمڕۆ هەیە، بۆ خۆشیی دەبێت. تەمەڵی نازانرێت و بزردەبێت، شتەکانی کە لە ڕێگای ئارەزوو حەزەوە دروستدەکرێن، لە جوانی و دانی زەوقدا سەرنجڕاکێش دەبن.

تۆ پرسیار دەکەیت و دەڵێیت ″ **بەڵام دەکرێت کارکردن ببێتە زەوق و پێدانی خۆشیی؟**

لە ئەمڕۆدا کارکردن، هیلاکەتی و چەوساندنەوەیە، ناخۆشە، وزەپڕۆکێنە، هەروەها ماندووکەرە. بەڵام لە هەقەتدا ئەوە خودی کارەکە نییە کە ئەوەندە قورسە: ئەو زروفەیە، ئەو هەل و مەرجەیە کە تۆی بەو کارە ناجار کردووە کە ئاوا بێت. بە تایبەت کاتی درێژی کارکردن و ناتەندروستی و ناخۆشی شوێنی سەر کار، مامەڵکردنی خراپ لە تەکتا، کرێی کەم و زۆر شتی تر. بەڵێ دەکرێت ناخۆشترین کار ئاسانبکرێت بە چاککردنی ژینگە و هەل و مەرجی سەر کارەکە. هەر بۆ نموونە پاکەرەوانی زێراب، کارێکی پیس و پارەیەکی کەم،

بەڵام کاتێک کە تۆ ڕۆژی ٢٠ دۆلار لەبری ٥ دۆلار بۆ هەمان کار، وەردەگریت، تۆ یەکسەر هەستدەکەیت کە کارەکەت ئاسانتر و خۆشتریشە، داخوازیش لەسەر کارەکە یەکسەر لە زیادبوودندایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکان تەمەڵ نین، لە کاری گران و ناخۆش ترسیان نابێت ئەگەر پاداشتی خۆیان وەرگرن. بەڵام ئەم جۆرە کارە ئاوا دادەنرێت کە کارێکی پلەنزمە و بێ مەهارەیە. بۆچی وا بە نزم و بێ بەهاو بێ مەهارە دادەنرێت؟ ئەی بە سوودترین کار نییە، زۆریش زەرووری نییە؟ ئەگەر ئەوان نەبن کە ئەوێ و سەرجادەکان و مەنهۆڵەکان پاکدەکەنەوە، پەتا و دەرد شارەکە پاکۆ نادەن؟ بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە زێرابەکان و مەنهۆڵەکانمان پاکدەکەنەوە زۆر گرنگتر و پێویستترن بۆ تەندروستیمان تاکو دکتۆری خێزان. لە دیدی سوودمەندی کۆمەڵایەتییەوە پاککەرەوانی شەقامەکان لەگەڵ دکتۆرەکانا هاوپیشەن. ئەمەی دووهەمیان کە نەخۆش دەبین چارەسەرمان دەکەن، ئەوەی یەکەمیان یارمەتی تەندروستبوون و سەلامەتیمان دەدەن. کەچی دکتۆر بە ڕێزەوە تەماشای دەکرێت، لە کاتێکدا پاککەرەوانی شەقامەکان کەمتر. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە کاری پاککەرەوەی شەقامەکان کارێکی پیسە؟ بەڵام دکتۆریش زۆر جار کاری "پیستر" ئەنجامدەدا. ئەی باشە بۆچی پاککەرەوانی شەقامەکان لە پلەی نزمترا دەبینرێن؟ وەڵام : لەبەر ئەوەی کە کەم وەردەگرێت.

لەم کۆمەڵە مەدەنیە شێوێنراوەماندا بەهای شتەکان بە گوێرەی بڕی پارەکەیە. کەسانێک کە بە سوودترین کار ئەنجامدەدەن، کاتێک کە خاوەنکار کرێیەکی زۆر کەمیان پێ دەدات، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە نزمترین پلەدایە، ئەگەرگۆڕاکارییەک ڕوودات کە پاککەرەوەی شەقامەکان لە ڕۆژێکدا ١٠٠ دۆلار وەرگرێت، وەکو ئەوەی کە

دکتۆرێک وەریدەگرێت، ئەو کاتە پاککەرەوانی "پیسیی" شەقامەکان یەکسەر نرخیان زیاددەبێت و پێگەی کۆمەڵایەتیشیان لە " کرێکاری پیس" ەوە دەبێتە پیاوێکی ژیری خاوەن داهاتێکی باش.

ئێستا دەیبینیت لەسای ئەم سیستەمی قازانجەدا پێوەر کرێیە، موچەیە، پاداشتە، نەک نرخ و حەق و کواڵەتی، هەر ئەمەشە لە ئەمڕۆدا بڕیاری بەهای کار و هەروەها " نرخی/ بەهای" پیاوێکیش دەدات. لە کۆمەڵێکی ژیردا، -لە سای هەل و مەرجەکانی ئەنارکیدا- بە تەواوی ستاندەرێکی جیاواز بۆ حوکمدانی ئەم مەسەلانە دادەنرێت. خەڵک بە گوێرەی ئارەزوومەندییان کە لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە بەسوودن ستایشدەکرێن.

ئایا دەتوانیت وردەکاری گۆڕانکارییە گەورەکان وەک هەڵوێستی نوێ دەرک پێبکەیت؟ دەبینیت هەموو کەسێک بەدووی ڕێز و سەرسامبوونی پیاوانی هاوەڵییەوەن، ئەوە هاندەرێکە کە ناتوانین بێ ئەوە بژین. تەنانەت لە بەندیخانەدا بینیومە کە گیرفانبڕێکی زیرەک یاخود کەسێکی ئەمین لە هەوڵی ڕێزلێگرتندایە لە لایەن برادەرەکانیەوە و کە چەند بەزەحمەت هەوڵی جددی دەدات تاکو بییانگرتە خۆی و ڕاکێشانی ستایشی ئەوان بۆ لای خۆی. ڕا و بۆچوونەکانی دەوروبەرمان تەحەکومی هەڵسوکەوتمان دەکەن. ژینگە کۆمەڵایەتییەکە تا ڕادەیەک بڕیاری بەهاو هەڵوێستمان دەدات، ئەزموونگەریی خۆت ڕاستی ئەمەت پێدەڵێت، هەر لەبەرئەوە تۆ سەرسام نابیت کاتێک کە دەڵێم لە کۆمەڵی ئەنارکستیدا پیاوەکان بە دووی بەسوودترین و قورسترین ئەرکدا دەگەڕێن لەبری کارێکی ئاسان. ئەگەر تۆ ئەمە بەرچاو بگریت، تۆ چی تر ترست نابێت لە تەمەڵی و ڕاکردن و هیلاکەتیی.

بەڵام ناڕەحەتترین کار و ئەرکێک دەکرێت ئاسانتر و خاوێنتر بێت لەوەی کە ئەمڕۆ هەیە. خاوەنکاری سەرمایەدار گوێ بە خەرجکردنی پارە نادات، -ئەگەر ئەوەشی بوێت- بۆ ئاسانکردن و خۆشکردنی کاری ناڕەحەتی کرێکارەکانی، نییە. ئەو تەنها لە بارێکدا هەوڵی چاککردن دەدات کە بە ئومێدی قازانجی زیاتر بێت، ئەو لەبەر خاتری مرۆڤایەتی بچوکترین مەسرەفی زیادە ناکات. لێرەدا دەبێت بە ئاگات بێنمەوە خاوەنکارە زیرەکەکان ئەوە دەبینن کە باشکردنی کارگەکانیان و ڕاگرتنی پاک و خاوێنی زیاتر و تەندروستتر، ژینگەیەکی باشتری سەر کار دروستدەکات. ئەوان ئەوە دەزانن کە سەرفکردنی پارەی زیاتر لەسەر کار کارێکی باشە و جێگای ڕەزامەندی کرێکاران دەبێت و تواناشیان زیاتردەکات، ئەم بیرکردنەوە و پرنسپانە دەنگدانەوەیەکی باشیان هەیە. بێ گومان کرێکاران ئەمڕۆ باشتر دەچەوسێنرێنەوە بە هۆکارێکی ئەنقەست بۆ قازانجی زیاتر. بەڵام لە سای ئەنارکیزم دا ئەمە لە پێناوی بە دەستهێنانی بەرژەوەندی کەسێکدا ناکرێت، بەڵکو لە بەرژەوەندی تەندروستی خودی کرێکاران، بۆ ئاسانکردنی کار. گەشە و پێشکەوتنمان لە بواری ئامراز و ماشینەکاندا ئەوەندە گەورە و بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە زۆربەی کارە گرانەکان دەکرێت نەمێنن لە ڕێگای بەکارهێنانی ماشینی مۆدێرنە و جیهازەکانی کە لە بری کرێکار کاردەکەن. لە زۆرێک لە پیشەسازییەکان و کانەکانی خەڵووز بۆ نموونە جیهازە نوێەکانی سەلامەتی و جێگای حەوانەوە و پاک و خاوێنی، هەن کە ناکرێت پارەی بۆ خەرج نەکرێت، لەبەر ئەوە نییە کە خاوەنکار گوێ بە خۆشگوزەرانی کرێکارەکان نادات، بەڵکو هۆکاری قازانجی زیاترە. بەڵام لە سیستەمێکیدا کە بۆ دروستکردنی

قازانج نییە زانستە تەکنیکییەکان کار لەسەر ئامانجی سەلامەتی، تەندروستی باشتر، ئاسانکاری زیاتر، هەروەها خۆشتر، کار دەکەن.

برادەرەکەت ئەمە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت" **بەڵام هەرچۆن کارئاسانی بکەیت، هەشت سەعات کارکردن لە ڕۆژێکدا هیچ خۆشییەک نییە"**

تۆ زۆر ڕاستدەکەیت. بەڵام تۆ هەرگیز هەڵوێستەیەکت کردووە کە بۆچی دەبێت هەشت سەعات لە ڕۆژێکدا کار بکەین؟ ئەوە دەزانیت کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر نەبوو، کە خەڵک بە کۆیلە کرابوو دەبوایە دوازدە و چواردە سەعات لە ڕۆژێکدا کاریان بکردایە، هێشتاش ئەمە لە وڵاتە دواکەوتووکانا وەکو چین و هیندستان، هەر هەیە؟

دەتوانرێت بە ئامار بسەلمێنرێت لانی زۆر سێ سەعات کارکردن لە ڕۆژێکدا، کافییە نەک هەر بۆ خواردن و پەناگا و پۆشاک لە جیهاندا بۆ بەجێهێنانی زەرووریيەکان، بەڵکو دەستەبەری هەموو پێداویستیەکانی حەسانەوەی نوێی ژیانیشیان دەکات. قسەکە ئەوەیە کە چوار کەس لە پێنج کەس ئەمڕۆ هیچ کارێکی بەرهەمهێن ناکەن. هەمو دونیا لە لایەن کۆمەڵێکی کەمی چەوساوەوە هاوکاری دەکرێت.

پێش هەموو شتێک ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت ئەو بڕە کارەی کە لە کۆمەڵی ئەمڕۆدا دەکرێت لە سای بارودۆخی ئەنارکییدا، زەرروورى نییە. بۆنموونە تۆ هەر سوپاو دەریاوانانی ئوستولە دەریایەکانی جیهان بگرە و بزانە چەندها ملیۆن لە پیاوان ڕزگاردەبن بۆ کردنی کاری سوودبەخش و بەرهەمدار هەر بە هەڵوەشاندنەوەی جەنگ، کە بێ گومان ئەمە مەسەلەیەکە لە سای ئەنارکیدا.

لە هەموو وڵاتێکدا کاری ڕۆژانە هاوکاری ملیۆنەها دەکات کە هیچ بەشدارییەک بۆ خۆشگوزەرانی وڵاتەکە ناکەن، هیچ ئافریندە ناکەن، بەهیچ شێوەیەک کارێکی سوودبەخشیش بەجێناگەیەنن. ئەو چەندەها

ملیۆنە تەنها بەکاربەرن بێ ئەوەی بەرهەمهێن بن. لە ئەمەریکادا بۆ نموونە لە ١٢٠ ملیۆن کەس، کەمتر لە ٣٠ ملیۆن کرێکار و کێڵگەوانەکانیش لە ناویانا، کاردەکەن، ئیتر ئەوانی دیکە لە ئەمەریکا بەکاربەرن. ئەم حاڵەتە هاوشێوەیە لە هەموو خاکێکدا باوە.

ئایا جێگای سەرسامییە کە کارکردن وزەپڕۆکێنە، درێژخایەنە لەو کاتەوەی کە تەنها ٣٠ کرێکار لە ١٢٠ کرێکار کاردەکەن؟ چینی گەوەرە بزنسدارەکان لەتەک کەسانی نێو نوسینگەکان و یارمەتیدەر و دەلاڵ و وەکیل و نوسینگە و گەشتیارە بازرگانییەکان و دادگا بە دادوەرەکانەوە و ئەوانەی کە تۆمار لە سجلەکانا دەکەن، کارمەندی داد کە دەستبەسەر خانو دوکانەکانا دەگرن لە حاڵەتی نەدانەوەی قەرزدا، هەروەها سوپایەک لە پارێزەر و کارمەندەکانیان، میلیشیا و پۆلیس، کەنیسە و کاهینەکانی، دەزگە خێرخوازییەکان و ماڵە خێرییەکانی هەژاران، بەندیخانەکان بە یاساوڵەکانیانەوە، کارمەند و کەسانی بێ بەرهەمهێن و ئەوانەی کە گیراون ، سوپای ڕێکلامە و هاوکارەکانیان کە بزنسەکانیان هانی تۆ دەدات کڕیاری ئەوانە بیت کە تۆ ناتەوێت و یا پێویستت پێیان نییە، ئەوە هەر باسی ژمارەیەکی زۆر لەو توخمانەی کە لەو پەڕی خۆشیدا و لە تەمەڵییەکی تەواودا دەژین. ئەمانە دەکەنە چەندەها ملیۆن کەس لە هەر وڵاتێکدا.

ئێستا ئەگەر ئەم چەند ملیۆنە کاری سوودبەخش بکەن، ئایا کرێکار ناچار دەبێ بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکدا ٨ سەعات کار بکات؟ ئەگەر ٣٠ پیاو بخرێنە ژێر کارکردنی ٨ سەعاتەوە بۆ بەجێهێنانی پرۆژەیەکی دیاریکراو، باشە ئەگەر ١٢٠ کرێکار هەر هەمان کار بکەن چەند کەمتر وەختی دەوێت؟ نامەوێت بە ئامار بارت بکەم، بەڵام دەیتای کافی هەیە کە بیسەلمێنێت ٣ سەعات کارکردنی جەستەیی لە ڕۆژێکدا بەسە کە کاری دونیا بکات.

ئایا هیچ گومانێکت لەوە هەیە، کە کاری زۆر سەخت ئاسان و خۆش بکرێت لەبری کۆیلەیەتی مەلعونی سەردەم، ئەگەر بۆ کارکردن تەنها ٣ سەعات لە ڕۆژێکدا پێویستبکات ئەویش لەسای هەل و مەرجێکی خاوێن و تەندروستدا لە ژینگەیەکی برایانە و بەڕێزانەی سەر کاردا؟

تەنانەت گران نییە کە پێشبینی ئەوە بکەیت کاتێک کە ئەو سەعاتە کورتانەی سەر کار هێشتا کورتر بکرێتەوە. کاتێک کە ئێمە بە بەردەوامی مێتودی تەکنیکەکانمان چاکتردەکەین، هەروەها ماشینی کۆمەککار بە کار، هەمیشە لە دۆزینەوەدایە. پێشکەوتنی ئامراز و ماشینەکانی سەر کار یانی کاری کەمتر و حەسانەوەی زیاتر. کە تۆ دەتوانیت بە بەراوردی ئەمریکا بە چین یا هیندستان ئەوە ببینیت. لەم دوو وڵاتەدا بە کارکردنی درێژخایەنەوە هێشتا زۆر بە زەحمەتەوە زەمانەتی زەرووریاتەکانی ژیانیان دەکەن، لە کاتێکدا کە لە ئەمەریکا کە کرێکاری ئاسایی لەزەتی زیاتر لە ئاستی بەرزی ژیان دەبینێت بە سەعاتی کەمتری کارکردنیش. پێشکەوتنی زانست و داهێنانی زیاتر، بەڵگەی حەوانەوەی زیاتر و دانی وەختی زیادەیە بۆ ئەو شتانەی کە حەزی لیدەکەین.

من بە شێوەیەکی گەورە و فراوان وێنەی هەنگاوەکان و ئەگەری کردنی ئەوەی کە لەژێر سیستەمەیکی ماقوڵدا دەکرێت کاتێک کە قازانج هەڵدەوەشێتەوە، کێشاوە. پێویست نییە کە وردەکاری ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە باس بکەم: قسەی تەواو و کافی کراوە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کۆمۆنیست ئەنارکیزم یانی گەورەترین و باشترین خۆشگوزەرانی مادییە لەگەڵ ژیانی ئازادانە بۆ هەر یەکێک، بۆ هەموان.

دەتوانین بە خەیاڵ بیهێنینە بەرچاومان کاتێک کە کار دەبێتە ڕاهێنانێکی خۆش و بەزەوق لە کردنی کاری جەستەییدا بۆ بەدیهێنانی پێویستییەکانی دونیا، ئەو کاتە مرۆڤی ئەو سەردەمە بیر لەم سەردەمەی ئێمە دەکاتەوە و بە سەرسوڕمانەوە پرسیاردەکات: کە ئایا هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان کار کۆیلایەتی بووە، پرسیاری عەقڵی نەوەیەک دەکات کە یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانەکەی کە بە ڕشتنی ئارەقەی ناوچەوانی بۆ دەستکەوتنی نان بۆ باقی خەڵکەکە، دەبێت چەندی چێشتبێت. لە کاتێکدا تەمەڵەکانی دیکە وەختیان، تەندروستیان، هەروەها سامانی خەڵکیشیان بەفیڕۆداوە. دوای ئەوەش پرسیار دەکەن لە ڕازیبوونی ئازادانەی کەسێک سەبارەت بەوەی پێویستی بووە، کە هەمیشە دەبوایە وەک هەموو شتێک بەرچاو بگیرایە. دەبینن خودی ئەمە بەڵگە نەویستە، یاخود ئەو خەڵکانەی کە بە سروشتیی دووی هەمان شت دەکەون، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ژیان سەختە و بێ ئومیدییە. ئەوان ئەو باوەڕە ڕەتدەکەنەوە کە بوونی تەواوی مرۆڤ ململانێیەکی بەردەوامبووە لە پێناوی بژێوی لە دونیایەکی دەوڵەمەندا بە شتە ناپێویستییەکان، ململانێیەک کە وەختی زۆرینەی خەڵکی بەزایەداوە و وەخت وزەیەک نەماوەتەوە بۆ هەوڵ و داخوازییەکانی دڵ و عەقڵ.

تۆش پرسیاردەکەیت " **بەڵام ژیان لە سای ئەنارکیدا لە ڕوی ئابووریی و یەکسانی کۆمەڵایەتییەوە بە گشتی لە یەک ئاستدا نابێت؟**

نا، برادەری من، زۆر پێچەوانەیە، چونکە یەکسانی مانای یەکسانی لە میقدارێکدا، بڕێکدا نییە، بەڵکو یەکسانییە لە هەل و مەرجدا، دەرفەتدا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ، بۆ نموونە، ئەگەر 'سمس' پێویستی بە ٥ ژەم خواردن بێت، 'جۆنەسەن' یش دەبێت ئەوەندە ژەمی هەبێت. ئەگەر 'جۆنەسەن' تەنها ٣ ژەم خواردنی بوێت بەڵام 'سمس' ٥ ژەمی

پێویست بێت، گەر چی بڕی هەر ژەمە خواردنێک ڕەنگە نایەکسان بێت، بەڵام هەردووکیان بە تەواوی یەکسانن لەو هەلەی کە هەیانە، دەتوانن چەندێک تێریان بکات بیاندرێتێ، ئەوەندەی کە تەبیعەتێکی تایبەت داخوازیی دەکات.

بەهەڵە تێمەگە، پێناسەی یەکسانی لە کۆمەڵی ئازاددا لەتەک یەکسانی بەزۆر سەپێنراودا لە ئۆردەگایەکی زۆرەملێدا، جیاوازە. یەکسانی ئەنارکی حەقیقی یانی ئازادیی، نەک بەش، میقدار. ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو کەسێک دەبێت وەکو ئەوی دیکە بخوات و بخواتەوە و هەمان پۆشاک لەبەربکات، هەمان کار بکات، یاخود بەهەمان شێوە بژێت، زۆر دوورە لەوەوە، لە ڕاستیدا لە واقیعدا تەواو پێچەوانەیە.

پێویستی تاکەکان و حەز و زەوقیان جیاوازە هەر وەکو چۆن شەهیەی جیاوازیشیان هەیە. ئەوە بوونی یەکسانییە لە دەرفەتدا ڕازییاندەکات کە یەکسانی ڕاستەقینە دەرەخسێنێت.

دوور لە یەکئاستییەوە، لە قالبدانەوە، ئەم یەکسانییە دەرگا بۆ گەورەترین جۆری چالاکی و گەشەکردن دەکاتەوە. چونکە کاراکتەری مرۆڤ جیاوازە و تەنها سەرکوتکردنی ئەم جیاوازیانە یەکئاستی، لە قالبدان دروستدەکات لە یەکشێوەیی و لێکچونەوە. ئازادیی دەرفەت و فرسەتی دەربڕین و هەڵسوکەوتی تاکەکان یانی گەشەکردنی نالەیەکچوونیی، جیاوازی سروشتیانە و جیاوازییبوون.

وتراوە کە دوو پارچە گیا وەک یەک نین، لەناو مرۆڤەکانا ئەم جیاوازییە زیاتریشە. لە سەراپای پانتایی جیهانا هیچ دوو کەسێک بە تەواوی وەکو یەک نین هەتا لە شێوە و لاشەیانا، هێشتا لە ڕووی پێکهاتنی جەستە و عەقڵ و دەروونیانەوە، زیاتریش جیاوازن. وێڕای ئەمانەش هەزار و یەک جیاوازییان لە کارەکتەریانا هەن، کەچی ئێمە

ناچاری خەڵکی دەکەین کە وەکو یەک بن، لەیەک بچن. ژیان و خوومان و هەڵسوکەوتمان و نەریتمان تەنانەت بیرکردنەوەشمان و هەستکردنمان لەڕێگای فشارەوە لە قاڵبدراون و بەهەمانشت کراون. ڕۆحی دەسەڵات و یاسا و نوسراوەکان و نەنوسراوەکان و ترادیسیوێن و نەریت، ئەمانە زۆرمان لێدەکەن و دەمانخەنە سەنگەرێکی وەکویەکەوە. مرۆڤ دەکەنە کەسێکی ئالی و بێ ئیرادە و کەمتر ئارزوومەندی ئۆتۆنۆمی ببێت و سەربەخۆیی یاخود تاکایەتی خۆی بپارێزێت. ئەم کۆیلەیەتییەی ئەخلاقی و ڕۆشنبیریی کارایی خراپی زۆر زیاترە تاکو زۆرەملێی جەستەیی، ئەمە بۆ ژیانی مرۆڤایەتیمان و گەشەکردنمان وێرانکارییە. هەموومان قوربانیی دەستی ئەوەین و لە نێومانا تەنها بەهێزەکان سەرکەوتوو دەبن لە تێشکانی ئەڵقەکانا، ئەویش تەنها لە بەشێک لەم ئەڵقانە.

دەسەڵات لە کۆن و لە ئێستاشدا بە تەنها هەر دیکتەیتی هەڵسوکەوتمانی نەکردووە بەڵکو پاوانەی مێشک و ڕۆحیشمانی کردووە بە بەردەوامیش کار لەسەر تێشکانی هەموو نیشانەکانی [ئەعرازەکان] لەیەکنەچوونمان، هاوشێوەنەبوونمان و هەڵوێیستی سەربەخۆمان و بۆچونی بەدەر لە بۆچوونی تەقلیدی، دەکات. سەنگ و قورسایی سەرزەنشتکردنی کۆمەڵایەتی بەسەر سەری ئەو ژن و پیاوەدا دەبارێت کە بوێری [جورئەت] دەکات کە پۆشاکی جیاواز لەوەی کە کۆدی بۆ دانراوە بپۆشێت. ئەم هەڵوێستە تۆڵەسەندنەوەی بێ ڕەحمانە بەسەر پرۆتستانتەکاندا دادەبارێنی لەبەر ڕەتکردنەوەی ڕێڕەوێکی دیار، یاخود لە زەنادیقێک کە باوەڕی بە قەبوڵکردنی فۆرمیلەکە نەبوو. لە زانستا، لە هونەرا، لە وێژەدا، لە تابلۆکێشاندا، لە هەڵبەستدا ئەم ڕۆحە ڕاهێنان و هەڵکردن و وەرچەرخان و ڕاستکردنەوە [تەعدیلکردن] ناچاردەکات، کە سەرەنجام کۆتاییەکەی

ببێتە کۆپیبوونی ئەوەی دامەزراوە و پەسەندکراوە. ئەمەش ئاوای کردووە کە لە لەقاڵبدان و لە لەهاوشێوەیی، لە دەربڕینێکی گاڵتەجاڕیانە تەوافقی تیادابێت. لەوەش ترسناکتر هێشتا بەردەوامە لە سزادان لە سەر نەگونجان، لە واقیعی ژیان لە پەیوەندی ڕۆژانەمانا و هەڵسوکەوتمانا. تابلۆکێش و نوسەران کە تەحەدای نەریت و عورفە کۆنەکان دەکەن، ڕەنگە ناو بەناو لێیان ببوررێت چونکە یاخیبوونیان بۆ کاغەز یاخود قوماش سنوردارە کە ئەوەش کارایی بە بەراورد لەسەر بازنەیەکی بچوکدا هەیە. لە راستیدا ئەوان ڕەنگە فەرامۆش بکرێن یاخود بە کەسانێکی هەوەسباز و ناجۆر ببینرێن و تۆزێک زیانیان هەیە، بەڵام ئەمە بۆ کەسێکی چالاک کە تەحەدای قبوڵکردنی ستاندەری ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، ناخوات. ئەو هەر زەرەربەخش نیە، ئەو بە گوێرەی تێڕوانینی دەسەڵات لە خودی بوونیدا مەترسییە. زیانی بۆ یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نە دەتوانرێت فەرامۆشبکرێت و نە لێشی ببوررێت. ئەو وەکو دوژمنییێکی کۆمەڵ ڕەجمدەکرێت.

بەم هۆکارەیە کە هەستی شۆڕشگێڕانە یاخود دەربڕیینی فکرێک لە هەڵبەستێکدا کە شارابێتەوە لە تێزێکی هەستڕاکێشی وەک تێزێکی فەلسەفیانەدا ڕەنگە فەرامۆشبکرێت یا قەبوڵبکرێت، ڕەنگە بە ڕەقابەی فەرمی و نافەرمیدا تێپەڕێت، چونکە نە دەتوانێت بە دەستی خەڵک بگات نە لە لایەن زۆرینەی خەڵکیشەوە لێی تێدەگەن. بەڵام هەمان شت وەکو هەڵوێستێکی دژە نەریتیی باو، هەر یەکسەر تۆ لە لایەن هەموو ئەو هێزانەی کە بەرگریی لە مانەوەی ئەو نەریتە دەکەن ڕووبەڕوی سەرزەنشت و ڕەجمکردنەوە دەبیت.

نموونەی ناچاریی خراپترین و کوشدەترە، زیاتر لە ژاری کوشندە. بە درێژایی چەرخەکان ئەوە بووەتە گەورەترین بەربەست لە پێشەوەچونی مرۆڤدا، دەوری مرۆڤی بە هەزاران بیانوی وەک

حەرامکردن و سڵکردنەوە و یاساخکردن، داوە ئەمانەش دڵ و مێشکی مرۆڤیان بە یاساو کۆدە کۆنە تەقلیدییەکان بارگاوی کردووە، بێ هیوایی خۆزگەکانی لەگەڵ زۆرلێکردن لە هەست و تێفکریندا چاندووە کە " لە سەرت پێویستە " و " نابێت ئەوە بکەیت، یا بیکەیت" لە هەڵسوکەوت و چالاکیکردندا. ژیان و هونەری ژیان بووەتە جووتە فۆرمیلەیەک، تەختە و خامۆش و ناچالاکە.

لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازای زکماکی، سروشتی مرۆڤ زۆر بەهێزە بەو ڕادەیەی چەندەها چەرخ لەم هەوڵی پاکۆدانەدا بەتەوای بەسەر ڕەسەنێتی [ئەسیلێتی] و جیاوازییەکانیا سەرکەوتوو نەبووە. ڕاستە کە زۆینە کەوتوونەتە چاڵی قوڵەوە ئەوەندە قوڵن کە ناپێورێن، ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ پانتایی بۆشایی. بەڵام هەندێک لەوانە دەبچڕێن لەوە و ڕێگای کراوە دەدۆزنەوە کە وێنەیەکی زهنی و ئاسۆیەک دەبێ لە جوانی و بەهرەبەخش کە پێشڕەوایەتی دڵ و ڕۆح دەکات. ئەمانە دونیا سەرزەنشتیان دەکات بەڵام خەڵکی وردە وردە دووی نمونەکەیان و باوڕیان دەکەون، لە کۆتایشدا دێنە پاڵیان. هاوکاتیش ئەو ڕێدۆزەرەوانە کە لەوە زیاتر ڕۆیشتون و هەنگاویان ناوە یاخود مردون، ئەوانەی کە هەندێکمان دەمانشێواندن و نەفرەتمان لێکردن، ئەو کاتە مۆنۆمێنتیان بۆ دروستدەکەین نەمرییان دەسەلمێنین دواتریش بە جورئەت و بەهرەیان دەزانین، ئەوانە پێشەواکانی ئەمرۆمانن.

دەکرێت لە پاڵ ئەم ڕۆحی بێ تەحەمولی و زوڵم و چەوساندنەوەی نەریتەی دەسەڵاتدا: زۆرلێکردن بۆ پشتڕاستکردنەوەی زاڵبوونی نموونە باوەکان و ناچارکردن لە ڕوی ئەخلاق و یاساوە دەکرێت وەکو ئەوانی دیکە بێت، وەکو ئەوان بە گوێرەی قاعیدەکانی پێشتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێن.

بەڵام ڕای گشتی کە دەڵێت تەوافق، گونجاندن نەریتێکی سروشتییە، ئەوە بە تەواوی هەڵەیە. بە پێچەوانەوە ئەگەر دەرفەتێکی کەم بدەیت بێ هەبوونی ئەو بەربەرستانەی کە لە عەقڵییەتی بوونەوە، چێنراوە، ئەوە مرۆڤ ئەو جیاوازی و ڕەسەنێتییە دەسەلمێنێت. بۆ نموونە چاودێری منداڵان بکە زۆرێک جیاوازی لە شێواز و هەڵوێستیان، لە دەربڕنی عەقڵی و لاشەیانا، هەیە و دەبێت، دەتوانیت کەشفی ئەو مەیلە غەریزەییە لە تاکگەرایی و سەربەخۆییاندا بکەیت، زیاتر لە لەیەکچونیان، لە کرانەوە و مەیلی شاراوەیان لە تەحەداکردنی ئەو ئارەزووەی کە لە دەرەوە بەسەریانا سەپێنراوە، لەوانە یاخیبوونیان دژ بە دەسەڵاتی دایکان و باوکان و مامۆستا، هەست بە هەموو ئەمانە دەکەیت. هەموو ڕاهینان " پەروەردەکرن" ی منداڵ پرۆسەیەکی بەردەوامە لە کرژکردن و تێشکاندنی مەیلیان و لەڕەگ هەڵکێشانی کاراکتەرە غەریزەییەکانە، لە جیاوازییەکانیان لەگەڵ ئەوانەی دیکە، لە سەرکوتکردنی و چەماندنەوەی هەندێک ڕەسەنییەت کە لە منداڵدا بەردەوامە تاکو دەگاتە قۆناخی پێگەیشتن، کە پیشانی دەدات کە بەهاری تاکایەتیی چەند قوڵە. بۆ نموونە تۆ یەک یا دوو کەس وەرگرە کە شاهیدی هەندێک کارەساتی تراژیدیاوی وەکو ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە، با بڵێین لە هەمان کات و شوێندا. هەر یەک لەو دوانە ڕووداوەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەگێڕێتەوە، هەر یەک لە ڕێگەی ڕەسەنێتی خۆیەوە لە ڕێگای پەیوەندی ئەو ئینتیباعەی کە دەریدەبڕێت، ئەمەش بە هۆی جیاوازی سروشتیانەی سایکۆلۆجێتیانەوە. بەڵام قسە لەگەڵ هەمان دوو کەس سەبارەت بە چەند حاڵەتی کۆمەڵایەتیی سەرەکیی وەکو دەربارەی حکومەت و ژیان، بکە، بۆ نموونە، تۆ یەکسەر دەربڕین و هەڵوێستی هاوشێوە لە بۆچوونی قەبوڵکراو و عەقڵییەتی باوودا دەبیستی.

بۆچی ئەمە؟ چونکە کاتێک کە مرۆڤ ئازادە لە بیرکردنەوەدا و بەخۆی بیردەکاتەوە، دەورەی بە یاساو نەریتەکان نەدراوە، هەروەها ترسی ئەوەی نییە کە " جیاوازە" و تەقلیدییە [ئەرسەدۆکسییە] لەپاڵ بارودۆخێکی نەخوازراوی ئاوا ناخۆشدا، ئیتر ئەو سەربەخۆ و ئازاد دەبێت. بەڵام هەر ئەوەندەی کە دەمەتەقێکە دەمی لە فەزای زەرووریاتە کۆمەڵایەتییەکانمان دا، ئەوە ئیتر لەناو حەرامکراوەکانا بوو، ئەو دەبێتە تووتی بۆ وتنەوەی.

ژیان لە ئازادییدا، لە ئەنارکیدا، زۆر زیاتر دەبێت لەوەی کە بە تەنها مرۆڤ ئازاد بکات لە کۆیلەیەتی ئێستای سیاسەت و ئابوریی. ئەمە جگە لە یەکەم هەنگاو هیچی تر نییە، ئەمە سەرەتا دەبێت بەرەو بوونی ڕاستینەی مرۆڤ هەنگاوبنێت. بەرەنجامی ئەم ئازادییە گەورەترین و زۆررترینە، هەروەها هەژموونی لەسەر مێشکی مرۆڤ و کەسایەتیشی. هەڵوەشاندنەوەی زۆرەملێ و زۆرلێکردنی ویستی دەرەوە لەتەک ترسی دەسەڵاتا، سنوری ئەخلاقی ناچارییبوون هەڵدەوشێنێتەوە، کە کەمتر نییە لە بەربەست و هەژموونە جەستەیی و ئابوورییەکان. ڕۆحی مرۆڤ ئازادانە هەناسە دەدات، ئازادبوونی عەقڵی دەبێتە لەدایکبوونی کولتورێکی نوێ لە مرۆڤایەتییەکی نویدا. زەرووربوون و حەرامبوون نامێنن و مرۆڤ دەستبەوەدەکات کە خۆی بێت، گەشەبکات مەیلەکانی تاکێتی خۆی و جیاوازییەکانی دەرببڕێت. لەبری ئەوەی " پێویستە ئەوە بکەیت" و " ئەوە نەکەیت" ڕای گشتی دەڵێی ئەو " دەتوانیت بەرپرسیاریی تەواو هەڵگریت. " ئەوە لە کەرامەتی مرۆڤ و متمانەبەخۆ، لە ماڵ و قوتابخانەوە دەستپێدەکات، کە ڕەگەزێکی نوێ و هەڵوێستێکی نۆی بۆ ژیان دروستدەکات.

مرۆڤی ئاینده ئەوە دەبینێت و هەست بەبوونی خۆی لە گەردوونێکی زۆر جیاوازادا دەکات. لەویَ ژیان بۆ ئەو، هونەر و زەوق و خۆشی دەبێت، ئیتر لەبەرچاوگرتنی کێبڕکێکردن کە هەموو یەکێک زەروورە باش بێی، وەکو ڕاکەرێک کە خێراترین بێت، دەوەستێت. مرۆڤی ئەو کاتە زەوق و خۆشی لایان زۆر گرنگتردەبێت لە کار، هەروەها کارکردن دەکەوێتە شوێنێکی گونجاوەوە، شوێنەکەی وەکو شوێنی خۆشی بەسەربردن دەبێت، بۆ زەوقبینین لە ژیانایە.

ژیان لەوێدا یانی هەوڵدانە بۆ بەهای کولتورێکی باشتر، گەیشتن بە شاراوەکانی سروشت، بەدیهێنانی حەقیقەتی تەواو. ئازادە لە بەکارهێنانی و ڕاهێنانی توانا ناسنوردارەکانی مێشکیا و دووکەوتنی ئارەزووەکانی بۆ زانیاریی، بۆ داهێنانە عەبقەرییەکانی، بۆ ئافریندەکردن، بۆ گەشەکردن و فڕین بە باڵی خەیاڵ، ئیدی مرۆڤ دەگاتە تەواوی گەشەی خۆی و بەڕاستی دەبێتە مرۆڤ. گەشە دەکات و پێشدەکەوێت بە گوێرەی سروشتی خۆی ، ئەو خۆی لە یەکجۆریی، لەقاڵبدان دادەماڵێت، جیاوازی مرۆڤەکان ئارزومەندییەکانی زیاتر دەکەن و هەستی ڕەزامەندی لە دەوڵەمەندیی بوونیاندا دەچێنێت. ژیان بۆ ئەو لە وەزیفەدا کۆنابێتەوە بەڵکو لە ژیانا، ئەو دەگاتە گەورەترین جۆری ئازادیی کە مرۆڤ دەتوانێت بەدەستیبهێنێت، ئازادیی لە زەوق خۆشبەسەربرداند.

تۆ دەڵێیت" **ئەو ڕۆژە ئایندەیەکی دوورە، چۆن دەتوانین بیگەینیَ؟**

ڕەنگە ئایندەیەکی دووربێت، ڕەنگیشە ئەوەندە دوورنەبێت، کەس ناتوانێت ئەوە بڵێت. بە هەر نرخێک بێت زەرووورە هەمیشە هەدەفی جێگرەوەمان لەو دیدەوە ببینین ئەگەر ئێمە لەسەر ڕێگا ڕاستەکە بمێنینەوە. ئەو گۆڕانانەی کە من باسیاندەکەم لە شەوێکدا ڕوونادەن،

نەک هەر ئەوانە بەڵکو هیچ شتێک. ئەوە گەشەکردنێکی لەسەرخۆیە وەکو هەموو شتێک لە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتییدا. بەڵام زەروورییە، ژیرانەیە، هەروەها بوێری ئەوەم هەیە کە بڵێم پێشەوەچونێکی حەتمییە. حەتمییە چونکە هەموو ئاراستەکان لە مرۆڤدا بەو ئاڕاستەیەیە گەشەدەکەن، هەتا ئەگەر زیکزاکانەش بێت، زۆر جار ڕێگا وندەکات بەڵام هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێڕەوە دروستەکە.

**باشە ئەوە چۆن ڕەنگە ڕووبدات؟**

# بەندی پێنج

## ئەنارکستە ناکۆمۆنیستەکان

پێشئەوەی دەستپێبکەین، با هەر بە کورتی ئەوە بڵێم، من قەرزاری ئەو ئەنارکستانەم کو کۆمۆنیست نین.

چونکە دەبێت بزانیت هەموو ئەنارکیستەکان کۆمۆنیست نین، هەمویان باوەڕیان نییە کە کۆمۆنیزم – خاوەنداریتی کۆمەڵایەتییە و هاوبەشییە بە گویرەی پێویست- باشتیرن و ڕەواترین ڕێکخستنەوەی ئابوورییە.

پێشتر من کۆمۆنیستی ئەنارکیزمم [ کۆمۆنیست ئەنارکیزم] بۆ ڕاڤە کردی چونکە بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی من ئەو ئارەزوومەندترین و بەکردەییترین فۆرمی کۆمەڵایەتییە. ئەنارکستە کۆمۆنیستەکان باوەڕیان وایە کە تەنها لە سای هەلومەرجەکانی کۆمۆنیستیدا ئەنارکی دەتوانێت گەشەبکات، هەرەها ئازادی یەکسان، یەکسانی لە ئازادییدا، و دادوەری و خۆشگوزەرانیش بۆ هەموو کەس بێ جیاوازای و هەڵاواردن، دەستەبەر بکرێت.

ئەنارکستەکان هەموویان لەسەر هەڵوێست و پێگە گشتییەکان هاوڕان: کە حکومەت یانی نادادپەروەریی و سەرکوتکردن، کە داگیرکەرە، کۆیلەکەرە هەروەها گەورەترین بەربەستە لە پێشکەوتنی مرۆڤ و گەشەکردنیا. هەموو ئەنارکستەکان باوەڕیان وایە کە ئازادیی لە کۆمەڵێکدا دەتوانێت بێت کە هیچ جۆرە زۆرەملێیەکی تێدا نییە. هەموو ئەنارکستەکان لەسەر بناغەی پرنسپڵی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت هاوڕان .

بەڵام ئەنارکیستیش هەن کە باوەڕیان بە کۆمۆنیزم نییە، ئەوان بە گشتی دەکرێت پێناسەی تاکگەرایی و کۆمەکدۆستەکانیان بۆ بکرێ[٣]. هاوکاتیش هەموو ئەنارکیستەکان لەم هەڵوێستە سەرەکییەدا ڕێکن: کە حکومەت یانی نادادوەریی و سەرکوتکردن، سەپاندن و کۆیلایەتی، هەروەها گەورەترین بەربەستە لە پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤدا. هەموویان باوەڕیان وایە کە ئازادیی دەکرێت بوونی لە کۆمەڵێکدا هەبێت کە لە هەموو ناچاری و زۆرەملێ و زۆرلێکردنێک، ئازادبێت. لەبەر ئەوە هەموو ئەنارکستەکان لەسەر پرنسپی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت یەکن.

بە زۆری ناکۆکییەکانیان ئەم خاڵانەن:

**یەکەم:** هەڵسوکەوتی ئەنارکیانە. ئەنارکستە کۆمۆنستەکان دەڵێن تەنها شۆڕشی کۆمەڵایەتییە توانای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و بینای ئەنارکی هەیە. هەرچیش ئەنارکیستە تاکگەراییەکان و کۆمەکدۆستەکانە باوەڕیان بە شۆڕش نییە. ئەوان باوەڕیان وایە کە کۆمەڵی هەنووکە هێدی هێدی لە حکومەتەوە بۆ پێگەیەکی بێ حکومەتی، گەشەدەکات.

**دووەم:** ئەنارکستە تاکگەراییەکان و کۆمەکدۆستەکان باوەڕیان بە تاکخاوەنداریێتی هەیە، ئەمەش دژ بە ئەنارکستە کۆمۆنیستەکانە کە باوەڕیان وایە کە دامەزراوەی خاوەنداریێتی تایبەتی یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نادادوەریی و نایەکسانیی و هەژاریی و بێ ئومێدیی. تاکگەراییەکان و کۆمەکدۆستەکان لەگەڵ مانەوەی مافی

[٣] ئەوانەی کە باوەڕیان بە کۆمەکی بەرانبەرانە هەیە وێڕای ئەوەی کە ناوی خۆیان بە ئەنارکست ناهێنن ( ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ناوەکە بە هەڵە گەیەنراوە) لەگەڵ ئەوەشدا ئەنارکستی تەواون چونکە باوەڕیان بە حکومەت هیچ جۆرە دەسەلاتێکی سیاسی نییە

ئازادییدان دەڵێن " بەرهەمی کاری گرانی خۆی، مافی هەموو یەکێکە" کە بێ گومان ئەمە ڕاستە، ئازادیی مانای ئەوەیە. بەڵام پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا کەسێک مافی بەرهەمەکەی خۆی هەبێت، بەڵکو ئەوەیە ئایا شتی ئاوا هەیە کە بەرهەم بەرهەمی تاک بێت. من لە بەندەکانی پێشترا ئەوەم ڕوونکردۆتەوە کە شتی ئاوا لە پیشەسازی مۆدێرنا نییە: هەموو کارەکان و بەرهەمەکانی کارکردن هەموویان کۆمەڵایەتین. لەبەر ئەوە جەدەلی بوونی مافی تاک بۆ بەرهەمەکانی، بناخەیەکی کردەیانەی نییە.

من هەر ئاوا ئاماژەشم بەوە داوە کە گۆڕینەوەی بەرهەمەکان یاخود کاڵاکان ناکرێت بە کردنی تاک و تایبەتیی بێت، مەگەر سیستەمی قازانج بەکاربهێنرێت. لەوکاتەوەی کە ناتوانرێت بەهای کاڵاکان دیاری بکرێت، گۆڕینەوە ڕەوا نییە. بەڕای من ئەم ڕاستیە بەرەو خاوەندارێتی کۆمەڵایەتیی و بەکارهێنانی هاوبەش دەمانبات کە ئەمەش کۆمۆنیزمە کە سیستەمێکی ئابوریی زیاتر کردەیی و ڕەوایە.

بەڵام وەکو لە سەرەتادا وتم ئەنارکستە تاکگەراییەکان و کۆمەکدۆستەکان لەم خاڵەدا لەگەڵ ئەنارکستە کۆمۆنیستەکانا نایەنەوە. ئەوان پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن کە سەرچاوەی نایەکسانی ئابووریی، قۆرخکردنە [ مۆنۆپۆلی] ، جەدەلی ئەوە دەکەن کە نەمانی قۆرخکردن لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتدایە چونکە قۆرخکردن بەرتەرەی تایبەتە – لە لایەن حکومەتەوە دراوە و پارایزراوە- کە گریمانی قۆرخکردنی ڕەخساندووە. ئەوان دەڵێن بە لەناوبردنی قۆرخکردن و شەڕەنگێزێتیی و ململانێی ئازادیش دەڕوات.

ئەنارکستە تاکگەراییەکان، دووکەوتووەکانی Stirner و Tucker

هەروەها ئەنارکستە تۆڵستۆییەکان کە باوەڕیان بە نەکردنی بەرگریی هەیە، پلانێکی ڕوونیان سەبارەت بە ئابووریی لە سای ئەنارکییدا نییە. بەڵام کۆمەکۆستەکان پێشنیاری سیستەمەێکی نوێی ئابوریی ڕووندەکەن. ئەوان لەگەڵ مامۆستاکەیان، فەیلەسوفە فەرەنسییەکە، جۆزیف پرۆدۆن، باوەڕیان وایە کە بانقی هاوبەش و پشتیوانەی [کرێدت] بێ بوونی سوو باشترین فۆرمی ئابوورییە لە کۆمەڵی بێ حکومەتدا. بە گوێرەی تئیورەکەیان، پشتیوانەی بەلاش [ بێ سوو] هەلومەرج بە هەموو کەسێک دەدات کە پارە بە بێ سوو قەرزبکات، ئەمەش یەکسانی لە داهاتدا دەکات و قازانجیش کەمدەکاتەوە پاشانیش بە ڕۆڵی خۆی دەوڵەمەندی و هەژاری لەناودەبات. ئەوان دەڵێن پشتیوانەی بەلاش [ بێ سوو] و ململانێ لە بازاڕی کراوەدا، سەرەنجامەکەی یەکسانی ئابوورییە، لە کاتێکدا کە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت زەمانەتی ئازادیی یەکسان دەکات. ژیانی کۆمەڵایەتی لای کۆمۆنێتی کۆمەکدۆستەکان هەروەها ئەنارکستە تاکگەراییەکان لە سەر بناخەی قودسییەتی ڕێکەوتنی خۆبەخشانە و گرێبەستی ئازاد، دەبێت.

من لێرەدا هەر زۆر بە کورتی هەڵوێستی ئەنارکستە تاکگەراییەکان و کۆمەکدۆستەکانم باسکردووە، ئامانجیش لەم کارە ئەوە ناگەیەنێت ئەمە چارەسەی وردی ئایدیاکانی ئەو ئەنارکستانەیە کە نوسەر بە هەڵەی دەزانێت و بە کردەیی نازانێت. وەکو ئەنارکست کۆمۆنیستێک ئارەزوومە کە دید و بۆچوونەکان کە بە باشترینیان دەزانم بیانخەمە بەرچاوی خوێنەر. بە هەر حاڵ وا هەستم کرد کە ڕەوایە فەرامۆشتان نەکەم لە هەبوونی ئەوانی دیکەش، لە تئیوری ئەوانەی کە ئەنارکست کۆمۆنیست نین. بۆ ناسینی باشتری ئەوان دەربارەی ئەنارکیزم بە گشتی دەستنیشانی لیستێک لە کتێبتان، بۆ دەکەم.

# شۆڕشی کۆمەڵایەتیی

# بەندی شەش

## شۆڕش بۆچی؟

بابگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەت،" **چۆن ئەنارکییەت دەستەبەردەبێت؟ ئایا دەتوانینن بیهێنینەدی؟**"

ئەمە گرنگترین خاڵە چونکە لە هەموو گرفتێکدا دوو شتی گرنگ هەیە: یەکەم، بەڕوونی زانینی ئەوەی کە دەتەوێت، دووەم، چۆن بەدەستیدەهێنین.

ئێمە دەزانین چیمان دەوێت. ئێمە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیمان دەوێت کە هەمووان تێیدا ئازاد بن هەر یەکەش هەلی تەواوی هەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستی و بەهرەکانی لەسەر بناخەی ئازادیی یەکسان بۆ هەمووان. بە واتایەکی دیکە ئێمە کۆشش دەکەین بۆ ئەرنارکیزمێکی کۆمۆنیستی کۆسامان و هەرەوەزیی ئازاد.

ئەوە چۆن ڕوودەدات؟

ئێمە پێغەمبەرەکان نین و هیچ کەسێک ناتوانێت پێت بڵێت کە شتەکان چۆن ڕوودەددەن. بەڵام بوونی جیهان هەر لە دوێنێوە نییە، پاشانیش مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ژیر، دەبێت لە ئەزموونەکانی ڕابوردوو سوودمەندبێت.

ئێستا ئەو ئەزموونە چییە؟ ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بگێڕیت دەبینیت کە سەراپای ژیانی مرۆڤ تێکۆشان بووە لە پێناوی بووندا. لە دۆخی کۆمەڵی سەرەتاییەوە مرۆڤ بە تەنها جەنگی لەتەک گیانلەبەرە وەحشییەکانی نێو جەنگەڵدا کردووە، بێ هاوکاریی ڕووبەڕووی

برسێتی و سەرما و تاریکی و بۆڕفتان بووەتەوە بەهۆی نەزانی و بێ ئاگاییەوە هەموو ئەو هێزانەی سروشت دووژمنی بوون. ئەوان شەرەنگێز بوون کاریان لەسەر تێشکاندنی ئەم بووە، ئەمیش بە تەنها، بێ دەسەڵات بووە لە بەگژاچوونەوەیان. بەڵام وردە وردە مرۆڤ فێربووە لەتەک جۆرەکانی دیکەی وەکو خۆیدا یەکبگرنەوە و هەوڵی ئاسایش و سەلامەتی ژیانیان بدەن. بە یەکخستنی هەوڵیان توانیان وزەکانی سروشت بگۆڕن بۆ خزمەتی خۆیان. بەمجۆرە یارمەتی و هاوکاریی نێوانیان هێدی هێدی وزەی مرۆڤی چەند قات کردەوە تا ئەو کاتەی لە داگیرکردنی سروشتا لە بەکارهێنانی هێزیا، سەرکەوتوو بوو لە کردنەوەی ئەڵقەکانا، لە بەیەکەوە بەستنی ئۆقیانوسەکانا تەنانەت کارامەبوونیشی لە ئاسمانا.

هەر ئاواش نەزانینی مرۆڤی سەرەتایی و ترسی وای لێکرد کە بە بەردەوامی ململانێی مرۆڤ دژ بە مرۆڤ، خێزان دژ بە خێزان، خێڵ دژ بە خێڵ، تا ئەو کاتەی مرۆڤەکان تێگەیشتن بە یەککەوتنیان، بە هەوڵی هاوبەشیان و هاوکاری هاوبەش توانییان زۆر زیاتر لەوە بە دەستبهێنن کە بە شەڕ و ململانێی نێوانیان بەدەستیبهێنن. زانستی سەردەم نیشانی دەدات تەنانەت ئاژەڵەکانیش فێری تێکۆشانی زۆر بوون بۆ مانەوەیان. هەندێک جۆریان لە ژیاندا مانەوە چونکە وازیان لە شەڕی یەکدی هێنا و لە گروپیکی هاوچەشندا ژیان، لەم ڕێگایەوە توانییان پارێزگاریی لە خۆیان دژ بە وەحشییەکان، باشتر بکەن[٤]. ئەوەندەی مرۆڤەکان هەوڵی هاوبەشی نێوانیان و هاوکارییان خستە

---

[٤] ئەوانەی کە باوەڕیان بە کۆمەکی بەرانبەرانە هەیە وێڕای ئەوەی کە ناوی خۆیان بە ئەنارکست ناهێنن ( ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ناوەکە بە هەڵە گەیەنراوە) لەگەڵ ئەوەشدا ئەنارکستی تەواون چونکە باوەڕیان بە حکومەت هیچ جۆرە دەسەلاتێکی سیاسی نییە

جێگای ململانێی نێوانیان ، ئیدی له بارباریزمەوە پێشکەوتن و بەرەو مەدەنییەت گەشەیانکرد. خیزانەکان کە پێشتر شەڕیان دژ بە یەکدی تا مردن دەکرد، یەکیانگرت و گروپێکی هاوبەشیان دروستکرد، گروپەکانیش یەکیانگرت و خێڵ و تیرەیان دروستکرد و پاشانییش تیرەکانیش خۆیان لە نەتەوەدا گرتەوە. بەڵام نەتەوەکان بێ مانایانە بەردەوامبوون لە شەڕی یەکتردا، ئێستا وردە وردە ئەوانیش هەمان وانە فێربوون و لە هەنووکەدا لە سەرەتای دۆزینەوەی ڕێگایەکدان بۆ وەستانی قەسابخانە جیهانییەکە کە بە جەنگ ناسراوە.

بۆ بەدبەختی لە ژیانی کۆمەڵایەتمانا ئێمە هێشتا لە بارودۆخی بارباریزمداین لە وێرانکاری و کوشتنی برایانا، گروپ هێشتا شەڕی گروپی دیکە دەکات، چین دژ بە چینی دیکە دەجەنگێ. بەڵام لێرەدا مرۆڤ لە سەرەتای هەستکردنە بەوەی کە جەنگ بێ مانایە و وێرانکەرە، جیهان ئەوەندە گەورە و دەوڵەمەندە کە دەکرێت هەمووان لەزەتی لێببینن وەکو تیشکی ڕۆژ، هەروەها یەکگرتنی بەشەرییەت بە زیاتر یەکگرتن لە دابڕبوون و بەش بەشبوونی دژ بەخۆی، زیاتر بەدەستدەهێنێت.

ئەوەی کە پێی دەوترێت پێشەوەچوون و پێشکەوتن، تەنها تێگەیشتنە لەمە و هەنگاوێکە بەرەو ئەو ئاراستەیە.

مرۆڤ هەموو گەشەکردنێکی لە هەوڵی پاراستنی زیاتری و دەستەبەری ئاشتیی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا بووە. هاندەری سروشتی مرۆڤ بەرەو یارمەتی هاوبەش و هەوڵی هاوبەش، بووە، زیاترین شەوق و ڕەونەقی غەریزەیی ئەو، ئازادیی و خۆشییە. وێڕای هەموو ئەو بەربەست و کۆسپانە ئەم مەیلە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوە و دڵنیابوونەوەی خۆیان. وانەکانی سەراپای

مێژووی مرۆڤ نیشانیانداوە نە هێزی سروشتی دژو و نە موعارەزەی نێو خودی مرۆڤەکان خۆیان، ناتوانن ڕێپێوانی بەرەوپێشەوەچوونی، ڕابگرێت و بیباتە دواوە. ئەگەر من پرسیاری پێناسەی مەدەنییەتم لێبکرێت لە یەک برگەدا، دەبێت بڵێم،سەرکەوتنی مرۆڤە بەسەر دەسەڵاتی تاریکستانیی، سروشت و بەشەرییەتا. ئیمە سەرکەوتنمان بەسەر هێزی سروشتا بەدەستهێنا و داگیرمانکرد، بەڵام هێشتا دەبێت شەڕی دەسەڵاتی ڕەشی مرۆڤەکان بکەین.

مێژوو شکستهێناوە لە نیشاندانی تاکە چاکاسازییەکی کۆمەڵایەتی بێ ڕووبەڕوبوونەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازیی موعارەزە، بۆ نموونە: کەنیسە، حکومەت، کاپیتاڵ، هەبووە، هەنگاوێک نەنراوە بی تێشکانی بەرگریی هێزی باڵادەستان. هەموو پێشەوەچونێکیش خەباتێکی تاڵی ویستوە، لە تێکشکانی کۆیلایەتییدا جەنگێکی زۆری درێژی خواستووە، هەر ئاواش بۆ زامنکردنی زۆر لە مافە سەرەکییەکانی خەڵک، یاخیبوون و ڕاپەڕینی داواکردووە. یاخیبوون و شۆڕشی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەرەبەگایەتیی و کۆیلایەتی کردە، کارێکی زەرووری، پێویستی بە جەنگی ئەهلی کرد لەتەک دەسەڵاتی ڕەهای شاکاندا، تاکو کۆتاییان پێبهێنێت و دیمۆکراتییەت دامەزرێنێت و بۆ بەدەستهێنانی زیاتری ئازادیی هەروەها خۆشگوزەرانیی بۆ جەماوەر. وڵاتێک لەم سەر زەوییەدا نییە لە هیچ سەردەمێکدا کە شەڕەنگێزێکی گەورەی کۆمەلایەتیی ئەو وڵاتە بێ خەباتی تاڵ وسەخت لەگەڵ دەسەڵاتەکەیدا، لەناوچووبێت. لەم ڕۆژانەدا شۆڕش بووە هۆی لابردنی مەملەکەتی قەیسەر [تەزار] لە روسیا و قەیسەر لە ئەڵمانیا و سوڵتان لە تورکیا و شاهەنشاهی لە چین و هەر ئاوا لە شوێنەکانی دیکەدا.

تۆمارێک، نوسینێک نییە کە هیچ حکومەتێک یاخود دەسەڵاتێک هیچ گروپێک یاخود چینێک، کە لە دەسەڵاتا بوون خۆبەخشانە وازیان هێنابێت. لە هەموو زروفێکدا پێویستی بە بەکارهێنانی هێز یا لانی کەم هەڕەشەیەک، بووە.

ئایا ژیرانەیە کە باوەڕمان وابیت کە دەسەڵات و ساماندااران گۆڕانی کتوپڕی لە دڵیاندا روودەدات و هەڵسوکەوتیان لە ئایندەدا جیاوازدەبێت لەوەی کە پێشتر هەیانبووە؟ وەڵامی ئاوەزی ئاسایت پێتدەڵێت کە بێ سوودە و ئومێدێکی بێ عەقڵانەیە. حکومەت و کاپیتاڵ شەڕ بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات دەکەن. تەنانەت هەر ئەمڕۆ دەیکەن لانی کەم کاتێک کە مەترسییەک بۆ بەرتەرەکانیان، دەیبینن، بەم شێوەیە لە پێناوی مانەوەیاندا تا کۆتایی ژیانیان، شەڕ دەکەن.

ئەمە ئەو هۆکارەیە نەک پێشبینی پێغەمبەرانە، وەحی خودایانە، کە ڕۆژێک دەبێت خەباتی یەکلاکەرەوانەی نێوانی سەروەران و باڵادەستان کە ژیانێکی ئێکجار خۆشیان هەیە و ئەو چینانەی کە لە ژیانا مەحرومن، دێت. ئەوەش ڕاستیەکی تەواو ڕاستە کە ئەم ململانێیە لە واقیعدا هەموو وەخت بەردەوامە.

لە نێوانی کاپیتاڵ و کاردا جەنگ بەردەوامە ئەم جەنگەش بەگشتی بەردەوامە لە چوارچێوەیەکدا کە پێیدەڵێن فۆرمی یاسایی. تەنانەت ئەم جەنگە ناو بەناو لە شێوەی توندووتیژی وەکو لە کاتی مانگرتن و داخستنی کارگەکان و دەرکردنی کرێکارانا دەبینرێت، دەتەقێتەوە، چونکە دەستی چەکداری حکومەت هەمیشە لە خزمەتی سەروەراندایە. لەو چرکەوەی سەرمایە هەستدەکات کە هەڕەشە لەسەر قازانج هەیە ئەو دەستە دەکەوێتە کارەوە. ئەو کاتەش دەمامکی " بەرژەوەندی هاوبەش" و " هاوبەشێتی/ شەراکەت" لەگەڵ

کار فڕێدەدات و پەنای بیانووەکان لای هەموو سەروەران لە لابەلاکردنەوەی ناکۆکییەکاندا، بەکارهێنانی زۆر و هێزە.

هەر لەبەر ئەوە ئاشکرایە کە حکومەت و کاپیتاڵ ڕێگا بەخۆیان نادەن هەر ئاوا ئاسان و بێ دەنگ هەڵوەشێنەوە ئەگەر بۆشیان بکرێت، هەر لە خۆشیانەوە جادووگەریانە [سحريانه] " بزر نابن " وەکو هەندێک خەڵک باوەڕیان ئاوایە. بۆ ڕزگاربوون لێیان پێویست بە شۆڕش هەیە.

خەڵکانێک هەن کە باسی شۆڕش دەکەیت بە قەشمەرییەوە زەردەخەنەیەک دەیانگرێت، زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێن " مەحاڵە". هەر ئاواش لویس شازدەهەم، Louis XVI و Marie Antoinette فەرەنسی چەند هەفتەیەک پێشئەوەی کە لەسەر تەخت بهێنرێنە خوارەوە و سەریشیان تێدا بچێت، ئاوا بیریاندەکردەوە. هەر بە هەمان دەستور نوبەلاکانی قەیسەر نیکۆلای دووەم لە سەروبەری خرۆشان و هەیەجانی خەڵکیدا کە پاکۆیان لە دەسەڵاتی دا، ئاوا بیریدەکردەوە. یەکێک لە چاودێرە ڕوکەشەکانی شۆڕشیش وتی " ئەوە لە شۆڕشی نەدەکرد" ، بەڵام شۆڕشەکان هۆکار و شێوازی خۆیان هەیە لە هەڵگیرسانا " لەوە ناکەن، لە شۆڕش ناکەن". لەگەڵ ئەوەشدا لەوە ناکات کە سەرمایەدارە هاوچەرخەکان ئارەزوی گیانبازییان [موجازەفەیان] بە بەختیانەوە هەبێت، ئەوان دەزانن کە ڕاپەڕین و شۆڕش لە هەموو کاتێکدا گریمانی هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆمپانیا زەبەلاحەکان و گەورە خاوەنکارەکان بە تایبەت لە ئەمەریکا دەستدەکەن بە گرتنەبەری مێتودی نوێ و تاووتوێی دەکەن وەکو ڕۆشنکردنەوەی ڕێگایەک دژ بە هەڵچون و نارەزایی جەماوەریانە. دەستپێشکەری پاداشت و هاوبەشکردنی شتێک لە قازانج لەو جۆرە مێتودانەیان دەکرد، تاکو کرێکارانی پێ ڕازیبکەن بۆ ئەوەی کە زیاتر

ئارەزوومەندی پیشەسازییەکەی بن و گەشەی زیاتر بکات. ئەم میتۆدانە بۆ ماوەیەک پرۆلیتاریا لە بەرانبەر بەرژەوەندی ڕاستینەی خۆیدا، نابینادەکات، بەڵام باوەڕ مەکە کە کرێکاران بۆ هەمیشە بۆ کاری کۆیلایەتیی کۆنترۆڵبکات هەتا ئەگەر قەفەسەکەشی لە وەختێکەوە بۆ وەختێکی دیکە ئاڵتونی بێت. باشکردنی هەلومەرجە مادییەکان زەمانەتی ڕوونەدانی شۆڕش ناکات. بە پێچەوانەوە ڕازیبونمان بەوەی کە ویستبومان ئارەزوو و پێویستی نوێ ئافریندەدەکات، دەبێتە هۆی لە دایکبوونی ئارەزو و بەهرەی نوێ. ئەوە سروشتی خودی مرۆڤە، ئەوە کە زەمانەتی چاکسازیی و گەشەکردن دەکات و ناڕەزایی و بێزاری سەرکار سەرهەڵدەداتەوە ئەو چاکسازییە وەکو پارویەکی زیادەی نان هەتا ئەگەر بە کەرەشەوە بێت ناچێتە خوارەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە بوونی یاخیبوون و هۆشیاریی زیاتر و هەڵچوون و خرۆشانی چالاکانە لە چەقی پیشەسازیدا کە کەوتۆتە ئەوروپا کە بارودۆخیش باشترە بە بەراورد بە وڵاتانی دواکەوتوی ئاسیا و ئەفریقا. ڕۆحی مرۆڤ هەمیشە تامەزرۆی گەورەترین حەسانەوە و ئازادییە، ئەوە جەماوەرە کە هەڵگری ئەو غەریزەیەن بەرەو پێشکەوتنی زیاتر. وەستانی شۆڕش هیوای چینی سامانداری حوکمڕانانی هاوچەرخە ئەویش ناوبەناو بە هەڵدانی پارچە ئێسقانی گەورە و قەڵەو بۆ چەوساوەکان، ئەوە هیوایەکی وەهمیانە و بێ بناخەیە. سیاسەتی نوێی کاپیتاڵ بۆ دامرکانەوەی کار بۆ ماوەیەک ڕەنگە ئاوا ببینرێت، بەڵام ڕێپێوان بەرەو پێشەوە، بەم حیلەیە ناوەستێنرێت. هەڵوەشاندنەوەی کاپیتاڵیزم حەتمییە وێڕای ئەو هەموو پلان و بەرگرییانە کە دەکرێن، ئەوەش تەنها بە شۆڕش دێتەدی.

شۆڕشیش وەکو ململانێی مرۆڤە دژ بە سروشت وایە. مرۆڤ بە تەنها خۆی بێ دەسەڵاتە و ناتوانێت سەرکەوتووبێت، بە هاوکاری هاوەڵەکانی بەسەر هەموو کۆسپەکاندا، سەردەکەویت.

ئایا تاکە کرێکارێک بە تەنها دەتوانێت دژ بە کۆمپانیایەکی گەورە شتێک بەدەستبهێنێت؟ ئایا نقابەیەکی بچوکی کرێکاران دەتوانێت خاوەنکارێکی گەورە بە داخوازییەکانی ناچاربکات؟ چینی سەرمایەدار ڕێکخراوانە و بە مەزبوتی شەڕ دژ بە کار دەکات و سەرمایەداران ژییرانەش ڕووبەڕوی ئەو شەڕە دەبنەوە. شۆڕش لە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت کە کرێکاران یەکگرتوو دەبن، کاتێک کە لەسەر زەوی ڕێکخراو دەبن، کاتێک کە پڕۆلیتاریای هەموو وڵاتان هاوبەشی هەمان هەوڵ دەبن. سەرمایە جیهانیانەیە سەروەران لە هەموو پرسێکی گەورەدا هەمیشە هەوڵیان دژ بەو کارە یەکدەخەن، بۆ نموونە هەر لەبەر ئەوە بوو کە گەورە ساماندارانی لە هەموو دونیادادژ بە شۆڕشی ڕوسیا وەستانەوە. کاتێکیش کە خەڵک لە ڕوسیا ویستویانە قەیسەر [ تەزار] لابدەن ، سەرمایەی جیهانی دەستتێوەردانی نەکردوە، بەلایانەوە گرنگ نەبوو چ فۆرمێکی سیاسیان دەبێت ئەوەندەی کە حکومەتەکە بورجوازی و سەرمایەداری بمێنێتەوە. بەلام هەر ئەوەندەی کە شۆڕش هەوڵی لابردنی سیستەمی کاپیتالیزمی دا حکومەتەکان و بورجوازییەت لە سەر زەوی یەککەوتن بۆ تێشکانی. ئەوان ئەوەیان دەبینی کە هەڕەشەی بەردەوامی سەروەرییان لێدەکریت.

برادەری من ئەوە بە باشی لەبەرچاو بگرە. چونکە جۆری شۆڕشەکان و شۆڕشەکان هەن. هەندێک شۆڕش تەنها فۆرمی حوکمکردنەکە دەگۆڕێت لە ڕێگای دانانی تاقمێک لە حوکمڕانان لە جێگەی کۆنەکە. ئەمانە شۆڕشی سیاسیانەن، ئەم جۆرانەش زۆر

وەخت ڕووبەڕووی تەنها کەمێک بەرگریی، دەبنەوە. بەڵام شۆڕشێک کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی سیستەمی کرێی کۆیلایەتیە، لەگەڵیا مەرجە کە دەسەڵاتی چینێکیش کە چینیکی دیکە سەرکوتدەکات هەڵوەشێنێتەوە. ئەم شۆڕشە ئاوایە چیدی بە تەنها گۆڕانی دەسەڵاتداران لە حکومەتەکان نییە، ئەمە شۆڕشی سیاسیی نییە، بەڵکو بەدووی گۆڕانی هەر هەموو کاراکتەری کۆمەڵەوەیە، ئەوەش شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێت و لێرەدا بە تەنها شەڕ دژ بە حکومەت و کاپیتالیزم ناکات بەڵکو ڕووبەڕوی موعارەزەی جەماوەریانەی نەزان و لایەنگرانی و لەوانەی کە باوەڕیان بە حکومەت و کاپیتالیزم هەیە، دەبێتەوە.

باشە ئەمە چۆن ڕوودەدات؟

## بەندی حەوت

# خودی هزر گرنگە، مەبەستەکە لە خودی شتەکەدایە

ئایا هەرگیز پرسیارت لە خۆت کردووە کە چۆن حکومەت و کاپیتالیزم ویڕای ئەو هەموو شەڕەنگێزی و گرفتانەی کە بۆ جیهانیان دروستکردووە، دروستبوون؟

ئەگەر ئەو پرسیارەت کردبێت، دەبێت بەم وەڵامە گەیشتبێتی: لەبەرئەوەی کە خەڵک هاوکاری ئەو دەزگایانە دەکەن، هاوکارییان دەکەن چونکە باوەڕیان پێیانە.

ئەوە جەهوری هەموو مەسەلەکەیە، کۆمەڵی ئەمڕۆ لەسەر بناخەی باوەڕبوونی خەڵک بەوەی کە باشە و بە کەڵکە ڕادەوەستێ، کە لەسەر ئەساسی ئایدیای دەسەڵات و خاوەنداریێتی تایبەتی دروستکراوە. ئەوە ئایدیاکانن کە پارێزگاری بارودۆخەکە دەکەن. حکومەت و کاپیتالیزم فۆرمێکن لە ڕێگای ئایدیا پۆپۆلیستییەکانەوە خۆیان دەردەبڕن. ئایدیاکان بناغەن، دەزگاکان خانوون و لەسەری دروستکراون.

قەوارەی نوێی کۆمەڵ دەبێت بناخەیەکی نوێی هەبێت و ئایدیای نوێ لە دامەزرانیا. هەرچۆنێک تۆ شێوازی، فۆرمی، دەسگەکە بگۆڕیت کاراکتەر و ماناکانی هەر وەکو چۆن بناخەکەی لەسەری دانراوە، دەمێنێت ، تۆ هەر بە وردی تەماشای ژیان بکە ئەو کاتە ئەوەت بۆ دەسەلمێ. هەموو جۆرەکان و فۆرمەکانی حکومەت لە دوینادا هەن،

بەڵام سروشتی ڕاستەقینەیان لە هەموو شوێنێک هەمان شتە، هەر وەک کارایيشیان هەمان شتە: هەمیشە یانی دەسەڵات و گوێڕایەڵیی.

باشە ئێستا، چی وای کردووە کە حکومەت بوونی هەبێت؟ سوپا و هێزی دەریاوانەکان؟ بەڵێ، ئاوا دەردەکەوێت. چی یارمەتی سوپا و هێزی دەریاوانەکان دەدات؟ باوەڕی خەڵکیی، جەماوەر کە باوەڕییان وایە حکومەت زەروورییە، بە گشتی ئەو ئایدیایە کە پێویستیبوونی حکومەتی قەبوڵکردووە. ئەوە حەقیقەتە و بناخەکەی پتەوە. ئەو ئایدیا، یاخود باوەڕە بخەرە لاوە، هیچ حکومەتێک ناتوانێت ڕۆژێک بخایەنێت.

هەمان شتیش بۆ خاوەندارێتی تایبەتی دەبێت، ڕاستی و زەرووریيەتی فکرەکە پایەیەکە کە یارمەتی دەدات و زەمانەتی دەکات. تاکە دەزگەیەک ناتوانێت بوونی هەبێت ئەمڕۆ، ئەگەر لەسەر بناخەی باوەڕی باو کە باشە و سوودمەندە، دانەمزرابێت.

لێگەڕی با ڕوونتری بکەینەوە. بۆ نموونە ئەمەریکا، پرسیار لە خۆت بکە بۆچی پاگەندەی شۆڕشگێڕانە کارایيەکی کەمی لەو وڵاتەدا هەیە وێڕای هەوڵ و تێکۆشانی پەنجا ساڵەی ئەنارکیست و سۆشیالیستەکان. ئایا کرێکارانی ئەمەریکی زیاتر و چڕتر لە کرێکارانی وڵاتانی دیکە ناچەوسێنەوە؟ ئایا گەندەڵی سیاسی لەوێ زۆر نییە وەکو وڵاتانی دیکە؟ ئایا چینی سەرمایەداریی لە ئەمەریکا زاڵمتر و خراپترین نین لە جیهانا؟ ئەوە ڕاستییە کە کرێکاران لە ئەمەریکا لە ڕوی مادییەوە باشترن تاکو لە ئەوروپا، بەڵام ئایا کرێکار لە هەمان کاتا بە دڕندەترین و ترسناکترین شێوە مامەڵەی ناکرێت کاتێک کە کەمترین نارەزایی و بێزاری دەردەبڕێت؟ کەچی هێشتا کرێکارانی ئەمەریکی دڵسۆز و گوێڕایەڵن بۆ حکومەت و یەکەمن لە

بەرگریکردن لێی، کاتێک کە ڕەخنە دەکرێت. کرێکار هێشتا زیاتر پاڵەوانی خۆتەرخانکردنی زیاترە بۆ " دەزگە گەورەکان و نوبەلاکان لە گەورەترین وڵاتی سەرزەویدا". بۆچی؟ چونکە باوەڕی وایە کە دەزگەی ئەون، ئەو سەروەرە و هاووڵاتییەکی ئازادە، کە بەڕێیاندەکات و دەتوانێت بیانگۆڕێت گەر بخوازێت. ئەو بڕوایەی ئەو بەو ڕژێمە گەورەترین زەمانەتی دژ بە شۆڕش، پێکدەهێنێت. باوەڕی ئەو بێ مانایە و پاساوی نییە و ڕۆژێک دێت لە شانی کاپیتاڵیزمی ئەمەریکی و زوڵم و زۆرداریەوە، تێدەشکێت. بەڵام ئەوەندەی ئەو باوەڕە پەیڕەوبکرێت بکرێت، سەرەوەرانی حوکمڕانی ئەمەریکا لە شۆڕش پارێزراون.

کاتێک مێشکی مرۆڤ فراوانتر و گەشەی زیاتردەکات بەرەو ئایدیا نوێیەکان دەڕوات باوەڕی بە بڕوا کۆنەکان نامێنێت، ئیتر دەزگەکان دەست بە گۆڕان دەکەن لە کۆتایشدا ئەوانیش لەگەڵیدا دەڕۆن. خەڵک بەرەو پێشەوە دەڕوات و تێدەگات کە دید و بۆچوونە پێشینەکانی هەڵە بوون، ئەوانە ڕاست نەبوون بەڵکو هەلاواردن و پێشداوەریی و پوچگەرایی بوون. ئا لەم ڕێگایەوە زۆرێک لە ئایدیاکان کە کاتێک هەبوون و بە ڕاست دادەنران، دەردەکەون کە هەڵەن و شەڕەنگێزن. ئایدیای مافی ئیلاهی لای پاشاکان، وەکو کۆیلایەتی بە کۆیلایەتی زەویشەوە، سەردەمێک هەبووە کە هەموو دونیا باوەڕیان وابووە کە ئەو دەزگایەنە ڕاستبوون، دادەوەر و نەگۆڕ بوون. ئا لەم ڕوانگەیەوە بووە کە پوچگەراییەکان و بڕوا هەڵەکان لە لایەن بیرمەندە پێشکەوتووەکانەوە جەنگیان دژ کراوە و ڕسوابوون و کاراییان لەسەر خەڵک نەماوە. لە کۆتایشدا ئەو دەزگایانەی کە ئەو ئایدایانە ناوئاخنی بوون هەڵوەشانەوە. Highbrows پێتدەڵێت ئەوانەی کە هەبوون " سوودمەندییان بەسەرچووە" هەر لەبەرئەوەش " مردوون".

بەڵام چۆن " سوودمەندییان بەسەرچووە" ؟ بۆ کێ بە سوودبوون و چۆن " مردن"؟

ئێمە ئەوە دەزانین کە بە سوودبوون، بەڵام تەنها بۆ چینی سەروەران، ئەوانە بە ڕاپەڕینی جەماوەریانە و شۆڕش لەناوبراون. بۆچی دەزگە کۆن و ناکاراکان بە ئاشتیانە " بەسەرنەچوون" و مرددوون؟

بە دوو هۆکار: یەکەم: چونکە هەندێک کەس خێراتر لەوانی دیکە بیردەکەنەوە، ئەمەش ڕوودەدات کەمینەیەک شوێنی باشتریان پێدەدرێت لە دیدی ئەوانەوە خێراترن لەوانی دیکە. ئەوەندەی کە ئەو کەمینەیە زیاتر ڕازیدەبن بە ئایدیا نوێیەکان، زۆرتر باوەڕ بە ڕاستییەکەیان دەهێنن، زۆرتریش هەست بە بەهێزی خۆیان دەکەن، زووتریش هەوڵی تێگەیشتنی ئایدیاکان دەدەن کە ئەوەش ئاساییانە پێش زۆربە دەدەنەوە لە بینینی ڕوناکییە نوێیەکەدا. هەر لەبەر ئەوەش کەمینەکە لە ململانێدان دژ بە زۆربە کە هێشتا وابەستەی دید و بارودۆخە کۆنەکانن.

دووەم: بەرگریی ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان، کە جیاوازییان نییە ئیتر ئەوە کەنیسە بێت، پاشایەتی بێت، قەیسەر بێت، حکومەتێکی دیمۆکراتیی یاخود دیکتاتۆر، کۆماریی یاخود ئۆتۆکراسیی بێت بۆ دەستپێوەگرتنی دەسەڵاتیان ناچارانە و نائومێدانە شەڕدەکەن ئەوەندەی کە هیوای سەرکەوتنیان هەبێت. چەندێک یارمەتی زیاتریان لە زۆربەوە کە بیرکردنەوەیان هێواشە، دەدرێت، ئەوەندە باشتر دەتوانن جەنگ بکەن. ئەمە تورەیی و غەزەبی هەڵچون و هەیەجان و شۆڕشە.

ناچاری و نائومێدی جەماوەر، ڕک و کینەیان دژ بە بەرپرسانی ڕوتی و ڕەجاڵییان، هەروەها سووربوون لەبەرانبەر بە خانەوادەکان کە

دەستیان گرتووە بە بەرتەرییەکانیان و حوکمەکەیانەوە، ئەمانە هۆکارن و بەرهەمهێنەری توندووتیژی و یاخیبوون و ڕاپەڕینن. بەڵام یاخیبوونی کوێرانە بە بێ ئامانج و ئاراستەی دیاریکراو، شۆڕش نییە. شۆڕش یاخیبوونە کە دەگاتە قۆناخی هۆشیاریی لە ئامانجەکانی. شۆڕش کۆمەڵایەتییە کاتێک کە لە هەوڵی گۆڕنکارییە سەرەکییەکاندایە. وەک چۆن کە بناخەی ژیان ئابوورییە، شۆڕشی کۆمەڵایەتیش یانی ڕێکخستنەوەی پیشەسازیی و ژیانی ئابووریانەی وڵات و سەرنجامەکانییەتی، هەروەها ڕێکخستنەوەی تەواوی هەیکەلی کۆمەڵە.

هاوکاتیش ئێمە ئەوەشمان بینی کە بونییەی کۆمەڵایەتی لەسەر بناخەی ئایدیاکان ڕاگیراوە، گۆرانکارییەکانی هەیکەلەکەش دەگرێتەوە، پێشمەرجیی گۆڕانی ئایدیاکانیش دەکات. بە مانایەکی دیکە ، یەکەمجار ئایدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بگۆڕێن پێشئەوەی هەیکەلە نوێیەکەی دروستبێت. لەبەرئەوە شۆڕشی کۆمەلایەتیی ڕێکەوت نییە هەروەها ڕووداوێکی کتوپڕییش نییە. ئەوە شتێک نییە کە لە پڕ ڕووبدات ئایدیاش لە پڕێک ناتوانێت بگۆڕرێت، بەڵکو لەسەرخۆ گەشە دەکات هێدی هێدی وەکو گوڵ یاخود سەوزەیەک. ئەمەش سەرەنجامەکەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، پێشەوەچونێک بە مانای شۆڕشگێڕیی، کە گەشەدەکات بەرەو خاڵێک کە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک هەڵگری ئایدیا نوێیەکە دەبن و سوورن لەسەر ئەوەی بیخەنە کارەوە. کاتێک کە هەوڵی ئەوە دەدەن ڕووبەڕوی موعارەزە دەبنەوە ئیتر چالاکییەکە لە پلەی هێواشی و بێ دەنگی و ئاشتییەوە بەرەو ڕووداوێکی خێرا و جەنگاوەرانە و توندوو و تیژ، دەڕوات. گەشەکردن وپێشەوەچوون دەبێتە شۆڕش.

لەبیریشت بێت کە گەشەکردن و پێشکەوتن و شۆڕش دوو شتی جیاواز و لەیەکجودا، نین. کەمتر دژن بەیەک وەکو چۆن هەندێک لە خەڵک بە هەڵە باوەڕیان وایە. شۆڕش تەنها پلەی کوڵانی گەشەکردنە. چونکە شۆڕش گەشەکردنە لە پلەی کوڵاندا، تۆ ناتوانیت شۆڕشی ڕاستی " دروست بکەیت" زیاتر لە پەلەکردن لە کوڵاندنی ئاوی نێو کترییەکە. ئەوە ئاگرەکەیە لە ژێریدا کە دەیکوڵێنێت، گەیشتنیشی بە پلەی کوڵاندن ئەوە دەکەوێتە سەر کزیی و بەهێزی ئاگرەکە.

بارودۆخی ئابووریانە و سیاسیانەی وڵاتێک پلەی گەرمی ئاگری ژێر مەنجەڵەکەیە. خراپبوونی سەرکوتکردن، زیادبوون و گەورەبوونی ناڕەزایی و بێزاری خەڵکییە، گڕەکەش بەهێزترە. ئەمە ڕاڤەی ئاگری شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکات کە پاکۆی رووسیای دا، لە زاڵمترین و وڵاتێکی دواکەوتوی وەک ڕوسیا ڕوویدا لەبری ئەمەریکا کە وڵاتێکە گەشەی پیشەسازیی نزیکە لە بەرزترین پلەوە وێڕای هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە کارل مارکس نیشانیدا بۆ ئەمەریکا، کەچی پێچەوانەکەی دەرچوو.

کەواتە دەبینین گەر چی شۆڕشەکان ناتوانرێت دروستبکرێن بەڵام دەتوانرێت بە هۆکاری چەند فاکتەرێکی دیاریکراوەوە پەلەی پێبدرێت وەکو ئەو فشارانەی سەرەوە: لە ڕێگای زیاتری سەرکوتکردنی چڕی سیاسیانە و ئابوورییەوە هەروەها فشار لە ژێرەوە لە ڕێگای ڕۆشنگەریی و پاگەندە و هاندانەوە. ئەمانە ئایدیاکان بڵاودەکەنەوە، گەشەدانەکە پێشدەخەن ئیتر لەو ڕێگایەوە شۆڕش دەهێنێت. بەڵام فشار لەسەرەوە گەرچی پەلە بە شۆڕش دەدات ، ڕەنگە ببێتە هۆی شکستهێنانیشی، چونکە ئەم شۆڕشە هەڵدەگیرسێت پێشئەوەی کە پرۆسەی گەشەکردن وەکو پێویست چووبێتە پێشەوە. کاتێک کە بە نەبەکامی ڕوودەدات وەکو هاتووە درز دەخاتە نێو یاخیبونەوە واتە

به بێ هەبوونی هۆشیاری ڕوون بۆ ئامانج و مەبەستەکەی. له باشترین حاڵەتدا یاخیبوونەکه تەنها دەتوانێت چەند ئازارێکی کاتیی سووکبکات، لەگەڵ ئەوەدا هۆکاری ڕاستینەی ناکۆکییەکه بێ دەستکاری دەمێنێتەوه و بەردەوامه له پرۆسەکەیدا بەهەمان کاراییەوه بۆ دروستکردنی نارەزایی زیاتر و یاخیبوون.

ئەوەی که وتم لەسەر شۆڕش به کورتی دەمانگەیەنێته ئەم سەرەنجامە:

**١.** شۆڕشی کۆمەڵایەتی تاکه شۆڕشه که تەواوی گۆڕانکارییەکان له بناغەی کۆمەڵدا به گۆڕانی سیاسی و ئابووریی و کاراکتەری کۆمەڵایەتی، دەکات.

**٢.** ئەم گۆڕانکارییه یەکەمجار دەبیت له ئایدیا و بۆچوونەکانی خەڵکیدا ڕوو‌بدات، له مێشکی مرۆڤەکاندا.

**٣.** سەرکوتکردن و هەژاریی ڕەنگه پەله به شۆڕش بدەن، هاوکاتیش ڕەنگه بەرەو تێشکانی بەرن، لەبەر نەبوونی تەواوی ئامادەکاری بۆ گەشەکردن، سەرکەوتنی ڕاستەقینه، مەحاڵ دەکات.

**٤.** تەنها ئەو شۆڕشه دەتوانێت بناخەیی و کۆمەڵایەتیی و سەرکەوتوو بێت، که دەربڕ و دابنیکەری گۆڕانی ئایدیا سەرەتاییەکان و بۆچوونەکانه.

ئالێرەوه بەڕوونی دیاره که شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئامادەکاریی دەوێت. به هەمان ڕێگای ئامادەکاری پرۆسەی گەشەکردن و پێشەوەچوونەوه له ڕۆشنبیرکردنی خەڵک سەبارەت به ئەهریمەنەکانی نێو ئەمڕۆی کۆمەڵ و ڕازیکردنیان به ئارەزوومەندبونیان بۆ هەبوونی گریمانی دادوەری و ئەگەری به کردەیی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەساسی ئازادیی، ئامادەباشیی،

لەوەش زیاتر بە تێگەیاندنیان زۆر بە ڕوونی، کە چییان دەوێت و چۆن بەدەستیدەهێنن. ئەم ئامادەکارییە نەک هەر بە ڕەهایی زەروورە و هەنگاوی یەکەمە، بەڵکو سەلامەتی شۆڕشە و تاکە زەمانەتی چنینەوەی مەبەست و ئامانجەکانێتی.

نەبوونی تەواوی ئامادەکاریی بۆ زۆرێک لە شۆڕششەکان چارەنووسیان دیاریدەکات لە ئامانجی سەرەکی شۆڕش لایدەدات و بەخراپ بەکاردەهێنرێت و بەرەو کوێرەڕێی دەبات. ڕوسیا باشترین نموونەی نوێیە. شۆڕشی مانگی شوبات کە ئاوا دەبینرا کە پاکۆی حوکمی ڕەهای [ئۆتۆکراسی] دەدات بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. خەڵکی دەیانزانی کە چییان دەویست کە هەڵوەشاندنەوەی قەیسەرییەت بوو. هەموو پیلانی سیاسییەکان وهونەری نوێژ و خوتبەدانی Lvovs و Miliukovs هەموو سەرکردەکانی ئەو دەمەی " لیبراڵ" نەیاندەتوانی کە ڕژێمی Romanov بپارێزن لەبەرانبەر ویست و هۆشیاری و ڕۆشنبیریی خەڵکیی. ئەوە تێگەیشتنێکی ڕوونبوو لە ئامانجەکان کە شۆڕشی شوباتی بە تەواوی سەرخست تاڕادەیەک بێ خوێنڕشتن. سەرەڕای ئەوەش نە پەیام و نە هەڕەشەی حکومەتی کاتیی سوودی نەبوو لە بەرانبەر بڕیار و سووربونی خەڵکی لە کۆتاییهێنان بە شەڕەکە. سوپا بەرەی پێشەوەی شەرەکەی چۆڵکرد ئەمەش بووە هۆی کۆتاییهێنانی کارەکە لە ڕێگای چالاکی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە. ئیرادەی خەڵکی و هۆشیارییان بە ئامانجەکانیان، هەمیشە سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت.

ئەوە ئیرادەی خەڵکی بوو، ئەوە بڕیار و سووربونیان بوو کە گەیاندنی بەزەوی کە زەمانەتی جوتیاری کرد لەدەستخستنیدا کە پێویستی بوو. هەر ئاواش کرێکارانی شارەکان وەکو ئەوەی پێشتر

ناویان هێنرا خۆیان خاوەندارێتیان لە کارگەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کرد.

شۆڕشی ڕوسیا تا ڕادەیەک بە تەواوی سەرکەوتوو بووە. بەڵام لە پلەیەکدا کە جەماوەر هۆشیارییان سەبارەت بە ئامانجی دیاریکراو کەمبوو، ئیتر تێشکان دەستیپێکرد. ئەوەش هەمیشە ئەو چرکەیەیە کە سیاسییەکان وپارتە سیاسییەکان دێنەناوەوە و دەستی تێوەردەدەن بۆ بەکارهێنانی شۆڕش بۆ مەبەستی خۆیان یاخود تاقیکردنەوەی تئیورەکەیان بەسەریانا. ئەمە لە ڕوسیا ڕویدا وەکو لە زۆرێک لە شۆڕشەکانی پێشتردا. خەڵک شەڕێکی باشی کردووە – پارتە سیاسییەکان شەڕیان لەسەر دەسکەوتی شۆڕش و تێشکانی خەڵک کردووە.

ئەمە ئەوە بوو کە لە دواییدا لە ڕوسیا ڕوویدا. جوتیار سەرکەوتووبوو لە بەدەستهێنانی زەویدا، بەڵام ماشێن و ئامرازێک کە پێویستیبوون، نەبوو. کرێکار دەستی بەسەر کارگە و ئامرازەکانی بەهەمهێناندا گرت، بەڵام نەیاندەزانی چۆن بۆ بەدەستهێنانی تەواوی ئامانجەکان، بەکاریانبهێنن. بە واتایەکی دیکە ئەزموونی پێویست لە ڕێکخستنی بەرەهەمدا نەبوو هەروەها نەدەتوانرا ئەوەی کە بەرهەمهاتووە، دابەشبکرێت.

کرێکار و جوتیار و سەرباز هەوڵی خۆیان دا لە کۆتایهێنان بە قەیسەریەت، حکومەتیان ئیفلیج کرد، جەنگیان وەستان هەروەها خاوەندارێتی تایبەتی زەوی ماشێنەکان و ئامرازی بەرهەمهێنانیان، هەڵوەشاندەوە. بۆ ئەوەی کە کردی ساڵانێک ئامادەکاری کرد لە پەروەردەی شۆڕشگێڕانە و هاندان و پاگەندەدا، بەڵام لەوە زیاتر نا. لەبەر ئەوەی کە بۆ زیاتر ئامادە نەبوو لەوێدا زانیاریی وەستا و

ئامانجی دیاریکراو، ونبوو، پارتی سیاسی هاتە ناوەوە و مەسەلەکانی لە دەستی جەماوەر، کە شۆڕشی دروستکردبوو سەندەوە. سیاسەت جێگای بیناکردنەوەی ئابووریی گرتەوە، لەم ڕێگایەوە جەرەسی مردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لێیدا، خەڵکیش لەسەر نان و ئابووریی دەژین، نەک سیاسەت.

بە ڕاگەیاندنی حکومەت و پارتیی، خۆراک و هێنانی پێویستی بۆ خەڵکی، پەیدانابێت، ڕاگەیاندنی فەرمی یاساکان، کێڵگە ناکێڵێت، یاساکان ناتوانن تایەکانی ماشێنی پیشەسازیی بخەنەکار. ئەمانە ناڕەزایی، ڕک و ناکۆکی، نەبوونیی و برسێتی هێنایە بەردەم حکومەت و بوونە هۆکاری زۆرلێکردن و دیکتاتۆرییەت. دووبارە دەسەڵات وسیاسەت وەکو هەمیشە سەلماندیان ئەو زۆنگاوەیە، کە تەقەکانی شۆڕش تێیدا دەکوژێتەوە.

لێگەڕێ با زۆرترین وانەی گرنگ فێربین. تێگەیشتنی تەواوی جەماوەر لە دروستی ئامانجەکانی شۆڕش یانی سەرکەوتن. خستنەکاری ئیرادەی هۆشیارییانەیان لە لایەن خودی خۆیانەوە زەمانەتی پێشکەوتن و گەشەی ڕاستەقینەی ژیانی نوێ، دەکات. لە لایەکی دیکەوە هەژاری ئەم تێگەیشتنە و کەمی ئامادەکاریی، بەدیاریکراوی یانی تێشکان، ئیتر ئایا لەسەر دەستی کۆنەپەرستان یاخود لە لایەن ئەزموونگەریی تئیورییەوە کە برادەرانی پارتە سیاسییەکانن.

کەواتە لێگەڕی با ئامادەبین

چی و چۆن؟

# بەندی هەشت

## ئامادەکاریی

" ئامادەکاریی بۆ شۆڕش" برادەرەکەت بەسەرسوڕمانەوە" **گریمانی ئەوە هەیە؟**

بەڵێ، نەک هەر گریمانی هەیە بەڵکو بە ڕەهایی پێویستە.

تۆ پرسیار دەکەیت" **ئایا تۆ باس لە ئامادەکاریی نهێنی دەکەی، دەستە چەکدارییەکان، پیاوان ڕابەرایەتی شەڕەکە بکەن؟**

نا برادەرم، بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە.

ئەگەر شۆڕشی کۆمەڵایەتیی مەبست تەنها لە شەڕەکانی سەر شەقامەکان و سەنگەرگرتن و هەڵچنینی بەربەست بێت، ئەوە ئامادەکارییەکانی کە لە مێشکی تۆدایە، شتێکی دیکەیە. بەڵام شۆڕش مانای ئەوە نییە، لانی کەم قۆناخی شەڕەکەش بچوکترین بەشێتی و گرنگیشی زۆر کەمە. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە سەردەمی نوێدا شۆڕش چی تر مانای سەنگەرلێدان و دانانی بەست و ڕێگرتن نییە، ئەمانە تاکتیکی کۆنن. شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە تەواوی جیاوازە و زیاتریش مەسەلەیەکی جەوهەری گرنگە: کە ڕێکخستنەوەی سەراپای ژیانی کۆمەڵەکەیە. تۆ هاوڕایت کە بە دیاریکراوی ئەمە لە ڕێگای شەڕەوە بە تەنها نایەتەدی.

بێ گومان بەربەست و کۆسپەکانی بەردەم گۆڕانی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت لاببرێن، ئەوەش یانی زامنکردنی ئامرازەکانی ئەو ڕێکخستنەوەیەیە کە دەبێت لە لایەن جەماوەرەوە بێت. ئەو ئامرازانەش لە ئێستادا لە دەستی حکومەت و کاپیتالیزمدان، ئەمانیش بەرگرییدەکەن دژ بە هەموو هەوڵێک لە هەر مەحرومبوونێکیان لە

دەسەڵات و ئەوەی کە هەیانە. ئەو بەرگرییەش شەڕی تێدەکەوێت ، بەڵام لەیادت نەچێت کە شەڕ شتی سەرەکیی نییە، ئامانجەکە نییە و شۆڕشیش نییە. ئەوە تەنها دەستپێک و سەرەتاکەیەتی.

زۆر زەروورە کە تۆ ئەمە بە دروستی وەرگریت، زۆرێک لە خەڵک سەبارەت بە شۆڕش فکرەی ناڕوونیان هەیە. لای ئەوان یانی تەنها شەڕە، ورد و خاشکردنی شتەکانە، وێرانکردنە. دەستپێکردنی شۆڕش هەمان شتە وەکو قۆڵ هەڵماڵین بۆ کارێک کە دەبێت خودی کارەکە کە دەیکەیت، بەرچاوبگیرێت. شەڕ قۆڵ هەڵماڵینەکەیە و تەنها بەشێکە لە شۆڕش، ئەرکی سەرەکی و ڕاستەقینە لە دواوەیە، چاوەڕوانماندەکات.

ئەو ئەرکە چییە؟ تۆ لە وەڵامدا دەڵێیت " **تێشکانی هەل و مەرجە هەنووکەییەکانە"**

دروست ئاوایە. بەڵام هەلومەرجەکان بە شکان و ورد و خاشکردنی شتەکان، تێناشکێن. تۆ ناتوانیت کۆیلایەتی کرێ، کاریکرێگرتە لەڕێگای تێشکانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە ئاشەکان و کارگەکانا، لەناوببەیت. ئایا دەتوانیت ئەوە بکەیت؟ تۆ بە ئاگربەردان لە کۆشکی سپی حکومەت تێناشکێنیت. فکر کردنەوە لە شۆڕش لە ڕێگای توندووتیژی و تێشکان و وێرانکردنەوە شێواندنی تەواوی ئایدیاکەیە و تەزویرکردن و نادروستی کۆپیکردنییەتی. لە واقیعی بەجێگەیاندنیا ئەم جۆرە چەمکانە بەدڵنیاییەوە سەرەنجامەکەی بەرەو کارەسات ملدەنێت.

کاتێک کە بیرمەندێکی مەزنی مەشووری ئەنارکیست، وەک باکۆنین باس لە شۆڕش وەکو وێرانکاری دەکات، ئەو لە مێشکیا ئایدیای دەسەڵات و گوێرایەڵی هەیە کە دەبێت تێکبشکێنرێن. ئەو بەم هۆکارە

وتویەتی کە وێرانکاری یانی بیناکردنەوە، چونکە وێرانکردنی باوەڕی درۆ، لەڕاستیدا زۆرترین کاری بیناکردنەوەیە. بەڵام کەسانی ئاسایی و زۆر جاریش شۆڕشگێڕ بێ تێفکرین قسە لەسەر شۆڕشدەکەن بە مانای تەواوی وشەکە وێرانکارییە، ئەوە هەڵەیە و دیدێکی مەترسیدارە، هەتا زوو لەمە ڕزگارمان بێت باشترە.

شۆڕش بەتایبەتی شۆڕشی کۆمەلایەتی ڕووخانن نییە بەلکو بیناکردنە. ناتوانرێت جەختی تەواو لەسەر ئەمە بکرێتەوە مەگەر بە ڕوونی لێی تێبگەین. ئەگەر شۆڕش بە تەنها ڕووخان بێت، هەمیشە شکستدەهێنێت. شۆڕش بە گشتی توندووتیژی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، تۆ ڕەنگە بلێیت دروستکردنی خانوویەکی نوێ لەجێی کۆنەکە ڕووخانە، چونکە تۆ یەکەمجار دەبێت کە کۆنەکە بڕووخێنێت. بەڵام شۆڕش پرۆسەی لوتکەی پلەی گەشەکردنێکی دیاریکراوە : کە لە توندووتیژی و خرۆشانەوە دەستپێدەکات، قۆڵ هەڵماڵینە لە ئامادەکاریی بۆ دەستپێکردنی کارە حەقیقییەکە.

بە ڕاستی، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێت چی بکات، چی بەدەستبهێنێت، ئەو کاتە تۆش بە ئاگادەبیت کە شۆڕش بۆ بیناکردنەوەیە نەک ڕووخاندن. دوای ئەمەش چی لەوێدا هەیە تاکو بڕوخێنرێت، تێکبشکێنرێت؟ سامانی ساماندااران، دەوڵەمەندان؟ نا، ئەوە شتێکە کەدەمانەوێت تەواوی کۆمەڵ سوودی لێببینێت. زەوییەکان، کێڵگەکان، کانە خەڵووزەکان، سکەی شەمەنەفەرەکان، ئاشەکانی هاڕینی دانەوێڵە، شۆپەکان؟ ئێمە نامانەوێت ئەمانە وێرانکرێن، بەڵکو سوودبەخشبن بۆ تەواوی خەڵک. تێلگرافەکان، تەلەفونەکان، ئامرازەکانی پەیوەدنیگرتن و دابەشکردن و قسە و ڕاگەیاندن، دەتەوێت ئەوانە تێکبشکێنیت؟ نا، دەمانەوێت ئەوانە خزمەتی هەموو ئەوانە بکات کە پێویستیان پێیەتی. کەواتە، چی هەیە

کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تێکیبشکێنێت؟ شۆڕش دەستبەسەر شتەکانا دەگرێت بۆ بەرژەوەندی گشتیی، نەک وێرانکردنیان. شۆڕش ڕێکخستنەوەی هەل و مەرجەکانن بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک.

وێرانکاری و تێکشکاندن ئامانجی شۆڕش نین، بەڵکو ڕێکخستنەوە و بیناکردنەوە ئامانجێتی. بۆئەمەشە کە ئامادەکاریی پێویستە، چونکە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەوراتی [بایبڵی] مەسیحیی نییە کە ئامانجەکەی بە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی، یاخود بە دەرکردنی فرمانێک، بێتەدی. شۆڕش بە دەست و مێشکی کەسەکان کاردەکات، ئەمانیش دەبێت لە ئامانجەکەی تێبگەن تاکو بتوانن بەجێیبگەیەنن. دەبێت بزانن چییان دەوێت و چۆن بەدەستیدەهێنن. ڕێگای بەدەستهێنانی ئەمەش لە خلالی ئەو شتانەوەیە کە بۆ گەیاندن بە ئامانجەکە پێویستن، چونکە ئامانجەکە ئامرازەکان دیاریدەکات، هەر وەکو وەشاندنی تۆوێکی تایبەتییە بۆ ڕواندنی شتێک کە پێویستتە.

چ ئامادەکارییەک و پاشان چی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، دەبێت بکرێت؟

ئەگەر ئامانجی شۆڕش بۆ زامنکردنی ئازادیی بێت، دەبێت فێری دەستبەرداربوونی دەسەڵات و زۆرلێکردن و ناچارکردن، بیت، بتوانیت بێ ئەوانە بژیت. ئەگەر نێتت وایە کە بە ئاشتی و بە هارمۆنی لەگەڵ هاومرۆڤەکانتا، بژیت، ئەوە تۆ و ئەوان دەبێت ڕۆحی برایانە و ڕێز لە بەرانبەری یەکدیدا بنوێنن. ئەگەر دەتەوێت تۆ و ئەوان بە یەکەوە کاربکەن بۆ خاتری سوودی هاوبەش پێویستە کە کاری هەرەوەزیی بکەیت. مەبەستی شۆڕشی کۆمەڵایەتی زۆر لە ڕێکخستنەوەی هەل و مەرج و بارودۆخەکە بە تەنها، زیاترە: یانی دامەزراندنی بەها نوێیەکانی مرۆڤ و پەیوەندی کۆمەڵایەتیانە و

گۆڕینی هەلوێستی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا کە هەر یەک ئازادبن و بە یەکسانی سەربەخۆ بن، یانی ڕۆح و بەهرەی جیاواز لە ژیانی تاکێتی و دەستەجەمعیانەدا، ئەو ڕۆحەش لە شەو و ڕۆژێکدا لە دایک نابێت. ئەوە ڕۆحێکە دەبێ بچێنرێت، دەبێت سروشتیی بێت و وەکو زۆرێک لە گوڵە ناسکەکان، لە ڕاستیدا گوڵی نوێترین و جوانترین بوونە، وجوودە.

خۆت گێل مەکە بە فکرەیەکی سەخیف کە " شتەکان خۆیان خۆیان ڕێکدەخەن" هیچ شتێک خۆی خۆی ڕێکناخات، لانی کەم ئەوانەی بە مرۆڤەوە پەیوەستن. ئەوە مرۆڤەکانن بەگوێرەی هەڵوێست و پێگەیان و تێگەیشتنینان لە شتەکانە، ڕێکیاندەخەن.

بارودۆخی نوێ و گۆڕانی هەل و مەرجەکان وامان لێدەکات کە هەستمان و بیرکردنەوە و چالاکیمان جیاواز بێت. بەڵام بارودۆخی نوێ تەنها لە ئەنجامی هەست و ئایدیای نوێوە، دێت. شۆڕشی کۆمەڵایەتیش ئەو بارودۆخە نوێیەیە. ئێمە دەبێت فێربین جیاواز بیربکەینەوە پێشئەوەی شۆڕش بێت، ئەوە کە بە تەنها شۆڕش دەهێنێت.

پێویستە فێربین کە چۆن جیاواز سەبارەت بە حکومەت و دەسەڵات بیربکەینەوە هەر وەکو ئەمڕۆ، دەکرێت بیر بکەینەوە چالاکیش بکەین. تەنانەت کاتێکیش کە حکومەت هەڵدەوەشێتەوە هێشتا چاوپۆشی نەکردن لە یەکدی و بێ تەحەمولی ، چەوساندنەوە و سەرکوتکردن هەر دەمێنیت. پێویستە فێری ڕێزگرتنی مرۆیانەی هاومرۆڤەکان بین، نەک داگیری بکەین یاخود زۆری لێبکەین. دەبێت ئازادیی ئەویش وەکو چۆنی ئازادیی خۆمان بە پیرۆز دەزانین، ڕەچاوبکەین بۆ ڕێگرتن لە ئازادیی ئەو و کەسایەتیی، بۆ دەستبەرداربوونی زۆرەملێ

و ناچاریکردن لە هەر فۆرمێکدا: بۆ تێگەیشتن لە چارەسەری ئازادیی شەڕەنگێزی دەرمانەکەی ئازادیی زیاترە، ئەو ئازادییەش دایکی نیزامە.

سەرەڕای ئەمەش دەبێت بزانین کەیەکسانی یانی یەکسانی هەل، دەرفەت کە مۆنۆپۆلی نکوڵی دەکات، کە تەنها برایەتییە یەکسانی زەمانەت دەکات. ئەمانەش فێرنابین تاکو خۆمان لە ئایدیا هەڵەکانی کاپیتالیزم و موڵکییەت، ئەوەی من و ئەوەی تۆ، لەچەمکی تەسکی خاوەنداریتی، خۆمان رزگارنەکەین. بەفێربوونی ئەمانە ئیدی ئێمە بە گیانی ئازادیی ڕاستەقینە و هاوپشتییەوە گەشەدەکەین و هەروەها دەزانین یەککەوتنی ئازادانە ڕۆحی هەموو بەدەستهێنانێکە. پاشانیش دەرک بەوەدەکەین کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی کاری هەرەوەزیانەیە، ئامانجی هاوپشتیانەیە، هەوڵی هاوبەشە.

ڕەنگە تۆ بڵێیت ئەمە پرۆسەیەکی زۆر هێواشە، کارێکە کە زۆر درێژە دەکێشێت. بەڵێ، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە کار و فرمانێکی قورسە. بەڵام پرسیار لە خۆت بکە ئایا باشترە کە خانووکەت بە پەلە و خراپ تەواوبکەیت و بەسەرتا بڕوخێت، یاخود بە ڕێکوپێکی بیکەی هەتا ئەگەر وەختی زیاتر و کاری زەحمەتتریشی بوێت؟.

لە یادت بێت کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی نوێنەرایەتی ئازادیی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو بەشەرییەت دەکات، کە تەواوکردن و کۆتایی ڕزگارکردنی کار، بەندە بەوەوە. بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئەگەر کارەکە بە خراپی بکرێت ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبونە هیچ نابێت بە خۆڕایی دەڕوات، ڕەنگیشە هیچ بەهایەکیشی نەبێت چونکە کردنی کاری خراپ لە شۆڕشدا یانی دانانی زاڵمێکی نوی لە جێی

کۆنەکە و زاڵمە نوێیەکانیش لەبەر ئەوەی نوێن، تەمەنێکی نوێی ژیانی هەیە، یانی بەستنی کۆت و زنجیری نوێ کە بەهێزترن لە کۆنەکە.

دووبارە بیخەرەوە بەرچاوت کە ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی کە لە مێشکمانا هەیە تەواوکردنی کارەکەیە کە زۆرێک لە نەوەکانی مرۆڤ لە بەدەستهێنانیا هەوڵیان بۆ داوە، چونکە سەراپای مێژوی مرۆڤ خەبات بۆ ئازادیی دژ بە کۆیلایەتی و خزمەتکاریی، بووە ، بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دژ بە هەژاری و برسێتی، بۆ دادوەریی دژ بە نایەکسانیی، بووە. ئەوەی کە ناوی گەشەکردن و پێشەوەچوونی لێدەنێین ئازاراوییە بەڵام بەردەوامیی ڕێپیوانێکە بە ئاڕاستەی سنوردارکرنی دەسەڵات و دەسەڵاتی حکومەت و بۆ زیادکردنی مافەکان و ئازادییەکانی تاک هەروەها جەماوەریشە. خەباتێک بووە کە هەزاران ساڵی خایاندووە، هۆکاری درێژەکێشانیشی کە هێشتا هەر تەواو نەبووە چونکە خەڵکی نەیزانیوە کە گرفتە حەقیقییەکان چی بوون: شەڕیان دژی ئەمە و ئەوە کردووە، پاشایان گۆڕیوە و حکومەتێکی نوێیان داناوەتەوە، حوکمڕانێکیان بەدەرناوە و یەکێکی دیکەیان خستۆتە شوێنی، کۆتاییان بە سەرکوتکەری " بێگانە" هێناوە بۆ ئەوەی ئازاری قەمچی خۆماڵی بچێژن، فۆرمێکی زوڵمیان هەڵوەشاندۆتەوە وەکو قەیسەر، و خۆیان ڕادەستی دیکتاتۆرییەتی پارتێک، کردووە، هەمیشەش و بەردەوامیش خوێنی تێداڕژاوە و پاڵەوانانەش بە هیوای زامنکردنی ئازادیی و خۆشگوزەرانیی، قوربانیان بە ژیانیان داوە. لەگەڵ کردنی هەموو ئەمانە تەنیا سەروەرە نوێیەکانیان بەدەستهێناوە، چونکە چەندێک بێ ئومێدانە و شەریفانە خەباتیان کردووە، هەرگیز دەستیان لە سەرچاوە ڕاستەقینەکەی گرفتەکە نەداوە، کە پایە گەورەکە دەسەڵات و حکومەتە. ئەوان نەیاندەزانی کەئەوانە سەرجاوەی سەرکوتکردن و

کۆیلایەتین، هەر لەبەرئەوە لە بەدەستهێنانی ئازادیی هەرگیز سەرکەوتوو نەبوون.

بەڵام ئێستا ئەوە تێدەگەین کە ئازادیی ڕاستەقینە مەسەلەی گۆڕینی پاشاکان و حوکمرانەکان نییە. ئەوە دەزانین کە تەواوی سیستەمی سەروەران و کۆیلایەتی دەبێت بڕۆن، دەزانین کە تەواوی پلانکێشانی کۆمەڵایەتیی هەڵەیە، کە حکومەت و زۆرەملێ و ناچارکردن دەبێت هەڵوەشێتەوە، کە سەراپای کۆڵەکەکانی دەسەڵات و مۆنۆپۆلیی دەبێت لە ڕیشە هەڵکێشرێن. ئایا هێشتا باوەڕت وایە هەر جۆرێک لە ئامادەکاریی لەم ئەرکە گەورەیەدا دەکرێت، زۆر گران بێت؟

با لێگەڕێین و پاشان بزانین بۆ ئامادەکاری شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ئامادەبوونی لە ڕێگای ڕاستەوە چەند گرنگە.

تۆ دەڵێیت" **بەڵام ڕێگای ڕاست کامەیە؟ و کێ ئامادەی دەکات"**

کێ ئامادەی دەکات؟ پێش هەموو شتێک تۆ و من- ئەوانەی کە سوودو و ئارەزوویان لە سەرکەوتنی شۆڕشدایە، ئەوانەشی کە دەیانەوێت یارمەتی ڕوودانی بدەن. کە دەڵێم تۆ و من مەبەستم هەموو ژن و پیاوێکە، لانی کەم هەموو ژن و پیاوێکی بە شەهامەت، هەر کەسێک ڕقی لە زوڵم وسەرکوتکردنە و ئازادیی خۆشدەوێت، هەر کەسێک کە ناتوانێت لەگەڵ هەژاریی و بێ ئومێدی و نادادوەری، کە پڕە لە دونیای ئەمڕۆدا، بژێت. لەسەروو ئەمانەشەوە ئەوانەشی زۆرترین ناخۆشی دەچێژن لەسەر دەستی ئەم بارودۆخە و لە کۆیلایەتی کرێ و پاشکۆبوون و ژێردەستەیی و سوکایەتی.

تۆ دەڵێیت" **بێ گومان کرێکاران"**

بەڵێ کرێکاران، کە خراپترین قوربانیانی ئەم بارودۆخە هەنووکییەن، هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمە لە بەرژەوەندی ئەوانە. زۆر ڕاستییە

که وتراوه " ڕزگاری کرێکاران دەبێت لە لایەن کرێکاران خۆیانەوە بێت" چونکە هیچ چینێکی کۆمەڵایەتی دیکە ئەوە بۆ ئەوان ناکات. هاوکاتیش ئازادیی کرێکاران یانی پاکبوونەوە و ڕزگاربوونی تەواوی کۆمەڵ، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەندێک سەبارەت بە کرێکاران دەڵێن **" پەیامی یاخود ئەرکی مێژوویی"** ئەوانە بۆ هێنانی ڕۆژی باشتر.

بەڵام بەکارهێنانی وشەی **" ئەرک"** هەڵەیە، فرمانێک یاخود ئەرکێک دەگەیەنێت کە لە لایەن دەسەڵاتێک لە دەرەوە سەپێنراوە بەسەر یەکێکدا. ئەمە چەمکێکی هەڵە و ڕێونکەرە ، لە جەوهەردا هەستێکی دینیانەی میتافیزیکیانەیە. بەڕاستی ئەگەر ڕزگاریی کرێکاران **" ئەرکی مێژویی"** بێت یانی مێژوو دەیکات و بە جێبەجێیدەگەیەنێت بێ گوێدانە ئەوەی کە ئێمە چۆن بیری لێدەکینەوە، هەستیپێدەکەین یاخود شتێک سەبارەت بەوە بکەین. ئەم هەڵوێستە هەوڵی مرۆڤ ناپێویست دەکات، پوچگەراییە، چونکە " ئەوەی کە پێویستە، دەبێت ببێت" ئەم فکرە جەبرییە تێشکێنەری هەموو پێشنیار مومارەسەی ئاوەزی تاک و ئیرادەیەتی.

ئایدیایەکی مەترسیدار و زەرەرمەندە، هێزێک لە دەروەی مرۆڤ نییە کە ڕزگاری بکات، هێزێک نییە و ناتوانێت فرمانی پێبکات بۆ هیچ **" ئەرکێک، پەیامێک"** هیچ کام لە ئاسمان و بەهەشت و مێژوو نایکەن. مێژوو حیکایەتی ڕووداوەکانی ڕابوردووە، دەتوانێت وانە دابدات بەڵام ناتوانێت ئەرکێک بسەپێنێت. ئەوە **" پەیام، ئەرک "** نییە، بەڵکو ئارەزوو و بەرژەوندی پرۆلیتاریایە لە ڕزگارکردنی خۆی لە کۆیلایەتیی. ئەگەر کرێکار هۆشیارانە و چالاکانە هەوڵی بۆ نەدات هەرگیز " ڕوونادات". زەرووریە کە خۆمان پاکبکەینەوە لە فکر و چەمکی بێ مانا و هەڵەی **" ئەرکە مێژووییەکان"**. جەماوەر ناتوانێت بگاتە ئازادیی جگە لە گرتنەبەری ڕێگای پێشەوچونمان لە تێگەیشتنی

ڕاستینەی بارودۆخی هەنووکەیی، بە بەرچاوگرتنی توانا و دەسەڵاتیان، بەفێربوونی یەکێتی و هاوکاریی و بەشداریکردنی. بۆ بەدەستهێنانی ئەوانەش دەبێت سەراپای بەشەرییەت ئازادبکرێت و ئازادبووبێت.

هەر لەبەر ئەمەشە کە خەباتی پرۆلیتاریانە لای هەموان بایاخدارە و هەمو پیاوان و ژنانی دڵسۆز کە دەبێت لە خزمەتی ئەرکە گەورەکەی کاردابن. لە راستیدا وێڕای ئەوەی کە تەنها چەوساوانن دەتوانین ئەرکی ڕزگارییبوونی خۆیان لە ئەستۆبگرن، بەڵام پیویستیان بە هاوکاری گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەیە. تۆ دەبێت ئەوەت لەیادبێت کە شۆڕش ڕووبەڕووی گرفتە جیاوازەکانی ڕێکخستنەوەی و جیهان دروستکردنی مەدەنییەتی نوێ دەبێتەوە- ئەوە کارێکە کە داوای گەورەترین یەکگرتنی شۆڕشگێڕانە و هاوکاریی زیرەکانەی هەموو توخمە نێتباشەکان و ئەوانەی کە ئازادییان خۆشگەرەکە. ئێمە دەمێکە دەزانین کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەنها هەڵوەشاندنەوەی کاپیتاڵیزم بە تەنها نییە، چونکە ڕەنگە ئێمە کاپیتاڵیزم و دەرەبەگایەتی بگۆڕین بەڵام هێشتا وەکو پێشتر بە کۆیلە بمینینەوە. لەبری ئەوەی کە ئێستا وەکو کۆیلەی مۆنۆپۆلی تایبەت، هەین، ڕەنگە ببینە خزمەتکاری دەوڵەتی سەرمایەداریی هەر وەکو چۆن لە خەڵکی ڕوسیا ڕوویدا، بۆ نموونە، وەکو ئەو بارودۆخەی کە پێشدەکەوێت لە ئیتالیا و شوێنی تردا.

هەرگیز نابێت لەبیربکرێت کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بۆ گۆڕینی فۆرمێکی ملکەچیی بۆ یەکێکی دیکە نییە، بەڵکو دەبێت پاکۆی هەموو شتێک بدات کە دەتوانێت سەرکوتی تۆ بکات.

شۆڕشی سیاسی ڕەنگبێت لە پرسێکدا سەرکەوتووبێت لە ڕێگای پیلانی کەمینەیەکەوە توێژاڵێکی حوکمڕان بخرێتە جێگای ئەوی تریان. بەڵام شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە تەنها گۆڕانکاری سیاسیانە نییە : بەڵکو گۆڕانکاریی ئابوریی، ئەخلاقی و کولتوریی و فەرهەنگیی سەرەکییە. کەمینەیەکی پیلانگێڕ یاخود پارتێکی سیاسی کە کارێکی ئاوا دەکەن دەبێت لە لایەن موعارەزەی چالاک و ناچالاکی زۆرینەیەکی زۆرەوە ڕووبەروو ببێتەوە و چونکە بەرەو سیستەمێک لە دیکتاتۆرییەت و تۆقاندن، دەڕوات. بە هۆی دوژمنایەتیکردنی زۆرینەوە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی هەر لە سەرەتاوە ڕوو لە شکستدەکات. ئەمەش یانی یەکەم ئامادەکاریی کار بۆ شۆڕش لە بردنەوەی زۆرینەی جەماوەردایە لە پێناوی شۆڕش و ئامانجەکانیدا، بردنەوەی ئەوانە لانی کەم بۆ بێ لایەنکردنیان و گۆڕانیان لە دووژمنی چالاکەوە بۆ بە پەرۆشبوونی پاسیڤانە تاکو ئەگەر شەڕیش بۆ شۆڕش نەکەن دژیشی شەڕ نەکەن.

کاری واقیعیانەی پۆزەتیڤی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی، بێ گومان لەلایەن خودی چەوساوەکان خۆیانەوە، خەڵکانی کرێکارەوە دەکرێت. کەواتە با لەبیرمان بێت کە بە تەنها دەستی کارگە هی کرێکاران نییە، بەڵکو کێڵگەشە. هەندێک لە ڕادیکاڵەکان جەختی زۆر لەسەر پرۆلیتاریای پیشەسازیی دەکەنەوە، تا ڕادەیەک چەوساوەکانی بەشی کشتوکاڵ فەرامۆشدەکەن. باشە کرێکارانی کارگە دەتوانن بە بێ ئەوانەی کە لە کێڵگەکانا کاردەکەن چی بەدەستبهێنن؟ کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی ژیانە شار بە بێ دەرەوە برسی دەبێت. کارێکی شیاو نیە کە بەراوردی کرێکارانی پیشەسازی بە کرێکارانی کە لە کێڵگەدا کاردەکەن بکرێت یاخود گفتوگۆی بەهای نزیکییان بکرێت، جونکە هیچیان بێ ئەوی تریان ناتوانێت هیچ بکات، هەردوو لایان یەکسانیانە

بایاخ و گرنگی خۆیان لە پلانی ژیانا هەیە، هەر ئاواش لە شۆڕش و بیناکردنی کۆمەڵی نوێدا.

ئەوە ڕاستییە کە سەرەتا شۆڕش لە پیشەسازییە لۆکاڵییەکانەوە دەستپێدەکات تاکو لە شوێنەکانی کشتوکاڵەوە، ئەمە سروشتییە کاتێک لەبەر ئەوەی کە سێنتەرە گەورەکانی گردبوونەوەی کرێکاران لەوێن هەروەها لەبەر نارەزایی جەماوەریانە. بەڵام ئەگەر پرۆلیتاریای پیشەسازیی پاسەوانی پێشەوەچوونی شۆڕش بن هەر ئاواش کرێکارانی کێڵگەش بڕبڕەی پشتیانن. ئەگەر ئەم بەشەی دواییان لاواز بێت یا تێبشکێت ئەوە پاسەوانەکانی پێشەوەش تێدەشکێن، ئیتر شۆڕشیش بۆ خۆی تێدەشکێت.

لەبەر ئەوە کاری شۆشی کۆمەڵایەتیی لەسەر دەستی هەردوولادایە، کرێکارانی پیشەسازیی و کرێکارارانی کێڵگەکان. بۆبەدبەختی دەبێت دان بەوەدابنێین زۆر کەم تێگەیشتن و برادەرایەتیی و هاوکاری ڕاستەوخۆ لە نێوانی ئەم دوانەدا هەیە. لەوەش خراپتر کە گومانی تیادا نییە کە سەرەنجامی ئەم جۆرە لە ڕک وکینە و دوژمنایەتی لە نیوانی پرۆلیتاریاکانی نێو کێڵگە و هی کارگە، هەیە. پیاوی شار زۆر کەم بە کاری سەخت و وزەپڕوکێنی چەوساوەکانی نێو کێڵگە، دەزانێت. هەرچی کرێکاری کێڵگەکانیش هەن هەر بەغەریزە لەوان بێزارن، لەوەش زیاتر بە کاری سەخت و زۆر جاریش مەترسیداری ناو کارگەکان ئاشنا نییە، کرێکاری کێڵگە و کێڵگەوانەکان تەماشای کرێکاری شار وەکو کەسێکی بێ دەربەست، دەکەن. بەڵام بەرخوردی نزیکانە و باشتر لەیەکگەیشتنی نێوان ئەم دوانە بە ڕەهایی گرنگە. سەرمایەداریی زۆر گەشە ناکات بە دابەشبوونی کار ئەوەندەی کە بە بەش بەشکردنی کرێکاران، گەشە دەکات، لە دووی جیوازی ڕەگەزی نێوان کرێکاران دەگەڕێت، هاندانی ڕەگەزێک دژ بە

ڕەگەزێکی دیکە، کرێکاری کارگە دژ بەوانەی کێڵگە، کرێکاری ناشارەزا و ناکارامە دژ بە کرێکاری مەهارەدار، کرێکاری وڵاتێک دژ بە ئەوانەی تر. هێزی چەوساندنەوەی چین لە یەکنەگرتنیا، لە بەش بەشبوونی کرێکارانا، دەبینرێتەوە. بەڵام شۆڕشی کۆمەڵایەتیی داوای یەکێتی جەماوەرە چەوساوەکان دەکات، هەر وەها لە پێش هەمویانەوە هاوکاریی پڕۆلیتاریای کارگە لەتەک براکەیدا لە کێڵگە. نزیکترین بەرخورد لە نێوانی ئەم دوو لایەنەدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئامادەبوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی. پەیوەندی واقیعیانە لە نێوانی ئەواندا یەکەمین پێویستییە. هاوبەشی لیژان و ئەنجوومەنەکان و ئاڵوگۆڕکرنی نێردراوەکان لە نێوانیانا، سیستەمی هاوکاریی و هەروەها مێتودە هاوشێوەکانی دیکە دەبێتە هۆی دروستکردنی نزیکیی هاوپشت و باشتر لێکگەیشتنی نێوانی کرێکار و کێڵگەوان.

هەر بە تەنها هاوکاریی پڕۆلیتاریای کارگە و کرێکاری کێڵگە بۆ شۆڕش زەروور نییە، بەڵکو توخمی تر هەیە کە بە ڕەهایی پێویستن بۆ بیناکردنەوە، دروستکردنەوە. ئەمەش مێشکی ڕاهێنراوی مرۆڤی پڕۆفیشناڵە. نەکەویتە هەڵەوە کە ئاوابزانیت جیهان بە تەنها بە دەستەکان دروستکراوە، بەڵکو داخوازی مێشکەکان وئاوەزییش دەکات. هەر ئاواش شۆڕشیش پێویستی بە مرۆڤی بەهێز و مرۆڤی مێشکدار و ئاوەزدار هەیە. زۆر کەس وادەزانن کە کرێکاران کە کاری دەستی دەکەن دەتوانن بە تەنها تەواوی کاری نێو کۆمەڵ بکەن، ئەمە ئایدیایەکی هەڵەیە، هەڵەیەکی ئاوایە کە کۆتایی بە زەرەرەکان ناهێنێت. لە ڕاستیدا ئەم چەمکە لە بۆنە پێشینەکانا شەیتانێکی گەوەرە بووە و هۆکاری باش هەیە کە مەترسی ئەوە هەبێت کە باشترین هەوڵی شۆڕش ببەزێنێت.

چینی کرێکاران لە کرێکارانی پیشەسازیی و چەوساوەکانی بەشی کشتوکاڵ پێکهاتووە، بەڵام کرێکاران پێویستیان بە خزمەتی توخمە، کەسە پرۆفیشناڵەکان، لە ڕێکخەرانی پیشەسازی و لە ئەندازیارانی بواری کارەبا و میکانیکی و شارەزاینی فەنیی [تەکنیکی] و زانایان و داهێنەران ئەوانەی کە لە بواری کیمیا و پەروەردەدا کاردەکەن و دکتۆر و دکتۆری نەشتەرگەریی، هەیە. بەکورتی پڕۆلیتاریا بە ڕەهایی پێویستی بە یارمەتی کەسە پرۆفێشناڵە دیاریکراوەکان هەیە بۆ هاوکارییان کاری بەرهەمهێنان مەحاڵدەبێت. لە واقیعدا زۆبەی ئەو کەسە پرۆفێشناڵانە سەر بە چینی پڕۆلیتاریان، پڕۆلیتاریای ڕۆشنبیرن، پڕۆلیتاریای کاری مێشکیی، کاری زهنیی، ئەوەش ئاشکرایە هیچ جیاوازییەک لە نێوانی ئەوانەی کە نان لە ڕێگەی دەستەوە یاخود لە ڕێگەی مێشکەوە، پەیدادەکەن نییە. وەکو راستییەکیش هیچ کارێک هەر بە تەنها لەڕێگای دەستەوە یا مێشکەوە ناکرێت. لە هەموو جۆرە هەوڵێکدا یەککەوتنی هەردوکیان پێویستە. بۆنموونە دارتاش پێویستە کە پێوانە و ژمارە لە ئەرکەکەیدا بخاتەکار، پێویستە هەردوکیان دەست و مێشک بەکاربهێنێت. هەر ئاواش ئەندازیاری بیناسازیی [ مەعماری] پێویستە بیر لە پلانەکەی بکاتەوە پێشئەوەی لەسەر کاغەزێک وێنەی بکێشێت و بیخاتە کارەوە.

برادەرەکەت نایسەلمێنێت و دەڵێت " **بەڵام تەنها کارە، کە بەرهەمدەهێنێت، کاری مێشک بەرهەمهێن نییە"**

برادەری من ئەوە هەڵەیە، هیچکام لە کاری دەستی و کاری مێشکی بە تەنها ناتوانن بەرهەمی هیچ شتێک بێنن، بۆ دروستکردنی شتێک هەردوکیانی دەوێت بۆ کارکردن بەیەکەوە. خشتدانەر و وەستا، پلانیان هەرچۆن بێت ناتوانن کارگە دروستبکەن بە بێ پلانەکانی ئەندازیاری بیناسازیی، ئەندازیاریش ناتوانێت جسرێک ببەستێ بە بێ

کرێکارانی ئاسن و پۆلا، هیچکامیان بە تەنها و بێ ئەوی دیکەیان ناتوانن بەرهەمبهێنن، بەڵام هەردوکیان بەیەکەوە کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجامدەدەن. سەرەڕای ئەمەش، بە هەڵەدا نەچیت کە باوەڕت وابێت کە تەنها کرێکارانی بەرهەمهێن گرنگن. کاری زۆری تر هەیە کە ڕاستەوخۆ بەرهەمهێن نین بەڵام بە سوودن و تەنانەت بە ڕەهایی بۆ بون و خۆشی و حەسانەوەمان زەروورییە و لەبەرئەوەش بایاخدارە وەکو کاری بەرهەمهێنراو. هەر بۆ نموونە تەماشای ئەندازیارەکانی کاری سکەی ئاسنینی شەمەندەنەفەر و بەڵێندەر، هیچیان بەرهەمهێن نین بەڵام فاکتەری جەوهەرین لە سیستەمی بەرهەمهێنان. بەبێ سکەکانی ئاسن و و ئامرازەکانی هاتووچۆ و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن ناتوانین نە بەرهەمهێنان ئیدارەبدەین و نە دابەشکردنیش.

بەرهەمهێنان و دابەشکردن دوو لایەنی هەمان ئۆرگانی ژیانن. کارێک کە داخوازی لە یەکێکیان دەکرێت، کەمتر نییە لە کاری داخوازیکراوی ئەوی تریان. ئەوەی کە لە سەرەوە وتم بۆ ژمارەیەکی زۆری قۆناخەکانی هەوڵی بەشەرییەت، جێ بەجێدەبێت، وێرای ئەوەی کە بە ڕاستەوخۆ بەرهەمهێن نین، بەڵام ڕۆڵێکی زیندوو لە مەیدانە جیا جیاکانی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیمان دەگێڕێت. زانا و پەروەردەکار، دکتۆر و دکتۆری نەشتەرگەریی بەرهەمهێن نین بە مانای پیشەسازی وشەکە، بەڵام کاریان بە ڕەهایی بۆ ژیان و خۆشگوزەرانیمان زەروورە. کۆمەڵی مەدەنی ناتوانێت بوونی هەبێت بێ ئەوان.

ئەمەش بەڵگەیە کە کاری بەسوود لەڕێگای ماسولکە و دەستەوە بێت یاخود مێشکەوە، هەردوکیان بێ جیاوازی گرنگن، زۆری و کەمی موچەش یاخود کرێ کە وەریدەگرێت مەسەلەیەک نییە، ئەوەش گرنگ

نییە کە سیاسەت و بۆچونەکانیی هەرچۆن بێت. هەمو ئەو توخمانە یا کەسانە کە بەشداری کاری بەسوود دەکەن بۆ خۆشگوزەرانی گشتیی لەشۆڕشدا، لە بیناکردنی ژیانی نوێدا، پێویستن. هیچ شۆڕشێک سەرکەوتوو نابێت بەبێ هاوکاریی و هاوپشتیی، لەبەر ئەمەش هەتا زووتر لەمە بگەین باشترە. ڕێکخستنەوە و بیناکردنەوەی کۆمەڵ یانی ڕیکخستنەوەی پیشسازیی، تەواوی وەزیفەکانی بەرهەمهێنان، ئیدارەدانی دابەشکردن، کاری زۆری تری کۆمەڵایەتیی، پەروەردە و ڕۆشنبیریی، کولتوری بۆ گواستنەوەی کرێی کۆیلایەتی و خزمەتکاری ڕۆژانی هەنووکە بۆ ژیانی ئازادیی و خۆشگوزەرانیی. بە تەنها لە ڕێگای بەیەکەوە کارکردنی کرێکارانی کاری دەستی و پڕۆلیتاریای کە کاری مێشکی دەکەن لە شانی یەکەوە دەتوانن ئەم گرفتانە لابەلابکەنەوە.

زۆر جێگای داخە بوونی ڕۆحی ناجۆری و ناڕێکی تەنانەت دوژمنایەتی لە نێوانی کرێکارانی کاری دەستی کرێکارانی پیشەسازییدا هەیە. ئەو هەستەش ڕیشەکەی لە کەمی تێگەیشتن، لە هەڵاواردن و جیاوازی، لە مێشکتەسکی هەردوو لادا هەیە. مایەی دڵگرانییە کە دان بەوەدا دەنێم لە هەندێک بازنەی کرێکاراندا، تەنانەت لە نێوانی هەندێک لەسۆشیالیست و ئەنارکیستەکانا مەیلێک، بۆ دوژمنایەتی کرێکاران دژ بە ئەندامانی پڕۆلیتاریای کە ئینتەلەکچۆڵن، کاری مێشکی لەبری کاری دەستی دەکەن، هەیە. ئەم هەڵوێستە ئەحمەقانە و تاوانە چونکە بە تەنها کاری شەیتانانە لەسەر گەشە و پێشەوەچوونی شۆڕشی کۆمەڵایتی دەکات. یەکێک لە هەڵە کوشندەکانی بەلشەفیک لە قۆناخی گۆڕانکاری یەکەمی شۆڕشی ڕوسیادا، ئەوان بە ئەنقەست ئەوانەی بە موچە یا کرێی سەر کار، نانیان پەیدادەکرد، دەکرد بە گژ چینی پرۆفێشناڵدا تا ئەو ڕادەیەی کە

له ڕاستیدا هاوکاریی برادەرانە مەحاڵ بوو. سەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتە تێکشکانی پیشەسازیی بوو بە هۆی کەمی ئاراستەی کەسە زیرەکەکانەوە بوو هەروەها هەڵپەساردنی تەواوی پەیوەندیگرتن و پەیوەستبوونەوەی سکەی ئاسنین بوو، چونکە ئیدارە لەسەر ئەو کارە ڕانەهێنراو بوو، توانای ئەوەی نەبوو. بەم هۆکارەوە ڕوسیا ڕووبەڕووی نوقومبوونی پاپۆڕی ئابووریی، بوو، ئەو کاتە لینین بڕیاری دا کرێکارانی کارگەکان و کێڵگەوانەکان بە تەنها ناتوانن بەردەوامی بدەن بە ژیانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی بۆ وڵات و یارمەتی کەسە پرۆفێشناڵەکان زەروورییە. ئەو سیستەمێکی تازەی ناساند کە کەسە فەنییەکان کە یارمەتیدەر بن لە کاری بیناکردنەوە/ئاوەدانکردنەوەدا. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بۆ ساڵانی ڕک و کینەی هاوبەش و تانەدان، درەنگبوو، کە ئەم کەلێنەی نیوانی کرێکارانێک کە کاری دەستی دەکات و براکانی کە کاری مێشکیی، زهنیی دەکەن، خولقاندووە، کە تێگەیشتنی ناوکۆیی و هاریکاریی زۆر زۆر زەحمەت کردبوو. ساڵانێکی درێژی پاڵەوانانەی ویست بۆ ڕوسیا تاکو ئەمە چاکبکات تا ڕادەیەک کارایی شوێنەواری ئەو جەنگە لە نێوانی برایانا، بسڕێتەوە.

دەی با فێری ئەم دەرسە گرانبەهایە لە ئەزموونی ڕووسییەکانەوە ببین.

بەڵام تۆ ڕازی نیت و دەڵێیت " **بەڵام کەسانی پرۆفێشناڵ سەر بە چینی ناوەنجین، ئەوان خاوەنی ئاوەزی، مێشکی بورجوازیانەن"**

ڕاستە، مرۆڤە پرۆڤێشناڵەکان بە گشتی هەڵوێستی بورجوازیانەیان لە بەرانبەر شتەکانا هەیە، بەڵام ئایا زۆربەی کرێکارانیش ئاوەزی بورجوازیانەیان نییە؟ مەبەست لەمە یانی هەردوولایان لە مەسەلەی

هەڵاواردنی دەسەڵاتداری و سەرمایەداریدا نوقمبوون. ئەمە هەر ئەمانەیە کە دەبێت لە ڕێگای پەروەردە و ڕۆشنبیریی خەڵکەوە لە ڕیشە هەڵکەنرێت ئیتر کرێکارانی کاری دەستیی بن یاخود زهنیی و عەقڵیی. ئەوەش هەنگاوی یەکەمە لە ئامادەکارییدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی.

بەلام ئەوە ڕاست نییە پیاوانی پرۆفێشناڵی وەکو ئەوان، پێویستە کە سەر بەچینی ناوەنجی بن. بەرژەوەندی حەقیقی ئەوەی کە پێی دەڵێن ئینتەلێکچۆڵ لەگەڵ کرێکاراندایە، نەک سەروەران، بە دڵنیاییەو زۆربەیان ئەوە نازانن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نین ئەوانەی کە بە بەراورد پارەی زۆریان پێدەدرێت، شۆفێری سکەی ئاسن یاخود ئەندازیار وا هەستدەکات ئەندامی چینی کرێکارن. بە داهات و هەڵوێستی دەگەڕێتەوە سەر چینی بورجوازی. بەڵام داهات و هەست نین کە بڕیاردەدەن کە کەسەکە بۆ چ چینێکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. ئەگەر درۆزەکەرێکی سەر شەقام هەستی ملیۆنێرێکی هەبێت ئایا بەوە دەبێت بەوەی کە خەیاڵی لێدەکاتەوە؟ کەسێک کە بە خەیاڵ دەیەوێت ببێتە شتێک، واقیعەکەی ناگۆڕێت. بارودۆخە حەقیقییەکە دەریدەخات ئەوەی کە کارەکەی دەفرۆشێت کرێکارە، ئەوەی متمانەی لەسەر موچە و کرێیە، مووچەخۆر، ئەمانە بەرژەوەندی ڕاستینەی وەکو کارگەری دیکەیە و سەر بە چینی کرێکار دەبێت.

ئەوەی ڕاستی بێت پڕۆلیتاریا ئینتەلێکچۆلەکان تەنانەت زیاتر ملکەچی سەروەرە سەرمایەدارەکەیەتی تاکو کەسی داسبەدەس و شۆفێری شۆفڵەکە، ئەمەی دوایی بە ئاسانی دەتوانێت شوێنی سەرکارەکەی بگۆڕێت، ئەگەر نەیەوێت کار بۆ بەڕێوەبەرێکی دیاریکراو بکات، دەتوانێت چاو بۆ یەکێکی دیکە بگێڕێت. پڕۆلیتاریا ئینتەلکچۆڵەکە لە لایەکی دیکەوە زۆر زیاتر پاشکۆی کارە تایبەتییەکەیەتی. مەیدانی

کارکردنی زۆر سنووورداره. ئەو کارامە نییە لە هیچ کارێکی بازرگانی و توانای جەستەیی کردنی کارێکی ڕۆژانە وەکو کرێکار نییە، ئەو بە گوێرەی ( یاسای باو) سنوربەندە بە مەیدانێکی تەسک لە مەیدانی ئەندازیاری بیناسازیی، ئەندازیاری، ڕۆژنامەوانی، یاخود شێوەیەکی ئاوا لە کار. ئەمەش زیاتر دەیخاتە ژێر مەرحەمەتی خاوەنکارەوە وئەمەش ئاوای لێدەکات کە مەیلی لایەنگریی لەگەڵ ئەمەی دواییدا [خاوەنکار] هەبێت دژ بە هاوەڵە کرێکارەکانی کە زۆرتر سەربەخۆن.

بەڵام هەڵوێستی ئنتەلێکچوێڵەکە هەرچۆن بێت لە روی موچە و پاشکۆیەتییەوە، هێشتا هەر سەر بە چینی پڕۆلیتاریایە. کەواتە بە تەواوی هەڵەیە کە ئاوا بزانرێت کە ئینتەلێکچۆڵ هەمیشە لایەنی سەروەران دەگرێت دژ بە کرێکاران. دەبیستم و دەبینم هەندێک توندڕەوی ڕادیکال ئەمە دەڵێنەوە " بە گشتیی دەیکەن".

ئەی کرێکاران؟ ئەوان ئاوا نین، بە گشتی یارمەتی سەروەران و سیستەمەکە و کاپیتاڵیزم نادەن؟ ئایا ئەم سیستمە بەردەوامدەبێت بێ هاوکاری و یارمەتی ئەوان؟ ئەو جەدەلە هەڵەیە، وێڕای ئەوە کرێکاران هۆشیارانە یارمەتی چەوسێنەرانیان، دەدەن، هەر ئەوەندەش ڕاستە سەبارەت بە ئینتەلێکچوێڵەکان. ئەگەر زۆرینەی ئەمانەی دواوە لە پشت چینی حوکمرانەوە بن، ئەمە لەبەر جەهلی کۆمەڵایەتییە، چونکە لە باشترین بەرژەوەندی خۆیان تێناگەن، سەرەڕای "ئینتەلێکچۆلێتیان". هەر ئاواش بۆ زۆرینەی جەماوەری کارگەریش، راستییە و لە بەرژەوەندی باشی خۆیان بەئاگانین، یارمەتی سەروەران دژ بە هاوەڵە کرێکارەکانیان دەدەن، هەندێک جاریش تەنانەت لە هەمان مامەڵەی بازرگانی و کارگەدا، ئەوە با هەر قسە لەسەر کەمی لە هەستی نەتەوایەتی نێونەتەوەیی نەکەین. ئەمە بە تەنها سەلماندنی ئەم و ئەوی تریانە، هەردوکیانە، کرێکارانی کاری

دەستی کەمتر لە کرێکارانی کاری مێشکیی، زهنیی، کەمتر پێویستیان بە ڕۆشنگەریی نییە.

با هەقیش بە ئینتەلێکچۆڵەکانیش بدەین، با نوێنەرە هەرە باشەکانیان لەبیر نەکەین کە هەمیشە لە شانی زوڵملێکراوان و چەوساوانەوە بوون و لایەنگری ئازادیی و ئازادبوون بوون هەروەها زۆر جاریش دەربڕی دەنگی گەورە و قوڵی یەکەمی جەماوەری چەوسساوە بوون. لە تێکۆشاندا بۆ ئازادیی بە بەردەوامی جەنگیان لە سەنگەرەکانا شان بە شانی کرێکاران کردووە و لە ڕێگای باوەڕیانا پاڵەوانانە مردون.

پێویستمان بەوە نییە کە دوور بڕۆین تاکو بیسەلمێنین، حەقیقەتێکە و ئاشناین پێی کە هەموو گەشەکردنێک، ڕادیکالبوونێک و بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە ناو سەد ساڵ لەمەوبەردا لەڕوی عەقڵیی و هەروەها ڕۆحیشەوە بەو هەولانەی توخمە باشەکانی چینی ئینتەلێکچۆلەوە، بەهرەدار بووە. دەستپێشخەران و ڕێکخەرانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕوسیا، بۆ نموونە، کە مێژوویان بۆ چەرخێک دەگەڕیتەوە ئەمانە ئینتەلێکچۆڵبوون کە ژنان و پیاوانی ناپڕۆلیتاریا بوون ئەسڵی پێگەی پڕۆلیتاریا نەبوون. هیچ کام لەوانەی خۆشەویستییان بۆ ئازادیی تئیوریانە نەبووە. بە دەقیقی هەزاران لەوانە زانیاری و ئەزموونیان هەروەها ژیانیشیان بۆ خزمەتی جەماوەر تەرخانکردووە. خاکێک نییە کە پیاوان و ژنانی شەریف نەبینیبێت هاوپشتی خۆیان خستۆتەگەڕ لەگەڵ نمایشکردنی خۆیانا بۆغەزەب و زوڵمی چینەکەیان بە هاوپشتی خۆیان بۆ چەوساوان. مێژوی ئەم نزیکانە و ڕابوردووش پڕن لەم نموونانە. ئەمانە کێن : Rosa ،Liebknechts ،Kossuths ،Garibaldis, ،Luxemburgs ،Landauers ،Lenins, و Trotskys ئەمانە ئینتەلەکچۆڵەکانی نێو چینی ناوەنجی بوون کە خۆیان بەخشی بە

پڕۆلیتاریا، مێژووی هەموو وڵاتێک و هەموو شۆڕشێک بە خۆبەخشین و تەرخانکرنی خۆیان بۆ ئازادیی و بۆ کرێکار درەوشاندۆتەوە.

با ئەم فاکتانە لە یادمانا بمێنێتەوە و غافڵ نەبین لە توندڕەوان و پێشداوەریکەران و دوژمنایەتکردنی بێ بناغە. ئینتەلێکچۆڵەکان لە ڕابوردوودا خزمەتی گەورەیان کردووە. دەکەوێتە سەر هەڵوێستی کرێکاران بەرانبەر ئەوان کە تا چ ڕادەیەک ئەو دەتوانێت و ئارەزومەندە لە بەشداریکردنی ئامادەکاری و تەحقیقکردن وتیگەیشتنی لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی.

# بەندی نۆ

## ڕێکخراوی کرێکاران بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی

ئامادەکاری تەواو وەکو لە لاپەرەکانی پێشترا پێشنیار کرا زۆر باش ئەرکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕوندەکاتەوە و زەمانەتی گەشەکردنی تەندروستیانەی و وەزیفەکانیشی دەکات.

ئێستا وەزیفە سەرەکییەکانی شۆڕش چییە؟

هەمو ولاتێک بارودۆخێکی تایبەتی هەیە چ لە ڕووی سایکۆلۆجیی، خوو نەریت و چ لەڕوی کەلەپوری تایبەتییەوە. پرۆسەی شۆڕشیش سروشتیانە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی خاک و خەڵکەکەیەتی. بەڵام لە بناخەدا هەمو وڵاتەکان وەکو یەکن لە ڕوی زروفی کۆمەڵایەتییەوە( زیاتر ئەنتی سۆشیال) : فۆرمی سیساسی، یاخود ئابوورییان، هەرچۆن بێت ئەوان لەسەر دەسەڵاتی داگیرکارانە، لەسە قۆرخکردن، لەسەر چەوساندنەوەی کرێکاران دروستکراون. هاوکاتیش ئەرکی سەرەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی لەجەوهەردا لە هەموو شوێنێک وەکو یەکە: هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و نایەکسانی ئابووریی و هەروەها بە کۆمەڵایەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنە.

بەرهەمهێنان، دابەشکردن و ئامرازەکانی پەیوەدنیکردن و پەیوەستبوونەوە سەرچاوەی سەرەکی بوونن، دەسەڵاتی زۆرەملێ و ناچارکردن، دەسەڵاتی کاپیتاڵ لەسەر ئەوانە ڕاگیراوە. بێبەشبوون و داماڵینیان لەوانە حکومەتەکان و فرماندارەکان دەبنە کەسانی ئاسایی وەکو من و تۆ، دەبنە هاووڵاتی باو لە نێوانی ملیۆنەهای تردا.

هاوکاتیش بۆ جێبەجێکردنی، وەزیفەی سەرەکی و جەوهەری شۆڕشی کۆمەڵایەتیە.

ئەوە دەزانین کە شۆڕش لە بێزاری سەرشەقام و تەقینەوەوە دەستپێدەکات: قۆناخی سەرەتایە کە هێز و توندوتیژی دەگرێتە خۆی. بەڵام ئەوە تەنها دیمەنێکی سەرەتایی شۆڕشی ڕاستەقینەیە. تەمەنی درێژی ناخۆشی و بێ ئومێدی و سوکایەتی کە جەماوەر چێشتویانە، تەقیوەتەوە و بووە بە بێ نیزامیی و ئاژاوە، زەلیلی و نادادوەریی کە بە هێواشی قەبوڵکراوە و چەند دەیەیەکە درێژەی کێشاوە بوەتە هۆی ئەم چالاکی و وێرانکردنە. ئەمە حەتمییە و چینی سەروەران بەرپرسن لەم شێوە کاتییەی شۆڕش. تەنانەت ئەمە زیاتر ڕاستە وەکو کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی تاکو لەسەر ئاستی تاک " ئەوەی با بچینێت گێژەڵوکە و گەردەلوول دەچنێتەوە": زۆرترین سەرکوتکردن و بێ ئومێدی کە جەماوەری بۆ ملکەچکراوە، هەر ئاوا هێزی بۆرفتانی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات. تەواوی مێژوو ئەوەی سەلماندووە، بەڵام سەروەرانی ژیان هەگیز نەیانویستووە لەو دەنگی بە ئاگاهێنانەوەیە بە ئاگا بێن.

ئەم قۆناغەی شۆڕش ماوەیەکی کورتە، عادەتەن هۆشیاری زیاتری بەدوادا دێت و هێشتاش خۆڕسکیانەیە و بۆ تێشکانی قەڵای دەسەڵاتە. دژە ڕەمزە ناسراوەکانی توندوتیژی ڕێکخراو و دڕندەیەتی: بەندیخانەکان، مەخفەرەکانی پۆلیس و هەروەها بیناکانی تری حکومەتە کە هێرشیاندەکرێتە سەر. بەندییەکان ئازاددەکرێن، دۆکۆمێنتە یاساییەکان لەناودەبرێن. نمایشکردنێکی غەریزەیانەی ڕەوایانەی جەماوەریانەیە. ئەمە دەستپێشکەری شۆڕشی فەرەنسییەکان بوو لە ڕوخاندنی بەندیخانەی باستێل. هەر ئاواش بەندیخانەکانیش لە ڕوسیاش هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی

شۆڕش**ەکەوە**[٥] هێرشیانکرایە سەر و بەندییەکان ئازادکران. هەست و تێگەیشتنی زۆری خەڵکی بێ هەبوونی بەڵگە، بەندییە بەدبەختە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین، قوربانی بارودۆخەکانن و بە جۆرێک لە جۆرەکان سۆزیان بۆیان هەیە. جەماوەر حسابی دادگا و ڕیکۆردەکانی وەکو ئامرازی نادادوەری کۆمەڵایەتی، دەکات، ئەمانەش هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە لەناودەبرێن و بە دروستیش هەر ئاوایە.

بەڵام ئەم قۆناخە بەخێرایی تێدەپەڕێت : هەر زوو غەزەبی خەڵک دەنیشێتەوە و خۆڕسکانە شۆڕش دەست بە کاری بەسوود دەکات.

تۆ پرسیار دەکەیت" **بەڕاستی تۆ باوەڕت ئاوایە دەتوانرێت بیناکردنەوە زوو دەستپێبکات؟**

برادەری من، دەبێت کارەکە یەکسەر دەستپێبکات، لە ڕاستیدا ئەوەندەی جەماوەر زیاتر ڕۆشنبیر دەبێت، کرێکاران ڕوونتر ئامانجەکانیان تێدەگەن و باشتریش ئامادەدەبن بۆ بەڕێکردنی کارەکان، هەر ئاواش شۆڕش کەمتر وێرانکەردەبێت و خێراتر و کارامەتر کاری بیناکردنەوە دەستپێدەکات.

" **تۆ زۆر گەشبین نیت؟**

نا، باوەڕ ناکەم ئاوابێت. من باوەڕم وایە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەر ئاوا " یەکسەر ڕوونادات"، دەبێت ئامادەکاری بۆبکرێت، ڕێکخراوبێت. بەڵێ، بەڕاستی دەبێت ڕێکبخرێت هەر وەکو چۆن

---

[٥] دوایی شکانی بەندیخانەکان لە پیترۆگراد و مۆسکۆ و شارەکانی دیکە لە لایەن جەماوەری شۆڕشگێڕەوە بە فەرمی هەموو بەندییە سیاسییەکان ئازاد بوون.

مانگرتن ڕێکخراوە. لە ڕاستیدا دەبێت مانگرتن بێت، مانگرتنی یەکێتی کرێکاران لە سەراپای وڵاتدا- مانگرتنی گشتیی.

با هەڵوێستەیەک بکەین و لەمە وردببینەوە.

چۆن خەیاڵ لە شۆڕشی ئەم ڕۆژانە دەکەیتەوە کە جەنگ لەگەڵ تانک و گازی ژەهراوی و فڕۆکەی جەنگییدا بکات؟ ئایا تۆ باوەڕت ئاوایە کە جەماوەری بێ چەک و سەنگەر و بەربەستەکانیان دەتوانێت خۆی بگرێت لەبەردەم ئەو دەسەڵاتە زۆرەی تۆپهاوێژ و بۆمبەکان کە لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە؟ ئایا کرێکار دەتوانێت شەڕی سوپای سەربازیی حکومەت و کاپیتاڵ بکات؟ بەرەوڕووبونەوەیان لاقرتییە، وا نییە؟ لەوەش کەمتر مایەی پێکەنین نییە کە پێشنیار بکرێت کە کرێکاران دەبێت هێزی، فەوجی خۆیان، " هێزی تاسێنەر" [شۆکهێنەر] پێکبهێنێت یاخود " " بەرەی سوور " وەکو چۆن پارتە کۆمۆنیستەکان بۆ کردنی، ئامۆژگاریت دەکەن. ئایا ئەم لیژنانەی پرۆلیتاریا هەرگیز دەتوانن لە بەرانبەر سوپای مەشقپێکراوی حکومەت و سوپای تایبەتی کاپیتاڵ ڕابوەستن؟ ئایا کەمترین بەختیان نییە؟

ئەم جۆرە پێشنیارانە تەنها پێویستە بوترێن و ببینرێن وەکو حەماقەتێکی مەحاڵ. هەر بە سادەیی یانی ناردنی هەزاران کرێکار بۆ مردنی حەقیقیی. ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئەم ئایدیا بەربەستانەی شۆڕش بەسەرچن. لە ئێستادا حکومەت و کاپیتاڵ لە ڕوی سەربازییەوە زۆر باش ڕێکخراون بە جۆرێک کە کرێکاران هەرگیز ناتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. تاوانە گەر هەوڵی ئەوە بدرێت، تەنانەت بیرکردنەوەش لێی، شێتییە.

هێزیی کار لە مەیدانی جەنگدا نییە، بەڵکو لە کانەکاندایە، لە کارگە و وەرشەکاندایە. پاوەری ئەو لە شوێنێکدایە سوپایەک نییە لە جیهاندا

بتوانێت بیبەزێنێت، هیچ هێزێکی بەشەریش ناتوانێت داگیری بکات. بە واتایەکی دیکە، شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەنها دەتوانێت لە ڕێگای مانگرتنی گشتییەوە بێت. بەڵێ مانگرتنی گشتیی، ڕاستی تێگەیشتنی و بەجێگەیاندنی بە دروستی، ئەوە شۆڕشی کۆمەڵایەتییە. حکومەتی بریتانی لەم بارەوە زۆر خێراتر بەئاگاهات تاکو کرێکاران، کاتێک کە بانگەشەی مانگرتنی گشتی لە ئینگلتەرە لە مانگی ئایاری ١٩٢٦ دا، کرا. حکومەت بە ڕابەرانی مانگرتنەکانی وت " ئەمە مانای شۆڕشە". لەگەڵ هەبوونی هەموو سوپا و دەریاوانەکانی، دەسەڵاتداران لەبەرانبەر بارودۆخەکەدا، بێدەسەڵات بوون. دەتوانیت تەقە لە خەڵک بکەیت تا کوشتنییان، بەڵام ناتوانیت بە تەقە بیاننێریتە سەر کار. خودی سەرکردەکانی کرێکاران لەو فکرەیە ترسان کە مانگرتنی گشتی لە ڕاستیدا شۆڕشە.

کاپیتاڵ و حکومەتی بریتانی مانگرتنەکەیان بردەوە نەک بە هێزی سووپا بەڵکو بە هۆی نوقسانی زیرەکی و ئازایەتی بەشێکی سەرکردەکانی کرێکارانەوە، چونکە کرێکارانی ئینگلیز خۆئامادەییان بۆ سەرەنجامی مانگرتنە گشتییەکە، نەبوو. وەکو ڕاستییەکیش ئایدیاکە بۆ ئەوان هەندێک تازە بوو، پێشتر هەرگیز ئارەزوویان لێی نەبوو، هەگیزیش دیراسەی گرنگیی و جەوهەر و گریمانی ڕودانیان نەکردبوو. دروستە گەر بوترێت هاوشێوەی هەمان بارودۆخ گەر لە فەرەنسا بوایە، زۆر جیاواز گەشەیدەکرد و پێشدەکەوت چونکە لە فەرەنسا چەوساوەکانی ئەوێ ساڵانێکی درێژبوو بە مانگرتنی گشتی وەکو چەکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا، ئاشنابوون.

زۆر گرنگە کە تێبگەین کە مانگرتنی گشتیی تاکە گریمانی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە. لە رابووردوودا مانگرتنی گشتی لە زۆر وڵاتدا بە بێ دڵنیابوونەوەیەکی کافی کە مانای ڕاستینەی مانگرتنی گشتیی

شۆڕشە و ئەوە تەنها تاکە ڕێگەی کردەییەتی. وەختی ئەوە هاتووە کە لێوەی فێربین، کاتێکیش کە دەیکەین شۆڕشی کۆمەڵایەتیی لەوە دەوەستی کە تەم و مژاوی بێت، کەمیەتێکی نەزانراو بێت. ئەو دەبێتە واقیع، مێتود و ئامانجێکی دیاریکراو، پرۆگرامێک کە هەنگاوی یەکەمی دەستبەسەراگرتنی پیشەسازییەکانە لە لایەن کرێکارانی ڕێکخراوەوە.

برادەرەکەت تێبینی دەدات" **ئێستا تێدەگەم کە بۆچی وتت شۆڕشی کۆمەڵایەتی یانی بیناکردن نەک وێرانکردن"**

خۆشحاڵم بە وەڵامەکەت. ئەگەر تۆ تا ئێستا دووی من کەوتبێتی، تۆش قەبوڵتە کە پرسی دەستبەسەراگرتنی پیشەسازیی شتێک نیە بەجێبهێڵرێت بۆ بەخت یاخود شتێک نییە کە لە ڕێگای ڕێکەوتەوە، ڕوودات. تەنها لە ڕێگای دانانی پلان بە ڕێکوپێکی، بە جۆش و خرۆشەوە و هەروەها لە ڕێگای ڕێکخستنەوە، دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت. تۆ بە تەنها ئەوەت پێناکرێت، منیش هەر ئاوا، نە بە کەسێکی تر، کرێکارێک، فۆرد، پاپای ڕۆم، بە کەسێک بە تەنها ناکرێت. کەسێک نییە، مرۆڤێک نییە کە بتوانێت ئەوە بکات جگە لە کرێکاران خۆیان، چونکە کارەکە پێویستی بە کرێکاران هەیە کە پیشەسازیی بەڕێوەبەرن. تەنانەت خودی کرێکارانیش ناتوانن بیکەن ئەگەر ڕێکخراو نەبن و خۆیان بۆ ئەم جۆرە کارە ڕێکنەخستبێت.

برادەرەکەت قسەکەم پێدەبڕێت" **وامزانی کە تۆ ئەنارکستیت."** بەڵێ من ئەنارکستم.

**" من ئەوەم بیستوە کە ئەنارکستەکان باوەڕیان بە ڕێکخستن نییە"**

هەستدەکەم کە تۆ باوەڕت ئاوابێت، بەڵام ئەوە جەدەلێکی کۆنە، ئەوەی کە پێتدەڵێت کە ئەنارکستەکان باوەڕیان بە ڕێکخستن نییە، بێ مانایە بێ سەروبەرەیە. ڕێکخستن هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش

ڕێکخستنە. سەراپای ژیان ڕێکخستنە و ڕێکخراوە، ئیتر هۆشیارانە یا ناهۆشیارانە بێت. هەموو نەتەوەیەک، هەموو خێزانێک، تەنانەت هەموو تاکێک هەموو زیندەورێک. هەموو بەشێکی تەواوی ژیانی زیندەوەر ڕێکخراوە لە ڕێگایەکەوە کە هەموو بە هارمۆنی کاردەکەن. ئەگەر ئاوانەبێت ئۆرگانە جیاوازەکان ناتوانن وەزیفەیان بە تەواوی ببینن، ژیانیش ناتوانێت بوونی هەبێت.

بەڵام لێرەدا ڕێکخستن و ڕێکخستن هەیە. کۆمەڵی سەرمایەداریی وا بە خراپی ڕێکخراوە کە ژمارەیەکی زۆر ئازار دەچێژن: وەکو چۆن ئازار لە بەشێکی جەستەتدا هەیە، هەموو جەستەت دێشێ و نەخۆشیت. ڕێکخستن هەیە کە زۆر ئازاراوییە چونکە نەخۆشە، ڕێکخستنیش هەیە کە چێژ و خۆشی لیدەبینیت چونکە یانی تەندروست و هێز و وزە. کاتێک کە هەر کام لە ئەندامەکانی یاخود ئۆرگانەکانی فەرامۆش و سەرکوتدەکات، ئەو ڕێکخستنە نەخۆشە یاخود خراپە. لە زیندەورێکی تەندروستدا هەموو بەشەکان یەکسانانە بەنرخن هیچیان هەڵاواردن، جیاوازییان لەگەڵدا ناکرێت. ڕێکخستن کە لەسەر بناغەی ناچاریی کە زۆرەملێ و زۆرداربییە خراپە و ناتەندروستە. ڕیکخستنی ئازادیخوازانە خۆبەخشانە دروستدەکرێت هەروەها هەموو ئەندامێک تێیدا ئازاد و یەکسانە، وەکو جەستەیەکە کە کار زۆر باش دەکات. ئەم جۆرە ڕێکخستنە یەکێتییەکی ئازادانەیە لە بەشەکانییەوە بە یەکسانیی، جۆرێکە لە ڕێکخستن کە ئەنارکستەکان باوەڕیان پێیەتی.

پێویستە ئەمە ڕێکخراوی کرێکاران بێت ئەگەر کار لیژنەیەکی تەندروستی هەبێت، یەکێکی ئاوا کە چالاکانە کاربکات. پێش هەموو شتێک نابێت تاکە ئەندامێکی ڕێکخراوەکە یا نقابە هیچ پارێزبەندیی هەبێت لە هەڵاواردن و کردنی جیاوازیی، سەرکوتکردن یاخود

فەرامۆشکردنی کرێکاران. کردنی ئەمە یانی فەرامۆشکردنی دانێک کە دێشێت: تۆ سەراپای گیانت ژاندەکات. بە واتایەکی دیکە یەکێتی کرێکاران دەبێت لەسەر بناخەی پرنسپڵی ئازادیی یەکسانیی بۆ هەموو ئەندامەکان دروستببێت. تەنها کاتێک هەموو یەکێک یەکەیەکی ئازاد و سەربەخۆیە، بە هەڵبژاردەی خۆی و ئازادانە هاوکاریی لەتەک ئەوانی دیکەدا دەکات بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشەوە، ئەو کاتە هەموو دەتوانن سەرکەوتوانە کاربکەن و دەبنە هێزێکی گەورە.

یەکسانی یانی هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوانی کەسەکانا، ئەو کەسە کێیە و چۆن کرێکارێکە، ئایا ئەو خاوەن پیشە و شارەزاییە، یاخود بێ مەهارە، ئەو بەنایە یاخود دارتاش، ئەندازیار یاخود کرێکاری ڕۆژە، موچە و کرێکەی زۆرە یاخود کەم، بەرژەوەندی هەموویان یەکە هەموو سەر بەیەکن و تەنها بە وەستانیان لە شانی یەکەوە دەتوانن ئامانجەکانیان بهێننە دی. یانی کرێکار لە کارگە، لە ئاشەکان، یاخود لە کانەکان دەبێت وەکو جەستەیەک، ڕێکخراوبن، پرسەکە ئەوە نییە چ کارێکی تایبەتی دەکەن، پیشەوەریی یاخود مامەڵە و ئاڵ و وێر، بەڵکو بەرژەوەندییەکانیان کامەیە. بەرژەوەندەییەکانیان دژ بە خاوەنکار و سیستەمی چەوساندنەوە یەکە.

بیهێنەرە بەرچاوت، چەند گەوجانە و بێ کارایە کە ئێستتا ڕێکخراوێکی کرێکاران ئیدی پیشەیی یاخود ئاڵوویر، کڕین و فرۆشتن لە مانگرتندا بن، بەڵام هاوکاتیش بەشەکانی دیکەی هەمان پیشەسازیی بەردەوامن لە کار. ئایا مایەی پێکەنین نییە کە کرێکارانی کاری سەیارە، هەر بۆ نموونە لە شەقامەکان لە نیووێرک، کار بەجێدەهێڵن، بەڵام هی مترۆکان و تەناڵەکان سایەقەکانی تەکسی و پاسەکان و ئۆتۆبوس هێشتا هەر لەسەر کارن؟ مەبەستی سەرەکی لە مانگرتن سازاندنی بارودۆخێکە کە خاوەنکار ناچار بێت چۆک بۆ

داخوازییەکانی کرێکاران دابدات. ئەم بارودۆخە دەتوانرێت بخولقێنرێت تەنها لەڕێگای پەیوەستبوونەوەی تەواوی پیشەسازییە دیاریکراوەکە، هەر لەبەر ئەوە نیوەمانگرتن تەنها بەزایەدانی وەختی کرێکارانە لەگەڵ وزەیانا، ئەوە هەر باس لە کاردانەوەی زەرەری ئەخلاقی خراپ لەسەر حەتمییەتی تێشکاندنەکە مەکە.

تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە خۆت و ئەوانی دیکە کە هەر خۆتان بەشداریتان لە مانگرتنا، کردووە. ئایا نقابەکەتان هەرگیز شەڕەکەی بردۆتەوە، مەگەر خاوەنکاری ناچارکردبێت؟ بەڵام کەی توانیوێتی ئەوە بکات؟ تەنها کاتێک کە بەڕێوەبەر زانیوێتی کە کرێکاران مەبەستیانە و سوورن لەسەری و ناڕازیبوون لە نێوانیاندا، نییە، هیچ ڕاڕاییەک و یارییەک نییە، بڕیاریانداوەو سوورن لەسەر بردنەوە ئیدی بە هەر نرخێک بێت. بەتایبەت کاتێک کە خاوەنکار خۆی لە بەردەم رەحمەتی نقابەدا دەبینێتەوە، کاتێک کە چی تر ناتوانێت لەبەرانبەر ڕاوەستانی کرێکارانا کارگەکەی یا کانەکەی بخاتە ئیش، کاتێک کە ناتوانێت کرێکاری ئیزرابشکێنی دەستبکەوێت، کاتێک دەبینێت کە بەرژەوەندییەکانی خراپتر تێدەشکێت بە نکوڵیکردنی داخوازییەکانی کرێکاران، ئیدی ئەو کاتە ڕازییە بە داخوازییەکانیان.

ئاشکرایە کە تەنها دەتوانیت بە پێداگریت لەسەر داخوازییەکەت بگەیتە ئامانج، کاتێک کە نقابەکەت بەهێزە، کاتێک کە ئێوە بە باشی خۆتان ڕێکخستووە، کاتێک کە ئێوە ئاوا یەکتانگرتووە، بەڕێوەبەر ناتوانێت کارگەکەی بخاتە کار دژ بە خواستی تۆ. بەڵام خاوەنکار زۆرجار کارگەی گەورە، کۆمپانیا، ئاشەکان یاخود کانەکانی لە شوێنی تر هەیە. تۆ وایدابنێ کە کانی خەڵووزە، ئەگەر نەتوانێت کانەکانی لە پێنسلاڤانیا بخاتە کار بە هۆی مانگرتنەوە، هەوڵدەدات هەقی خەسارەکەی لە ویلایەتی ڤێرجینا یاخود لە کۆلۆڕادۆ بە زیادکردنی

بەرهەم لەویّ، هەقی خەسارەکەی بکاتەوە. ئێستا، ئەگەر کرێکارانی کانەکان لەو ویلایەتانە بەردەوامبن لە کار، بەڵام تۆ لە پێنسلاڤانیا لە مانگرتنادابیت، کۆمپانیاکە هیچ خەسارەیەک ناکات. ڕەنگە بەخێرهاتنی مانگرتنەکەش بکات بۆ ئەوەی نرخی خەڵووز سەرخات بە بیانوی ئەوەی کە هاتنی مەتاریاڵ کەمە بەهۆی مانگرتنەکەی تۆوە. ئا لەو بارەدا کۆمپانیا نەک هەر مانگرتنەکەی تۆ دەشکێنیت، بەڵکو کارایی خراپ لە سەر ڕای گشتیش دژ بە تۆ دادەنێت چونکە خەڵک نەزانانە باوەڕیان وایە کە بەرزکردنەوەی نرخی خەڵووز بەڕاستی بەهۆی مانگرتنەکەی تۆوەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە بەهۆی تەماح و چاوچنۆکیی خاوەن کانەکانەوەیە. ئاوا مانگرتنەکەت دەدۆڕێنیت و بۆ ماوەیەکیش تۆ و کرێکاران لە هەموو شوێنێک دەبێت زیاتر بدەن بۆ دەستخستنی خەڵووز، نەک هەر بۆ خەڵووز بەڵکو بۆ پێداویستییەکانی دیکەی ژیانیش چونکە بە هۆی نرخی خەڵووزەوە خەرجی ژیان بەگشتی دەچێتە سەرەوە.

ئێستا تەماشاکە دەبنیت کە سیاسەتی ئێستای ئەم نقابەیە چەند خراپە کە ڕێگادەدات کە کانەکانی دیکە لە کاردابن، لە کاتێکدا کە تۆ لە مانگرتندایت. ئەوانی دیکە لەسەر کار ماونەتەوە و هاوکاری دارایت، دەکەن. بەڵام ئایا ئەوە نابینیت کە یارمەتییەکەیان بۆ شکاندنی مانگرتنەکەی تۆیە، چونکە بەردەوامن لە کارکردن، حەقیقەتەن مانگرتنەکەت دەشکێنن بۆ ئەوەی هاوکاری میزانییەی مانگرتنەکەت بکەن. ئایا شتێکی دیکە لە تاوان و بێ مانایی زیاتر لە ئەمە هەیە؟ ئەمە ڕاستییەکە لە هەموو پیشەسازی و هەموو مانگرتنێکدا. ئایا تۆ سەرسامیت کە زۆربەی مانگرتنەکان تێدەشکێن؟ ئەوە ئاوایە لە ئەمەریکا و هەروەها وڵاتانی دیکەش. کتێبێکی شینم لەبەردەممدایە زۆر نییە کە لە ئینگلتەرە بڵاوکراوەتەوە بەناوی **ئامارەکانی کار**.

ئامارەکان دەیسەلمێنن کە مانگرتنەکان کرێکاران بەرەو سەرکەوتن نابەن دەیتاکانی هەشت ساڵی پێشوو ئاوا نیشانیدەدەن:

| ساڵ | براوە لە لایەن کرێکارانەوە | براوە لە لایەن خاوەنکارەوە |
|---|---|---|
| 1920 | 390 | 507 |
| 1921 | 152 | 315 |
| 1922 | 111 | 222 |
| 1923 | 187 | 183 |
| 1924 | 162 | 235 |
| 1925 | 154 | 189 |
| 1926 | 67 | 126 |
| 1927 | 61 | 118 |

خانەی یەکەمی خشتەکەی سەرەوە ساڵەکانن کە مانگرتنی تیادا کراوە. خانەی دووهەم ژمارەی ئەو مانگرتنانەیە کە لەو ساڵەدا کراون و کرێکاران لە مانگرتنەکانیاندا سەرکەوتوو بوون. خانەی سێیەم ژمارەی ئەو مانگرتنانەیە کە کرێکاران لەو ساڵەدا کردویانە بەڵام خاوەنکار بردویەتییەوە، واتە مانگرتنەکە بە قازانجی خاوەنکار تەواو بووە و کرێکاران شکستیانهێناوە.

خشتەکە ئەوە نیشادەدات کە لە ڕاستیدا لە سەدا ٦٠ مانگرتنەکان دۆڕاون، هەر ئاواش حسابی بەزایەدانی ڕۆژانی سەرکار لە ئەنجامی مانگرتنەکان بکە، ئەمەش یانی ئەو ڕۆژانە کرێ نەدراوە. سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە کاری تێدا ڕاگیراوە لە لایەن کرێکارانەوە لە ئینگلتەرە لە ساڵی ١٩١٢ دا ٤٠،٨٩٠،٠٠٠ کە تا ڕادەیەک یەکسانە بە تەمەنی ژیانی ٢،٠٠٠ کەسی تەمەن ٦٠ ساڵ. لە ساڵی ١٩١٩ دا ژمارەی ئەو ڕۆژانەی بە هۆی مانگرتنەوە کاری تێدا ڕاگیراوە ٣٤،٩٦٩،٠٠٠ بووە لە ساڵی ١٩٢٠ دا ٢٦،٥٦٨،٠٠٠ ڕۆژ بووە، لە ساڵی ١٩٢١ دا ٨٥،٨٧٢،٠٠٠ ، لە ساڵی ١٩٢٦دا بە هۆی مانگرتنی گشتییەوە ژمارەی ڕۆژەکان چووە ١٦٢،٢٣٣،٠٠٠. لە ئامارەکەدا وەخت و کرێ یاخود مووچە، کە بەهۆی بێکارییەوە لە دەستچوون، تێدا نییە. لێکدانەوەیەکی ماتماتیکانەی زۆری ناوێت تاکو ببینین کە مانگرتنەکان لە ئێستادا هەن پارەیان پێنادرێت، هەروەها نقابەکانی کرێکارانیش لە ناکۆکییەکانی پیشەسازییدا براوە نین.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە مانگرتنەکان هیچ نیین، بە پێچەوانەوە زۆر بەنرخن. مانگرتنەکان کرێکاران فێری گرنگی و کاربڕی و هاوکاری و وەستان لە شانی یەکەوە لەتەک هاوەڵەکانیا دەکا تاکو یەکگرتوانە جەنگی هەمان پرس بکەن. مانگرتنەکان کرێکار لە تێکۆشان و گەشەکردنی گیانی هەوڵی هاوبەشی لە بەرگرییکردنی دژ بە سەرەوەران و لە هاوپشتی و بەرپرسیارێتی، ڕادەهێنێت. ئا لەم سۆنگەوە تەنانەت مانگرتنە سەرنەکەوتووەکانیش بە تەواوی دۆڕاندن نییە. هەر لەوێوە چەوساوەکان فێری ئەوە دەبن کە " برینداری یەکێک، برینداریی هەمووانە" ئاوەزی عەمەلیانە کە بەرجەستە دەبێت، هاوشانی قوڵترین مانایە لە خەباتی پرۆلیتاریانەدا. ئەمەش بە تەنها پەیوەست نییە بە جەنگی ڕۆژانەوە بۆ باشترکردنی

مەتریاڵەکان، بەڵکو هەر ئاواش هەمووی پەیوەندی بە هەموو شتێکی کرێکار و بوونییەوە هەیە، بە تایبەتی لەو مەسەلانەی کە پەیوەسین بە دادوەریی و ئازادییەوە.

یەکێک لەو شتانەی کە بەهرە دەهێنێت ئەوەیە دەبینیت کەجەماوەر بۆ دادوەریی کۆمەڵایەتیی هەڵساوەتە سەر پێ، ئیدی بۆ هەر پرسێک بێت کە لەلایان گرنگە. لە ڕاستیدا ئەمە پرسی هەموومانە لە ڕاستترین و قوڵترین هەستدا. تا زیاتر کرێکار ڕۆشنبیر و بە ئاگادەبن سەبارەت بە بەرژوەندییە گەورەکانی، سۆز و پەرۆشی فراوانتر و زۆرتر جیهانیانە گەشەدەکات و زیاتریش لەسەر ئاسستی جیهانی بەرگریی لە دادوەریی و ئازادیی دەکرێت. ئەوە دەربڕینێکە لە تێگەیشتن کاتێک کە کرێکاران هەموو دژ بە کوشتنی Sacco و Vanzetti لە Massachusetts ناڕەزاییان کردووە هۆشیارانە و بە غەریزە، جەماوەر لە جیهاندا هەستیانپێکرد هەر وەکو چۆن جێی بایاخی ژنان و پیاوانی بە شەهامەت، بوو لە کردنی تاوانێکی ئاوا. بۆ بەدبەختی ئەم ناڕەزاییە هەر وەکو زۆرێک لەو هاوشێوەیە، کەمترین بڕیاری گرتە خۆی. ئەگەر کرێکارانی ڕێکخراو پەنایان بۆ چالاکی وەکو مانگرتنی گشتی ببردایە، داخوازییەکانیان فەرامۆش نەدەکرا، هەروەها دوان لە کرێکاران کە باشترین برادەریان بوون، نەدەبوونە قوربانی هێزی کۆنەپەرستان.

بەهەمان شێوە گرنگە کە بەڵگەی ئەو خزمەتەی کە کرێکاران نیشانیانداوە بە ژمارەیەک لە هێز و توانای پرۆلیتاریا، بناسرێت، هێزێک هەمیشە سەردەکەوێت کاتێک کە یەکگرتوو و سوورە لەسەر داخوازییەکەی. ئەمە لە رابوردوو چەند جارێک سەلمێنراوە کاتێک کە کرێکاران سووربوون و ڕاوەستان دژ بە راگرتنی ئەو هێرشە یاساییەی کە پیلانی بۆ کرابوو وەکو لە کەیسی Haywood,

Pettibone ،Moyer که بەرپرس بوون لە کرێکارانی فیدراسویونی کانەکانی، ئەمانە سەروەرانی خەڵووز بوون لە ویلایەتەکەدا لە ساڵی ١٩٠٥دا کە پیلانگێڕییان کرد بۆ گرتن و لە سێدارەدانی کرێکارەکانی مانگرتوو لەو ساڵەدا. دووبارە لە ساڵی ١٩١٧ هاوپشتیی چەوساوەکان بوو کە بوونە هۆی لە سێدارەنەدانی Tom Mooney لە کالیفۆڕنیا. هەر ئاواش هەڵوێستی دڵسۆزانەی کرێکارانی ڕێکخراو لە ئەمەریکا بوو لە بەرگری لە مەکسیکۆ تا ئێستاش بەربەستە لە داگیرکردنی میلتەریی مەکسیکۆدا لە لایەن حکومەتی ئەمەریکاوە بە وەکالەتی بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی نەوت. هەر ئاواش لە ئەوروپا چالاکی یەکگرتوانەی کرێکاران سەرکەوتوو بوو لە ناچارکردنی دەسەڵاتەکان کە لێبوردن بە بەندییە سیاسییەکان بدات. حکومەتی ئینگلتەرە زۆر مەترسی لە سۆز و پەرۆشی کرێکارانی بریتانیا بۆ شۆڕشی ڕوسی، هەبوو کە حکومەتی ناچار بە بێلایەنیی کرد. بوێری ئەوەی نەکرد کە بە ئاشکرا یارمەتی دژە شۆڕش لە ڕوسیا بدات. کاتێک کە کرێکارانی بەندەرەکان رەتیانکردوە کە خواردەمەنی و تەقەمەنی باربکەن بۆ هاوکاری سوپای سپی، حکومەتی ئینگلیز پەنای بۆ فێڵ و حیلە برد، بەوەی کە کرێکارانی دڵنیاکردەوە کە پاپۆڕەکە بۆ فەرەنسایە. لە بواری ئەو توێژینەوەیەی کە کردومە لە کۆکردنەوەی مەتریاڵە مێژووییەکان لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٢٠و ١٩٢١ دا، کەوتم بەسەر دۆکۆمێنتە فەرمییەکانی بریتانیادا بارهەڵگرە پاپۆڕەکە کە خواردەمەنی و تەقەمەنییەکانی تیدابوو، یەکسەر لە فەرەنساوە لە ڕێگای فرمانێکی ڕاستەوخۆی حکومەتی بریتانیاوە بەرەو جێنڕالەکانی کە دژ بە شۆڕشگێڕان بووە کە لە باکوری ڕوسیا، بە ناوی حکومەتی Tchaikovsky-Miller لەوێ دامەزراوە. ئەم ڕووداوە نمونەیەکە لە زۆرێک لەمانە، کە ترسی دەسەڵاتەکان

نیشانده‌دات له‌ به‌ ئاگاهاتنه‌وه‌ی هۆشیاری چینایه‌تی و هاوپشتی نێونه‌ته‌وه‌یی پرۆلیتاریا.

تا کرێکاران به‌هێزتربن و ئابه‌م ڕۆحه‌وه‌ گه‌شه‌بکه‌ن، خه‌باته‌که‌یان زیاتر هه‌ژموون و کارایی بۆ ڕزگاربوون داده‌نێت. هۆشیاریی چینایه‌تی و هاوپشتیی ده‌بێت مه‌ودای نه‌ته‌وه‌یی و نێونه‌ته‌وه‌یی وه‌رگرێت پێش ئه‌وه‌ی هێزی ته‌واوی بخاته‌ کار. له‌ هه‌ر کوێ نادادوه‌ری و چه‌وساندنه‌وه‌ و ڕاونان و سه‌رکوتکردن هه‌بێ، وه‌کو ملکه‌چپێکردنی فلیپین، داگیرکردنی نیکه‌راگۆ، به‌ کۆیله‌کردنی چه‌وساوان له‌ کۆنگۆ له‌ لایه‌ن به‌لجیکییه‌ چه‌وسێنه‌ره‌کانه‌وه‌، داپڵۆسینی جه‌ماوه‌ر له‌ میسر و چین و مه‌غریب و یاخود هیندستان ئه‌وه‌ کاری کرێکارانه‌ له‌ هه‌ر شوێنێک بن ده‌نگیان دژ به‌ هه‌موو جه‌ور و سته‌مێک به‌رزبکه‌نه‌وه‌ هاوپشتیان له‌ پرسه‌ هاوبه‌شه‌کانا بۆ دژ به‌ڕاوڕووتکردن و مه‌حرووومکراوان له‌ دونیادا، نیشانبده‌ن.

له‌ ئێستادا کرێکار به‌ هێواشی به‌ره‌و ئه‌م هۆشیاری کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ ملده‌نێت: مانگرتن و ئه‌وانی دیکه‌ی وه‌کو ده‌ربڕینی سۆز و په‌رۆشیی کارێکی به‌نرخن بۆ ئه‌مه‌. ئه‌گه‌ر زۆرترین ژماره‌ی مانگرتنه‌کان له‌ ئێستادا له‌ ده‌ستبدرێن، ئه‌وه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌ که‌ پرۆلیتاریا به‌ ته‌واوی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی له‌سه‌ر ئاستی نه‌ته‌وه‌یی و نێونه‌ته‌وه‌یی ئاگادار نییه‌، له‌سه‌ر بناخه‌ی پرنسپڵه‌ دروسته‌کان ڕێکنه‌خراوه‌ هه‌روه‌ها به‌ ته‌واویش له‌ پێویستی هاوکاریی جیهانیانه‌، تێنه‌گه‌یشتووه‌.

خه‌باتی ڕۆژانه‌ت بۆ بارودۆخێکی باشتر هه‌ر یه‌کسه‌ر شێوه‌یه‌کی جیاوازی ده‌بێت گه‌ر ئێوه‌ به‌ شێوه‌یه‌ک خۆتان ڕێکخستبێت کاتێک کارگه‌که‌ت یاخود کانه‌که‌ مانگرتن ده‌کات، هه‌موو به‌شی پیشه‌سازی ده‌بێت خێرا کار به‌جێبهێڵێت، نه‌ک ورده‌ ورده‌ به‌ڵکو به‌یه‌که‌وه‌ و

لەهەمان کاتدا. کاتێک خاوەنکار لەژێر ڕەحمەتی تۆدایە، ئەو دەتوانێت چی بکات کە ئامێرێک لە تەواوی بەشی پیشەسازییدا ناگەڕێت؟ ئەو دەتوانێت هەندێک لە ئیزرابشکێنی دەستکەوێت بۆ کارگەیەک یاخود بۆ ئاشێک، بەڵام ناتوانێت پیشەسازییەکەی بە تەواوی بخاتەوە گەڕ هەر ئاواش سەلامەتی لە کارگەکەیدا ڕەچاو ناکرێت. لەوانەش زیاتر هەڵپەساردنی کار لە هەر یەکێک لە بەشە پییشەسازییەکانا یەکسەر کارایی لەسەر ژمارەیەکی زیاتر لە ئەوانی دیکە، دادەنێت چونکە پیشەسازی مۆدیرینە پەیوەستن بە یەکەوە و بە یەکداچوون. بارودۆخەکە بە ڕاستەوخۆ دەبێتە خەمی هەموو وڵات، خەڵکی هەڵدەسێت داخوازی یەکلاییکردنەوەی کێشەکەدەکەن. ( لە ئێستادا کە کارگەکەی تۆ لە مانگرتندایە بە تەنها، کەس گوێناداتێ، ڕەنگە تۆ برسێتی بچێژیت ئەوەندە بە بێ دەنگی بمێنیتەوە). ئەو لابەلاکردنەوەش دووبارە لەسەر خۆت و هێز و وزەی ڕێکخراوەکەت بەندە. کاتێک کە بەڕێوەبەرەکان دەبینن کە تۆ هێزی خۆت دەزانیت و تۆ سووریت لەسەری، هەر بە خێرایی پەسەندی داخوازییەکان دەکەن یاخود سازش دەکەن. ئەوان ڕۆژانە ملیۆنێک لەدەستدەدەن، مانگرتووەکان ڕەنگە کارەکە و ئامێر و ماشێنەکان تێکبشکێنن، ئەو کاتە خاوەنکار زۆر تامەزرۆی " لابەلاکردنەوە" دەبێت. کاتێکیش کە مانگرتن تەنها لە کارگەیەک یاخود دەڤەرێک دەبێت ئەوان بەخێرهاتنی بارودۆخەکە دەکەن، دەزانن کە هەموو بەخت و دەرفەتەکان دژ بە تۆن. لەبەرئەوە بیر لەوە بکەرەوە کە چەند گرنگە، بە چ شێوەیەک و لەسەر چ پرنسیپڵێک نقابەکەت دادەمەزرێت هەروەها هاوپشتی و هاوکاریی چەند گرنگن لە هەموو ڕۆژێکی تێکۆشانتا بۆ بارودۆخێکی باشتر. یەککگرتنت هێزتە، ئەو یەکگرتنەش وجوودی نیە و مەحاڵیشە

ئەوەندەی کە بە تەنها لە چوارچیوەی پیشەکەت، کارگەکەت بێت، لەبری سەراپای پیشەسازییەکە.

شتێک لەوە گرنگتر نییە و زەروووریتریش نییە کە تۆ و هاوەڵە کرێکارەکانت یەکسەر فۆرمی ڕێکخراوەکەت دەگۆڕیت. بەڵام هەر ئەوە نییە کە دەبێت فۆرمەکە بگۆڕێت، بەڵکو نقابەکەت دەبێت ئامانج و داخوازییەکانیشی لا ڕوونبێت. کرێکار دەبێت زۆر جددی ئەوە ڕەچاوبکات کە بەڕاستی چی دەوێت و چۆنی بەدەستدەهێنێت و لە چ ڕێگایەکەوە. دەبێت ئەوە فێرببێت نقابەکەی چۆن بێت، چۆن وەزیفەکانی ببینێت و هەروەها دەبێت چی بەدەستبهێنێت.

ئێستا دەبێت نقابە چی بەدەستبهێنێت؟ دەبێت چەکی دەستی نقابەی ڕاستەقینەی کرێکاران چی بێت؟

پێش هەموو شتێک ئامانجی نقابە دەبێت خزمەتی بەرژوەندییەکانی ئەندامەکانی بکات، ئەوەش ئەرکی سەرەکیی و یەکەمێتی. لێرەدا ناکۆکییەک لەمەدا نییە و هەموو کرێکارێک ئەوە تێدەگات. ئەگەر هەندێک ڕەتی ئەوە بکەنەوە کە بەشداری لە نقابەدا بکەن، ئەوانە زۆر بێ دەربەستن لە ناسینی بەهای گەورەی نقابە، ئا لەو بارەدا دەبێت ڕۆشنبیربکرێن. بەڵام بە گشتی بەشداریکردن لە نقابەدا ڕەتدەکەنەوە لەبەر ئەوەی باوەڕیان پێی نییە و بێ ئومیدبوون. زۆربەی ئەمانە لە نقابە دووردەکەونەوە لەبەر ئەوەی کە زۆر لە وەسفی وزە و هێزی ڕێکخراوبوونی کرێکار دەبیستن لە کاتێکدا لە ئەزموونی تاڵی خۆیانەوە دەزانن کە لە نزیکەی هەموو تێکۆشانە گرنگەکانا دۆڕاندوویەتی بە بیزارییەوە دەڵێن " ئاخ نقابە" ئەو قسانە " شتێک ناخاتە سەر شتێک ، هیچ شتێک زیاد ناکات". ئەگەر ڕاستی بڵێیت، تا رادەیەک ئەوان ڕاستدەکەن. ئەوان دەبینن کاپیتاڵی ڕێکخراو

بانگەشەی سیاسەتی کردنەوەی وەرشەکان و بەزاندنی نقابە دەکەن، ئەوان دەبینن ڕابەرەکانی کرێکاران مانگرتنەکان دەفرۆشن و خیانەت لە کریکاران دەکەن، دەبینن کە ئەندامبوونی کرێکارانی ئاسایی ناو نقابە پێگەیان نییە لە جولاندنی ئامێری سیاسیانە لە ناوەوە و لە دەرەوەی نقابە. بە دڵنیاییەوە ئەوان ئەوە تێناگەن کە بۆچی ئاوایە، بەڵام فاکتەکان دەبینن و دژ بە نقابە دەوەستنەوە.

هەندێکی دیکەیان نایانەوێت لە نقابەدا بن، چونکە کاتێک هەبووە کە ئەندامی نقابە بوون و ئەوان دەزانن کە ئەندامەکان وەکو ئەندامێکی ئاسایی، یا کرێکارێکی ئاسایی، چ ڕۆڵێکی کەم و ناکارا لە کاروباری ڕێکخراوەکەدا دەبینن. رابەرە لۆکاڵییەکان و لیژنەکانی دەڤەر و ناوەند و بەرپرسانی کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێونەتوەیی و هەروەها سەرۆکەکانی فیدراسوێنی کرێکارانی ئەمەریکا، ئەمانە " هەموو دیمەن و نمایشەکان عەرزدەکەن" ئەوان پێتدەڵێن " تۆ شتێکت نییە جگە لە دەنگدان، ئەگەر ڕەتیبکەیتەوە ئەوە تۆ لە دەرەوەی."

بۆ بەدبەختی ئەوان ڕاستن، تۆ دەزانیت کە نقابە چۆن بەڕێوەدەبرێت. ئەوانەی خوارەوە کەمتر قسەیان هەیە، ئەوان هەموو دەسەڵاتەکەیان داوە بە سەرکردەکان ئەمانەش دەبنە بەڕیوەبەر، هەر وەکو چۆن لە ژیانی واقیعانەی کۆمەڵدا خەڵک والێکراوە کە گوێڕایەڵی فرمانەکانی ئەوانە بن کە لە بنەڕەتدا دەبوایە خزمەتیان بکەن : حکومەت و نوسینگە و دامەزراوەکانی. هەر ئەوەندەی کە ئەوە دەکەیت، ئەو دەسەڵاتەی کە داوتە پێیان، هەموو جارێک دژ بە خۆت و بەرژەوەندییەکانت، بەکاردەهێنرێت، دواتریش تۆ گلەیی دەکەیت کە سەرکردەکان " دەسەڵاتیان بەخراپ بەکاردەهێنن". نا برادەری من، ئەوان خراپ بەکاریناهێنن، ئەوان تەنها بەکاریدەهێنن، چونکە

بەکارهێنانی خودی دەسەڵات هەر لە سەرەتادا زۆر بە خراپ بەکارهاتووه.

ئەگەر تۆ بەڕاستی بتەوێت ئامانجەکان بەدەستبهێنیت، هەموو ئەمانە دەبێت بگۆڕرێن. لە کۆمەڵدا دەبێت لە ڕێگای داماڵینی دەسەڵاتی سیاسیی لە حکومەتەکان، بگۆڕێت و هەموی بەیەکەوە هەڵوەشێنیتەوە. من ئەوەم نیشانداوە کە دەسەلاتی سیاسیی یانی دەسەڵات، سەرکوتکردن، زوڵم هەروەها ئەوەی کە پێویستمانە حکومەتی سیاسیی نییە، بەڵکو بەڕیوەبردنی کاروبارەکانمانە ژێرانە و بە دەستەجەمعی.

تۆ تەنها لە نقابەکەتدا پێویستت بە ئیدارەیەکی عاقڵانەیە بۆ کاروبارەکانت. ئێمە ئەوە دەزانین کە دەسەڵاتی گەورەی کارە کە ئافرینەدەی هەموو سامانەو یارمەتیدەری دونیایە. ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بە ڕێکوپێکی ڕێکبخرێت و یەکبگرێت کرێکاران دەتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و ببنە سەروەریی. بەڵام هێزی کرێکار لە کۆبوونەوەکانی ناو هۆڵەکاندا نییە، بەڵکو لە وەرشەکان و کارگەکاندایە ، لە ئاشەکان و کانەکاندایە. لەوێیە کە دەبێت ڕێکخراو بێت، لەسەر کارەکەی، لەسەر کارەکەیەتی کە دەزانێت چی دەوێت و چی پێویستە ئەو شوێنەیە کە باشتر دەتوانێت دیقەت لە هەوڵی خواستەکانی بدات. هەموو وەرشە و کارگەیەک دەبیت کۆمیتەی تایبەتی خۆیان هەبێت بۆ قسەکردن لەسەر ویست و داخوازییەکانی کرێکاران نەک ڕابەرەکان، بەڵکو بۆ ئەندامە ئاساییەکان بۆ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە داخوازییەکان و گلەییەکانی هاوەڵانی سەر کاریان. ئەم جۆرە کۆمیتەیە دەبێت لە شوێنی کارکردنا بێت و بە بەردەوامیی لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری کرێکارانا بێت دەسەڵاتی نەبێت، بەڵکو تەنها و بە تەنها ئامۆژگارییەکان جێبەجێ بکات. ئەندامەکانی

ئەم کۆمیتەیە لەسەر خواستی کرێکاران بانگبکرێنەوە ئەوانی دیکە جێگایان بگرنەوە، بەگوێرەی پێویستی ئەو چرکەیە و توانایان و هەروەها داخوازی و توانای کردنی ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیانە. ئەوە کرێکاران خۆیانن کە بڕیاری پرسەکان دەدەن و بڕیارەکان بەجێدەهێنن لە ڕێگای کۆمیتەی وەرشەکانیانەوە. ئەوە شێواز و فۆرمی ئەو ڕێکخراوەیە کە کرێکاران دەیانەوێت. تەنها ئەم فۆرمەیە دەتوانێت مەبەستی ڕاستەقینە و خواستی کرێکاران دەربڕێت، ببێتە قسەکەرێکی گونجاوی ئەو، خزمەتی بەرژەوەندە ڕاستینەکانی بکات.

کۆمیتییەکانی ئەم وەرشە و کارگانە پەیوەستبوونەتەوە بە هاوشێوەی لیژنەکانەوە کە لە کارگەکانی دیکە و ئاشەکان و کانەکانا هەن و لەسەر ئاستی لۆکەڵی و نیشتمانی و هەرێمیی، بەیەکەوە بەستراونەتەوە، جۆرێکی نوێ لە ڕێکخستنی کرێکاران دەکرێت ببێتە دەنگی زوڵاڵی چەوساوەکان و ببێتە نمایندەیەکی باشیان. ئەم ڕێکخراوە هەموو هێز و وزەیەکی تەواوی لە یەکێتی کرێکارانەوە هەیە کە نوێنەرایەتی هێزێکی گەورە لە ناوخۆی و ناوەوە و جەوهەری خۆیدا دەکات.

لە تێکۆشانی ڕۆژانەی پڕۆلیتاریادا ئەم ڕێکخستنە دەتوانێت ئەو سەرکەوتنانە بەدەستبهێنێت کە نقابە ڕاسترەوەکەی کە لە ئێستادا دروستیان کردووە ناتوانێت خەویشی پێوە ببینێت. ئەم، ڕێز و متمانە لە لایەن جەماوەرەوە بەدەستدەهێنێت و بۆ ئەوانەشی کە ڕێکنەخراون سەرنجڕاکێش دەبێت و هێزی کرێکاران لەسەر بناخەی یەکسانی هەموو کرێکاران یەکدەدخات و بەرژەوەندە هاوبەشەکان و ئامانجەکانیان دەباتە پێشەوە. ئەم نقابەیە بە پشتگیری و هەموو هێزی کرێکارانەوە رووبەڕووی سەروەران بە هەڵویستێکی نوێ لە هۆشیاری و هێزەوە دەبێتەوە. تەنها ئەو کاتە کرێکار دەتوانێت

یەکێتی بەدەستبهێنێت هەروەها دەربڕین لەو تێگەیشتنە بکات کە گرنگییەکی ڕاستینەیە.

ئەم نقابەیە هەر بە زوویی دەبێتە دەزگەیەک زیاتر لەوەی کە تەنها بەرگریی و پارێزگاری لە کرێکار بکات، بەڵکو گرنگی و تێگەیشتنی زیندوانەی یەکگرتن و هێزی خۆی، لە هاوپشتیی کرێکاران‌ا، بەدەستدەهێنێت. کارگە و وەرشەکان وەکو کەمپێکی ڕاهێنانە بۆ گەشەپێدانی تێگەیشتنی کرێکارانە و ڕۆڵی تەواوی لە ژیانا، بۆ ڕواندنی گیانی متمانەکردن بەخۆ و دروستکردنی سەربەخۆیی، فێری یارمەتی هاوبەش و هاوکاریی دەکات وای لێدەکات هۆشیاربێت لەبەرپرسیارێتیا. کرێکار فێری بریاردان و چالاکی دەکات بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی خۆی تاکو فرمانەکان بۆ سەرکردەکان یاخود سیاسییەکان بەجێنەهێڵێت بەشداری کاروبارەکانی خۆی بکات و بەدووی خۆشگوزەرانییەکانییەوە، بێت. ئەوە، ئەوە کە دەبێت لەگەڵ هاوەڵەکانیا بریاربدات کە چییان دەوێت و چ مێتودێک باشترین خزمەتی ئامانجەکانیان و کۆمیتەکەیان دەکات کە تێیدا ئامۆژگارییەکان بەجێدەگەیەنن. وەرشە و کارگە دەبنە قوتابخانە و کۆلیجی کرێکاران. لەوێ شوێنی خۆی لە کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە هەروەها وەزیفەکانی لە پیشەسازیی و ئامانجەکانی لە ژیانا. ئەو وەکوە پیاوێک و کرێکارێک پێدەگات، وەک مەزنێک لە کاردا تەواوی کەسایەتی خۆی بەدەستدەهێنێت. ئەو دەزانێت و بەهێز دەبێت بەوە. ئیتر زۆر ناخایەنێت چی تر بە کرێی کۆیلایەتی ڕازیبێت، پاشکۆیەک بێت بۆ نێتباشی سەروەرەکەی کە دەیچەوسێنێتەوە. ئەو گەشەدەکات و تێدەگات کە ئابووریی هەنوکە و ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵە و تاوانن و ئەو سوور دەبێت لەسەر گۆڕینیان. کۆمیتەی وەرشە و نقابە دەبنە مەیدانێک لە ئامادەکاریی بۆ سیستەمێکی نوێی ئابووریی،

بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی نویێ. ئەو کاتە دەبینیت کە چەند پێویستە تۆ و من و هەموو ژن و پیاوێک کە لە دڵەوە بەرژەوەندی کرێکارانیان دەوێت ئیتر کار بەرە و ئەم هەدەفانە دەکەن.

ئالێردا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە بەتایبەتی زەرووریە کە زیاتر پڕۆلیتاریای پێشکەوتوو، رادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان بیر لەم فرمانە بە تەواوی و جدییەتەوە بکەنەوە چونکە زۆربەیان تەنانەت هەندێک ئەنارکستیش ئەمە تەنها وەکو خواستێکی دینیانە و ئومێدێکی دوور، دەبینن. ئەوان شکستیان هێناوە لە تێگەیشتنی گرنگی هەوڵەکان کە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە، دراون. لەگەڵ ئەوەشدا بە تەنها خەو نییە. ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی پێشکەوتوو بەرەو ئەم تێگەیشتنە هاتوون: کرێکارانی پیشەسازیی دونیا و ئەنارکستە سەندیکالییە شۆڕشگێڕەکان لە هەموو وڵاتێکداخۆیان بۆ ئەم کۆتاییە تەرخانکردووە. ئەوەش زیاترین پاڵنەرە و پێویستە بۆ هەنووکە. ناتوانرێت زۆر زیاتر جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، ئەوەی کەهەیە تەنها ڕێکخستنە ڕاستینەکانی کرێکارانن دەتوانن ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدەن تەواوی بکەن، ئەوە لە ڕزگاربوونی ئایندەی کرێکاراندایە. ڕێکخستن ، لە کارگە و وەرشەکانا، لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەستپێدەکات لە سەر بناخەی بەرژەوەندی هاوبەشی کرێکارانی هەموو شوێنێک، وێڕای پیشە و ڕەگەز و وڵاتیان لە ڕێگای هەوڵی هاوبەش و ئیرادەی یەکگرتنەوە، تەنها دەتوانن کە پرسی کار لابەلابکەنەوە و خزمەتی ڕزگاری ڕاستەقینەی مرۆڤ بکەن.

برادەرەکەت بە یادەم دەهێنێتەوە ” **تۆ قسەت لەسەر دەستبەسەراگرتنی پیشەسازیی دەکرد لە لایەن کرێکارانەوە، ئەوان چۆن ئەوە دەکەن؟**

بەڵێ، من باسی ئەوەم دەکرد کاتێک کە تۆ تێبینیت لەسەر ڕێکخستن، دا. بەڵام باش بوو کە لێدوان لەسەر بابەتەکە کرا، چونکە شتێک گرنگتر نییە لەو گرفتانەی کە پشکنیمانن.

سەبارەت بە باسی دەستبەسەراگرتنی پیشەسازیی، مانای ئەوە نییە کە تەنها دەستی بەسەردابگرن، بەڵکو لەلایەن خۆشیانەوە کاری پێبکەن. لە باسکردنی دەستبەسەراگرتندا، تۆ دەبێت ئەوە بەرچاوبگریت کە ئێستا کرێکاران لە واقیعدا لە پیشەسازییەکاندان. دەستبەسەراگرتن یانی مانەوەی کرێکاران لەو شوێنەی کە لێین، کاری لێدەکەن، بەڵام مانەوەیان نەک وەکو کرێکار بەڵکو وەکو خاوەندارێتی دەستەجەمعیانەی تەواو.

برادەری من دەرک بەم خاڵە بکە، لێسەندنەوەیان لە چینی سەرمایەدار لە سەردەمی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا – دەستبەسەراگرتنی پیشەسازیی- داخوازی تاکتیکە ڕاستەوخۆکان دەکات، پێچەوانەکردنەوەی ئەوانەی کە ئێستا لە مانگرتندا بەکاردەهێنرێت. لەمەی دواییدا تۆ لە کار دوەستیت و بەڕێوەبەر خاوەندارێتی کارگە و کان و ئاشەکان وەکو خۆی دەهێڵینەوە، ئەمە جوڵە و کردارێکی ئەحمەقانەیە، بێ گومان، تۆ بەمە سوودێکی زۆر دەدەیتە سەروەرەکە: ئەو دەتوانێت کرێکاری ئیزرابشکێن بخاتە جێگاکەتەوە، تۆ لە دەرەوە بتەزێنێت. بە پێچەوانەوە لە دەستبەسەراگرتنیاندا تۆ لەسەر کارەکەت دەمێنیتەوە بەڕێوەبەر دەکەیتە دەرەوە. ئەو ڕەنگە تەنها وەکو یەکێک لە ئێوە بمێنێتەوە: کرێکارێک لەناو کرێکارانا.

ڕێکخستنەکانی کرێکاران کە شوێنیان پێدراوە بەرپرسیاردەبن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە ئامرازەکانی پەیوەستبوونەوە و

پەیوەندیکردن، لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە تایبەت ئەوانەی لۆکاڵین. ئەوە تێلەگراف و تەلەفون و کرێکارانی کارەبا، کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەرکان...تد هەموو ئەمانە ( لە ڕێگای کۆمیتییە شۆڕشگێڕەکانی وەرشەکانەوە) خاوەنداریێتیان لێدەکرێت ئیتر وەرشە، کارگە یاخود هەر دامەزراوەیەکی دیکە بن. چاودێرانی[ موراقیب] کاپیتاڵیست، ئەوانی تر، بەڕیوەبەرەکان ئەگەر دژ بەم گۆڕانکارییە بن و هاوکاریی نەکەن، لە شوێنەکانی کاردا لادەدرێن. ئەگەر خواستیان کە بەشداری بکەن فێردەکرێن کە تێبگەن کە ئەوان چی دی نە سەروەرن و نە خاوەنکارن: کارگە دەبێتە موڵکی گشتیی، کرێکارانی نقابە بەرپرسیاریێتی دەکەن و سەرقاڵن بە پیشەسازییەکەوە، هەموویان بە یەکسانی شەریکن لە پرۆژە گشتییەکدا.

لەو پرۆسەیەدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە فەرمانبەرە پلە بەرزەکانی بەشە گەورەکانی پیشەسازی و دروستکردنی کاڵاکان هاوکاریی کرێکاران رەتبکەنەوە، بەمەش خۆیان لەناودەبەن. شوێنەکانیان لە لایەن کرێکارانێ کە پێشتر ئامادەبوون بۆ کارەکە، دەبێت پڕبکرێنەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە من جەختێکی زۆرم لەسەر ئەو پەڕی گرنگی ئامادەکاریی پیشەسازیی کردەوە. ئەمە هەنگاوی یەکەم و زەروورییە لە بارودۆخێکدا کە بە حەتمی گەشەدەکات و لە هەر فاکتەرێکی دیکە زۆر زیاتر بەندە بە سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە. ئامادەکاریی پیشەسازیانە زۆرترین خاڵی جەوهەرییە کە بە بێ ئەوە چارەنوسی شۆڕش هەرەسدەهێنێت.

کاتێک کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی دەستپێدەکات ئەندازیارەکان و شارەزایانی فەنی [ تەکنیکەڵ] زۆر ڕێی تێدەچێت کە هاوکاری

کرێکاران بن، بەتایبەت ئەگەر هاونزیکی و باشتر لەیەکگەیشتن هەبێت، هاوکاتیش پەیوەندی نێوانی کرێکارانی کاری دەستی و کاری زهنی، دروستبووبێت. ئەگەر ئەوان ڕەتیبکەنەوە وکرێکارانیش شکستیانهێنا لە ئامادەکردنی خۆیانا لە روی پیشەسازی و فەنییەوە، ئەو کاتە بەرهەمهێنان بەنددەبێت بە ناچارکردنی ئەوانەی نکوڵی لە هاوکاریی دەکەن، ئەم ئەزموونەش لە شۆڕشی ڕوسیادا گیرایە بەر و شکستی تەواوی هێنا.

هەڵەی گەورەی بەلشەڤیکەکان لەم پەیوەندییەدا مامەڵەی دوژمنانەیان بوو لەگەڵ گشت چینی ڕۆشنبیران بە هۆی موعارەزەی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ئەم چینەوە. ئەوە گیانی قەبوڵنەکردنی پاشماوەی عەقیدەی توندڕەوێتییە، کە پاڵپێوەنان کە بەدوای هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە بن بەهۆی هەڵەی چەند کەسێکیانەوە. خودی ئەوە دەربڕینی سیستەمی تۆڵەکردنەوە بوو لە توخمە پرۆفێشناڵەکان و پسپۆرە فەنییەکان، لە ڕێکخراوە هەرەوەزیەکان و بە گشتی ڕۆشنبیران هەمویان. زۆرێک لەوانە لە سەرەتادا دۆستی شۆڕش بوون، هەندێکیان تەنانەت دڵگەرم و سۆزیان هەبوو، کەچی دوایی لە لایەن تاکتیکەکانی بەلشەڤیکەوە دوورخرانەوە و تەریککران، ئەمەش وای کرد کە هاوکارییان مەحاڵبێت. سەرنجامی هەڵوێستی دیکتاتۆریانەیان، کۆمۆنیستەکان پەنای زیاتریان بۆ سەرکوتکردن و زوڵم، برد، تاکو کۆتایی کە شێوازی سەربازیی تەواویان بۆ پاککردنەوەیان، لە ژیانی پیشەسازیی و وڵاتدا، گرتەبەر. ئەوە سەردەمی کاری زۆرەملێ بوو، بە میلیتەرییکردنی کارگە و ئاشەکان، کە بە حەتمی بە کارەسات کۆتاییهات چونکە کاری زۆرەملێ بە سروشتی کە زۆرلێکردنە خراپە و بێ کارایە.

لەوەش زیاتر ئەوانەی کە ناچاردەکرێن بۆ کارکردن هەڵوێستیان بۆ بارودۆخەکە، تێشکانی ماشێنەکان بە ئەنقەست دەبێت، بە دواکەوتنی لەسەر کار، گەندەڵکاریی، دوژمنێکی زیرەک کە دەتوانییێت ئاوا بکات نادۆزرێتەوە و سەرەنجامەکەشی زیانێکی زۆرە لە ئامێرەکان و بەرهەم، زیاتر لەوەی کە راستەوخۆ کارکردن ڕەتبکەنەوە گەر چی حوکمی مردن لەسەر ئەمە هەبووە، حکومەت لە بەرانبەر ئەم کارە خراپەدا دەستەووەستان بوو. دانانی بەلشەفیکێک، دانانی کۆمۆسیوێنی سیاسی لە شوێنی کاردا بەسەر هەموو فەنییەک لە پێگەیەکی زۆر بەرپرسیارانەدا هیچ یارمەتییەکی کێشەکانی نەدا. بەڵکو فەیلەقێکی لە فەرمانبەرانی مشەخۆر خولقان کە نەزانبوون بە کێشەکانی پیشەسازیی، تەنها دەستیان لەو کارانە وەردەدا کە دۆستی شۆڕش بوون و ئامادەبوون بۆ یارمەتی، لە کاتێکدا نائاشنابوونیان بە ئەرکەکان لە هیچ ڕێگایەکەوە نەدەتوانرا تێکشکانەکە بوەستێنێت. سیستەمی کاری زۆرەملێ لە کۆتاییدا گەشەی کردو بە عەمەلی بوو بە ئابووریی دژە شۆڕش. هیچ هەوڵێک لە لایەن دیکاتۆرییەتەوە نەیتوانی گۆڕان لە بارودۆخەکەدا، بکات. ئەمەش ئەو هۆکارە بوو کە پاڵی بە بەلشەفیکەکانەوە نا لە کاری زۆرەملێوە مل بنێن بۆ سیاسەتی هێنانەوەی شارەزایان و فەنییەکان و پاداشتدانەوەیان بە موچەیەکی بەرز لەتەک خەڵاتی تایبەتیی لە گەڕاندنەوەیان بۆ دەسەڵات لە بەشی پیشەسازیی.

هەوڵی دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی ئەو مێتودانەی کە لە شۆڕشی ڕوسیادا شکستیان هێنا، تاوان و سەخافەت دەبێت، بە گوێری سروشتیان گومان نییە کە هەموو جار لەسەر ئاستی پیشەسازیی و ئەخلاقیی شکستدەهێنن. تەنها چارەیەک بۆ ئەم گرفتە ئامادەکردنی پێشنیارێکە بۆ کرێکاران و ڕاهێنانیانە لەسەر هونەری ڕێکخستن و

بەڕێوەبردنی پیشەسازیی لە شانی پەیوەندی نزیکی نێوانی کریکارانی کاری دەستیی و ئەوانەی کە کاری فەنی دەکەن. هەموو کارگەیەک، کانێک و ئاشێک لیژنەی تایبەتی کرێکاریان هەبێت، جیا و سەربەخۆ لە کۆمیتەی وەرشەکان بە مەبەستی ئاشناکردنی کرێکاران بە زۆرێک لە قۆناخەکانی پیشەسازییان بە سەرچاوەکانی ماتیریاڵە خامەکانەوە، پرۆسەی یەکبەدوایەکەکانی دروستکردنی کاڵاکان و بەرهەمهێنان و شێوازی دابەشکردن. ئەم لیژنەی پیشەسازییە دەبێت دائیمی بێت بەڵام ئەندامەکانی دەبێت ئاڵوگۆر بکرێن لە ڕێگایەکەوە کە بە کردەوە هەموو کرێکارانی کارگە و ئاشەکان، بگرێتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوە: وایدابنێ لیژنەی پیشەسازی لە دامەزراوەیەکی دیاریکراودا لە پێنج ئەندام یاخود بیست و پێنج ئەندامە بە گوێرەی زروفەکە و ئاڵۆزی پیشەسازییەکە و قەبارەی کارگەیەکی تایبەتی. ئەندامەکانی لیژنەکە دوای دەستکەوتنی زانیارییەکی زۆر لەسەر پیشەسازییەکانیان، ئەوەی کە فێربوون بڵاویبکەنەوە وەکو زانیارییەک بۆ هاوەڵە کرێکارەکانیان و هەروەها ئەندامە نوێیەکان کە هەڵبژێرراون بۆ بەردەوامیدان بە دیراسەی پیشەسازییەکان. ئا لەم ڕێگایەوە هەموو کارگەکە یاخود ئاشەکە زانیاری زەرووریان سەبارەت بە ڕێکخستنەکە و ئیدارەدانی کار و پیشەکان و هەنگاوی گەشەکردنیان، دەستدەکەوێت. ئەم لیژنانە وەکو کۆلیجێکی پیشەسازیی کە کرێکاران تێیدا بە تەکنیکەکانی پیشەسازییەکەیان لە هەموو قۆناخەکانی گۆڕاندا ئاشنادەبن، خزمەتدەکەن. هاوکاتیش لە پیشەسازییە گەورەکاندا، نقابە دەبێت هەموو هەوڵێک بدات بۆ ناچارکردنی سەرمایە بەڕێگەدان بە بەشداریکردنێکی گەورە لە بواری واقیعیانەی ئیدارەداندا. بەڵام ئەمە تەنانەت لە باشترین حاڵەتدا بۆ تەنها کەمینەیەکی بچوک لە کرێکاران، سوودمەنددەبێت. لە لایەکی

دیکەوە پلانەکەی کە لە سەرەوە پێشنیارکرا، کراوەیە بۆ گریمانی ڕاهێنانی پیشەسازی تاکو هەموو کرێکارێک بەکردەوە لە وەرشە و ئاش و کارگەدا، ڕاهێنان بکەن.

بێ گومان ئەوە ڕاستە کە چەند جۆرێکی دیاریکراو لە کار هەن وەکو ئەندیازیاریی مەدەنی، کارەبایی و میکانیکی و کە لیژنەکانی پیشەسازی ناتوانێت لە ڕێگای پراکتیکەوە بەدەستیبهێنن. بەڵام ئەوەی کە فێری دەبن لە پرۆسە گشتییەکەی پیشەسازییدا، بەهاکەی ئەوەندە گرنگە کە ناخەملێنرێت، هەروەکو بەهای کاری ئامادەکاریی. بۆ ئەوانەی کە دەمێننەوە، پەیوەندی نزیکیانە و هاوکاریی نێوانی کرێکارانی فەنیی زۆر زەروورییە. لەبەر ئەوە دەستبەسەراگرتنی پیشەسازییەکان، یەکەم هەدەفی گەورەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیە. دەبێت لە لایەن پڕۆلیتاریاوە تەواوبکرێت، لە ڕێگای بەشێک لە ڕێکخستن و ئامادەکاریی بۆ ئەرکەکە، چونکە ژمارەیەک لە کرێکاران هەر لە ئێستاوە دەستیانکردووە بە دەرککردنی گرنگێتی ئەمە و هەروەها ئەرکەکانی کە لە پێشیانە. بەڵام تێگەیشتنی ئەوەی زەروورییە کە بکرێت، هەر ئەوە بەس نییە. فێربوونی ئەوە کە چۆنی دەکەیت هەنگاوی ئایندەیە. ئەوەش دەکەوێتە سەر چینی کرێکارانی ڕێکخراو کە یەکسەر دەستبکەن بە کاری ئامادەکاریی.

## بەندی دە

# ڕێساکان و جێبەجێکردن

مەبەستی سەرەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی دەبێت باشکردنی دەستبەجێی بارودۆخی جەماوەر بێت و سەرکەوتنیشی بە پلەی سەرەکی لەسەر ئەوە بەندە. ئەمەش تەنها لەڕێگای ڕێکخستنی بەکاربردن و بەرهەمهێنانەوەیە کە دەبێت خزمەتی ئەوان بکات. لەوێشدا ڕاستی و دروستی مەزنیی سەلامەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرچاودەخات، ئەوە سوپای سوور نەبوو لە ڕووسیا لە سەردەمی جۆش و خرۆشاندا بەسەر دژە شۆڕشدا زاڵبوو، بەڵکو جوتیاران بوون کە بەرگرییان لە سەرچاوەی ژیانیان کە زەوی بوو، کرد. شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە بوونی و گەشەکردنیا دەبێت بەدەستهێنانی ماتریاڵەکان بێت بۆ جەماوەر و خەڵکی لە هەوڵەکانیانا دەبێت سوودمەندبن، یاخود لانی کەم لە ئایندەیەکی نزیکدا مشووری ئەم جۆرە بەرژەوەندییە بخۆن. شۆڕش لە شکستدا دەبێت گەر لە مانەوەی و بەرگرییيدا متمانەی لەسەر ئامرازە میکانیکییەکانی وەکو جەنگ و سوپا، بێت. حەقیقەتی سەلامەتی شۆڕش ئۆرگانیبوونیەتی، ئەمەش بەندە بە پیشەسازیی و بەرهەمهێنانەوە.

ئامانجی شۆڕش زامنکردنی زۆرترین ئازادییە و زیادکردنی ماتریاڵەکانی خۆشگوزەرانی خەڵکییە. مەبەستی ئەم شۆڕشە بە تایبەتی تواناداركردنی جەماوەرە لە ڕێگای هەوڵەکانی خۆیانەوە بۆ هێنانەدی بارودۆخی مادی گونجاو و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بۆ گەشەپێدانی مۆراڵ بەرەو پلەیەکی بەرز و ئاستی باڵای وزە و

بەهرەکان. بە واتایەکی دیکە ئازادیی لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت، چونکە ئازادیی ڕاستینە لەسەر بناخەی هەلی ئابوورییە، بە بێ ئەمەش هەموو ئازادییەک درۆ و ساختەیە، دەمامکێکە بۆ چەوساندنەوە و سەرکوتکردن. بە مانایەکی قوڵتر، ئازادیی کچی یەکسانی ئابوورییە. کەواتە مەبەستی سەرەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەدەستهێنانی یەکسانی ئازادییە لە سەر بناخەی یەکسانی لە هەل و دەرفەتدا. ڕێکخستنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ژیانا دەستبەجێ دەبێت زەمانەتی یەکسانی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بۆهەموان بکات.

لە پێش هەموو شتێکەوە ڕێکخستنەوە بەندە بە ئاشنابوونی کرێکار لەتەک بارودۆخی ئابووری وڵاتا: سەبارەت بە لیستی ئەوەی کە لە ئارادایە، زانیاری ورد لەسەر سەرچاوەکانی ماتریاڵە خاوەکان، هەروەها ڕێکخراوی بزێو و چالاکی هێزی کار لە تەواوی بەڕێوەبردندا. ئەمەش یانی ئامارەکان و زانیارییەکانی جەمعیەکانی کرێکاران هەر لە دوای ڕۆژی هەڵچوون و خرۆشانەکەوە پیویستی گرنگیان لە شۆڕشدا هەیە، تەواوی گرفتەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنن کە - ژیانی شۆڕش- لەسەری بناخەی گرتووە. هەر وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا ئاشکرایە کە ئەم زانیارییە دەبێت لەلایەن کرێکارانەوە پێش شۆڕش دابینبکرێت، ئەگەر بیانەوێت مەبەستەکانیان بپێکن. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە بەندی پێشترا باس لە گرنگی کۆمیتەکانی وەرشە و کارگە کرا کە چ جۆرە ڕۆڵێکی کاربڕ لە بنیاتنانەوەی شۆڕشگێڕانەدا، دەگێڕن.

لە کۆمەڵێکی نوێدا کە لە پڕێکدا لە دایک نابێت، وەکو لە دایکبوونی منداڵێک، ژیانی نوێی کۆمەڵایەتی کۆرپەلەیەکە لە جەستەی کۆنا دەردەکەوێت هەر وەک چۆن ژیانی تاکێکی نوێ لە منداڵدانی دایکەوە

دەستپێدەکات. داخوازی وەخت و پرۆسەی دیاریکراو دەکات بۆ ئەوەی گەشەبکا تاکو دەبێتە بونەوەرێکی بە توانا لە ئەداکردنی وەزیفەکانیا. کاتێک کە دەگاتە ئەم قۆناخە، لەدایکبوون ئەگەر کۆمەڵایەتی بێت یاخود تاکییەتی – وەکو بوونی کۆرپەلەکە– بە ئێش و ئازارەوە، ڕوودەدات. شۆڕشیش بە بەکارهێنانی دەربڕینێکی ساکار بەڵام بەجێ، کە مامانی کۆمەڵێکی نوێیە، ئاوایە. ئەمە ڕاستە بەواتای وردی وشەکە. کاپیتاڵیزم باب و داکی کۆمەڵی نوێن، کۆمیتەکانی وەرشە و کارگە، یەکگرتنی چینی کرێکارانی هۆشیار هەروەها ئامانجی شۆڕشگێڕانە، ئەوانە تۆوی ژیانی نوێن. لە لیژنەکانی وەرشە و لە نقابەدا کرێکار دەبێت فێری بەڕێکردن و ئیدارەدانی کارەکانی خۆی ببێت: لەم پرۆسەیەدا کرێکار گەشەدەکات تا ڕادەی دەرکپێکردنی ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی یانی ڕێکخستنی تەواو، بەشێکە لە یەکگرتنی هەوڵ و لە هاوپشتیکردندا. ئیتر سەرەنجام کرێکار ئەوە تێدەگات کە ئەوە حوکمداریێتی پیاوان نییە کە شتەکان بەدەستدەهێنن، بەڵکو یەککەوتنێکی ئازادانە و هارمۆنیانەی بەیەکەوە کارکردنە، ئەوە حکومەت و یاساکان نین کە بەرهەمدەهێنن و خولقێنەرن، کە دانەوێڵە دەڕوێنێت و تایە و ویلەکان دەسوڕێنێت، بەڵکو ئەوە گونجان و یەککەوتن و هاوکارییە. ئەزموون فێری دەکات کە جێگرەوەی هەبێت لە بەڕیوەبردنی شتەکان لە شوێنی حکومەتی پیاوان. لە ژیانی ڕۆژانە و تێکۆشانا لە نێو کۆمیتەی وەرشە و کارگەدا کرێکار دەبێت فێربێت کە چۆن شۆڕش بەڕێوەدەبات.

کۆمیتەکانی وەرشە و کارگە، لۆکاڵیانە ڕێکدەخرێن بە گوێرەی ناوچە و هەرێم و هەروەها دەوڵەت، هەر ئاواش لەسەر ئاستی نەتەوەیی، نیشتمانیی یەکدەگرن و دەبێتە ئەو جەستەیەی، ئەو دامەزراوەیەی کە بۆ بەڕێکردنی بەرهەمهێنانی شۆڕشگێڕانە، باشتر گونجاوە.

ئەنجوومەنەکانی کرێکاران لۆکاڵی و لەسەر ئاستی دەوڵەت و لەسەر ئاستی نەتەوەیی یەکدەگرن، ئەمان دەبنە فۆرمێک لە ڕێکخستن کە زۆر گونجاوە بۆ ئیدارەدانی دابەشکردن لە ڕێگای ئامرازەکانی هەرەوەزییەکانی خەڵکییەوە. ئەم ئەنجوومەنانە لە لایەن کرێکارانەوە لەسەر کارەکانیان هەڵدەبژێررێت بە کرێکارەکانی دیکەی نێو کارگە و وەرشەکانی هەمان پیشەسازییەوە پەیوەستدەبنەوە. ئەنجوومەنە یەکگرتووەکانی هەموو پیشەسازیی ئەو پیشەسازییە بە پیشەسازییەکانی دیکەوە گرێدەدرێنەوە بەمەش فیدراسوێنی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانی سەرانسەری وڵات دروستدەکات.

جەمعییەکانی هەرەوەزیی ئامرازی ئاڵ و گۆڕکردنی نێوانی وڵات و شارن. کێڵگەوانەکان لۆکاڵیانە ڕێکخراون و لەسەر ئاستی هەریم و نەتەوە، یەکیانگرتووە و پێداویستییەکان بۆ شارەکان لە ڕێگای هەرەوەزییەکانەوە دابیندەکەن و هەر ئاواش لەو ڕیگاوە بەرهەمە پیشەسازییەکانی شار بەدەستدەهێنن و وەردەگرن.

هەموو شۆڕشێک بە هەڵچوون و تەقینەوەیەکی گەورەی سۆز و پەرۆشی جەماوەر هاوڕێیە، پڕە لە ئومێد و تەماح، تابلۆی بەهاری شۆڕشە. ئەم شەپۆلە بەرزە کە خۆڕسکی و بەهێزە دەرگا لەسەر سەرچاوەکانی دەستپێشخەری و چالاکی مرۆڤ دەکاتەوە. هەست و مانای یەکسانی کە باشترین شتە لە مرۆڤدا ئازاددەکات و وای لێدەکات هۆشیاریانە خولقێنەر بێت. ئەمانە دینەمۆ بەهێزەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتین، هێزە جوڵێنەرە بەهێزەکانێتی. ئازادیی و دەربڕینییان بێ ڕەقابە بەڵگەی گەشەدانە بە پێشکەوتن و قوڵبوونەوەی شۆڕش، دەمکوتکردن و سەرکوتکردنیان یانی بۆگەنکردن و مردنیان. شۆڕش پارێزراوە، ئەوەندەی کە جەماوەر ڕاستەوخۆ بەشداری تێدا بکەن، ئاواش گەشەدەکات و بەهێزدەبێت،

ئیتر ئەوان شێوەی ژیانیان ڕێکدەخەن و بەردەوامدەبن و شۆڕش دروستدەکەن، خۆیان دەبنە شۆڕش. بەڵام کاتێک چالاکییەکانیان لە لایەن پارتێکی سیاسییەوە یاخود لە ڕێکخراوێکی تایبەتدا بەندکرا و بەکارهێنرا، ئەو کاتە هەوڵی شۆڕشگێڕانە سنووردار دەبێت وەکو بازنەیەکی بچوک کە لەوێدا جەماوەری گەورە تێیدا بەدەردەنرێت. بە سەرنجامی سروشتیانە سۆز و پەرۆشی جەماوەریانە کزدەبێت و وردە وردە ئارەزووش لاوازدەبێت، دەستپێشکەرییەکان نامێنن، خولقاندنەکان ئاوا دەبن، هەر ئاواش شۆڕش لە لایەن دەستەیەکەوە قۆرخدەکرێت و دەبێتە دیکتاتۆر. ئەمەش لێدانێکی کوشندەیە لە شۆڕش، ڕووبەڕووبوونەی ئەم جۆرە کارەساتە بوونی بەرژەوەند و چالاکی بەردەوامی کرێکاران لە ڕێگای بەشداریکردنی ڕۆژانەیان لە هەموو پرس و کێشەکانا کە پەیوەستن بە شۆڕشەوە، دەستەبەریدەکات. سەرچاوەی ئەم ئارەزوو و چالاکییەش خودی وەرشە و نقابەیە.

بەرژەوەندی جەماوەر و دڵسۆزییان بۆ شۆڕش زیاتر بەندە بە هەست و ئاوەزیانەوە کە شۆڕش نوێنەرایەتی داد و ویژدان دەکات. ئەمەش شرۆڤەی ئەوە دەکات کە بۆچی شۆڕش دەسەڵات و توانای هەڵخڕانی خەڵکی هەیە تاکو ڕۆڵی پاڵەوانانە و خۆتەرخانکردنیان هەبێت. هەر وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا جەماوەر بە غەریزە لە شۆڕشدا زوڵم و تاوان و هەڵە و بێ مۆراڵی و مەیلی ناعەدالەتی دەبینێت و دەبیستێت. ئا لەم بار و هەستەدا شۆڕش فاکتەرێکی باڵای مۆراڵ و سەرچاوەی هێنانی بەهرەیە. لە بناخەدا تەنها پرنسپڵە مۆراڵە بەرزەکانن کە دەتوانن تین بدەنە جەماوەر و بیانگەیەنێتە ئاسۆیەکی ڕوون.

هەموو جۆش و خرۆش و هەڵچوونە جەماوەرییەکان ڕاستی ئەوەیان نیشانداوە بە تایبەت شۆڕشی ڕوسیی. بە هۆکاری ئەم ڕۆحییەتە بوو کە جەماوەری ڕوسیی وا بە بەرچاوەوە و سەرنجڕاکێشەرانە بەسەر هەموو بەست و ڕێگرەکانا لە ڕۆژانی مانگی شوبات و ئۆکتۆبەردا، سەرکەوت، بۆ ئەم پرسە بەرز و بایاخدارە هیچ موعارەزەیەک نەیتوانی زاڵبێت بەسەر بەهرەی خۆتەرخاکردنیانا. بەڵام شۆڕش وردە وردە شکستیدەهێنا کاتێک کە بەهاکانی باڵای مۆراڵی لەدەستدەدا، کاتێک بەدەربوو لە ناوەڕۆکی پرسی دادوەریی و یەکسانی و ئازادیی. لەدەستدانیی ئەمانەش شکستی شۆڕشە.

دەبینین کە ناتوانرێت جەختی زیاتر لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە چەند جەوهەرییە و بەهای ڕۆحیی و پەرۆشیی گرنگە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، ئەمانە و هۆشیاریی جەماوەر، کە شۆڕش یانی باشکردنی ماتریاڵەکانە کە هەژمونێکی داینامیکیانەی لەسەر ژیان و نەشونماکرنی بەرهەم لە کۆمەڵدا، هەیە. بە هۆکاری دوو فاکتەر، بەهای ڕۆحی پەرۆشبوون بۆ شۆڕش زۆر گرنگە. مێژوی شۆڕشەکانی پێشوو سەلماندیان جەماوەر ئامادەن کە ئازار و قوربانیدان بە ماتریاڵە خۆشگوزەرانییەکانیان، بچێژن لە پێناوی زیاترین ئازادیی و دادوەرییدا. لە ڕوسیادا نە سەرما و نە برسێتی نەیانتوانی هانی جوتیاران و کرێکاران بدات هاوکاری دژە-شۆڕش بکەن. ئەوان وێڕای چێشتنی هەموو مەحرومبونێک و بێ ئومێدییەک، پاڵەوانانە خزمەتی بەرژەوەندی پرسە گەورەکەیان کرد. تەنها ئەو کاتەی کە بینییان شۆڕش لە لایەن پارتێکی سیاسییەوە قۆرخکراوە و ئازادییە نوێیە بەدەستهێنراوەکان تەسککراونەتەوە، دیکتاتۆرییەت دامەزراوە و نادادەوەریی و نایەکسانیی سەروەرە، ئەو کاتە ئەوان کەمتەرخەمی خۆیان نیشاندا و جیاوازییان لە تەک شۆڕشدا نواند،

نەیانویست بەشداری لە شۆڕشێکی ساختەدا بکەن، ڕەتی هاوکاری و هاوپشتییان کردەوە و تەنانەت دژیشی وەستانەوە.

لەبیرکردنی بەهای ئەخلاقی و ناساندنی شێواز و مومارەسەکردنی نارێک و نەگونجاو کە ناکۆکن لە تەک ئامانجە ئەخلاقییە باڵاکانی شۆڕشد، یانی بانگەواز، داوەتکردنی دژە-شۆڕش و کارەسات. لەبەرئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بە پلەی یەکەم بەندە بە ئازادیی و یەکسانییەوە. هەر پاشەکشە و وەرچەرخانێک لەوانە تەنها دەتوانێت زەرەربەخش بێت، لە ڕاستیشدا وێرانکاری دەسەلمێنێت. بە دووی ئەمەشدا هەموو چالاکییەکانی شۆڕش دەبێت لەسەر بناخەی ئازادیی و یەکسانی لە مافدا، بێت. ئەمەش لە شتێکی بچوکەوە تا گەورە دەگرێتەوە. هەر کار و شێوازێک بە مەبەستی سنووردارکردنی ئازادیی نایەکسانی و نادادوەری، سەرەنجامەکەی بە هەڵوێستی جەماوەریانەی دژە شۆڕش و باشترین بەرژەوەندییەکانی، کۆتاییدێت.

ئا لەم گۆشەیەوە هەموو گرفتەکانی سەردەمی شۆڕشگێڕی دەبێت رەچاوبکرێت و لابەلابکرێتەوە. لە نێو ئەوانەدا هەرە گرنگەکان بەکاربردن و کێشەی خانووبەرە و بەرهەمهێنان و ئاڵ و گۆڕکردنە.

## بەندی یازدە

# بەکاربردن و ئاڵووگۆڕ

با ئێستا بۆ یەکەمجار ڕێکخراویی بەکاربردن وەرگرین چونکە خەڵک پێشئەوەی بتوانن کار بکەن و بەرهەمبهێنن، دەبێت بخوات.

برادەرەکەت پرسیاردەکات ″ **مەبەستت چییە لە ڕێکخستنی بەکاربردن؟** تۆش دەڵێیت ″ **وا هەستدەکەم مەبەستی ڕژێمی بڕی خواردن یاخود ئازووقە، بێت″**

بەڵێ ئەوەم مەبەستە. بێ گومان کاتێک کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ڕێکخرا و بەرهەمهێنان ئاسایانە بەردەوامدەبێت و بەشی هەموو کەس دەبێت. بەڵام لە قۆناخەکانی یەکەمی شۆڕشدا، لە سەردەمی پرۆسەی بنیاتنانەوەدا دەبێت بەئاگابین لە پێدانی ئازووقە بە خەڵک بە باشی ئەوەندەی بتوانین بە یەکسانانە و ئەمەش یانی پشکی خواردن، ئازووقە.

برادەرەکەت هەڵدەداتێ و دەڵێت ″ **ئەی بەلشەفیکەکان ڕژێمی یەکسانی پشک، ئازووقەیان نەبوو″** ″ **ئەوان جۆری جیاوازی پشکی ئازووقە، خواردنیان بۆ خەڵکانی جیاواز هەبوو″**

ڕاستە ئەوان هەیانبوو ئەوەش یەکێک بوو لە هەڵە گەورەکانی کە کردیان. خەڵکی لێیان بێزاربوون، ئەوە هەڵە بوو هەروەها هانی توڕەبوون و نائارامیی دەدا. بەلشەفیکەکان جۆرێک لە ڕژێمی پشکی ئازوقەیان بۆ دەریاوانەکان و جۆرێکی خراپ و بە بڕێکی کەمتر و جیاوازیان بۆ سەربازەکان هەبوو، جۆری سێهەم بۆ کرێکارانی

شارەزا و کارامە جۆری چوارەم بۆ کرێکارانی ناکارامە و ئاسایی، جۆرێکی تر بۆ هاووڵاتیانی ئاسایی و هەر ئاواش جۆرێکی دیکە بۆ بورجوازییەکان. باشترین ژەم و پشکی خواردن بۆ بەلشەفیکەکان، ئەندامانی پارتی، پشکی تایبەتیش بۆ کۆمۆنیستە بەرپرسەکان و کۆمیسەرەکان، بوو. لە سەردەمێکدا چەندەها جۆری وەکو چواردە پشکی ئازووقەی جیاوازیان هەبوو. تۆ کەسێکی ژیریت و ژیرییت پێتدەڵێت هەموو ئەوانە هەڵەن. ئایا جوداخوازی و هەڵاواردن بەرانبەر خەڵکی لەبەرئەوەی کە کرێکارن، میکانیکن، یاخود ڕۆشنبیرن، بەڵام سەرباز نین، دەریاوان نین، دروستە، ڕەوایی تێدایە؟ ئەم شێوازە نادادییە کارێکی زۆر خراپە: ئەمە یەکسەر نایەکسانی ماتریاڵەکانی خولقاند و دەرگای بەخراپ بەکارهێنان و مامەڵەکردنی لەسەر بناخەی پلە و پێگە، خستە سەرپشت و دەرفەت و هەلی بۆ ڕمڵێدان و بە فیرۆدان و حیلە و ساختە، ڕەخساند. هەروەها ختوکەی چالاکبوونی دژە-شۆڕشی دەدا. ئەم جوداخوازییە تورەیی و بێزاریی ئەوانەی جیاوزییان لەگەڵ شۆڕش هەبوو و دۆستی نەبوون، زیاددەکرد، لەبەرئەوە دەبوونە نێچیری ئاسانڕاوکراو لە لایەن هەژموونی دژە-شۆڕشگێڕانەوە.

ئەم جووداکاری و هەڵاواردنە هەر سەرەتا پەیدابوو و زۆری تر لەمانە کە بەدوایدا هاتن پێداویستی بارودۆخەکە نەیهێنابوونە کایە، بەڵکو تەنها لە ڕێگای ڕەچاوکردن و بەرپرسیارێتی پارتە سیاسییەکەوە بوو. دەستبەسەراگرتنی حکومەت و مەترسی لە خەڵکی موعاریز هۆکار بوون کە بەلشەفیکەکان لە بەهێزکردنی خۆیان دەگەڕان لەسەر کورسی فەرمانداریی بە کردنی شتی باش و ڕازیکردنی دەریاوانەکان، سەربازەکان و کرێکاران. بەڵام لەم ڕێگایانەوە تەنها لە بێزارکردنی جەماوەر و دووژمنایەتییانەوە

سەبارەت بە نادادوەری و زوڵمی سیستەمەکە کە هاواری دەکرد و ئاشکرابوو، شتێکی دیکەیان نەچنییەوە. سەرەڕای ئەمەش تەنانەت " چینی پەسەند" ، پڕۆلیتاریا هەستیان بە هەڵاواردن دەکرد کە دژیان دەکرا چونکە سەربازان ئازووقە و پشکی باشتریان دەدرایە. ئایا کرێکاران وەکو سەربازان باش نەبوون؟ ئایا سەرباز دەتوانێت شەڕ بۆ شۆڕش – کابرای کارگە جەدەلی دەکرد- بکات ئەگەر کرێکار پێداویستییەکانی تەقەمەنی و چەکی پێنەدات؟ سەربازیش بە ڕۆڵی خۆی نارەزایی دەردەبڕی دژ بە دەریاوان کە زیاتر وەردەگرن. ئایا ئەویش نرخ و بەهای وەکو دەریاوان نییە؟ هەموان سەرەکۆنەی ئازووقە و پشکی تایبەتیی و بەخشینی بەرتەلە بە ئەندامانی پارتی بەلشەفیک، بەتایبەتیش بەرپرسە پلەبەرزەکان و کۆمیسەرەکان کە حەسانەوە و ژیانی کۆشکیانەیان هەبوو، هاوکاتیش جەماوەر لەوانە بێ بەش بوون.

نارەزایی و بێزاریی جەماوەریانە بە جۆرێکی بەرچاو لە لایەن دەریاوانەکانی کرۆنشتادەوە دەربڕرا. لە ناوەڕاستی زستانێکی ئێکجار سارد و تەڕوتوشی و برسێتییدا، لە کۆبونەوەی جەماوەری دەریاوانەکان لە مانگی ئازاری ١٩٢١ بوو کە بە گشتی خۆبەخشانە وازیان لە پشکە زیادەکەیان لە بەرژەوەندی دانیشتوانی کە کەمتر خۆشەویست و پەسەند بوون لە کرۆنشتادا بۆ بەرانبەریی یاخود یەکسانبونەوەی ئازووقە و پشکی خواردمەنی لە سەرانسەری **شارۆچکەکەدا**[٦]. ئەم ئەخلاقە شۆڕشگێڕییە ڕاستەقینەیە کارێک بوو کە دەنگدانەوەی هەستی گشتی بوو دژی هەڵاواردن و جوداخوازیی

[٦] بڕوانە یاخیبوونەکەی کرۆنشتدات لە نوسینی خودی نوسەری ئەم تێیە.

و مەحسوبییەت هەروەها بەڵگەی باوەڕپێکراوی هەستی قوڵی دادوەریی بوو کە لە جەماوەرەوە مابووە.

هەموو ئەزموونەکان ئەوەمان فێردەکەن کە شتێکی ڕێک و دادوەر لە هەمان کاتدا زۆرتر ژیرانە و کردەیانەترن لە ماوەی درێژخایەندا. ئەمەش لەسەر ئاستی تاک ڕاستە و هەر ئاواش لەسەر ئاستی ژیانی دەستەجەمعی هاوسانیش. جوداخوازیی و زوڵم بەتایبەتی بۆ شۆڕش وێرانکەرن چونکە وزە و گیانی شۆڕش لە برسێتی بۆ یەکسانی و عەدالەتەوە لە دایکبووە.

من ئاماژەم بەوەدا کاتێک کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەگاتە قۆناغی بەرهەمهێنانی تەواو بۆ هەمووان ئەو کاتە پرنسپڵە ئەنارکستییەکە بەڕێدەکرێت کە " بۆ هەرکەس بە گوێرەی پێویستی خۆی". زۆرێک لە وڵاتانی گەشەکردوی پیشەسازیی زووتر بەم قۆناخە دەگەن تاکو ئەوانەی کە لە ڕوی پیشەسازییەوە پێشکەوتوو نین. بەڵام تا گەیشتن بەو قۆناخە سیستەمی یەکسانی هاوبەشیکردن، یەکسانی دابەشکردن بۆ هەموو کەسێک زەرووربیە بەوەی کە تاکە شێوازێکە. بێ گومان پێویست بە قسە ناکات کە تایبەتمەندی نەخۆش و بە ساڵاچووان ومندالان و ژنان لە سەردەمی سکبوون و دوای ئەوە ڕەچاودەکرێت هەر وەک چۆن لە شۆڕشی ڕوسیادا کرا.

تۆ تێبینی **دەدەیت" با ئەمە ڕوونبکەمەوە. کەواتە تۆ دەڵێیت، دەبێت یەکسانی لە هاوبەشیکردندا هەبێت. کەواتە ناتوانیت هیچ بکڕیت"**

نا، کڕین و فرۆشتن نابێت. شۆڕش خاوەنداریێتی تایبەتی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا هەڵدەوەشێنێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە بزنسی کاپیتاڵسیتین. شتە کەسییەکان تاکە شتێکە کە دەمێنێتەوە و بەکاریدەهێنیت، کەواتە سەعاتەکەت هی خۆتە بەڵام

کارگەی سەعات هی خەڵکە. زەوی، ماشینەکان و هەروەها هەموو خۆشگوزارییە گشتییەکان، هەمووی موڵکی هەموانە، ناتوانرێت نە بکڕرێن و نە بفرۆشررێن، بەکارهێنانیان وەکو سەنەدی موڵکییەت بەرچاودەگیرێت- نەک وەکو خاوەندارێتی- بەڵکو بۆ بەبەکارهێنانی وەکو پێویستییەکی کەسیی. ڕێکخراوی کرێکارانی کانەکان، بۆ نموونە، لە کانی خەڵوزەکان، بەرپرسدەبێت، نەک وەکو خاوەنیان، بەڵکو وەکو بەگەڕخستنی نوسینگەیەک. هەر ئاواش پەیوەندی برایانەی سکەکانی ڕێگای ئاسنین لەلایەن خۆیانەوە ئیدارەی سکەکانی شەمەندەفەرەکان دەدەن. خاوەندارێتی گشتی، هەرەوەزیانە لە بەرژەوەندی کۆمۆنێتییەکە بەڕێوەدەچێت ئەمانە جێگای خاوەندارێتی کەسیی دەگرنەوە کە بۆ بەرژەوەندی قازانجی شەخسی دروستبوون.

تۆ پرسیاردەکەیت " **بەڵام ئەگەر تۆ نەتوانیت شت بکڕیت، کەواتە سوودی پارە چییە؟**

هیچ سوودێکی نییە، پارە بێ کەڵکدەبێت، تۆ ناتوانێت هیچ شتێکی پێ پەیدابکەیت. کاتێک سەرچاوەکانی پێدانی وەکو زەوی، کارگەکان، هەروەها بەرهەمەکان دەبنە موڵکی گشتیی، کۆمەڵایەتیدەکرێنەوە، تۆ ناتوانیت نە بکڕیت و نە بفرۆشیت. لەو بارەدا کە پارە تەنها ئامرازێکە بۆ ئەم مامەڵەیە، ئیتر سوودی خۆی لەدەستدەدا.

" **بەڵام ئەی چۆن ئاڵوگۆڕی شتەکان دەکەیت؟**

ئاڵوگۆرکردن بێ پارە دەبێ. کرێکارانی کانەخەڵووزە لۆکاڵییەکان، بۆ نموونە، خەڵووزەکەی کە دەریانهێناوە بۆ بەکارهێنانی کۆمۆنێتییەکە، دەیهێننە مەیدانەکانی خەڵووز، ئەوانیش لە ئەمبارەکانی کۆمۆنێتییەکەوە ماشیینەکان و ئامرازەکان و هەروەها کاڵاکانی

دیکەی کە پێویستیانە، دەبەن. ئەوەش یانی ئاڵوگۆڕکردنی بەلاش بێ ئامرازی پارە و بێ دروستکردنی قازانج، ئەمە لەسەر بناخەی داواکردن و ئەوەی کە لەبەردەستا هەیە، دەکرێت.

**" بەڵام هیچ ماشینێک یاخود خواردنێک نییە بە کرێکارانی کانە خەڵووزەکان، بدرێت؟**

ئەگەر هیچ نەبێت کەواتە پارەش یارمەتی نادات. کرێکارانی کانە خەڵووزەکان لەسەر کاغەزی پارە[٧] ناژین، بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئەم جۆرە شتانە لە ئەمڕۆدا چۆن بەڕێوەدەبرێت. بۆ نموونە تۆ مامەڵەی خەڵووز بە پارە دەکەیت، بە پارەکەش خواردنت دەستدەکەوێت. ئەو کۆمۆنێتییە ئازادەی کە باسی لێدەکەین ئاڵوگۆڕی خەڵووز ڕاستەوخۆ بە بێ بەکارهێنانی پارە، بەخواردن دەکات.

**" بەڵام لەسەر چ بناخەیەک؟ تۆ دەزانیت ئەمڕۆ زۆر یا کەم بەهای دۆلار چەندە، ئەی چەندێک خەڵووز بۆ فەردەیەک ئارد دەدەیت؟**

مەبەستت ئەوەیە کە چۆن بەها یاخود نرخ دیاریدەکرێت. بەڵام ئێمە ئەوەمان لە بەندەکانی پێشترا باسکرد کە پێوانەیەکی حەقیقی بۆ بەها نییە، هەروەها نرخ بەندە بە داخوازیی و هەبوونییەوە [عەرزەوە] و بەگوێرەی ئەوەیە. نرخی خەڵووز بەرزدەبێتەوە ئەگەر کەمبێت، ئەگەر خەڵووز زیاتر بێت لە داخوازیی، هەرزانتر دەبێت. بۆ ئەوەی قازانجی زیاتر بکەن خاوەنکانەکانی خەڵووز ساختە دەکەن ئەوەی کە لەبەردەستدایە، لە بازاڕدایە سنوورداری دەکەن هەمان مێتودەکانیش لەلایەن سیستەمی کاپیتاڵیستییەوە بەکاردەهێنرێت. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی کاپیتاڵیزمدا هیچ کەس بەرژەوەندی لە زیادکردنی نرخی خەڵووز یاخود سنوردارکردنی بڕی کەوتنە بازاڕییەوە نییە.

---

[٧] پارەیەك کە وەکو پارچەیەك کاغەزی سپییە

ئەوەندەی کە پێویستبکات و کافی بیت ئەوەندە خەڵووز دەردەهێنرێت. هەر ئاواش ئەوەندە خواردن بەرهەمدەهێنرێت کە بەشی وڵات دەکات. ئەوە داخوازی کۆمۆنێتییەکە دەبێت و دابینکردنیشی مسۆگەردەکرێت، لەسەر ئەو بناخەیە بڕیاری بڕی پێداویستی ماتریاڵەکە دەدرێت. ئەمەش هەر بۆ خەڵووز و خواردن بە تەنها نییە، بەڵکو بۆ هەر هەموو پێداویستییەکانی دیکەی خەڵکیشە.

**″ بەڵام گریمان کە بەرهەمێکی دیاریکراو لە ئارادا، نییە. ئەو کاتە چی دەکەیت؟**

ئێمەش ئەو کاتە ئەوە دەکەین کە دەکرێت، تەنانەت لە کۆمەڵی سەرمایەدارییشدا لە سەردەمی جەنگ و کەمی پێداویستییەکانا خەڵکی ڕژێمی ئازووقە یاخود پشکی خواردنیان هەبووە، بەڵام لەتەک ئەو جیاوازییەی کە لە کۆمۆنێتی ئازاددا هەیە کە ڕژێمی ئازووقە یا پشکی خواردن لەسەر بناخەی یەکسانی بەڕێدەکرێت.

**″ گریمان کێڵگەوانەکە نایەوێت کە بەرهەمەکانی بە شار بدات ئەگەر پارەی پێنەدرێت؟**

کێڵگەوانیش وەکو هەر کەسێکی دیکە پارەی دەوێت تاکو بتوانێت پێویستییەکانی پێبکڕێت. لە حاڵەتی ئاوادا هەر زوو دەزانێت کە پارە بێ سوودە. لە روسیا لەسەردەمی شۆڕشدا نەتدەتوانی جوتیارێک بدۆزیتەوە کە پاوەنێک، کیلۆیەک ئاردت پێبفرۆشێت بە کیسەیەک پارە، بەڵام ئەو خۆشحاڵبوو کە بارێکی باشترین دانەوێڵەت بداتێ بە جوتێک جزمە. ئەوەی کە جوتیار دەیەوێت داس و گاسنی کێڵان و شەن و سێلک و ئامرازە کشتوکاڵییەکانە و پۆشاکی کشتیارییە نەک پارە. بەمانە گەنم و جۆ و گەنمەشامیت پێدەدات. بە وشەیەکی دیکە

شار ئاڵوگۆر لەتەک کێڵەگەدا دەکات و لەسەر بناغەی پێویستی داوایان دەکرێت.

هەندێک پێشنیاری ئەوەیان کردوە کە ئاڵوگۆڕ لەسەردەمی بیناکردنەوەدا لەسەر بناغەی چەند پێوانەیەکی دیاریکراوبێت. بۆ نموونە هەموو کۆمۆنێتییەک دراوی خۆی هەبێت، وەکو چۆن زۆر جار لە سەردەمی شۆڕشدا کراوە، یاخود ڕۆژی کار بە یەکەیەکی بەها واتە بە نرخێک بناسرێت کە پێیدەوترا پارەی کاغەز بە پێوانەی کار وەکو ئامرازێکی ئاڵوگۆرکردن. بەڵام هیچ کام لەم پێشنیارانە سوودێکی بەجێیان، نەبوو. دراو کە لەلایەن کۆمۆنێتییەکەوە دەردەکرا لە سەرەدەمی شۆڕشدا هەر بە خێرایی بەهاکەی ئاوا دادەبەزی کە نرخی نەدەما، چونکە ئەم پارەیە هیج پشتیوانەیەکی زامنکراوی لە پشتەوە نەبوو، بەبێ ئەوەش پارە نرخی نییە. هەر ئاواش کاغەزی پارەی کاری کرێکارییش نوێنەرایەتیی هیچ بەهایەکی دیاریکراوی نەدەکرد، پێناسەیەک و پێوەرێکی وەکو ئامرازی ئاڵوگۆڕ، نەبوو. بۆ نموونە کاتژمێرێکی کاری کرێکارێکی کانەکانی خەڵووز بەهاکەی چەندە؟ یاخود بەهای ١٥ دەقەی ڕاوێژکردن و ئامۆژگاریی لەگەڵ دکتۆردا چەندە؟ تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو هەوڵانە یەکسانبێت بە بەهایەک و کاتژمێری کارکردنی کرێکارێک لە شوێنێکدا، ببێتە پێوەرێکی بەها، ئایا لەو کاتەدا دەکرێت یەکسانبێت بە کاتژمێرێکی کاری بۆیاخچییەکی خانوو یاخود بە کاری نەشتەرگەریی دکتۆرێک، دەکرێت یەکسانبێت بە کاتژمێرێکی بەرهەمهێنانی گەنم؟

ئاوەز، ژیریی ئەم گرفتە لەسەر بناخەی یەکسانی نێوانی مرۆڤەکان و مافی ژیانی هەر یەکەیان، لابەلادەکاتەوە.

برادەرکەت ئەمە ڕەتدەکاتەوە″ **ئەم جۆرە سیستەمە ڕەنگە لە نێوانی خەڵکانی بەڕێز و باشڕەوشتدا، کاربکات، بەڕێبچێت، بەڵام ئەی تەمەڵەکان، بێ دەربەستەکان؟ ئایا بەلشەفیکەکان ڕاستنەبوون لە هێنانی پرنسسپڵێکدا کە′ ئەوەی کارناکات، ناخوات′؟**

نا برادەری من، تۆ هەڵەیت. ڕەنگە لە سەرەتای سەرنجدانیدا وادەربکەوێت کە ئایدیایەکی عادیلانە و ژیرانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا سەلمێنرا کە کردەیی نییە، ئەوە هەر لە نادادوەرێتییەکەی و زەرەرمەندییەکەی بگەڕی، لە هەر شوێنێک بکرێت.

**″ ئەوە چۆن؟**

ئەوە کردەیی نییە چونکە سوپایەک لە بەرپرسانی بۆ چاودێریکردنی خەڵکی دەوێت، کێ کاردەکات و کێ کارناکات، ئەم سیستەمە بەرەو تاوان و تاوانبارکردن و هەروەها ناکۆییەکی بێ کۆتا سەبارەت بە بڕیارە فەرمییەکان، دەبات. ئیتر لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی ئەوانەی کاری چاودێرییان دەکرد دووقات تەنانەت سێقاتیش دەبووووەوە لە ڕێگای هەوڵ و زۆرکردن لە خەڵکی بۆ کارکردن و چاودێریکردنیان لە کردن و نەکردنی فێڵ و ساختە یاخود کاری خراپ. ئەوە سیستەمێکی زۆرەملیی کارکردن بوو کە هەر زوو سەلماندی بەڕادەیەک جۆرێک لە شکستبوو، کە بەلشەفیکەکان ناچاربوون دەستبەرداری ببن. سەرەڕای ئەوەش تەنانەت سیستەمەکە لە جەمسەرێکی دیکەشەوە هۆکاری خراپەی گەورەتر بوو. نادادوەرییەکە کە لە ڕاستیدا ناتوانیت بچێتە دڵی یاخود مێشکی کەسێکەوە تاکو بارودۆخی عەقڵی یاخود جەستەیی تایبەتی ناوازەی کەسسەکە دیاریبکەیت، کە لەو بارەدا مەحاڵە بزانیت کە کەسەکە لە ئێستادا کاردەکات. گریمانی زیاتریش هەیە کە لە ڕێگای بەڕێکردنی

پرنسپڵێکی هەڵەوە موعارەزەی زیاتر دەوروژێنیت تا ئەو ڕادەیەی ئەوان ئاوا هەستدەکەن کە هەڵەیە و سەرکوتکردنە هەر لەبەر ئەوەش هاوکاری و یارمەتی ڕەتدەکاتەوە.

کۆمۆنێتی ژێر ڕێگای عەمەلی و سوودمەند لە مامەڵەکردنی هەموان وەک یەک دەدۆزێتەوە ئەگەر یەکێک لەو وەختەدا کاردەکات، یاخود نایکات، لەبری زیادکردنی بێ کارانی دیکە لە چاودێریکردنی ئەوانەی کە هەن یاخود دروستکردنی بەندیخانە بۆ تاوانەکانیان و یارمەتیدانیان. ئەگەر تۆ بەهەر هۆکارێک بێت ڕازینەبیت کە خواردن بە کەسێک بدەیت، تۆ بۆ دزی و تاوانی دیکە پاڵیپێوەدەنێیت، بەمەش تۆ خۆت زەرووورەی بوونی دادگا و پارێزەر و و دادوەر و بەندیخانە و هەروەها پاسەوانی بەندیخانە دەخولقێنیت بۆ پاراستنی ئەوانەی کە ئەرکیان زۆر زۆر زیاترە تاکو لە سەرەتادا خواردنیان بۆ پەیدابکەیت. ئەمە جگە لەوەی کە تۆ هەر دەبێت خواردن بەمانە بدەیت، تەنانەت ئەگەر لە بەندیخانەشیان توندبکەیت.

کۆمۆنێتی شۆڕشگێڕ متمانەی زیاتر دەکاتە سەر بە بەئاگابوونەوەی هۆشیاری و هاوپشتی تاوانکاران زیاتر لە سزادان. پەنا دەباتە سەر نمونەیەک کە لە لایەن ئەندامان کە کاردەکەن و کردنی ئەوەش دروستە. چونکە هەڵوێستی سروشتیانەی کەسێکی چەوساوە بەرانبەر تاوانبارێک، جیاوازە، ئەو دەزانێت کە تاوانبار بەو مامەڵەکردنە دەکەوێتە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی خراپەوە کە زۆر نامرۆڤانەیە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو پێیباشترە کە کاربکات و زەوق لە ڕێز و نێتباشی هاوکارانی ببینێت لە بری ڕقلێبوونەوەی بە هۆی تەمەڵیەکەیەوە. ئەوەت لەبیرنەچێت ئەوە زۆر گرنگە و لە کۆتاییشدا زۆر عەمەلی و بە سوود دەبیت کە کارێکی دادوەرانە ئەنجامبدەیت باشترە لەبەدەستهێنانی بە ڕواڵەت دەستکەوتێکی ساتیی، کاتیی.

ئەمەش عەدالەتە کە گرنگترە لە سزادان. لە سزاداندا هەرگیز عەدالەت نییە و هەمیشەش زەرەرمەندە بۆ هەردوو لا. تەنانەت لە ڕوی ڕۆحییەوە بۆ هەردوولایان زیاتر زەرەرمەندترە تاکو جەستەیی لەمەش زیانبەخشتر نییە کە دلڕەقتر و گەندەڵت دەکات. ئەمە بێ سێ و دوو لە ژیانی تاکێتی تۆدا، ڕاستییە، بە هەمان هێزیش بەسەر بوونی کۆمەڵایەتی هەرەوەزیانەشدا، جێبەجێ دەبیت.

هەموو قۆناخێکی ژیانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێویستە لەسەر بناخەی ئازادیی، دادپەروەریی و یەکسانیی هەروەها تێگەیشتن و دڵسۆزی و پەرۆش بنیاتبنرێت لە پێناوی بەردەوامبووندا. ئەمەش هەر وەکو چۆن بەسەر گرفتەکانی شوێنەکانی پەناگا و دالدەدان [شێلتەر] ، خوراک و خواردەمەنی، هەروەها ئاسایشی دەڤەرەکەت یاخود شارەکەت، جێبەجێدەبێت هەر ئاواش بەرگری لە شۆڕشیشە.

سەبارەت بە خانووبەرە و ئاسایشی ناوخۆ، ڕوسیا لە یەکەمین مانگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چارەسەری نیشانداوە، ئەنجوومەنی ماڵان کە کرێچیبوون لە لایەن خودی کرێچییەکانەوە، ئەو ئەنجوومەنە هەڵدەبژێررا و هەروەها ئەنجوومەنەکانی فیدراسوێنەکانی شارەکەش، هەر ئەو ئەنجوومانانەش بەرپرسی لابەلاکردنەوەی گرفتەکانیان دەگرتە ئەستۆ. ئاماری شوێنە دیاریکراوەکانیان لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی کە داخوازی خانوویان دەکرد و پێویستیان بە شوێنی نیشتەجێدەبوو، بەدەستدەهێنا. پاشان بە گوێرەی پێویستی کەسەکان و خێزانەکان لەسەر بناغەی یەکسانیی لە مافەکانا خانویان بۆ دابیندەکرا. ئەنجوومەنە هاوشێوەکانی ماڵان و هەرێمەکان بەرپرسێتی کێشەکانیان لە شاردا هەڵدەگرت. داخوازییە شەخسییەکان سەبارەت بە بەش یاخود پشکەکان لە سێنتەرەکانی دابەشکردن بەزایەدانێکی گەورەی وەخت و وزە بوو.

به هەمان شێوەش ئەو ڕژێمەی کە لە ڕوسیا لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا بەکاردەهێنرا لە ڕژێمی دەرکردنی بڕیاری پشکەکان لە دەزگاکانی کارەوە، هەروەها لە وەرشە و کارگە و ئۆفیسەکانەوە هەمان بەزایەدانی وەخت و وزەبوو.

دیارە ڕێگای باشتر و گونجاو لەو کاتەدا، زامنکردنی عەدالەتی دابەشکردن و داخستنی دەرگا بوو بەسەر مەحسوبییەت[٨] و خراپبەکارهێنان، ئەویش دەبوایە پشکەکان لە لایەن ئەنجوومەنەکانی ماڵەکان و سەرشەقامەکانەوە، دابەشبکرایە. ئەنجوومەنە پەسەندکراوەکانی ماڵەکان و شەقامەکان لە سێنتەری محەلی دابەشکردنا سەرپەرشتی دابەشکردنی جل و پۆشاک و شتی دیکە بەسەر ژمارەیەک لە کرێچییەکان کە ئەنجوومەنەکە نوێنەرایەتیان دەکات، دەکرد. یەکسانی لە پشکەکانا سوودی زۆری هەبوو لە بنەبڕکردنی ساختەرکاری و هەوڵە خراپەکان کە لە ڕوسیا گەشەی دەکرد سەبارەت بە قەبارەی پشکەکان لەبەر سیستەمی نایەکسانی و ئیمتیازگەریی. ئەندامانی پارت یاخود کەسێک کە دەسەڵاتی سیاسی لە پشتەوە بوو ئازادانە دەیتوانی باری سەیارەیەک لە ئارد بۆ شار بهێنێت، لە کاتێکدا هەندێک لە ژنە بەساڵاچووە جوتیارەکانا زۆر بە سەختی سزادەدران لەبەر فرۆشتنی کیسەیەک نان. جێگای سەرسامی نەبوو کە جامبازیی و ساختەکاریی تەشەنەی کردبوو تا ئەو رادەیەی لە ڕاستیدا بەلشەفیک دەبوایە سوپایەکی تایبەتی پێکبێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کارە شەیتانیانە[٩]. بەندیخانەکان

---

[٨] کەسانی ویستراو/ لایەنگرخوازیی/ پەسەندچێتی

[٩] ئەو دەزگە تایبەتییەی پۆلیس و میلتەرییە ناسراوبوون بە zagriaditelniye otriadi کە زۆر قیزەوەند بوون و خەڵکی ڕک و کینەی لـ یان دەبووەوە پێیان دەوتن " فەوجی ڕاووڕووت" بەهۆی نابەرپرسیارییان لە دزی و بێ متمانەیی و بێ بەزەییان. دواتر بە هۆی دانانی " سیاسەتی نوێی ئابورییەوە" هەڵیانوەشاندوە .

پڕبووبوون لە تاوانباران، یاسا شکێنەران. سزای سەپاندنی مردن، کە هەڵگیرابوو، هێنرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت زۆرێک لە تەگبیرە بنەڕەتییەکانی حکومەت شکستیخوارد لە وەستانی ئەم ساختە و جامبازییەدا کە خودی ئەمەش سەرەنجامی ڕاستەوخۆی سیستەمی جوداخوازی و هەڵاواردن و مەحسوبییەت، بوو. تەنها یەکسانی و ئازادیی لە ئاڵوگۆڕکردنا دەتوانێت بنەبڕی ئەم شەیتانکارییە یاخود لانی کەم کەمکردنەوەی بۆ ڕێژەیەکی کەم، بکات.

بایاخدان بە تەندروستی و پاکوخاوێنی و کەسەکان و شەقامەکان و هەرێمەکان لە لایەن لیژانە خۆبەخشەکانی ماڵان و ناوخۆ و لۆکاڵەکان باشترین سەرەنجام دەداتەدەست چونکە ئەم دامەزارەوانە خۆیان کرێچین لە شوێنێکی دیاریکراودا کە تەندروستی و سەلامەتی خێزان و برادەرەکانیان لامەبەستە. ئەم سیستەمە لە ڕووسیا زۆر باش بەڕێدەکرا پێش دامەزراندنی هێزی ئاسایی پۆلیس. کە لە دواییداکرا. ئەم هێزی پۆلیسە بە زۆری لە خراپترین کەسەکانی شار بوون و سەلمێنرا کە گەندەڵ و دڕندە و سەرکوتکەرن.

ئومێدی باشترکردنی ماتیریاڵەکان کە پێشتر باسکرا هۆکارێکی بەهێزە لە پێشەوەبردنی بزوتنەوەی مرۆڤایەتیی. بەڵام بە تەنها ئەو هاندانە بەس نییە بۆ سرووشهێنانی جەماوەر تاکو ڕوانگەیان بۆ دونیایەکی نوێ و باشتر هەبێت و هاندەریان بێت کە ڕووبەڕوی مەترسی و مەحرومبوون لە پێناویدا، ببن. بۆ ئەمەش پێویست بە نموونەیی باڵا هەیە، نموونەییەک کە تەنها سک نایخوازێت بەڵکو زیاتر تەنانەت دڵ و خەیاڵیشمان کە گەشە بە زەوق و ئارەوزی وەستاومان دەدات سەبارەت بەوەی باشە و جوانە، بە بە بەهای ڕۆح و کولتوری ژیان. بە کورتی نموونەییەکی باڵا کە غەریزەکانی میراتی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤدا بە ئاگادەهێنێتەوە، پەرۆش و سۆزیش

دەبوژێنێتەوە هەروەها هەستی هاوەڵانەش دەجوڵێنێت، گڕی خۆشەویستی بۆ ئازادیی و دادوەریی، بسەنێت و هەستی کز و نزمی ڕێز و شەهامەت لە بیرکردنەوە و پێویستیبوون بجوڵێنێت، وەکو چۆن بە بەردەوامی لە ژیانا دەیانبینین و شاهیدین لە کارەساتی ڕووداوەکانا. کاتێک کە تراژیدیای گەورەی وەک بومەلەرزە و لافاو یاخود ڕوداوی شەمەنەفەر، لە هەموو شوێنێک ڕوودەدات، ئەو کاتە سۆزی هەموو دونیا بۆ ئەوانەی کە بوونەتە قوربانیی دەخرۆشێت و بانگەوازدەکات. کاردانەوەی پاڵەوانانەی قوربانیدان بە خۆ لە ڕزگارکردنیان و یارمەتی بەخشندانەی سروشتی حەقیقی مرۆڤ و هەستی قوڵی برایانە و یەکێتییان، دەبینرێت.

ئەمە لە هەموو کاتێکدا سەبارەت بە بەشەرییەت و توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکانی ڕاستە، حیکایەتی Amundsen نموونەیەکی بەرچاو و پرشنگدارە. پاش چەند دەیەیەک کردنی کاری سەخت و مەترسیدار دۆزەروەی[10] مەشووری نەرویجی بڕیاریدا کە زەوق و لەزەت لە پاشماوەی ژیانی بە چالاکی ئەدەبی ئاشتیانە ببینێت و بەسەریبەرێت. بڕیارەکەی لە خوانێکی ڕێزلێگرتندا کە بۆی سازکرابو ئاشکراکرد، هەر لەو چرکەیەدا هەواڵی نێردراوانی دەستەی نۆبڵی جەمسەری [قوتبی] باکور گەیشت کە ڕووبەڕوی کارەسات بوونەتەوە. هەر یەکسەر Amundsen هەموو پلانەکانی کە بۆ ژیانێکی بێ دەنگ و ئاشتی، هەبوو هەڵوەشاندەوە و ئامادەبوو بە فڕۆکە بڕوات بۆ یارمەتی ونبووەکان، سەرەرای ئەوەی کە بە تەواویش بە ئاگا بوو لە مەترسی ئەم کارەی کە بڕیاریدا. سۆز و پەرۆشی بۆ مرۆڤایەتی ناچاریکرد بۆ یارمەتی ئەوانەی ناڕەحەتی

[10] گەڕۆك بە دوای دۆزینەوەی شوێندا.

دەچێژن، فەرامۆشی هەموو سەلامەتییەکی شەخسی خۆی، بکات، هەر ئاواش Amundsen لە هەوڵێکدا قوربانی بەژیانی خۆی دەدات بۆ ڕزگارکردنی ئەو تیمە نۆبڵە.

هاندان و بەهرەی Amundsen لە قوڵایی دڵی هەموومانا دەژی. چەند زانا ژیانی خۆیان لە پێناوی زانیاریدا لەدەستدا تاکو سوود بە هاوەڵە مرۆڤەکانیان بگەیەنن، چەند دکتۆر و پەرستیار [ نێرس] لەسەر کار بە فەلاکەت چوون لەبەر خاتری خزمەتکردن بە خەڵک کە بە نەخۆشی کتوپرەوە دەیاننالاند، چەند پیاو و ژن خۆبەخشانە ڕووبەڕوی مردنێکی تایبەت لە هەوڵی پشکنینی پەتایەکدا، بوونەتەوە کە وڵاتەکەیانی یاخود تەنانەت خاکی بێیانەشی گرتۆتەوە، - چەندێک لە پیاوان و ژنانی کرێکار، کانە خەڵووزەکان، دەریاوانەکان، سکەی شەمەندەفەرەکان – کە بە بی ناوونیشان و وەکو سەربازی ونبوو ژیانی خۆیانیان بە ڕۆحی Amundsen سپاردووە؟ ئەمانە ژمارەیان سوپایەکە.

ئەم سروشتەی مرۆڤ، ئەم نموونەیەتییە کە دەبێت لە لایەن شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکات. بێ ئەوە شۆڕش ناکرێیت، بێ ئەوە ژیان نابێت، بە بێ ئەوە مرۆڤ بۆ هەمیشە بە لاوازی و کۆیلەیی دەمێنێتەوە. ئەوەش کاری ئەنارکست و شۆڕشگێڕ و ئینتەلەکچوێڵ و هۆشیاری چینایەتی پڕۆلیتاریایە کە بەرجەستەی ئەم ڕۆحییەتە دەکات و ئەم گیانە لە کەسانی دیکەدا بچێنێت. بەتەنها دەتوانێت هێزی شەڕو تاریکستانەکان تێکبشکێنێت و دونیایەکی نوێ لە مرۆڤایەتیی، ئازادیی و دادوەریی، بینادەکات.

# بەندی دوازدە

## بەرهەمهێنان

**"تۆ پرسیار دەکەیت " ئەی دەربارەی بەرهەمهێنان، ئەو چۆن بەڕێوەدەبرێت؟**

ئێمە بە کردەوە بینیمان چ پرنسپڵێک بناخەی چالاکییەکانی شۆڕشە ئەگەر شۆڕش کۆمەڵایەتی بێت و ئامانجەکانی بەدەیبهێنێت. هەمان پرنسپڵ لە ئازادیی و هاریکاری خۆبەخشانە دەبێت، کە ئاراستەی بیناکردنەوەی پیشەسازیی، دەکات.

یەکەم کارایی شۆڕش کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانە. مانگرتنی گشتی کە پێشتر قسەم لێکرد وەکو خاڵی دەستپێکردنە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، خۆی پیشەسازی هەڵدەپەسێرێت. کرێکاران ئامرازەکانی کارکردن دادەنێن دەست بە خۆپیشاندان لەسەر شەقامەکان دەکەن بەمەش بەرهەمهێنان بۆ ماوەیەک دەوەستێن. بەڵام ژیان بەردەوامە، پێداویستییە سەرەکەییەکانی خەڵک دەبێت دابینبکرێت. لەو قۆناخەدا شۆڕش لەسەر ئەو پێداویستیانە دەژی کە لەبەردەستدان، دەستپێوەنەگرتنیان کارەسات دەبێت. بارودۆخەکە لەسەر دەستی کاردا ڕادەگیرێت، دەستپێکردنەوەی دەستبەجێی پیشەسازیی گرنگە. پڕۆلیتاریای کوشتوکاڵ و پیشەسازیی ئامادە و ڕێکخراو دەستبەسەر زەوی و کارگەکان و وەرشەکان و کانەکانی خەڵوز و ئاشەکاندا، دەگرن. بەجێگەیاندنی زیاتری وزە و چالاکی لە ئێستادا فرمانی ڕۆژە و ڕۆژانە بەجێدەگەیەنرێت.

ئەمە دەبێت بە ڕۆشنی تێگەیشتنی لێبکرێت کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پێویستی زیاتری بە بەرهەمهێنانی چڕو پڕە زیاتر لەوەی کە لەسای

کاپیتاڵیزمدایە تاکو دابینی پێداویستییەکانی جەماوەر، کە تا ئەوە کاتە لە هەژاریی زۆردا، ژیاوە، بە ڕادەیەکی باش بکات. ئەم بەرهەمە گەورەیە تەنها لە ڕێگای کرێکارانەوە کە پێشتر خۆیان ئامادەکردووە بۆ بارودۆخە نوێیەکە، بەدەستدەهێنرێت. ئەمان ئاشنان بە پرۆسەی پیشەسازیی و زانیاری و سەرچاوەکانی دابینکردنیش هەروەها پێداگریی لەسەر سەرکەوتن دەکەن، ئەرکەکان بەجێدەهێنن. سۆزو پەرۆشێک کە شۆڕش دروستیکردووە لەگەڵ وزە ئازادکراوەکانا و کەشفکردن و دۆزینەوەیان کە بە هۆی شۆڕشەوە بووە، دەبێت ئازادیی تەواو و دەرفەت بدات بۆ دۆزینەوەی کەناڵەکان. شۆڕش هەمیشە بە ڕادەیەکی بەرز بەرپرسیاریی بە ئاگا دەهێنێتەوە ، بەیەکەوە لەگەڵ ژینگەی نوێی ئازادیی و برایەتی تێگەیشتن و دەرکپێکردن دەخولقێنێت کە کاری جددی و خۆزەبتکردنی تەواو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ڕادەی داخوازییەکانی بەکاربردن، پێویستن.

لە لایەکی دیکەشەوە بارودۆخە نوێیەکە بە زۆری گرفتەکان ئاڵۆزەکانی پیشەسازیی ئێستا، ئاساندەکات. چونکە دەبێت ئەوە بزانیت کە کاپیتاڵیزم بەهۆی سروشتی مونافەسەی و هەروەها ناکۆکی لە بەرژەوەندە بازرگانییەکانی بە ژمارەیەکی زۆر لە پرسە ئاڵۆز و سەرسامەکانەوە دەئاڵێت کە هەر هەمووی بە هەڵوەشاندنەوەی هەل و مەرجەکانی ئەمڕۆ بنەبڕدەبن. پرسی ڕادەی کرێ و نرخەکانی فرۆشتن، داواکارییەکانی بازاڕەکانی ئێستا و هەروەها گەڕان بە دوای یەکێکی نوێ، کەمی کاپییتاڵ لە کردنی پرۆژەی گەورە و بڕی بەرزی سوو کە دەبێت لەسەری بیدات، ئەمانە هەموویان بوونیان هەیە. لەوانەش زیاتر سەرمایەگوزاریی نوێ، کارایی بەیەکادان و قۆرخکردن هەروەها خاڵی گرفتە

پەیوەندیدارەکان کە کاپیتالیست نیگەران دەکات ئاوا لە پیشەسازی وەکو تۆڕێکی قورس و ئالۆز ئەمڕۆ هەمووی لەبەرچاو وندەبێت. لە ئێستادا ئەمانە داوای بەشەکانی توێژینەوە و ڕاهێنانی باڵای پیاوان بۆ پارێزگاری لە هەڵوەشاندنەوەی بەیاکاچوی بۆ مەبەستی دابڕانی بلتۆقراتی[11] دەکەن. زۆرێکیش لە پسپۆڕەکان بۆ حسابکردنی ڕاستی و دروستیی واقیع و گریمانەکان لە قازانج و خەسارە هەن. هەروەها هێزێکی گەورە لە یارمەتیدەران بۆ کۆمەک بە ئاراستەکردنی پاپۆڕی پیشەسازیی لە نێوانی تاوێرە گەورە مەترسیدارەکانا کە پڕن لە مەترسی هەن. ئەمانە هەموویان پەیوەستدەبنەوە بە سووڕی پشێوی لە مونافەسەی سەرمایەداریی لەسەر ئاستی وڵات و جیهانیش، هەر ئاواش بە ڕژێمکەشەوە گرێدەدرێنەوە.

هەر هەموو ئەوانەی سەرەوە بە کۆمەڵایەتکردنەوەی پیشەسازیی و کۆتاییهێنان بە سیستەمی مونافەسە بەرەو نەمان دەڕۆن هەر ئاواش گرفتەکانی بەرهەمهێنانیش دەستبەجێ سووکدەبن. بەم هۆیەوە گرێ ئالۆزەکانی پیشەسازیی سەرمایەداریی هیچ مەترسییەک ناوروژێنن لە ئایندەی گەڕانەوەیاندا. ئەوانەی کە قسەی ئەوە دەکەن کە گوایە کرێکاران لە ئاستێکدا نین لە بەڕیوەبردنی " مۆدێرێنانەی" پیشەسازی " مۆدێرینە"، ئەوانە شکستدەهێنن بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا. ئەوە دەردەکەوێت لە ڕۆژانی بیناکردنەوەی کۆمەڵایەتییدا تۆڕی پیشەسازی گرفتاوی کەمتر مەترسیدارتر بێت. بە ئاماژەکردنێکی سەرپێی دەتوانرێت بوترێت کە ڕەنگە گۆڕناکارییەکانی دیکەی ژیان زۆر ئاسانببێت بە هۆکاری دەرکەوتنی گۆڕانکارییەکان لە نەریتە جیاوازەکانی ئێستا،

---

[11] ساماندار ان کە حکومەت بەڕێوەدەبەن

خولق و شێوەی ژیانی زۆرەملێییانە و ناتەندروستییەکان لە ژیان، بە سروشتیانە دەکەونە خانەی فەرامۆشییەوە. سەرەڕای ئەمەش دەبێت ئەرکی زیادکردنی بەرهەم بەرچاوبگیرێت کە بە شێوەیەکی گەورە ئاسان دەبێت لە ڕێگای زیادی ڕیزەکانی کرێکار کە ژمارەیەکی زۆرن کە لە گۆڕانکاری هەل و مەرجەکانی گۆڕانی ئابوورییەوە لە کار ئازاد دەکرێن.

ئامارە نوێیەکان نیشانیدەدەن کە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمەریکا ٤١ ملیۆن کەس لە هەردوو جێندەکە لە سەرجەمی هەموو دانیشتوان کە ١٠٥ ملیۆن زیاترن[١٢]، کار لە بەشە قازانجهێنەرەکانا دەکەن، لەم ٤١ ملیۆنەش تەنها ٢٦ ملیۆن بەڕاستی لە بەشە پیشەسازییەکاندا کاریان هەبووە بە بەشی هاتووچۆ و کشتوکاڵەوە. ١٥ملیۆن[١٣] زۆریەیان پێکهاتوون لەو کەسانەی کە کاری مامەڵەی بازرگانی دەکەن، سەفەرکەرانن بە مەبەستی کاری بازرگانیی، ڕێکلامەکەران و زۆرێکی تریشیان وەکو کەسی نێوەندگەرن [ دەڵاڵ] لە سیستەمی سەردەمدا. بە وشەیەکی دیکە ئەو ١٥ ملیۆنە کە کاری نازەرووری و زیانبەخشدەکەن لە لایەن شۆڕشەوە لەوێ دەگوێزرێنەوە بۆ سەر کاری سوودمەند. هەمان بارودۆخی هاوشێوە، لە وڵاتانی دیکەشدا بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانەکەی گەشەدەکات.

بەرهەمهێنانی زۆری زیاد لە پێویست، لە لایەن شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە پێویستی بە سوپایەکی زیاد لە چەند هەزار کەسی هەیە لە فرێدانی ئەو بەرهەمە زیادەیەدا. ئاوێتەبوونی مەنهەجیانەی

---

[١٢] *N. Y. World Almanac*, 1927 .

[١٣] ئەمانە سوپا و میلیشیا و هێزە دەریاوانەکان و ژمارەیەکی زۆری تر کە خراونەتە کار و پیشەی نازەرووری و زیانبەخشەوە وەکو دروستکردنی پاپۆڕی جەنگیی، هەروەها دروستکردنی چەك و تەدقەمەنی و کەرەسەکانی سەربازی .

ئەو چەند ملیۆنانە لە پیشەسسازیی و لە کاری کشتوکاڵیدا بە هاوکاری شێوازە نوێیە زانستییەکان بۆ یکخستن و بەرهەمهێنان، یارمەتییەکی گەورە دەبێت لە لابەلاکردنەوەی گرفتی داخوازی پێداویستییەکان و دابینکردنیان.

بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی بۆ قازانجە و ئەمڕۆ کرێکارێکی زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ فرۆشتنی شتەکان زیاتر لە بەرهەمهێنانیان. شۆڕشی کۆمەڵایەتی پیشەسازییەکە لەسەر بناخەی پێویستیی، دانیشتوان ڕێکدەخاتەوە. پێداویستییە سەرەکییەکان سروشتیانە لە پلەی یەکەمدان، خۆراک و پۆشاک و پەناگا، ئەمانە داخوازی یەکەمی مرۆڤن. هەنگاوی یەکەم بەو ئاڕاستەیە دۆزینەوەی یاخود دابینکردنی ئەو بەرهەمانەیە کە لەبەردەستان لەتەک کاڵاکانی دیکەدا. کۆمەڵەکانی [جەمعییەکانی] کرێکاران لە هەموو شار و کۆمۆنێتییەک ئەم کارە دەگرنە ئەستۆی خۆیان بەمەبەستی دابەشکردنی یەکسانیانە. ئەنجوومەنەکانی کرێکاران لە هەموو شەقام و هەرێمێکدا بەرپرسدەبن و هاریکاری لەگەڵ ئەنجوومەنە هاوشێوەکانیان لە شار و لە هەرێمەکەدا دەکەن، هەروەها هەوڵەکانیان لە سەرانسەری وڵاتا لە ڕێگای ئەنجوومەنە گشتییەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنەوە، یەکدەخەن.

ڕوداوە گەورەکان و هەڵچون و ڕاپەڕینەکان زۆرترین کەسانی چالاک و بە وزەترینیان، لە نێو کۆمەڵ دەردەخات. شۆڕشی کۆمەلایەتیی هۆشیاری چینایەتی کرێکاران ڕووندەکاتەوە و شێوەی پیدەگرێت. ئیتر ئەوانە بە هەر ناوێک بناسرێن وەکو نقابە وەکو نقابەکانی پیشەسازیی، لیژنەکانی نقابە شۆڕشگێڕەکان، جەمعییەکانی هەروەزیی، گروپەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن، ئەمانە

نوێنەرایەتی زۆرترین بەئاگا و بەشی پێشکەوتوی کارن، کرێکارانی ڕێکخراو لە ئامانجەکانیان و چۆنێتی بەدەستهێنانیان بەئاگان و ئەوە ئەوانن گیانی جوڵەی شۆڕشیان تێدایە.

بە هاوکاری ماشینەکانی پیشەسازیی و توێژینەوەی زانستیانەی زەوی ئازادبوو لە قۆرخکردن، شۆڕش یەکەمجار پێویستە کەرەسەکانی کە لە کۆمەڵدا کەمن بخاتەبەردەست. کێڵانی چڕ و پڕ و بەکارهێنانی مێتودی مۆدێرانەی کێڵگەکان و باخچەکان ئێمەی لە جۆری زەوی بەپیتی سروشتی و ژینگەکەی، بە کردەوە سەربەخۆ کردووە. تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو و بەرفراوان مرۆڤ بە خۆی بەپیتی و ژینگەی خۆی دروستدەکات، سوپاس بۆ دەستکەوتەکانی کیمیا. میوە ناوازە و بێیانەکان کە لە باکور بەرهەمدەهێنرێت و دەنێررێت بۆ باشووری گەرم ، وەکو لە فەرەنسادا کراوە. زانستی جادوگەر دەتوانێت پیاو بکاتە ماستەری هەموو ناڕەحەتییەک و بەسەر بەست و ڕێگرەکانا زاڵببێت. ئایندەی ئازادکراو لە نەگریسی سیستەمی قازانج و دەوڵەمەندکردنی، بە کاری ملیۆنەها لە نابەرهەمهێنەرانی ئەمڕۆ، گەورەترین خۆشگوزەرانی دەگەیەنینە کۆمەڵ. ئەم ئایندەیە دەبێت خاڵێکی بابەتیانە بێت بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و پاڵپێوەنەری بێت: نان و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان. یەکەم نان و دواتر خۆشگوزەرانی هەروەها ژیانی لە خۆشی و شایستانە. تەنانەت لە ژیانی شایستانەوە بۆ زیاتر لەوەش هەستێکی قوڵی پێویستی مرۆڤە، پیویستی جەستەیی، هەروەها ڕۆحییە.

بەجێگەیاندنی چڕی ئەم مەبەستە پێویستی بە هەوڵی بەردەوامی شۆڕشە، ئەوە شتێک نیە کە دەبێت دوابخرێت بۆ ئایندەیەکی دوور، بەڵکو دەستبەجێ دەستپێکردنی لە هەنووکەدا. شۆڕش پێویستە لە

هەوڵی بە تواناکردنی هەموو کۆمۆنێتتیەک بێت بۆ لەسەر پێوەستانی خۆی، بۆ سەربەخۆبوونی لە ڕوی ماتریاڵییەوە. نابێت هیچ وڵاتێک پێویست بکات کە متمانە بکاتە سەر یارمەتی دەرەکی یاخود کۆلۆنایزی وڵاتێک بکات بۆ یارمەتی خۆی، ئەوە ڕێگای کاپیتاڵیزمە. ئامانجی ئەنارکیزم پێچەوانەیە کە سەربەخۆیی ماتریالانەیە، نەک هەر بۆ تاکەکان بەڵکو بۆ هەموو کۆمۆنێتییەکان.

ئەمەش یانی نانێوەندگەرایی لەبری نێوەندگەرایی. تەنانەت لە سای کاپیتاڵیزمیشدا ئاراستەی نانێوەندگەرایی دەبینین و دەردەکەوێت وێڕای جەوهەریبوونی کاراکتەری نێوەندگەارایی سیستەمی ئەمڕۆی پیشەسازیی. وڵاتانێک کە پێشتر بە تەواوی پاشکۆبوون بۆ کاڵای دروستکراوی بێیانە وەکو ئەڵمانیای دوا چارەکە سەدەی نۆزدە، پاشان ئیتالیا و یابان، ئێستاش هەنگاریا و چیکۆسلۆڤاکیا...تد وردە وردە خۆیان لە وابەستەیی پیشەسازیی ڕزگارکرد، کار لە سەر سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیان دەکەن، کارگە و ئاشەکان خۆیان دروستیدەکەن و هەروەها سەربەخۆیی ئابوریانەی خۆیانیان لە شوێنەکانی دیکە بەدەستهێناوە. دراو و دارایی نێودەوڵەتی بەخێرهاتنی ئەم گەشەکردنە ناکات و لە هەوڵی زۆری دواکەوتنی گەشەکردنێتی چونکە زۆر قازانجدارترە بۆ Morgans و Rockefellers تاکو ولاتانی وەکو مەکسیکۆ و چین و هندستان و ئیرلەندە، یاخود پیشەسازی دواکەوتوی میسری لە دەستابێت بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانیان هەروەها هاوکاتیش چاودێرە و دڵنیایی بازاڕی بێیانە لە " زێدە بەرهەمهێنانیان" لە ناوخۆدا، دەکاتەوە. حکومەتانی سەرمایەگوزارە گەورەکان و لۆردەکانی پیشەسازیی یارمەتی ئەوان دەدەن لە زامنکردنی ئەو سەرچاوە سروشتییە بێیانانە و بازاڕەکان، تەنانەت لە خاڵی

بەکارهێنانی قەمەشدا [حەربە]. هەر ئاوا بەریتانیای مەزن بە هۆی هێزی سەربازییەوە 'چینی' ناچارکرد بە مۆڵەتدان بە ئەفیونی ئینگلییز بۆ ژەهراویکردنی چینییەکان، بە بڕی قازانجێکی باش، هاوکاتیش بەکارهێنانی هەموو ئامراز و ڕێگایەک بۆ بەربەستن لەو وڵاتە لە کردنی بەشێکی گەورەی بەرهەمی چینین و ڕستن. میسر، هیندستان و ئیرلەندە و ئەوانەی کە پاشکۆبوون و کۆڵۆنایزکرابوون، بە هەمان هۆکار ڕێگایان پێنەدەدرا کە گەشە بە پیشەسازی خۆیان بکەن.

بە کورتی کاپیتالیزم لەدووی نێوەندگەراییە، بەڵام وڵاتێکی ئازاد پێویستی بە نانێوەندگەراییە، سەربەخۆییە، نەک بە تەنها لە ڕوی سیاسییەوە بەڵکو لە ڕوی پیشەسازیی و ئابووریشەوە.

ڕوسیا بەشێوەیکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش زەروورییەتی سەربەخۆیی ئابووریی نیشانداوە، بە تایبەتی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی. ساڵانێکی زۆر دوای ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەر حکومەتی بەلەشەفیک چاوی لەسەر هەوڵی ڕازیکردن و کردنی کاری باش لەگەڵ حکومەتە بورجوازییەکان، بوو لە پێناوی " دانپیانان و ناسین" ی ڕوسیا لە لایەن ئەوانەوە، داوەتی سەرمایەدارانی بێیانەی بۆ بەکارهێنان و بەکاربردنی سەرچاوە سروشتییەکانی ڕووسیا، دەکرد. بەڵام سەرمایەدار دەترسا کە سەرمایەگوزاریی گەورە لەسای هەلومەرجی دیکتاتۆریانەی نائاشتیانە و ناسەقاگیریدا بکەن، بەم هۆکارە حکومەتی بەلشەفیک لە بەرانبەر هەموو جۆرە وەڵامیکی پۆزەتیڤانەدا، شکستیهێنا. هاوکاتیش ڕووسیا بەرەو داتەپینی ئابووری دەڕۆیشت. ئەم بارودۆخە دواجار بەلشەفیکەکانی بە تێگەیشتن ناچارکرد کە وڵات پێویستە متمانەی لەسەر هەوڵەکانی خۆی لە پارێزگاریکردن و مانەوەی خۆی، هەبێت. ئیتر ڕوسیا دەگەڕا بۆ ئامراز و سەرچاوەیەک تاکو یارمەتی خۆی پێبدات. بۆ ئەوەی

داخوازی بەدەستهێنانی بڕوای گەورە لە خودبەتوانایی، فێربوونی ڕاهاتن لەسەر متمانە-بەخۆبوون بەدەستبهێنێت، دەستیکرد بە گەشەکردنی پیشەسازییەکانی بە پرۆسەیەکی هێواش و ئازاراوییەوە. هەموو ئەمانە زەروورەیەکی سوودبەخش بوون کە لە کۆتاییدا ئابووری ڕوسیا دەکاتە خودئیکتیفا و سەربەخۆ.

شۆڕشی کۆمەڵایەتیی لە هەر وڵاتێکدا لە سەرەتای دەستپێکیدا پێویستە پێداگریی لەسەر یارمەتیدانی خۆی بە خودی خۆی، بکات. ئەم پرنسپڵی متمانەکردنە سەر خۆ، بە مانای بەکەمگرتنی هاوپشتی لە تەک خاکەکانی دیکەدا نییە. بە پێچەوانەوە هاوبەشیکردن و هاریکاریی نێوانی وڵاتەکان هەر وەک نێوانی تاکەکان دەتوانێت بوونی هەبێت لەسەر بناخەی یەکسانی. سەربەخۆیی، تەواو پێچەوانەی ئەوەیە.

ئەگەر هاوکات شۆڕشی کۆمەڵایەتیی لە گەلێک لە وڵاتان دەستیپێکرد- لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بۆ نموونە- ئەو کاتە هەوڵی هاوبەش بێ گومان وەزیفەیەکی سروشتییە و ئەرکی ڕێکخستنەوەی شۆڕش ئاسانتر دەکات.

خۆشبەختانە کرێکاران فێری تێگەیشتنی ئەوە دەبن کە پرسەکەیان نێونەتەوەییە. ڕێکخستنی کرێکاران لە ئێستادا لە دەرەوەی سنوورە نەتەوەییەکان، گەشەدەکات. دەبێت بە ئومێدبین کە دوور نییە تەواوی پرۆلیتاریای ئەوروپا ڕەنگە لە مانگرتنی گشتییدا، یەکبگرن، کە سەرەتایە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی. بێ گومان ئەمەش دەستکەوتێکە کە پێویستە بە هەموو جددیەک هەوڵی بەدەستهێنانی بدرێت. هاوکاتیش نابێت ئەوەش بە دوور بزانیین کە گریمانی ئەوە هەیە کە شۆڕش ڕەنگە لە وڵاتێکدا زووتر ڕووبدات تاکو وڵاتێکی دیکە - با

بڵێین لە فەرەنسا زووتر تاکو ئەڵمانیا- ئا لەم بارەدا بۆ فەرەنسا گرنگە کە چاوەڕوانی یارمەتی لە دەرەوە نەکات، بەڵکو یەکسەر هەوڵبدات هەموو وزەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی خۆی بخاتەکار، بۆ دابینکردنی زۆرترین پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵکەکەی لە ڕێگای هەوڵەکانی خۆیەوە. تەنانەت وڵاتانێک کە لە شۆڕشدان پێویستە لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کشوکاڵیدابن، سەربەخۆیی کشتوکاڵی کەمتر نییە لە سەربەخۆیی سیاسی و لە متمانەکردنە سەربەخۆیی پیشەسازیی. ئەم پرۆسانە بەردەوامدەبن تا ڕادەیەکی بەرفراوان تەنانەت لەسای کاپیتاڵیزمیشدا. ئەمە دەبێت یەکێک بێت لە ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی، مێتوودە مۆدێرینەکان دەستبەری ڕوودانی ئەمە دەکات. دروستکردنی سەعاتی دەستی و جۆرەکانی دیکە، بۆ نموونە کە پێشتر قۆرخکراوی سیوسرا بووە، ئێستا لە هەموو وڵاتێک دەکرێت. بەرهەمهێنانی ئاوریشم پێشتر تەنها لە فەرەنسا دەکرا، ئەمرۆ یەکێکە لە ناو پیشەسازییە گەوەرەکانی وڵاتانی جیاوازدا. ئیتالیا بە بێ سەرچاوەی خەڵووز و ئاسن پاپۆڕ لە پۆڵا دروستدەکات، هەر ئاوا سویسراش کە دەوڵەمەندتر نییە، دروستیان دەکات.

نانێوەندگەرایی چارەسەری زۆرێک لە خراپەکارییەکانی پرنسپڵی نێوەندگەرایی کۆمەڵ دەکات. نانێوەندگەرایی لە سیاسەتدا یانی ئازادیی، لە پیشەسازییدا یانی سەربەخۆیی ماتریاڵیی، لە روی کۆمەڵایەتییەوە یانی زەمانەتی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمۆنێتییە بچوکەکان، کە لەسەر ئاستی تاکیش مرۆڤایەتی و ئازادیی، بەرهەمدەهێنێت.

هەر ئاواش گرنگە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی وەک سەربەخۆیە لە خاکەکانی بێیانە هەر ئاوا لە خودی وڵاتەکەشدا، نانێوەندگەرایی بێت.

نانێوەندگەرایی ناوخۆ یانی کردنی گەورەترین ناوچە تاکو هەر هەموو کۆمۆنێتییەک ئەوەندەی کە بکریت خۆی یارمەتی خۆی بدات. **پیتەر کرۆپتکین** زۆر بە ڕۆشنی لە کارە پێشنیارکراوەکانیدا : **کێڵگە، کارگەکان و وەرشەکان** بە قەناعەتەوە نیشانیداوە کە چۆن شارێکی وەکو پاریس تەنانەت کە ئێستا بە تەواوی شارێکی بازرگانیە، بۆ یارمەتی دانیشتوانی دەتوانێت خۆراکی کافیی بەدەستبهێنیت. لە ڕێگای بەکارهێنانی ماشێنی مۆدێرنانەی کشتوکاڵ و کێڵانی چڕوپڕەوە، لەندەن و نیووێرک دەتوانن لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە لە دەوروبەریان هەیە، بژین. ئەوە ڕاستییە کە " **ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زەوی بە پیت بە جۆرێکە ئیدی هەرچیمان بوێت، لە سای هەر ژینگەیەک و لەسەر هەر خاکێک بێت، کە لەم دواییەدا باشبووە، دەکرێت، ئەمەش بە بڕێکی دیاریکراو کە ئێمە تا ئێستا ناتوانین پێشبینی سنووری بەرهەمهێنان لە چەند دۆنمێک لە زەویدا، بکەین. ئەو بڕە دیاریکراوە بە بەراورد بە توێژینەوەی باشترمان لە بابەتەکە، لەبەرچاو وندەبێت و ساڵانەش زیاتر و زیاتر لەبەرچاومان نامێنێت."**

کاتێک کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە هەر خاکێک ڕوودەدات بازرگانی بێیانە دەوەستێت و هاوردەکردنی کەرەسە خاوەکان و بەرهەمە ئامادەکراوەکان هەڵدەپەسرێن. وڵاتەکە تەنانەت لە لایەن حکومەتە بورجوازییەکانەوە ڕەنگە بلۆکبکرێت وەکو چۆن لە روسیا ڕویدا. ئەمە شۆڕش ناچاردەکات کە یارمەتی خودی خۆی بدات، متمانە بە خۆی بکات و ئەوەی کە دەیەوێت بیخاتە بەردەست. تەنانەت بەشێکی جیاواز لە هەمان وڵات ڕەنگە ڕووبەڕووی ئەم داهاتووە ببێتەوە. لەو بارەدا دەبێت لە ناوچەکەی خۆیانا بە هەوڵی تەواوی خۆیان، بەرهەمی ئەوە بهێنن کە دەیانەوێت. تەنها نانێوەندگەرایی دەتوانێت

ئەم گرفتە لابەلابکاتەوە، وڵات پێویستە جالاکییەکانی لە ڕێگایەکەوە ڕێکبخاتەوە تاکو بتوانێت خۆراکی خۆی پەیدابکات. دەبێت بەرهەمهێنان ڕێکبخاتەوە بگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی پیشەسازییەکان کە بە شێوەیەکی بچوک لە پیشەسازی ناو ماڵ و هەروەها کشتووکاڵی چروپڕ، هەن. دەستپێشخەرییەکانی مرۆڤ، لە ڕێگای شۆڕشەوە ئازاد دەبێت هەر ئاواش زیرەکی و کارامەیی بە گوێرەی زەرووریيەت بۆ بارودۆخەکە لە هەڵکشاندا دەبێت.

پێویستە زۆر بە ڕوونی و ڕێکی لەوە بگەین کە بۆ بەرژەوەندییەکانی شۆڕش کارەسات دەبێت کە سەرکوتی یاخود دەستوەردان لە بەشە بچوکەکانی پیشەسازییدا، بکەین، تەنانەت ئەم جۆرە پیشەسازییانە لە ئێستادا بە شێوەیەکی زۆر گەورە و فراوان لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپادا بەڕێدەچێت. ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە پارچە و سەرەپارچەی بەکارهێنرا و لە لایەن جوتیارانی کیشۆری ئەوروپاوە لەسەردەمی کاتە خۆشەکان و ساتەکانی حەوانەوەی زستانیانا، بەرهەمدەهێنرێت. ئەوانەی کە لە ناو ماڵاندا لە ڕێگای کاری دەستی یاخود ئامرازێکی سادەوە دروستدەکرێن، لە هەموویان ژمارەیەکی زۆر دروستدەکرێ و پێویستییە گەورەکان پڕدەکەنەوە. زۆر زیانبەخش دەبێت بۆ شۆڕش ئەگەر لەناویان بەرێت، هەر وەک ڕوسیا گەوجانە لە پەرۆشی شێتانەی بەلشەفیکەکانەوە بە مەبەستی چەسپاندنی نێوەندگەرایی، کردیان. کاتێک کە وڵات لە شۆڕشدایە و لە لایەن حکومەتە بێیانەکانەوە هێرشیدەکرێتە سەر، کاتێک ئابلوقەدەدرێت لە هێنانی ماتریاڵەکان مەحروم دەبێت، کاتێک کە بەشی گەورەی پیشەسازییەکانی هەڕەشەی وێرانکردنی لەسەر دەبێت، یاخود سکەکانی شەمەندەفەری تێدەشکێت، ئەو کاتە تەنها

بەشە بچووکە پیشەسازییەکان دەبن کە دەبنە شادەماری ژیانی ئابووریی، ئەوان بە تەنها دەتوانن خۆراک بدەن و شۆڕش بپارێزن.

سەرەڕای ئەمەش ئەم جۆرە پیشەسازیانەی ناو ماڵان هەر تەنها فاکتەری ئابوورییەکی گەورە نین، بەڵکو بەهایەکی گەورەی کۆمەڵایتیشیان هەیە. ئەوان خزمەتی بەیەکگەیاندنی دۆستانەی کێڵگەی نێوخۆ و شاردەکەن، ئەمان ئەو دوانە نزیکدەکەنەوە دەیانخەنە پەیوەندییەکی هاوپشتیانەوە. لە راستیدا پیشەسازییەکانی نێو ماڵەکان دەربڕینی ڕۆحی تەندروستی کۆمەڵن کە لە سەردەمێکی کۆنەوە خۆی لە گردبوونەوەکانی گونددا، لە هەوڵی کۆمۆنوێڵیانەدا، لە گۆڕانی و میوزیک و سەمای شەعبیانەدا، خۆی ئارایشتکردووە و چەسپاندووە. ئەم مەیلە سروشتی و تەندروستییە لە زۆرێک لە لایەنە جیاوازەکانیا پێویستە هانبدرێت و هەروەها لە لایەن شۆڕشەوە بۆ بەرژوەندی گەورەی کۆمۆنێتییەکە، بوروژێنرێت.

بەداخەوە ڕۆڵی ئابوریی نانێوەندگەرایی لە شۆڕشدا کەمتر بەهای دەزانرێت. تەنانەت لەناو ڕیزەکانی کرێکارانی پێشکەوتووشدا مەیلێکی مەترسیدار بۆ فەرامۆشکردنی یاخود بەکەموەرگرتنی گرنگییەکەی، هەیە. زۆر خەڵک هێشتا لە کۆیلایەتی دۆگمای مارکسیانەدا دەسوڕێنەوە کە گوایە نێوەندگەرایی " زۆر کارایە و ئابوریانەیە". ئەوان چاوی خۆیان دەنوقێنن لەو ڕاستییەی کە دەڵێت ئەو " ئابووریی"یە لەسەر حسابی تەمەن و ژیانی کرێکاران، بەدەستدەهێنرێت، کە " کارایی یاخود بەکاریی " بەهای ئەو بۆ برغویەکی پیشەسازیی، دادەبەزێنێت، بۆ مردنی ڕۆحی ئەو و کوژرانی جەستەی. لەمەش زیاتر لە سیستەمی نێوەندگەراییدا ئیدارەی پیشەسازی بە بەردەوامی لە چەند دەستێکی کەمدا گرددەبنەوە، بیرۆکراتیێکی مەزن لە سەروەری پیشەسازیی

بەرهەمدەهێنێت. لە ڕاستیدا دەبێتە دەربڕینێکی گاڵتەجاڕی ئەگەر شۆڕش بەرەو ئەم جۆرە ئامانجە، بڕوات، ئەمەش یانی خولقاندنی چینێکی نوێی سەروەر.

شۆڕش دەتوانێت ڕزگاریی کار تەنها لە ڕێگای نانێوەندگەراییەوە بەدەستبهێنێت، لە ڕێگای گەشەکردنی کاری تاکەکان بۆ کرێکارێکی زۆر هۆشیار و پێداگر لە پرۆسەکانی پیشەسازییدا، دەیکاتە پاڵپێوەنەرێک لە هەر شوێنێک بێت هەموو پیشەسازییەک و چالاکییەکی کۆمەڵایەتیانەی لێوە سەرچاوە دەگرێت. قوڵی گرنگی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بەندە بە هەڵوەشاندنەوەی سەروەرێتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا و جێگرتنەوەی بە بەڕیوەبردنی شتەکان. تەنها ئەم ڕێگایەیە کە دەتوانێت پیشەسازی و ئازادای کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت.

" **ئایا تۆ دڵنیایت کە ئەمە دەکرێت؟**" تۆ پرسیاردەکەیت.

من دڵنیام لەمە: ئەگەر ئەوە نەکرێت هیچ شتێکی دیکەش ناکرێت. ئەو پلانەی کە من هەمە دیاریکردنی کۆمۆنیزمی ئازادە، ژیانێک لە هاوکاری خۆبەخشانە و هەروەها یەکسانی شەیرکردن. ڕێگەیەکی دیکە لە دابینکردنی یەکسانی ئابورییدا نییە، تەنها ئازادییە. هەر سیستەمێکی دیکە بۆ کاپیتاڵیزم دەگەڕێتەوە. بێ گومان دەکرێت ئاوابێت کە وڵاتێک لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیدایە ڕەنگە هەوڵی چەند ئەزموونێکی ئابووریانە، بدات. بەشێک لە کاپیتاڵیزم ڕەنگە لە بەشێک لە زەوی، یاخود کاری دەستەجەمعیانە لەوی تردا جێ بەجێبکرێت. بەڵام دەستەجەمعیانە شێوازێکی دیکەیە لە سیستەمی کرێ و زۆر بە خێرایی دەبێتە کاپیتاڵیزمی ئەمڕۆ. دەستەجەمعی لە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەستپێدەکات و بە

گەڕانەوەی بۆ سیستەمی خەڵاتکردن بە گوێرەی دەستوبردی و کارکردن یاخود بڕی کاری کراو، ئەمەش یانی ناساندنەوە و هێنانەوەی نایەکسانیی.

مرۆڤ لە موماره‌سەوە فێردەبێت. شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جیاواز و هەرێمی جیاوازدا ڕەنگە لە هەوڵی مێتودە جیاوازەکانا بێت لە ڕێگای ئەزموونگەرییەوە فێری باشترینیان دەبێت. لە هەمان کاتدا شۆڕش هەلێک و بیانوویەکە بۆی. من هەوڵی ئەوە نادەم کە پێشبینی ئەوە بکەم کە ئەم یا ئەو وڵات چی دەکات و چ ئاراستەیەک، وەردەگرێت. هەر ئاواش هیوا و ویستم بەسەر داهاتوودا ناسەپێنم ڕێنمایی شێوازێک لە ئیدارەدان و هەڵسوکەوتێک، ناکەم مەبەستی من پێشنیارکردنە لە هێلێکی فراوانا، کە دەبێت پرنسپڵەکان شۆڕش زیندوو ڕاگرن، دەبێت دووی سەرخاڵە گشتییەکانی چالاکی بکەوێت ئەگەر بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکە مەبەست بێت کە بیناکردنەوەی کۆمەڵە لەسەر بناخەی ئازادیی و یەکسانیی.

ئێمە ئەوە دەزانین کە شۆڕشەکانی پێشوو لە ئامانجەکانیاندا شکستیانهێنا و بەرەو دیکتاتۆرییەت و زۆرداریی چوون، بەمەش دەزگە کۆنەکانی بەکارهێنان و سەرکوتکردنی دروستکردەوە. مێژوی ڕابوردوو و ئێستا ئەو ڕاستییەیان پێناساندوین، هەر لەبەر ئەوەش بە سەرەنجامێک گەیشتوین ڕێگا کۆنەکە نامانگەیەنێتە جێ و پێویستمان بە ڕێگایەکی نوێیە لەبەدیهێنانی شۆڕشی کۆمەڵایەتییدا. ڕێگای نوێ کامەیە؟ تا ئێستا یەک ڕێگا لای مرۆڤ ناسراوە ئەویش ڕێگای ئازادیی و یەکسانیی، ڕێگای کۆمۆنیزمی ئازاد، ڕێگای ئەنارکیی.

## بەندی سیازدە

### بەرگریی لە شۆڕش

تۆ دەپرسیت" **گریمان سیستەمەکەی تۆ تاقیکرایەوە، ئایا هیچ ئامراز و کەرەسەیەکت بۆ بەرگری لە شۆڕش هەیە؟**

بەدڵنیاییەوە.

" **تەنانەت بەهێزی چەکداریش؟**

بەڵێ، ئەگەر پێویستبکات.

"**بەڵام هێزی چەکدار توندووتیژییەکی ڕێکخراوە. تۆ نەتوت ئەنارکیزم دژییەتی؟**

ئەنارکیزم دژ بە هەموو دەستوەردانێکە لە ئازادیت، ئیتر ئەو دژایەتییە بە زەبری هیز و توندووتیژی بێت یاخود بە هەر ئامرازێکی دیکە بێت. ئەنارکیزم دژ بە هەموو داگیرکاری و زۆرلێکردنێکە. بەڵام ئەگەر کەسێک هێرشت بکاتە سەر، ئەوە، ئەوە کە تۆ داگیردەکات، ئەوە ئەوە کە توندوتیژی دژ بە تۆ بەکاردەهێنێت، تۆش مافی خۆتە کە بەرگری لە خۆت بکەیت. لەمەش زیاتر، ئەرکی سەرشانتە وەکو ئەنارکستێک کە پارێزگاری لە ئازادیت بکەیت، دژ بە زۆرەملێی و زۆرلێکردن بوەستیتەوە، ئەگە ئاوا نەبیت ئەوە تۆ کۆیلەیت نەک کەسێکی ئازاد. بە مانایەکی دیکە شۆڕشی کۆمەڵایەتی هێرش ناکاتە سەر کەس، بەڵام بەرگری لە خۆی دژ بە داگیرکردن و داگیرکەران لە هەر لایەکەوە بێت، دەکات.

سەرەڕای ئەوەش لە نێوانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بەرەڵایی و فەوزادا، نابێت چەواشە بیت، شۆڕشیش لە هەندێک قۆناخیا ڕاپەڕین

و هەڵچونێکی توندوتیژانەیە، ئەنارکی هەل ومەرجی کۆمەڵایەتییە لە ئازادیی و ئاشتیدا. شۆڕش ئامرازی هێنانەدی ئەنارکییە، بەڵام خودی خۆی هەڵچون و پشێوی نییە، ڕیگا بۆ ئەنارکیی پاکدەکاتەوە لە دامەزراندنی هەل ومەرجەکانی کە ژیانی ئازادیی دەکاتە گریمانی ڕوودان.

بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت شۆڕش دەبێت پڕ بێت لە ڕۆح و ئایدیاکانی ئەنارکیستی و لە لایەن ئەوەوە ئاڕاستەبکرێت. ئامراز کۆتایی و مەبەستت دەداتە دەست، هەر وەکو ئەو ئامرازەی کە بەکاریدەهێنێت دەبێت گونجاو بێت بۆ کردنی کارەکەی کە دەتەوێت بە ئەنجامی بگەیەنییت. ئەمەش یانی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی کە لە مێتودیا، لە مەنهەجیا دەبێت وەکو ئامانجی ئەنارکستیانە بێت.

بەرگرییکردن لە شۆڕش لەگەڵ ئەم ڕۆحەدا پێویستە ڕێک و گونجاو بێت، بەرگریی لە خۆ، لە هەموو کارێکی زۆرەملێ و ڕاونان و چەوساندنەوە یاخود تۆڵەکردنەوە، بەدەرە. مەبەستی ئەو تەنها بەربەستکردنی هێرش و مەحرومکردنی دوژمنە لە هەلی داگیرکردنی تۆ.

**" چۆن داگیرکردنی بێیانە بەربەستدەکەیت؟**

بە هێزی شۆڕش. هێز لە چی پێکدێت؟ یەکەم و پێش هەموو شتێک: لە یارمەتی خەڵک، لە خۆتەرخانکردنی جەماوەر کە لە پیشەسازیی و کشتوکاڵدا کاردەکەن. ئەگەر ئەوان ئاوا هەست بکەن کە خۆیان شۆڕشیان کردووە، کە بوونەتە سەروەری ژیانی خۆیان، کە ئازادییان بەدەستهێناوە و بینای خۆشگوزەرانییان دەکەن، ئەو کاتە ئا لەو هەموو هەست و سۆزەوە تۆ گەورترین هێزی شۆڕشت هەیە. ئەمڕۆ جەماوەر شەڕ بۆ پاشا و سەرمایەدار یاخود سەرۆکی دەوڵەت

دەكات چونكە باوەڕیان وایە دەهێنن ئەو شەڕەیان بۆ بكەن. ئەوان كە باوەڕیان بە شۆڕش هەبێت، تا مردن بەرگریی لیدەكەن. ئەوان شەڕ بە دڵ و بە گیان بۆ شۆڕش دەكەن، هەر وەک كرێكاری نیوەبرسی، پیاو، ژن، تەنانەت منداڵانی پیترۆگراد بەرگرییان لە شارەكەیان كرد تاڕادەیەک بەدەستی بەتاڵیش دژ بە سوپای سپی جەنراڵ Yudenitch وەستانەوە. ئەو بڕوایە لە خەڵک بسەنەرەوە، لە دەسەڵات مەحرومیان بكە بە سەپاندنی دەسەڵات بە سەریانا، ئیتر پارتێكی سیاسیی یا خود ڕێكخراوێكی میلیتەری بێت، بەمەش زەربەیەكی گەورە لە شۆڕش دەدرێت. تۆ بەمە سەرچاوەی سەرەكی وزە و هێزت لێدەدزرێت، كە جەماوەرە و تۆیان بێ چەک كردوە، بێ بەرگرییان كردوویت.

تەنها كرێكاران و جوتیارانی چەكدارن كە بەرگریی كاریگەرن بۆ شۆڕش. لە ڕێگای نقابەكانیان و سەندیكاكانیانەوە هەمیشە دەبێت ئامادەبن دژ بە هێرشی دژە-شۆڕش. كرێكاران لە كارگە و ئاشەكان، لە كانەكان و كێڵگەكان، سەربازی شۆڕشن. ئەو لەسەر تەختەی دانیشتن و مێزی كاركردن و پشتی هەوجاڕ یاخود لە مەیدانی جەنگدا بە گوێرەی پێویستی لەوێ هەن. ئەو لە كارگە یاخود لە فەوجەكەی بێت ئەو ڕۆحی شۆڕشە و ویست و ئیرادەی بڕیاریدەری چارەنوسێتی. لە پیشەسازییدا كۆمیتەكانی وەرشە و كۆمیتەكانی بنكە سەربازییەكان، ئەمانەن سەرچاوەی هەموو وزە و چالاكی و هێزی شۆڕشگێڕانەن.

ئەوە سوپای خۆبەخشی سوور بوو كە لە چەوساوەكان دروستكرابون سەركەوتوانە بەرگرییان لە شۆڕشی ڕوسیا لە قۆناخە گرنگەكانی سەرەتای شۆڕشدا، كرد. پاشانیش فەوجی جوتیارانی خۆبەخش بوون كە سوپای سپییان تێشكان. سوپای سووری نیزامیی

که له دواییدا دروستکرا بەدەر له بەشەکانی کرێکاران و جوتیارانی خۆبەخش، بێ هێز بوون. به هۆی خۆبەخشیی جوتیارانەوه بوو که سیبیریا له کۆلاک[١٤] و پیاوەکانیان ڕزگاری بوو. له باکوری ڕوسیا یەکینەکانی کرێکاران و جوتیاران بوون که سوپای بێیانه که هاتبوون بۆ سەپاندنی ئاگری کۆنەپەرستانه[١٥] به سەر خەڵکدا، دەرپەڕان. له ئۆکرانیا سوپا خۆبەخشەکانی جوتیاران که ناویان *povstantsi* بوو شۆڕشیان پاراست له ژمارەیەکی زۆری دژه شۆڕش له لایەن جێنڕالەکانەوه بەتایبەتی Denikin که له له بەردەم دەروازەکانی مۆسکۆدا بوو. ئەوه povstantsi شۆڕشگێڕ بوو که باشووری ڕوسیای له سوپای داگیرکەری ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و یۆنان، ڕزگارکرد که دواتر هێزه سپییەکانی جێنڕاڵ Wrange یان، تێشکان.

بەرگریی میلیتەریی له شۆڕش ڕەنگه پێویستی به فرمان و مۆڵەتی سەرکردەی باڵا هەبێ، به یەککەوتنی چالاکییەکان و زەبت و ڕەبت و هەروەها گوێڕایەڵی بۆ فرمانەکان، هەبێت. بەڵام ئەمەش دەبێت له ناوجەرگەی بەشەکانی کرێکاران و جوتیارانی دڵسۆزەوه هەڵقوڵێت و دەبێت لەسەر بناخەی هاوکاریکردنی خۆبەخشانەی خۆڕێکخستنیان لەناوچەکەی خۆیان و دەڤەر و هەروەها ڕیکخراوەکانی فیدراڵ. له بەرگریی دژ به هێرشی بێیانەدا هەر وەک هەموو گرفتێکی دیکه له شۆڕشی کۆمەڵایەتیی، بەرژەوەندی چالاکی جەماوەر و ئۆتۆنۆمییان هەروەها مافی خۆچارەنوسیی، باشترین زەمانەتی سەرکەوتنن.

[١٤] جوتیاره دەو ڵەمەندەکان.
[١٥] حکومەتەکەی Tchaikovsky-Miller

تێگەیشتنی دروست ئەوەیە کە تاکە کاریگەریی بەرگری لە شۆڕش بەندە بە هەڵوێستی خەڵکەوە، بێزاریی جەماوەر لە شۆڕش خراپترین دوژمنی شۆڕشە و گەورەترین مەترسیشە. پێویستە هەمیشە لە یادمان بێت هێزی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ئۆرگانیانەیە نەک میکانیکیانە، هێزی شۆڕش لە مێتود و تەدابییری عەسکەریانەی میکانیکیانە خۆی حەشار نادات، بەڵکو پیشەسازییە کە لە توانایدایە کە بینای ژیان بکاتەوە و ئازادیی و دادوەریی دامەزرێنێت. با لێگەڕێن خەڵکی هەست بەوە بکات، کە لە ڕاستیدا پرسی ئەوان خۆیانە کە لە سەنگی مەحەکی بدەن، ئەوکاتە دوا مرۆڤ لەوان وەکو شێر لە وەکالەتی ئەوانەوە دەجەنگێت.

هەمان شت بۆ بەرگریی ناوخۆش دەبێت، هەر وەک چۆن بۆ بەرگریی دەرەکی بوو، جێنراڵە سپییەکان، یاخود دژە-شۆڕش چ بەختێکیان هەیە جگە لە خولقاندنی سەرکوتکردن و نادادپەروەری و تاوکردنی خەڵکی دژ بە شۆڕش؟ دژە-شۆڕش دەتوانێت تەنها لەسەر بێزاریی جەماوەریانە بژێت. کاتێک کە جەماوەر تێدەگەن و هۆشیارن کە شۆڕش و هەر هەموو چالاکییەکانی لە دەستی خۆیاندایە، کە خۆیان بە خۆیان ئیدارەی شتەکان دەدەن و هەروەها ئازادن لە گۆڕینی مێتودەکانا کاتێک کە هەستدەکەن زەروورە، ئا لەو بارەدا دژە-شۆڕش ناتوانێت هیچ یارمەتییەک پەیدابکات و هەر ئاواش بێ ئازار و بێ زیانە.

### ″ ئەی ئێوە ڕێگادەدەن کەسانی دژە-شۆڕش ئەگەر ویستیان هانی خەڵک بدەن؟

بەهەموو شێوەیەک ڕێگایان پێدەدرێت، با قسەی خۆیان ئەوەی کە حەزیانە و دەیانەوێت بیکەن. ڕێگەنەدانیان تەنها لە خزمەتی

خولقاندنی چینێکی ڕاونرا و چەوساوەدا دەبێت، هەر ئاواش سۆزی جەماوەریانە بۆ ئەوان و پرسەکەیان دروستدەکات. ڕێگەنەدان بە قسەکردن و ڕۆژنامەگەریی نەک هەر تیئۆرێکی سوکایەتیکردنە دژ بە ئازادیی، بەڵکو دژایەتییەکی ڕاستەوخۆشە بە پرنسیپڵەکانی شۆڕش. پێش هەمو شتێک گرفتگەلێک دروستدەکات کە پێشتر هیچیان نەبوون. شێوازێک لە ناڕەزایی و موعارەزە و فیتنە و ناخۆشی و دووبەرەکی و ناکۆکی و بەندیخانە و 'چێکا' و جەنگی ئەهلی، دروستدەکات. ترس و بێ باوەڕیی دەخولقێنێت و دەرگا لەسەر پیلاگێڕان دەکاتەوە، دەگاتە ڕادەی کردنی کاری تیرۆر لە ناوچەکەدا، ئەو کارانەی کە هەمیشە شۆڕشیان لە ڕابوردوودا کوشتووە.

شۆڕشی کۆمەڵایەتیی هەر لە سەرەتاوە پێویستە لەسەر بناخەی تەواوی پرنسپڵە جیاوازەکان بێت، لەسەر چەمک و هەڵوێستی نوێ. ئازادیی تەواو هەناسەی بوونە و نابێت هەرگیزیش لەبیر بکرێت کە چارەسەری پشێوی و خراپی بارودۆخ، ئازادیی **زیاتری** پێویستە، نەک سەرکوتکردن. سەرکوتکردن و داپڵۆسین تەنها بەرەو توندوتیژی و وێرانکاری دەڕوات.

برادەرەکەت دەڵێت" **کەواتە ئێوە بەرگریی لە شۆڕش ناکەن؟**

بەدڵنیاییەوە دەیکەین. بەڵام نەک دژ بە قسە و دەربڕنی بیروڕا. شۆڕش پێویستە ئەوەندە گەورە و بەهێز بێت تەنانەت بەخێرهاتنی ڕەخنەی توند و مەترسیداریش بکات و سوودیشی لێببینێت ئەگەر هات و بەهانەی هەبوو. شۆڕش بەرگریی لە خۆی دەکات زۆر بە بڕواشەوە دژی دژە-شۆڕشی ڕاستینە و دژ بە هەومو دوژمنێکی چالاک دەوەستێتەوە، دژ بە هەر هەوڵێک کە بیڕوخێنێت یاخود لە

ڕێگای هێزی داگیرکەرەوە یا توندوتیژییەوە، تێکیبشکێنێت. ئەوە مافی شۆڕش و ئەرکی سەر شانێتی. بەڵام شۆڕش دوژمنی بەزیو ناچەوسێنێتەوە، تۆڵە لە هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکە ناکاتەوە بەهۆی هەڵەی کەسەکانییەوە. گوناهی باوکان نابێت لە سەر منداڵان حساسبکرێت.

**″ لە تەک کەسانی دژە-شۆڕشدا چی دەکەیت؟**

جەنگی حەقیقی و بەرگریی چەکدارانە قوربانیدانی مرۆڤیشی تیدەکەوێت، کەسانی دژە-شۆڕش لە سای ئەم بارودۆخەدا ژیانیان لەدەستدەدەن، بە هۆی ئەوەی دەیکەن ڕووبەڕووی بەرەنجامێک دەبنەوە کە خۆی لێ لانادرێ. بەڵام خەڵکانی شۆڕشگێڕ وەحشی نین، بریندارا‌ن سەرنابڕرێن، ئەوانەشی کە بە دیل دەگیرێن لە سێدارە نادرێن. هیچ کام لەم کارە بارباریانە کە بەلشەفیکەکان لە کوشتنی دیلەکانا کردیان، ناکرێن.

**″ لە کاتی بەیەکادانا چۆن مامەڵە لەتەک کەسانی دژە-شۆڕشدا کە بە دیلدەگیرێن دەکەن؟**

پێویستە شۆڕش ڕێگایەکی نوێ بدۆزێتەوە، هەندێک لە شێوازی ئاوەزدارانە لە مامەڵەدا لەگەڵیاندا بەکاربهێنێت. شێوازە کۆنەکە بەندکردنیانە، بەتەمەڵیکردنی زیاتریانە، دانانی ژمارەیەک زۆری پاسەوان بۆ سزادان و ئاگاداربوونیانە. کاتێکیش کە تاوانبار لە بەندەیخانەدا دەمێنێتەوە، بەندکردنیان و مامەڵەی دڕندانە هێشتا ئەوان دژ بە شۆڕش، تیژتر دەکات، موعارەزەی بەندییەکە زیاتردەکات و ڕۆحییەتی فکری تۆڵە و پیلانی تازەی دەرخوارد دەدرێت، ئەم جۆرە مێتودانە لای شۆڕش سەخافەتە و زیانبەخشن بە باشترین بەرژەوەندییەکانی. لەبری ئەوانە هەوڵدەدات لە ڕێگای

مامەڵەی مرۆڤانەوە قەناعەت بە دوژمنی بەزیو لە هەڵە و بەرگرییە بێکەڵکەکەی بکات. ئازادیی لەبری تۆڵە بەڕێدەکات.

شۆڕش ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە زۆربەی کەسانی دژە-شۆڕش هەڵخەڵەتێنراون نەک دوژمنن. ئەمانە قوربانیانی هەڵخەڵەتاندنن لە لایەن چەند کەسێکەوە کە بەدووی دەسەڵات و پاوەرەوەن. شۆڕش دەزانێت کە ئەوان پێویستیان بە تێگەیشتن و فێرکردن لەبری سزادان هەیە و ئەوەی یەکەم زیاتر بەرنجامیدەبێت تاکو ئەوەی دووهەم کە سزادانە، تەنانەت ئەمڕۆش ئەم تێگەیشتنە ئەنجامهێنەرە. بەلشەفیک سوپای هاوپەیمانانی دوژمنی لە ڕوسیا بەزاند لە ڕێگای پاگەندەی شۆڕشگێڕانە لە نێوانی سەربازانی دوژمنا، زیاتر و کاریگەرتر لە هێزی مەدفەعییەکانیان. ئەم مێتودە تازانە تەنانەت لە لایەن حکومەتی ئەمریکاشەوە کە لە ئێستادا لە شەردایە دژ بە نیکەراگۆ، خراونەتە کار. فڕۆکە ئەمەریکییەکان راگەیاندن بڵاودەکەنەوە و هاوار لە خەڵکی نیکەراگۆ دەکەن و هانیاندەدەن کە بەرەی Sandino و بیانوەکانی بەجێبهێڵن. فرماندەی سوپای ئەمەریکییەکان پێشبینی باشترین ئەنجام لەم تاکتیکانە دەکەن. بەڵام Sandino و قەومییەکان لە پێناوی ماڵ و وڵاتیانا دژ بە داگیرکەری بێیانە، دەجەنگن، لە کاتێکدا کە هێزی دژە – شۆڕش شەڕ دژ بە خەڵکەکەی خۆیان دەکەن. کاری ڕۆشنبیرکردنیان زۆر زیاتر ئاسانتر و بەڵێنهێنەری ئەنجامێکی باشترە.

**" تۆ باوەڕت وایە کە بە ڕاستی ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ مامەڵەکردنی دژە-شۆڕش؟**

بەڵێ بە هەموو شێوەیەک. مامەڵەی باش و مرۆڤانە زۆر کاریگەرانەترە لە مامەڵەی خراپ و تۆڵە سەندنەوە و بێ بەزەییانە.

هەڵوێستی نوێ لێرەدا پێشنیاری ژمارەیەکی تر لە هاوشێوەی میتۆدی دیکە دەکات. شێوازی جیاوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پیلانگێڕان و دوژمنانی چالاک لە شۆڕشدا ئەوەندەی کە تۆ سیاسەتی نوێ بگریتەبەر، گەشەدەکات. بۆ نموونە پلان دادەنرێت، لەوانە بڵاوەپێکردن و هەڵوەشاندنەوەیان وەکو تاک یاخود گرووپی بچوک لە ناوچەیەکدا و ڕوتکردنەوەیان لە هەژموونی دژە-شۆڕش لە نێو کۆمۆنێتییەکانی کە گیانی شۆڕشگێڕی و هۆشیارییان تیدایە. هاوکاتیش دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە کەسانی دژە-شۆڕش دەبێت نانیان پێبدرێت، ئەمەش یانی ئەوان خۆیان لە بارودۆخێکدا دەبیننەوە کە دەبێت وەختیان بۆ بیرکردنەوە و شتەکانی دیکە سەرفبکەن لەبری خۆنانەوەیان بۆ پیلانگێڕان.

کەسی بەزیوی دژە-شۆڕش لە ئازادیدا دەژی لەبری ژیانی نێو بەندیخانە، پێویستە دووی ئامرازەکانی سەرچاوەی ژیان و مانەوە بکەوێت، ئەو کەسە نابێت لە ژیان مەحرومبکرێت، بێ گومان شۆڕش ئەوەندە بەخشەندەیە تەنانەت نان و خواردن بە دوژمنانیش دەدات. ئەو کەسە دەبێت بە کۆمۆنێتییەکەوە پەیوەستببێتەوە، زەمانەتی نیشەجێبوونی دەکرێت، هەر ئاوا بۆ ئەوەی لەزەت لە میوانداریێتی سێنتەری دابەشکردن ببینێت. لە چەند وشەیەکد دژە-شۆڕشگێڕەکان " بەندین لە ئازادییدا" متمانە لەسەر کۆمۆنێتییەکە و نێتباشی ئەندامەکانی دەکەن لە هۆکارەکانی مانەوە و ژیانیان. ئەوان لە ژینگەیەکدا دەژین کارایيان لە لایەن ژینگەی شۆڕشگێڕییەوە لەسەرە. بە دڵنیاییەوە ئەوان پارێزراوترن و باشترن بە بەراورد بە بەندیخانە، و لە ئێستاشدا مەترسییان لەسەر شۆڕش، نییە. ئێمە بە بەردەوامی ئەمەمان وەکو نموونەیەک لە ڕوسیا لەو کەیسانەی کەسانی دژە-شۆڕش لە 'چێکا' ڕزگاریان بووە و لە گوند و شاردا دانیشتون،

فێردەبین. ئەمەش ئەنجامی ڕەچاوکردن و مامەڵەی دروست و جوان بوون، کە لەو ڕێگایەوە بوونە ئەندامانی بە سوودی کۆمۆنێتییەکە و زۆر جاریش زۆر پەرۆش و ماندووبوون سەبارەت بە بەرژەوەندی خۆشگوزەرانی گشتیی، زیاتر لە ماندویەتی هاووڵاتییەکی ئاسایی، لە کاتێکدا کە سەدان لە هاوەڵە پیلانگێڕەکانیان بەخت ئەوەندە یاریان نەبووە کە لە گرتن ڕزگاریان ببێت، کە لە بەندیخانەدا سەرقاڵی بیرکردنەوە لە تۆڵە و پیلانگێڕی نوێن.

گومانی تێدا نییە کە پلانی جیاواز لە مامەڵەکردنی ئەم جۆرە " بەندیانە لە ئازادیدا" هەیە کە لە لایەن خەڵکانی شۆڕشگێڕەوە تاقیدەکرێنەوە. مێتودەکانیان هەرچۆنیش بێت زیاتر جێی ڕەزامەندی دەبێت لەوەی کە لەم سیستەمەی ئێستا لە تۆڵەکردنەوە و سزادان و شکستی ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لە تەواوی ئەزموونی مرۆڤایەتییدا نیشاندراوە. لەناو ڕێگا تازەکانا ڕەنگە لە کۆڵۆنیا ئازادەکانیشا تاقیکرابێتەوە. شۆڕش دەرفەت و هەل بە دوژمنەکانی دەدات تاکو لە بەشێکی وڵاتا بۆ دروستکردنی فۆرمێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە بە باشترین شێوە دەگونجێت لە گەڵیانا، بژین. ناکرێت و نابێت کە پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئەم پرۆژەیە درێژە ناکێشێت پێش ئەوەی زۆربەیان پەسەندی برایەتی و ئازادیی لە کۆمۆنێتی شۆڕشگێڕدا بکەن تاکو ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆڵۆنییەکەیان. تەنانەت ئەگەر نەشیان کرد هیچ شتێک لەدەستناچێت. بە پێچەوانەوە خودی شۆڕش خۆی گەورەترین براوەیە، لە ڕوی ڕۆحی و لە ڕوی بەدووچوونی مێتودگەلێک کە ڕزگاریدەکات لە تۆڵە و ڕاونان و چەوساندنەوە، لە بەڕێکردنی کاری مرۆیانە و بە حورمەتانە. بەرگری شۆڕشگێڕانە بەم جۆرە مێتودانە بەهرەردار بووە و زیاترین کارایی دەبێت لەمەڕ بوونی تەواوی ئازادیی کە زەمانەتی تەنانەت دوژمنەکەشی، دەکات. داوا لە جەماوەر

و جیهان دەکات کە زۆر جیهانیانە و بێ بەرگریی بن. لە دادوەری و مرۆڤانەیدا وزەو هێزی نەبینراوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، حەشاردراوە.

هێشتا هیچ شۆڕشێک ڕاستەڕێی ئازادیی تاقینەکردۆتەوە، هیچیان بڕوایەکی تەواویان پێینەبووە. هێز و سەرکوتکردن، تۆڵەکردنەوە و تیرۆر هەموو لە شۆڕشەکانی ڕابوردوودا، خەسڵەتی شۆڕش بوون لەبەر ئەوە شکستیان بە ئامانجە ئۆریجەنەڵەکان هێناوە. ئیتر وەختی ئەوە هاتووە کە مێتودە تازەکان، ڕێگا تازەکان تاقیبکرێنەوە بۆ ئەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕزگاریی مرۆڤ لە ڕێگای ئازادییەوە بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەگەر باوەڕمان بە ئازادیی نەبێت، شۆڕش نکوڵی لێدەکرێت و خیانەت لە خۆی دەکات. کەواتە لێگەڕێن با غیرەتی ئازادییمان هەبێت، با جێی سەرکوتکردن و تیرۆر بگرینەوە. لێگەڕێن با ئازادیی ببێتە بیر و باوەڕ بە کردارمان، ئەو کاتە لە ناویدا گەشە دەکەین.

تەنها ئازادییە کە دەتوانێت شۆڕشی کۆمەڵایەتی کاریگەر و تەندروستبکات. بە تەنها دەتوانێت ڕێگاکان بۆ لوتکەی بەرزییەکان بەردەڕێژ بکات، کۆمەڵێک ئامادەبکات کە تێیدا خۆشگوزەرانیی و لەزەت و میراتییەک دەبێت بۆ هەموان. ئەو ڕۆژە هەڵدێت کاتێک کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار تەواوی هەل و دەرفەتی دەبێت بۆ گەشەکردن و فراوانبوون لە سای ئازادیی و لەبەر تیشکی بەخشندەی ئەنارکییدا.

...........................................

**چاپکراوەکانی وەرگێڕ:**

**– شارەوانی ئازاد**

**– پرسیار و وەڵامی چەندبارە لەبارەی ئەنارکیزم**

**– گوێڕادێرە ئەی مارکسیست!**

**– پرۆدۆن، ئازادیخوازێکی ئەهریمەنکراو**

**– باکوور و ڕۆژاڤای کوردستان، چەند بابەتێکی ڕامیاری**













